# ڕووبەڕوو لەگەڵ شێعر

**ناڵە حەسەن**

# رِووبةرِوو لةطةلَ شيعر

## نالَة حةسةن

**2018**


خانەی موكريانی بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە

- بابةت:
- رِووبةرِوو لةطةلَ شيعر
- نالَة حةسةن
- **ثيَداضوونةوةي زمانةواني:**
- **نةخشةسازي ناوةوة:** رِيَدار جةعفةر
- **بةرط: هؤطر سديق**

• **نرخ ()**
• **ضاثي يةكةم:** 2016
• **تيراذ: (500)** دانة
• **ضاثخانةي: ضاثخانةي موكرياني (هةوليَر)**
• **لة بةرِيَوةبةرايةتيي طشتيي كتيَبخانةكان ذمارةي سثاردني (....) سالَي(.....)ي ثيَ دراوة.**

**زنجيرةي كتيَب (.....)**

**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: **www.mukiryani.com**

ئیمەیل: **info@mukiryani.com**

ناوەرۆك


مانیفیستی شیعری..................................................7
شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی....................................7
شێرکۆ بێکەس و زمانی شیعر، یان شێرکۆ بێکەس وەک (منداڵێتی ژیان)..........................................................7
وەفایی لە نێوان ڕۆمانسیەت و سیاسەتدا.....................7
من و شیعر و من و لم.........................................7
شیعر چییە و بۆچی پێناسە ناکرێت..........................7
1/ شیعر و چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس و ئەبەدییەت......7
2/ شیعر و فەلسەفە، یان فەلسەفە و شیعر....................7
3/ پەیوەندی ڕەنگ لەگەڵ کات و شوێن لە شیعردا............7
4/ شیعر و هۆڵۆکۆست..............................................7
(ناڵە حەسەن) لە دیدارێکی شیعریدا .. ئامادەکردنی/ ئیریس عەلی دیمانەی دیمانەی گۆڤاری (ڕامان) ..........................7
ڕۆژنامەی (پاشکۆی ئەدەب و هونەر)ی کوردستانی نوێ.......7
دیمانەی ڕۆژنامەی ( کوردستان ڕاپۆرت) ئامادەکردنی/ سۆران عزیز ..................................................................7
دیمانەی گۆڤاری (نەوشەفەق).. ئامادەکردنی/ ڕابەر فایەق....7
دیمانەیەك لەگەڵ (ناڵە حەسەن)... ئامادەکردنی/ حەمە کاکە ڕەش 7

## مانیفێستی شیعری

**هەموو دەرگاکانی گەردوونم بەڕوو داخەن**
**من لەنێو خەون و هاواری شیعر**
**دێمە نێو ژیانەوە**

## شیعر و پرسیار و گومان

دیارە ئەوە زۆر ڕوونە کەوا، ژیان پڕیەتی لە شتی پێچەوانە و هاودژ و ناماقووڵ. شیعریش لە ڕێگەی بەدواداگەڕان و خولقاندنی کۆد و هێمای نوێوە، دەکریّ هەموو ئەو شتە هاودژ و پێچەوانە و ناماقووڵانە لەنێو هەناوی کۆد و هێماکانیدا لە خۆبگرێت ". چونکە شیعر نووسینەوەی ژیانە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە..! بۆیە ئاساییە کۆد و هێماکان هەڵگری پرسیارو گومانی جۆراوجۆر بن.. بە بڕوای من، ئەم پرسیار و گومانانەش سەرچاوەکەیان لە بەردەوامبوون و نوێبوونەوە دایە..! چونکە شیعر ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر، خۆی نویّ نەکاتەوە، لێرەدا نەک تەنها شیعر بەڵکو، سروشتی ژیانیش هەروایە.. بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین شیعر بەمانای" ژیان دێت..! یان هەر کاتێکی دەقێکی شیعری، چەندین پرسیار و گومانی هەمەجۆر لە لای خوێنەر جێدەهێڵێ، ئەمە نیشانەی بوونی داهێنان و دیدگای نوێیە لەنێو دەقەکە و لە چوارچێوەی سیستەمێکی ئیستەتیکدا. یان

باشترە بڵێین، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی زماندا..! ئەوەتا " ئەراگۆن " بە پێی ئەزموونی خۆی بەوە گەیشت بوو کەوا " فەرهەنگەکان مانای تەواو بۆ وشەکان دەستەبەر ناکەن..! " واتە مانای ڕاستەقینەی وشەکان بە پێی سروشتی وێنە و بڕگەکان دەگۆڕێن..! لێرەدا بەوە دەگەین کە، زمانی شیعر خۆی نابەستێتەوە بە مانا باو و تەقلیدیەکانی وشە.. شاعیر لە ئاکامی بەدواداگەڕان و کەشفکردنەکانی کاتێک، پەیکەر و وێنە شیعرییەکانی بە لیکی وڕێنەکانی ڕەنگ دەکات..! یان لە ڕێگەی کۆدەکانەوە، هەموو ئەو شتە ناماقووڵ و ناتەبا و هاودژ و تەنانەت خەون و شتە ترسهێنەکانیش دەنووسێتەوە.. کەواتە شاعیر لە دواجاردا، لە ڕێگەی قووڵبوونەوەکانی بە پێگە و ڕووبەری نوێ دەگات، لەوێدا ناوکۆکەی پرسیار و گومانەکان، گومان لە خود، لە دەوروبەر، لە داهێنان، لە ژیان لە هەموو شت، خۆیان دەخزێننە نێو هەناوی کۆد و هێماکان یان مانا نوێیەکانی وشە و دەستەواژەکان..! هەر لێرەشە پرسیار و گومانەکان لە دایک دەبن..!

## شیعر و نۆستالیژیا

بە پێی ئەوەی شاعیر لە چرکەساتی نووسینی شیعر لە ڕووبەرێکی نادیار کار دەکات، ئەم ڕووبەرە نادیارەش ڕەگەکانی لە نێو خەون و خەیاڵ دایە.. خەونیش لە بەرگە گشتیەکەیدا، هێنانە گۆی یان بە کاراکتەرکردنی ئارەزووە لاشعوریەکانە.. بۆیە شاعیر ناتوانێ دەستبەرداری ڕابردوو بێت. دەتوانین بڵێین هونەر بە گشتی، وەڵامدەرەوە یان تێرکردنی ئارەزووە لاشعوریەکانە لە بارێکی ئاگایی و نائاگاییدا..! لە ڕووبەری نۆستالیژیاش " منداڵی " جوانترین و ناسکترین

توحفەیە بۆ شاعیر..! نووسینی شیعر بەبێ ئاوڕدانەوە لەم توحفەیە مانایەکی نیە..! وا پێویست دەکات ئەوەش بڵێم، شاعیر نابێت تەنها ڕووی لە دواوە بێت..! بە مانای تەنها ئاوڕ لە دواوە بداتەوە و دوێنێی خۆی بنووسێتەوە.. وا پێویست دەکات دوێنێی خۆی، بە ئێستا و هاوکات بە ئایندەش گرێبدات. " (ڕۆبەرت فرۆست)" گەورە شاعیری ئەمریکی، کە بەشاعیری سەدەی بیستەمی ئەمریکا ناوی دەبەن.. یەکێک لەو ڕەخنەیەی کە لێی گیراوە ئەوەیە/ کە هەمیشە ئیشی لەسەر ڕابردووی خۆی کردووە، واتە تەنها خەمەکان و ئارەزووە چەپێندراوەکانی دوێنێی خۆی نووسیوەتەوە. دیارە هیچ لاریەکمان لەوە نیە کەوا، زمان بڕبڕەی پشتی شیعر و نووسینە..! هەموو بەدواداگەڕان و کەشفکردن و داهێنان و ستایلە نوێیەکان، لە ڕێی زمانەوە دێنە بوون.. دیارە دەمێکە " جاک لاکان " باوەڕی وابووە کە زمان وەک کلیلێک وایە بۆ کردنەوەی هەموو دەرگاکان.. بە تایبەت لە نووسینی شیعر، دەبێت زمان ئەم ڕۆڵە ئاکتیڤەی خۆی ببینێت.. دەربارەی ئەوەش کە/ دووبارە بوونەوەی وشە و دەستەواژەکان یان جێگۆڕکێ پێکردنیان، کە زۆرکەس بە گەمەی پەیڤەکان ناویان دەبەن، وە ئەمە لەنێو شیعرەکانی منیش زۆر دەبیندرێن. من پێموایە ئەوە پەیوەندی بە باری دەروونی منەوە هەیە لە ئانوساتی نووسینی شیعرەکەدا..! هۆکارێکی تر، پەیوەندی بە ئیستاتیکای شیعریەوە هەیە..! چونکە ئیستاتیکای شیعر/ ڕاستەوخۆ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە تێرکردنی ئارەزووە لاشعوریەکان.. بەمانایەک، هەرچەندە تۆ لە نێو ڕووبەرێکی نادیاریش کار بکەی و بۆ نێو قووڵاییەکانی خەون و خەیاڵ بڕۆیتە خوارەوە، مەبەستمە ئەوە بڵێم کە، ئیستاتیکای شیعر هەر کاریگەری خۆی دەبێت بەسەر باری دەروونی و بەتایبەت

ئارەزووە لاشعوریەکان..! بەمانایەک ئیستاتیکای شیعر سەرچاوەیەکی لەزەت بەخشە لە پڕۆسەی نووسینی شیعر..! بۆیە دەتوانین بڵێین کە زمانی دەق ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەروونی شاعیرەوە هەیە..! ئەمە بۆ ژانرەکانی تریش هەروایە، ئەگەر لە هونەری نیگارکێشان بڕوانین/ ڤانکوخ کاتێک تابلۆی "شەوە پڕ ئەستێرەکانی " کێشا، ئەوکاتەدا لە نەخۆشخانەی دەروونی بووە، لەم تابڵۆیەی دا/ شێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕەنگەکان و بەکارهێنانی فلچەکەی، پەیوەندی بەم بارە دەروونیەی هەبوو، کە خۆشی لە زۆر شوێندا ئەمەی باسکردووە..! لێرەوە بەوە دەگەین کە لە نێوان زمانی دەق و ئارەزووەکانی مرۆڤ حەقیقەتێکی جاویدانی هەیە، یان زمان لە ڕێگەی ئەم دەسەڵاتە خوداوەندیانەی کە هەیەتی لەنێو فەزای دەقدا، دەتوانێ سیما و خەسلەتێکی جاویدانە بە ئارەزووەکان و ڕەهەندە مرۆییەکان ببەخشێ..! کەواتە زمان دەتوانێ نەمری بە شتەکان ببەخشێ لەنێو ڕووبەری دەقدا، بۆیە دەتوانین بڵێین، یادەوەری لەنێو هەر دەقێکی شیعری بوونێکی جاویدانی هەیە، یان بوونێکی گشتگیر و ڕەها..!

## شیعر و ڕەخنەی کوردی

دیارە بۆ هەموو لایەکمان مەعلومە کەوا، ڕەخنەی کوردی لە چ ئاستێک دایە..! بە مانایەک ئەو داهێنان و پێشرەویانەی لە شیعر و ڕۆمان و ژانرەکانی تری ئەدەب و هونەری کوردی کراون، لە ڕەخنەدا نەکراون.. ئێمە ناڵێین ڕەخنەی کوردیمان هەر نیە بەڵام، ئێمە قسە لەسەر تواناکان و ئاستی داهێنان دەکەین..! بۆیە لێرەدا بە دڵنیایەوە دەڵێین (ڕەخنەی کوردی لە ئاستی پێویست دا نیە..!). من پێموایە، ڕەخنە نەک هەر دەبێت کەلێنەکان پڕ بکاتەوە یان

دەست نیشانیان بکات بەڵکو، دەبێت نەوەیەکیش بخاتە سەر پرۆسەی نووسین..! من پێموایە، ڕەخنەگرەکانمان دەبێت هێندە پڕ مەعریفە و بەرچاو ڕۆشن و پێشڕەو بن نەک تەنها، کاریگەریان بەسەر پرۆسەی نووسینەوە هەبێ بەڵکو دەبێت، کاریگەریان بەسەر گۆڕانی کۆمەڵگەشەوە هەبێت..! ڕەخنەگران وا پێویست دەکات هەمیشە هەڵگری دیدگای پێشرە و نوێخوازانە بن.. زۆر بە ڕۆشنی و بە دروستی ڕەخنە لە داب و نەریتی دواکەوتوانە و لە هەموو ئەو هۆکار و فاکتانە بگرن، کە ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە و تەنانەت چەمکە ئازادیەکانیش..! بە بڕوای من، ڕەخنە ناتوانێ تەنها خۆی ببەستێتەوە بەزمان و ڕەگەزەکانی نووسین و بەس، ئەگەر پێویست بکات وا دروستە ڕەخنەگر لە چوارچێوەی دەقەکەدا، ڕەخنە لە بیرکردنەوە و ڕوئیاکانیش بگرێ.. بە تایبەت ڕوئیای نەو نووسەرانەی دەست بە بیرۆکە دواکەوتووەکان دەگرن لەنێو دەقەکانیاندا.. یان ئەو ڕوئیایانەی کەناتوانن، ڕەوتی پێشکەوتن و مەدەنیەتی کۆمەڵگە و ئازادی مرۆڤەکان هەزم بکەن..! بەڵام ئەوەش گرینگە کەوا، ڕەخنەکان لە چوارچێوەی دەقەکان دەرنەچن.. واتە کارمان بەسەر ئەوەوە نەبێت کە نووسەرەکە لە چ خانوویەک ژیان دەگوزەرێنێت ؟! یان سەر بە چ لایەنێکی سیاسیە ؟! مەبەستمە ئەوە بڵێم " بۆ نموونە لە دەقێکی شیعری پێویستە ڕەخنەی شیعری بگرین لە هەمانکات بە زمانی شیعریش..! لە چوارچێوەی دەقە شیعریەکە دەکرێ، ڕەخنە لە هەر شتێک بگرین، جا ئەو شتە زمانی شیعری بێت، یان ستایل و ڕەگەزەکانی تری شیعر، یان ڕوئیای دواکەوتووانە یا هەر شتێکی تر..! بە پێویستی دەزانم لێرەدا باسی " جۆلیا کریستۆفیا "ی ڕەخنەگر و بیرمەندی هەنگاری بکەم. جولیای ڕەخنەگر ئیشە سەرەتاییەکانی لە نێو چوارچێوەی فیمینیزم و مەسەلەی ژنان و

گرینگی دەدا بە زمانی دەق و ڕەخنەی لە زمانی پیاوسالارانە دەگرت لەنێو دەقەکاندا.. ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لەبیری مۆدێرنیزم و فیمینیزمدا.. هەروەها تیۆرە ڕۆشنبیریەکەی چڕ کردبوویەوە لە دەوری کۆمەڵگە و داب و نەریت و پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت و زۆر شتی تر، وە پشتی بەستبوو بە روانگە و تیۆرە سایکۆلۆژیەکەی فرۆید. ئەگەر لە هەوڵەکانی ئەم خانمە بیرمەندە بکۆڵینەوە، دەبینین لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبی و نووسین و لێکۆلینەوەکانی، ئیشی لەسەر مەسەلەی ژنان و بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگە و زۆر شتی تر کردووە..! من پێموایە ڕەخنەگر دەبێت لەم ئاستە بەرین و فراوانە کار بکات.. نەک تەنها کەلێنی دەقەکان پڕ بکاتەوە بەڵکو بەرچاوی نووسەر و شاعیرەکان ڕۆشنتر بکاتەوە و کارێکی وا بکات، لەژیر کاریگەریەکانی ئەم داهێنان و نوێخوازی بچنە ئاستێکی سەروو تر.. نەک هەر ئەوەندەش بەڵکو ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێ، لە نێوەندی ڕۆشنبیری و هاوکات لە ڕاستای بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگەش..! ئەم ئاست و جۆرە لە ڕەخنە لە ئێستادا، لە ڕەخنە و ڕەخنەگرانی کوردی نابیندرێ، دیارە ئومێدی ئەوەش دەخوازین کە ڕۆژێکدا بێ، ڕەخنەی کوردی بگاتە ئەم ئاستە بەرزەی لەپێشکەوتن و داهێنان دا..!

## شیعر و سایکۆلۆژیەتی دەق

بە بڕوای من دەبێ ئەوەمان لەلا ڕۆشن بێ کە (نووسین قسەکردنە لەگەڵ پەیکەرە بێدەنگەکانی نێو بازنە چەپێندراوەکانی ڕووبەرە بێئاگاییەکان..!) بۆیە ئیشکردن لەسەر زمانی دەق و کردنەوەی کۆد و هێماکان، کۆمەکی زۆرمان دەکات بۆ نزیک بوونەوە لە کڕۆکی دەقەکە و تێگەیشتن لە مانا و دەلالەتەکان.

چونکە لە پشتی کۆد و هێماکان باری دەروونی نووسەر دەخوێنینەوە.. واتە لە ڕێگای زمانەوە دەتوانین لە سایکۆلۆژیەتی دەق بکۆڵینەوە یان تێبگەین.. چونکە بەپێی بیرکردنەوەکانی " کارل یەنگ " (هێماکان لە هونەردا، بۆ دەربڕینی بیر و شێوازی باری دەروونی بەکار دەهێندرێن..!) لێرەدا دەکرێ ئەوە بڵێین، لەنێو هەر دەقێکی شیعری پێکهاتە و باری دەروونی شاعیرەکە لەوێدا ڕاکشاوە..! بۆ نموونە لە وردبوونەوە لە زمان و هێماکانی دەقی هاملێت بەر لە هەر شتێک بەوە دەگەین کەوا، دەقی هاملێت باس لە هەرچیەک بکات، دەتوانین شێوازی دەروون و باری بیرکردنەوەی شکسپیر بخوێنینەوە..! بۆ دەقێکی شیعریش بە هەمان شێوە. دیارە ڕووبەر و توانای دەسەڵاتی زمان زۆر لەوەش زیاترە کە ئێمە بۆی دەڕوانین.. ئەوەتا لای " بونیادگەراکان " هەر لە ڕێگەی ئیشکردن لەسەر زمان و هێماکانەوە، پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگە و سیاسەت و باری ئابووری کۆمەڵگە و لەم ڕێگەیەوە ئیشیان لەسەر زۆر شتیتر و ڕەهەندی تر دەکرد. بۆیە لە ڕێگەی فۆکەس کردنە سەر زمان و پێکهاتەکانی سایکۆلۆژیەتی دەق بە بڕوای من، لەم ڕێگەیەوە دەتوانین تا ئاستێکی باش، کڕۆکی دەقەکە بە شێوەیەکی جوان و ڕوون پێشانی خوێنەران بدەین

## شیعر و زمانی شیعری

- زمانی شیعر لە ڕابردووەوە تا ئیمڕۆ، گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە بۆ نموونە، زمانی شیعر لە سەردەمی سومبولیستەکان و قوتابخانەکانی پێش خۆیان بە شێوەیەکی تر بووە ئەوکات، شاعیر زیاتر دەرەی خۆی دەنووسیەوە. لێرەدا دەکرێ زیاتر قسە لەسەر زمانی شیعر و پەیوەندی نێوان شاعیر

و کۆمەڵگە بکەین.. بەر لە هەرشتێک حەزدەکەم ئەوەش بڵێم/ ڕەنگە منیش ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو بیرکردنەوەیەم هەبوو بێت، کە دەبێ زمانی شاعیر زمانی کۆمەڵگە بێت، بەو پاساوەی کە شاعیر زمانحاڵی کۆمەڵگاکەیەتی..! ڕەنگە ئەوجۆرە بیرکردنەوانە تا ئاستێک، کاریگەرێتی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیایان لە پشت بێت. یان بیرکردنەوەیەکی ڕیالیستانە بێت. بەڵام، بەوپەڕی قەناعەتەوە، ئەوە ڕا دەگەیەنم کە باوەڕم بەم جۆرە بیرکردنەوانە نەماوە..! من ناڵێم شاعیر هیچ پەیوەندیەکی بە کۆمەڵگە و دەوروبەرەکەی نیە بەڵام، دەکرێ شاعیر بوونێکی ئایرۆنیکی بێت.. یان یاخی و نامۆ بێت.. یان جیا لە دەوروبەرەکەی بیر بکاتەوە، کە هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆ و یان لە ژێر کاریگەری دەوروبەرەکەی نەبێت..! زمانی شاعیر دەبێ زمانی شیعر بێت..! شاعیر وا پێویست دەکات " کە لە پێناو شیعر، شیعر بنووسێت..! " زمانی شاعیر دەبێ، زمانی ناوەوەی شاعیر و زمانی غەریزەکان و خەون و خەیاڵی شاعیرەکە خۆی بێت.. من لە ڕێگای شیعرەکانم/ غەریزە بێئاگاییەکانم و خۆم و ژیانی خۆم دەنووسمەوە.. لە نێو خەون و خەیاڵی خۆمدا، کە ئیش لەسەر خەونەکانم دەکەم و دەمەوێت " حەقیقەتی ژیان ڕەسم بکەم..! " من دەکرێ هیچ پەیامێکم پێ نەبێت..! چونکە بە بڕوای من شاعیر کەسێک و ئاکتڤیستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیست نیە..! مەبەستمە پێ لەسەر ئەوە دا بگرم (دەکرێ شیعر هیچ پەیامێکی پێ نەبێ و بێ پەیام بێت بەڵام، ناکرێ شیعر هیچ ئامانجێکی پێ نەبێ و بێ ئامانج بێت..!) کەواتە پەیام و ئامانج دوو شتی جیاوازن..! ئامانج لە شیعرەکانی من ئەوەیە (ژیان بە هەموو جوانیەکانیەوە پێشانی خوێنەران بدەم..!) مەبەستمە لەگەڵ خوێندنەوەی هەر شیعرێکم، دڵ و

ڕۆحی خوێنەرانم ئارام بکەمەوە.. یان زەردەخەنەیەک بهێنمە سەر ڕوخساریان.. یان ئەگەر بکرێ پرسیاریان لەلا دروست بکەم.. یان پڕیان بکەم لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ..! بەڵام من هیچ پەیامێکم بۆ خوێنەرەکانم پێ نیە..! خوێنەرەکانم لە ئاکامی بەدواداگەڕان و ڕامانی قووڵ و چەندین خوێندنەوە، وا پێویست دەکات خۆیان شتێک هەڵکڕێنن و خوێندنەوەیەکیان دەست بکەوێت، نەک چاوەڕوانی پەیام بن لە منەوە..! هەروەک " ئەندرێ بریتۆنی " سوریالیست دەڵێت (پێویستە خوێنەر لە ژێر کاریگەریەکانی دەق ببێتە جۆگەلەیەک لە بیری شاعیرەکە و بەشداری بکات لە بەدواداگەڕان و کەشفکردنی مانا و دەلالەتەکان..!) بە بڕوای من لێرەدا شتێک نیە ناوی پەیام بێت..! لەو بۆچوونەی بریتۆن ئەوە دەبینین، کە پەیوەندی خوێنەر و دەق چەندە گرینگە..؟ هاوکات سەلیقە و مەعریفەکەشی..! چونکە سەلیقە و مەعریفەی خوێنەر ڕۆڵ دەبینێت لە کەشفکردن و کردنەوەی هێما و ماناکان.. ڕۆڵ دەبینێ کە وەک جۆگەلەیەک بڕژێتە نێو پانتایی دەقەکە و بە نێو هەموو درز و کەلێنێک و قوژبنەکانی شۆڕببێتەوە و بۆ قووڵایی نێو ڕووبەرە نادیارەکانی دەق بڕوات.. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کەوا، دەقی زیندوو و پڕ داهێنان خوێنەری بە سەلیقە دەگەیەنێتە ئاستی ئەو جۆگەلەیە و لەگەڵ خۆیدا دەیبات..!

## شیعر و ناوچەگەرێتی

ئەدەب و هونەر بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو چەمکانە کار دەکەن کە سیما و ڕوخسارێکی گەردوونییان هەیە. وەک (عەشق، خەون، ڕەنگ، با، ئاو، ڕووناکی.....) هەموو ئەو چەمکانە ڕەگەزی گەردوونین لە ئەدەب و هونەردا بە تایبەت لە

شیعر.. زمانی ئەدەب یان زمانی شیعر ناتوانێ خۆی لەو ڕەگەزە گەردوونیانە بێبەری بکات.. بەمانایەک، ئەدەب ناتوانێ خۆی قەتیس بکات لە نێو بازنەیەکی تەسکی ناوچەگەرێتی.. یان ئەدەب ڕەنگڕێژ بکرێت بە دیدگایەکی دواکەوتووانەی خێڵەکی یان ململانێی ئایدیۆلۆژیا و حزبایەتی، ئەمجۆرە بیرکردنەوە ناوچەگەرێتیانە یان خێڵەکی یان هەر شتێکی تر، کە دەنگە گەردوونیەکەی ئەدەب دەخنکێنێ و ناتەبا و هاودژ دێتەوە هەم لەگەڵ ئەدەب بە گشتی و هەم لەگەڵ تێگەیشتن بۆ داهێنان.. دەنگی ئەدەب دەنگی غەریزەکان و دەنگی ناوەوەی مرۆڤە.. ڕوخسارەکەشی، ڕوخساری ڕەنگە جوانەکانی سروشت و ژیانە.. هەر جۆرە هەوڵ وبیرکردنەوەیەک، لە دەرەوەی ئەم مانا و دەنگە گشتگیرییەی ئەدەب دەبێتە هۆی کپبوونی دەنگی ئەدەب و شێواندنی ڕوخسارە گەردوونیەکەی..! لەلایەکی ترەوە، ئەو نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانەی لە ئاستێکی بەرز داهێنانیان کردووە، ئەوانە بوونەتە موڵکی مێژوو و بوونەتە بەشێک لە شارستانیەتی ژیان.. ژیان بەوانەوە مانایەکی هەیە. ئەوان موڵکی شارێک و ناوچەیەک و تەنانەت وڵات و کیشوەرێکیش نین..! ئەوان لەنێو دڵە گەورەکەی مرۆڤایەتی ڕاکشاون و بۆ هەتا هەتا لەوێدا دەمێننەوە..! قەیرانەکەش لە هەر چیەکەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵام دەسەڵاتی کوردی ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاوی هەیە لە بەرهەمهێنانی ئەمجۆرە قەیرانانە، یاخود لە دابەشکردنی شارەکانی کوردستان بەسەر ڕەنگی جیاواز و خێڵ و حزب و دەسەڵاتی جیاوازدا..! دەسەڵاتی کوردی ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دەستەمۆکردنی قەڵەمەکان و جیاکردنەوەی ئازادی لە قەڵەم و خنکاندنی دەنگە گەردوونیەکەی ئەدەب و هونەری کوردی. ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە تەسلیم بە

خواست و ئەم حەقیقەتەی دەسەڵاتی کوردی دەبن، بەر لەوەی غەدرێک و گوناهێکی گەورە لە مانا و ڕەنگ و ڕوخساری ئەدەب و هونەر بکەن، من پێموایە، غەدرێک و گوناهێکی گەورە لە نووسەربوون و هونەرمەندبوونی خۆیان دەکەن..! تەنانەت گوناهێکی گەورە لە پێکهاتە و کەسایەتی و لە بوونی خۆشیان دەکەن.. ئیتر پاساوەکەیان هەرچیەک بێت، بۆ نموونە سەروەت و سامان، پلەوپایە و یان هەرشتێکی تر، ئەم پاساوانە ناتوانن لە گوناهەکانیان پاکیان بکەنەوە..!

## شیعر و ئەدەبی سیاسی

لەوەتەی کورد هەیە و ئەدەبی هەیە، ئەدەبی سیاسیشی هەیە.. بە تایبەت لە ڕۆژانی دوێنێماندا. شاعیر و نووسەرانی کورد لە ئاستێکی زۆر بەرین و فراوان، ئیشیان لەسەر سیاسەت کردووە و ئەدەبی سیاسیان نووسیوە. دیارە سیاسەتیش وەک هەر بابەتێکی تر لە نێو ئەدەبدا جێگای دەبێتەوە و نابێت، لەمبارەیەوە هیچ نیگەرانیەکمان هەبێت.. چونکە دونیای ئەدەب هێندە فراوانە جێگای هەموو بابەتێکی تیا دەبێتەوە.. بەڵام گرینگ ئەوەیە، دەبێ زۆر وریا بین لەوەی کە/ ئەدەب و هونەرەکەمان نەخەینە خزمەت بە لایەنێک و فیکرەیەکی دیاری کراوەوە. نووسەر ئازادە لەسەر هەرچیەک دەنووسێت بەڵام، هەروەک " ئێریش فرێد " دەڵێ (گرینگ ئەوەیە جوان بنووسیت) من پێموایە لە نێو شیعر و نووسینەکانی هەر یەکێک لە ئێمە سیاسەت بە ڕێژەیەک بوونی خۆی هەیە. بەڵام گرینگ ئەوەیە سیاسەت، ئیستاتیکا و زمانی شیعری و نووسینەکانمان ناشیرین نەکات..! مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر شیعری سیاسیش بنووسین دەبێ بە زمانی شیعر بینووسین..! بە بڕوای من دووجۆرە نووسەری سیاسی یان

ئەدەبی سیاسی هەیە. یەکێکیان ئەو نووسەرانەن کە هەڵگری فیکرەیەک و ئایدیۆلآۆژیەکی دیاری کراون، لەوانەیە لە حزبێکی سیاسیش کار بکەن، ئەم جۆرە شاعیر و نووسەرانە فیکرە و ئایدیۆلۆژیەکەیان تێکەڵ بە نووسین و شیعرەکانیان دەکەن و فیکرەکەیان لەنێو نووسین و شیعرەکانیان ڕەنگ دەداتەوە.. نموونەی لەو جۆرەش زۆرن تەنانەت لەسەر ئاستی جیهانیش بۆ نموونە مایکۆفسکی، پاپلۆ نیرۆدا، نازم حیکمەت زۆرانیتر..
جۆرێکی تر نووسەر و ئەدەبمان هەن، کە سەر بە هیچ فیکرە و ئایدیۆلۆژیای دیاریکراو نین، وە ئەندامی هیچ حزبێکی سیاسیش نین بەڵام، لە نێو شیعر و ئەدەبەکەیان دەم لە سیاسەت دەدەن و شیعر و ئەدەبی سیاسی دەنووسن.. بۆ ئەمجۆرەش دەکرێ باسی " دەنیز لێڤەرتۆڤ " ژنە شاعیری ئەمریکی بە ڕەگەز بەریتانی بکەین. ئەم خانمە شاعیرە سیاسەت ڕووبەرێکی فراوانی لە نێو شیعرەکانی داگیر کرد بوو.. شاعیرێکی زۆر بەناوبانگیشە یەکێکە لە ڕیزی ئەوانەی لەگەڵ شاعیرانی قوتابخانەی شیعری " چیای ڕەش " ناوی دەهێندرێت.. هەروەک خۆی لە دیمانەیەکدا دەڵێت (من لە ڕێگای ئەدەبەوە بە سیاسەت ئاشنا بووم..!) واتە خۆی پێشوەخت سەر بە هیچ فیکرەیەک و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو نەبووە.. شیعرە سیاسیەکانیشی لەسەر شەڕ و دژ بە شەڕ بوون.. بە تایبەت لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٩٦٠ لەکاتی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ڤێتنام.. لەوسەردەمانە نەک هەر لێڤەرتۆڤ بەڵکو زۆرێک لە نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئەوکاتە، بە تایبەت لاوە پۆستمۆدێرنیستەکان بە دژی ئەمریکا هاتنە دەنگ و هاوارکردن.. بەڵام ئەم خانمە هەرچەندە شیعری سیاسی زۆر نووسیوە بەڵام، جوان و بەزمانی شیعر نووسیویەتی..! بۆیە یەکێکە لە شاعیرە

هەرە ناسراوەکانی ئەمریکا بە تایبەت بەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە. لەنێو ئەدەبی کوردیش بە هەمانشێوە.. هەردووکجۆر لە نووسەرانمان هەیە. نموونەشمان زۆرن لەم بارەیەوە.. بەڵام بۆ ئێستا ناسراوترین نووسەر و کە زۆرترین شیعری سیاسی نووسیوە، یان سیاسەت و مەسەلە نەتەوایەتیەکان ڕووبەرێکی فراوانی لەنێو شیعرەکانی داگیر کردووە من پێموایە شیعر و ئەدەبەکەی " عەبدولا پەشێو " ە. بەدوای ئەویش، ئەم بابەتە تا ئاستێکی باش شیعرەکانی " شێرکۆ بێکەس " یش دەگرێتەوە. دەربارەی ئایندە و ئاسۆی ئەدەبی سیاسیش، ڕاستیەکەی من ناتوانم لە ئێستادا ئاسۆ و ئایندەی ئەدەبی سیاسی کوردی دیاری بکەم بەڵام، بە شێوەیەکی گشتی من وای دەبینم/ کەوا ڕەوتی مێژوو و شارستانیەتی مرۆڤایەتی و ژیان بەرەو پێشەوە دەڕوات هاوکات ئەدەب و هونەریش بە گشتی بە هەمان ئاراستە ڕوو بەرە و پێشەوەیە.. ئاسۆ و ئایندەیەکی ڕووناکیشی لەبەردەمدایە..!

## شیعر و ئامانجی شیعری

١/ ئامانجی شیعر ئەوەیە حەقیقەتی جوانی و حەقیقەتی ژیان بنووسێتەوە، شیعر هیچکاتێک ناتوانێت لەدەرەوەی ئامانج بێت.. شیعر بەبێ ئامانج لە مانا و بەها بنەڕەتیەکەی خۆی دادەبڕێت.. شیعر دەکرێ هیچ وەزیفەیەکی دیاری کراوی نەبێت، شیعر دەکرێت هۆکار نەبێت، بەمانایەک دەکرێ شیعر لەدەرەوەی هەموو وەزیفەکان و هۆکارەکان بێت بەڵام، ناکرێت بەبێ ئامانج و لە دەرەوەی ئامانجەکان بێت، چونکە وەزیفە و هۆکار دوو شتی جیاوازن لەگەڵ ئامانج.. شیعر و ئامانج شتێک بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە ئەویش پێیدەڵێن ژیان.. شیعر و ئامانج شتێک

بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە ئەویش پێیدەڵێن بەهاکانی مرۆڤایەتی یان بەهاکانی جوانی، ڕێک بە پێچەوانەوە، دەمەوێ بڵێم (ئەگەر شیعر بیر لە ئامانج نەکاتەوە دەمرێت..!)،

٢/ دیارە خەیاڵ و فەنتازیا، ڕەگەز و پێکهاتەیەکی گرینگ و بنچینەیین بۆ نووسینی شیعر، شاعیر لە ڕێگەی خەون و فەنتازیاوە دەگاتە ئەو ڕووبەرە نادیارەی کە دەیەوێ تیایدا، هەم بەدواداگەڕان و هەم داهێنانەکانی بکات. واتە لە ڕێگەی خەون و فەنتازیاوە دەیهەوێ بگاتە ڕووبەرێک کە لەوێدا خەون و ئومێد و غەریزە لاشعوریەکانی بنووسێتەوە.. بێگومان ئەوەش لە ڕێگەی زمان و ئاماژە و وشەکانەوە دێتە دی. چونکە زمان بریتیە لە کۆی ئاماژە و هێمایەک لە نێو سیستەمێکی ڕێزمانیدا.. وە لە ڕێگەی ئەم ئاماژە و کۆدانەوە دەتوانین سروشتی مرۆڤ بناسین. چونکە شاعیر لە ڕێگەی ئەم ئاماژە و کۆدانەوە ڕوئیا و بیرکردنەوەکانی خۆی، هەم لەسەر خودی خۆی هەم لەسەر دەوروبەری خۆی دەخاتە ڕوو. بێگومان ڕوئیاو بیرکردنەوەکانی شاعیر بۆ دەرەوەی خۆی، بەدەر نیە لە کاریگەریەکانی باری سایکۆلۆژی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و داب و نەریت و ئایین و کێشە و بەربەست و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان.. مەبەستمە ئەوە بڵێم شیعر لە ڕووبەرێکی ئێجگار فراوان ئیش دەکات، دەتوانێت هەموو کێشە و گرفت و خەمەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت. بەڵام مەرج نیە شاعیر هەموو کێشەکانی مرۆڤ بنووسێتەوە. شاعیر بە پلەی یەکەم هەوڵ دەدات خۆی بنووسێتەوە، غەریزە لاشعوریەکانی، خەون و ئومێدەکانی، بیرکردنەوەکانی بۆ خودی خۆیی و بۆ دەوروبەر.. دەتوانین بەم شێوەیە وێنەی بکێشین کەوا، لە پشتی ئاماژە و کۆدەکانەوە/ پەیوەندی نێوان شاعیر و خودی خۆی لەگەڵ

پەیوەندی نێوان شاعیر و دەوروبەر، بە هێڵێکی تەریب دەڕۆن.. بە مانایەک/ خەون و خولیاکان و غەریزە لاشعوریەکانی شاعیر پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هۆکارە دەرەکیەکان دا هەیە.. وەک پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ئایین و باری ئابووری و تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە.. چونکە شوێنەوار بە هەموو کاروکردەوە و پێکهاتەکانیەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پێکهاتەی بیر و کەسایەتی مرۆڤەکان. بە تایبەت لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریدا.. بەمانایەک خەون و خولیاکان و غەریزە لاشعوریەکانی شاعیر، بەدەر نین لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە.. شاعیر کاتێک ئیش لەسەر غەریزە و خەمەکانی خۆی دەکات، من پێموایە لە هەمانکات، لە پشتی ئاماژە و کۆدەکانەوە، بیرکردنەوە و ڕوئیاکانی خۆی بۆ دەرەوەش دەخاتە ڕوو.. کە بیرکردنەوە و ڕوئیاکانی بارگاوین بە کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دیاری کراوەوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە باری دەروونی و بیرکردنەوە و پێکهاتەی کەسایەتی شاعیرەوە هەیە..! دەمەوێ بەو پۆینتە بگەم و بڵێم (ئەگەر ژیان بە دەقێکی شیعری وەر بگرین، شاعیر خۆی کاراکتەرێکی زیندوو و چالاکە لە نێو ئەو دەقەدا..!) ئەمەش نەک تەنها بۆ شیعر، بەڵکو بۆ تەواوی ئەدەب و هونەر/ کارلێک و هاوکێشەکان تا ڕادەیەک وەکو یەکن. ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە و لە ئیشەکانی " سیگمۆند فرۆید " بڕوانین دەبینین (لە ئۆدیبی سۆفۆکلێس و هاملێتی شکسپیر و برایانی کارامازۆفی دەستۆفسکی) کێشەی کوشتنی باوک و گرێی ئۆدیبی کەشف کرد. یان لە پشتی زەردەخەنە سیحراوییەکەی سەر ڕوخساری تابلۆی مۆنالیزای داڤنشی/ تەواوی یادەوەریەکانی داڤنشی لەگەڵ دایکی و هەستی " ئەنتاگۆنیزم " واتە ڕق و تووڕەییەکانی بەرامبەر باوکی

خوێندەوە..! بەمانایەک ئەگەر بمانەوێت لەهەر دەقێک لە باری دەروونی شاعیر و بیرکردنەوەکانی تێبگەین، دەبێت ئیش لەسەر هێماو ئاماژەکانی نێو دەقەکە بکەین. چونکە زمان یان وشەکان لە شیعردا شتێک نین جگە لە کۆمەڵێک ئاماژە و هێما..! دەربارەی ئەوەی شیعری کوردی تا چ ئاستێک توانیویەتی کێشەو گرفتەکانی مرۆڤ بخاتە ڕوو ؟ من پێموایە شیعری کوردی لەمبارەیەوە درێخی نەکردووە.. چونکە لەنێو شیعری شاعیرانی کوردیش وشەو ئاماژەکان پێویستیان بە خوێنەر و ڕەخنەگری جدی هەیە، پێویستیان بەوە هەیە بە قووڵی ئیشیان لەسەر بکرێت، تاکو خوێندنەوەیەکی دروست و هەمەلایەنەیان دەست بکەوێت..!

## شیعر و ئەدەبی تاراوگە

من پێموایە ئەدەبی تاراوگە لە سەرەتای دروستبوونیەتی، دەتوانم بڵێم ئەدەبێکی تۆکمە و ئەدەبێکی هەمەلایەنە ناوی بنێین ئەدەبی تاراوگە، ڕەنگە لە ئێستادا ئەمەمان نەبێت.. چونکە ئەدەبی تاراوگە هەڵگری تایبەتمەندی و سیما و ڕەنگ و ڕوخساری خۆیەتی.. من پێموایە ئەدەبی تاراوگە وا پێویست دەکات کە کاریگەری تاراوگەی پێوە دیار بێت، بە مانایەک دەبێت تەعبیر لە ژیانی تاراوگە بکات، بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بە هەموو خەم و خولیاکانیەوە.. وا پێویست دەکات جیهانبینیەکی نوێ و جودا بە ڕۆشنی ببیندرێ.. تەنانەت کاربکاتە سەر شێوازی نووسینیش.. ڕاستە ئەدیب و نووسەرانێکی بەرچاو لە تاراوگە دەژین بەڵام دەتوانم بڵێم، زۆربەیان لەگەڵ خەمەکانی دوێنێ دا دەژین..! یان لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی نیشتیمانی دایک، نەک ئەم نیشتیمانە و کیشوەرە نوێیەی لێی گیرساونەتەوە..! واتە هەمیشە ئاوڕ لە دواوەی خۆیان دەدەنەوە.. کەمتر تێکەڵ بە شارستانیەت و

مەعریفە و کەلچەری نیشتیمانی نوێ بوون.. کەمتریش ڕووبەڕووی گرفت و کێشە و خەمی ئەم نیشتیمانی تاراوگە بوونەتەوە..! لەگەڵ ئەمانەی باسم کرد، دەبینین ژیانی تاراوگە لەنێو نووسین و ئەدەبی هەندێک لە نووسەرانی کۆچبەر ڕەنگدانەوەی هەیە و کاریگەری ئیجابی هەیە لەسەر داهێنانەکانیان، لە هەمانکات تاراوگە لەلای ئەم نووسەرانە بۆتە بابەتی ئەدەبی.. دەکرێ (ئەسپیدیلۆن) ی (کاروان عومەر کاکەسوور) بە نموونە بهێنینەوە بە تایبەت لە چیرۆکەکانی (ماسی و پێڵاوی چەرخەدار) دا، کە ژیانی کەمپەکان و بیئەی نوێ کاریگەری بووە یان بۆتە هەوێن و لەدایکبوونی ئەم چیرۆکانەی.. یان چیرۆکێکی (شێرزاد حەسەن) هەیە، کاتێک بۆ یەکەم جار سەفەری فینلەند دەکات، بەداخەوە ناوی چیرۆکەکەم لەبیر نیە، چونکە سەرچاوەکەم لەبەر دەست دا نیە، بەڵام ئەوە دەزانم بۆ کەژالی هەوسەری نووسیبوو، لە چیرۆکەکە، شێرزاد لە ستۆرێکە یان لەناو مۆلێک، سەرسامە بەوەی ئەم هەموو شتە جوانانە دەبینێت کە زۆربەیان لە وڵاتی خۆماندا نین.. ئارەزووی ئەوە دەکات نەک تەنها ستیانێک یان ملوانکەیەک بەڵکو، ستۆرەکە یان مۆلەکە بەسەرشانی خۆیدا بدات و بۆ هاوسەرەکەی بەرێتەوە.. یان چیرۆکێکی (فەرهاد پیربال) هەیە کە پەناهەندەیەک دە مۆز دەخوات و پەلکەکانیش فڕێدەداتە سەر شۆستە.. ئیتر لێرە و لەوێ دەتوانین نموونەی لەم بابەتانە بهێنینەوە، دەبینین ئەم بەرهەمانە مۆرکێکی تاراوگەیان پێوەیە، بۆن و بەرامەی تاراوگەیان لێدێت هاوکات ڕۆحێکی تاراوگەشیان لە پشتە. یان لە نێو شیعری زۆرێک لە شاعیرانی کۆچبەر، بێئەندازە باس لە تەنیایی و غوربەت و نامۆیی دەکرێت.. دیارە ئەمانە چەمکەهایەکن قسەی زۆر هەڵدەگرن و ئەو پەیوەندیە تۆخەشیان نیە بە شوێنەوە، بەڵام

کاریگەریەکان هەرچیەک بن، بەشێکی بۆ نیشتیمان و کیشوەری نوێ و ژیانی تاراوگە دەگەڕێتەوە، من بۆخۆم تاراوگە کاریگەری بەسەر خۆم و دەقەکانمەوە هەیە و لای من بۆتە بابەتی ئەدەبی و تەنانەت کاری کردۆتە سەر شێواز و زمانی نووسینیشم.. دەکرێ ناوی هەندێک لەم دەقانەم بهێنین وەک (سەحەر و دوای نیوەڕۆیەکی کەنار دەریا، نیگایەک بەسە بۆ مردن، سێرنادا، باپڕۆینە ماڵەوە گوڵم، زۆرانیتر،) دیارە ئەوە ڕۆشنە ژیانی تاراوگە ئاوێزانبوونە لەگەڵ، ژیان و کەلچەر و مەعریفە و شارستانیەتێکی نوێ، وە خۆیلەخۆیدا داپڕانێکە لەگەڵ دوێنێ.. ڕەنگە لە سەرەتادا ئەم ژیانە نوێیە، زۆر ئاستەم و نامۆ و جێگای سەرسامی و شاگەشکەیی بێت.. بەڵام، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات وا پێویست دەکات وردە وردە تێکەڵاوبوون و ئاوێزانبوون ڕووبدات، وە کاریگەری نامۆییەکانیش کاڵتر و کاڵتر ببنەوە. لەگەڵ هەموو ئەو بەربەست و بارە نائاساییانە بەڵام ناتوانین کاریکەری تاراوگە بەسەر بەرهەمە ئەدەبیەکانی نووسەرانی کۆچبەرمان نەبینین.. هەروەک لە شوێنی تریشدا گتومە (شاعیران و نووسەرانی کۆچبەرمان لە سێرچ و گەڕاندان..!) ڕەنگە ئەم هەوڵ و گەڕانانە لە سبەینێدا، ڕوئیا و بەرهەم و داهێنانی جوانی لێ بکەوێتەوە. بەڵام لە ئێستادا، هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کەوا، ئەدەبی تاراوگەمان لە سەرەتای دروستبوون دایە..!

## شیعر و شوناسی شاعیر

به بڕوای من سەرچاوەی شیعر لە ڕووبەرێکی نادیارەوەیە، ڕەنگە نەتوانین بە دروستی ئەم سەرچاوەیە دەست نیشان بکەین، دەربارەی ئەو هێزەش کە شوناسی شاعیر بوون بە شاعیر دەبەخشێ، من پێموایە ئەو هێزە زمانە.. لە شیعردا، لە ڕێگەی

ئیشکردن و چڕبوونەوە لە زمان، دەتوانین شیعری جوان بنووسین و داهێنانی گەورە بکەین.. چونکە فۆرمە جیاوازەکان و مانای قووڵ و خەیاڵ و فەنتازیا و کۆد و هێماکان و کەشف کردن و وروژاندنی پرسیاری نوێ و وێنە و پارادۆکس و هەموو ئەمانە لەڕێگەی زمانەوە دەستەبەر دەبن.. کەواتە لە شیعردا، زمان سەرچاوەی هەموو جوانیەک و هەموو داهێنانێک و هاوکات سەرچاوەی هەموو شوناسێکیشە..!

## شیعر و تەکنەلۆژیا و ئایندەی شیعر

بەر لە هەر شتێک دەمەوێت ئەوە بڵێم، چارەنووسی شیعر پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە تەکنەلۆجیا و بە ئامێربوونی شتەکانەوە نیە.. شیعر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مرۆڤ و ژیانەوە هەیە..! بە مانای شیعر ڕاستەوخۆ ژیان دەنووسێتەوە، لەم ڕاستایەش تاکە ئامانجێک کە هەیبێ جوانکردنی ژیانە.. بۆیە دەتوانین بڵێین شیعر، هاوارێکە بە دژی هەموو ئەو شتانەی کە ژیان ناشیرین دەکەن یان جوانیەکانی ژیان دەشێوێنن..! دەربارەی ئەوەی ئایا پانتاییەک ماوە بۆ ئارامی شیعر ؟ لێرەدا دەتوانم ئەوە بڵێم، شاعیر خۆی پێکهاتەیەک و ڕۆحێکی نائارامە، لە نێو پانتایی و ڕووبەرە نائارامیەکان ئیش دەکات.. بۆیە شیعر ناتوانێت لەنێو بازنەکانی ئارامی و بێدەنگیدا بمێنێتەوە..! من لەم دواییە بەوە گەیشتووم کەوا (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە..!) بۆیە ئەوکاتانەی ماڵی ژیان دەگوازرێتەوە بۆ سەر شەقامەکان یان هەر شوێنێکی تر، شیعریش وا لەوێدا..! چونکە شیعر و ژیان بە یەک ئاراستە ڕێدەکەن یان ڕوونتر بڵێم شیعر لەنێو هەناوی ژیان دایە..! بۆیە

شیعر نە لە نێو بازنەی ئارامی وە لە نێو هیچ بازنەیەکی دیاریکراو نامێنێتەوە، بە مانایەک بە هیچ شێوە و ڕوخسار و ڕەنگێکی دیاریکراو خۆی نادات بە دەستەوە.. بۆیە زۆرجاران، شیعر لەنێو ئەوپەڕی ئارامیدا، بەدوای ئەوپرسیار و گومانانە دەگەڕێت کە نائارامیترین ئەتمۆسفیر لەلای خوێنەران دەخوڵقێنێ و هەندێجاریش لەنێو گەرمەی هاوار و نائارامیەکان، میلۆدیە ناسکەکانی خۆی بۆ جوانیەکانی ژیان بە ئەوپەڕی ئارامی دەچڕێت..! ئیتر سیحری ئەمە لە کوێوەیە ؟ هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین.. ئەوە حەقیقەتی شیعرە و هیچی تر..!

## شیعر و بەرەنگاربوونەوە

ئەزرا پاوەند " جگە لەوەی شاعیرێکی نوێخواز و لە ئەمریکا بە یەکێک لە بناغە و دامەزرێنەری قوتابخانەی مۆدێرنیزم دادەنرێت، هاوکات لەدوای جەنگی جیهانی دووەم وەکو شاعیرێک و ڕەخنەگرێک و نووسەرێک، کاریگەری بەرچاوی بووە چ لەسەر ڕەوشی ئەدەبی و تەواوی ڕەوشی ڕۆشنبیریش، نووسین و بیرکردنەوەکانی بەرز دەنرخێندرێن، کەسێکی چالاک بووە بە دژی هەست و بیری ڕەگەزپەرستێتی، خوازیاری دونیایەکی نوێ و مۆدێرن بوو.. یان سوریالیستەکان بەدوای گۆڕانی کۆمەڵگەوە بوون، پێیان وابوو " هونەر دەتوانێ دونیا بگۆڕێت..! " دەتوانم بڵێم هەوڵدان بۆ گۆڕینی گۆمەڵگە بەرەو مەدەنیەت و نوێخوازی، بنەما و پرنسیپی زۆرێک لە قوتابخانەکانی مۆدێرنە بوو.. بە بڕوای من مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشمەندە، پڕاوپڕە لە ئومێد و مەیل و

ئارەزووی ڕەنگاوڕەنگ، مرۆڤ پێکهاتەیەکە لە خەون و خەیاڵی سپی، بۆیە هەمیشە مەیلی گۆڕان و خولیای بەرەو پێشەوەچوون و هەرچی زیاتر دەستپراگەیشتن بە ئومێدە جوانەکانی، لە دەروونیا کڵپە دەکات..! کاتێک مرۆڤ لەنێو ئەم خەون و خەیاڵ و ئومێدە جوانانەوە، لە هەوڵی گۆڕانی ژیاندا دەبێ، بەو مەبەستەی ژیان جوانتر بکات.. لە هەمانکاتیش هەموو هەوڵەکان و ئامانجی شیعریش " جوانکردنی ژیانە ".. کەواتە، " مرۆڤ و هونەر " یان " مرۆڤ و شیعر " هەردووک، لە پنتی " جوانی " بەیەک دەگەن و بەیەکەوە هاوکێشەکەی ژیان تەواو دەکەن..! بۆیە دەتوانم بڵێم شیعر هاوارێکی بەردەوامە، بەدژ هەموو ئەوشتانەی لەگەڵ ناخی مرۆڤ ناگونجێن و یان ئەو شتانەی دەیانەوێت ژیان ناشیرین بکەن..! تا ئەو جێگایەی بە خۆم و شیعرەکانیشم دەگەڕێتەوە، من پێموایە، لەوڕۆژەوەی دەستم داوەتە قەڵەم " ئەم هاوارەم لەگەڵدایە..! " لەگەڵ نووسینی هەر شیعرێک، ئەم هاوارە بە جۆرێکی تر و بە ڕەنگێکی تر، ڕووبەرەکانی دەروونی من و شیعرەکەم دادەپۆشێ..! کە بیر لە هەر ئومێدێکی لە دەستچووم یان خەونێکی قەشەنگم دەکەمەوە، ئەم هاوارە وا لەوێدا..! دەربارەی ئەوەش، ئایا من لەنێو شیعرەکانم بە ئارەزووی دڵی خۆم ئەم شەڕەم یان ئەم هاوارەم کردووە ؟ من پێموایە، هەموو هاوارەکانم و هەڵبەز و ڕووبەڕوو بوونەوەکانم، لەپێناو جوانیەکانی ژیان دا، لەنێو پرۆسەی نووسین و شیعرەکانم بە ئەوپەڕی ئارەزووی دڵی خۆمەوە بووە.. بۆیە من پێموایە لەنێو شیعر و نووسینەکانم درێخیم نەکردووە، هەرچیەکم مەبەست بووبێت نووسیومە.. من لەکاتی نووسین هیچ بەربەستێک لەبەردەمی خۆم نابینم، بە ئەوپەڕی سنوورەکانی ئازادی دەگەم، تا ئاستی ڕەهایی.

## شیعر و ڕیکلام و دەزگاکانی ڕاگەیاند

دیارە لە دیمانەو لە شوێنی تر، بە دوور و درێژی قسەمان لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن و پەیوەندی ڕاگەیاندن بە داهێنان و لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیفی ڕاگەیاندن کردووە.. بۆیە زۆر بە پێویستی نازانم، لێرەدا خۆم دووبارە بکەمەوە و لەسەر هەمان بابەت بە دوور و درێژی قسەی تیا بکەمەوە. هێندە نەبێ دەمەوێت پێ لە سەر ئەوە دابگرم و تەنها ئەوە دووبارە بکەمەوە و بڵێم/ ڕیکلام و ڕاگەیاندن بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیان بە داهێنانەوە نیە..! هێندە نەبێ، تەنها دەتوانن نووسەران و دەقەکانیان یان کتێبەکانیان لە ئاستێکی بەرین بناسێنن.. لە ئاستێکی بەرین ناساندنیش بە مانای داهێنان نیە..! زۆرن ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە لە ئاستێکی بەرین ناسراون و کەچی نەک هەر داهێنانیان نیە بەڵکو، ئەدەب و هونەرەکەیان لە ئاستێکی زۆر نزم دایە..! زۆرن ئەو نووسەر و هونەرمەندە حزبیانەی یان ئەوانەی لە ژێر ساباتی دەسەڵات ڕاکشاون، کە هەموو ئیمکانیاتێک و هەموو دەزگا چاپەمەنیەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانیان لە خزمەتدایە و کەچی، نووسین و بەرهەمەکانیان لە شتێکی بێ داهێنان و کرچ و کاڵ بەولاوە شتێکی تر نیە..! لە هەمانکاتدا، زۆریشن ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە هەمیشە خەریکی داهێنانن بەڵام، بە دەلیلی نا حزبی بوونیان، یان ڕەخنە گرتن لە دەسەڵات و یان بە دەلیلی بیرکردنەوەی جیاوازەوە، هەمیشە فەرامۆش دەکرێن و تەنانەت لە کوڵەکەی تەڕیش ناویان ناهێندرێ و باسیان ناکرێ..! بە کورتی مەبەستمە ئەوە بڵێم/ ئەگەر دەقێک خۆی داهێنانی تیا نەبێت، ڕیکلام چی بۆ دەکات..؟ هەر ئەوەندە، دەتوانێ لە

ئاستێکی بەرین بیناسێنێت و بیگەیەنێتە هەموو شوێنێک بەڵام، ناتوانێت ئەلفێکی داهێنانی بۆ بخاتە سەر..!

## شیعر و توخمە سەرەکیەکانی شیعری

من باوەڕم وایە، خەون و خەیاڵ و فەنتازیا و وێنە و پارادۆکس و چەمکەکانی ڕەوانبێژی، کە ئەمانە پێکهاتە سەرەکیەکانی شیعرن لەنێو ڕووبەری زماندا، لەگەڵ هەستەکانی دوێنێ بوونێکی ئۆرگانیکی و زیندوویان هەیە لە پێکهاتەی شیعر. هەر بۆیە یادەوەری کەرەسە و توخمێکی سەرەکیە بۆ نووسینی شیعر.. گێڕانەوەی یادەوەریەکانیش لە ئامێزی خەیاڵ و فەنتازیادا لە بونیاد و پێکهاتەی شیعرەکانی من، یان ئیشکردنی چڕوپڕ لەسەر پارادۆکس و یان گەمەکردن بە وشە دیارە ئەمانەش پەیوەندیان بە دوو هۆکارەوە هەیە، یەکەم/ من بە هەناسەیەکی درێژەوە شیعر دەنووسم. دووەم/ هەندێک لە قەسیدە درێژەکانم نزیکن لە " ڕۆمانە شیعر " یان چەند ڕووداوێک دەگێڕنەوە، یان تەمەنێکی دیاریکراوی خۆمم نووسیوەتەوە..! نموونەی لەمجۆرە قەسیدانەشم زۆرن.. بۆ نموونە/ " ڕەشبەڵەکی ڕۆح " یان " کەژاوەی خۆرەتاو " یان توانەوە " کە پێکهاتووە لە سێ بەش " یان خەونەکانی مردن " و زۆرانی تر. بێگومان ئیشکردن بەم ستایل و هەناسەیە، گێڕانەوەی خەیاڵئامێز و ئاوێتەبوو لەگەڵ فانتازیادا، یان قووڵبوونەوە و مانەوە لە نێو ڕووبەرە نادیارەکان، ئەمانە نەک هەر پێویستن بەڵکو، توخم و ڕەگەزی سەرەکین بۆ پێکهاتە و بنیاتنانی ئەم جۆرە شیعرانەی کە، بەم ستایل و هەناسەیە دەنووسرێن..!

## شیعر و فەلسەفە

شیعر و فەلسەفە نزیکایەتیەکی زۆریان هەیە بەیەکەوە، ئەم نزیکایەتیە مشتومڕ و قسەی زۆری لەسەر کرایە، هەندێ کەس پێیان وایە شیعر فەلسەفەیە و شاعیرانیش وەک فەیلەسوف چاولێدەکەن، ئەوەتا لە ئەمریکا (ت س ئیلیۆت) لەمەڕ داهێنانەکانی لە شیعر و بیرتیژی لە بابەتە ڕەخنەییەکانی بە شاعیرێکی فەیلەسوفی ئەمریکی ناوی دەبەن، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەم تێڕوانینە دروست نیە. هەرچەندە شیعر و فەلسەفە خاڵی هاوبەشیان هەیە شیعریش وەک فەلسەفە پەیوەندی بە مەعریفەی مرۆڤەوە هەیە بەڵام، دوو شتی جیاوازن و هەر یەکەو جۆری ئیشکردن و تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە هەندێ شوێنیش نا تەبا دێنەوە لەگەڵ یەکتریدا، بۆیە ناکرێت لە شیعردا بۆ فەلسەفە بگەڕێین.. لە سەرەتا هەوڵدەدەین خاڵە هاوبەشەکانیان دیاری بکەین، شاعیران و فەیلەسوفان زۆر یەکتری دەخوێننەوە و لەژێر کاریگەری یەکتری دان. شاعیران زۆرجار ئیلهام لە فەلسەفەوە وەردەگرن. یان هەندێک لە فەیلەسوفەکان زمانی شیعریان بەکار هێناوە بۆ نموونە " نێتچە " زۆر لەژێر کاریگەری شیعردا بووە، هەندێکەس بەرهەمەکانی نێتچە بە دەقی شیعری ناودەبەن. یان کتێبە ئایینیەکان، کە هەموویان باس لە بابەتی فەلسەفی دەکەن وەک ژیان و بوون و مەرگ و سروشت و فەلەک و.. کەچی بە زمانێکی شیعری نووسراون، پلاتۆی فەیلەسوف هەرچەندە هێندە عەشقە شیعر نەبووە، بەڵام لە پەیوەند بە شیعر و فەلسەفە باس لەوە دەکات کە هەردووکیان باس لە جوانی دەکەن و جوانی خاڵێکی هاوبەشە لە نێوانیان، هەموومان دەزانین جوانی چ ڕووبەرێکی بەرین و فراوانی لە شیعر داگیر کردووە، جوانیش خۆی

چەمکێکی فەلسەفیە، یان پەیوەندیەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان شیعر و فەلسەفەی
دەروونزانی، خەون و ڕووبەری نەستی و غەریزەکان و پێگە و ڕووبەری بنچینەیین لە شیعر، لەهەمانکات ئەم چەمکانە بابەت و بنەمای سەرەکی دەروونزانین، هەروەها عەشق و خۆشەویستی، (سیگمۆند فرۆید) باس لە خۆشەویستی دەکات، وەک غەریزەیەک لە مرۆڤ، بە غەریزەی ژیان ناوی دەبات.. واتە (ئیرۆس)، یان عەشق و خۆشەویستیش لە شیعردا، بە هەناسە و پێکهاتەیەکی سەرەکی دادەنرێت. هەروەها زمان، شیعرو فەلسەفە دەکرێ هەردووکیان لەسەر زمانی مەجازی خوازراو ئیشبکەن، یان زمانی هێماکان، کە " ئیریک فرۆم " لە کتێبێک بە ناوی (باشترین ئاستی بیرکردنەوەکانی فرۆید) باس لە خەون و هێماکانی خەون دەکات، خەون بە شیعر دەچوێنێ و زمانی نێوانیان بە (زمانی گشتگیر) ناو دەبات، چونکە هەم زمانی شیعر لە ڕێگەی وەقسە هێنانی وێنە و هێماکان زمانێکێ گشتگیرە، هەم زمانی خەون لەڕێگەی وە قسەهاتنی هێماکان زمانێکی گشتگیرە.. لەگەڵ ئەم نزیکایەتیەو ڕووبەر و خاڵە هاوبەشانەدا لە هەندێ شوێنیش شیعر و فەلسەفە ناتەبا دێنەوە، بۆ نموونە/ فەلسەفە لەسەر هۆکارەکان و بنەمای ڕاستی و حەقیقەتەکان ئیش دەکات، بەڵام شیعر زیاتر لەسەر خەیاڵ، زۆر بەڵای هۆکارەکاندا ناچێت، فەلسەفە مەبەستیەتی دونیا بگۆڕێت، بۆ ئەم خاڵە فەیلەسوفەکان پرسیارێک لە شاعیرەکان دەکەن و دەڵێن (ئایا خەیاڵ دەتوانێت دونیا بگۆڕێت ؟). هەرچەندە زۆرێک لە قوتابخانە ئەدەبیەکانی مۆدێرنیزم لە هەوڵی گۆڕانی گۆمەڵگەدا بوون لە ڕێگەی ڕەخنە و دونیا بینیە نوێیەکانیان، بە تایبەت سوریالیستەکان لە شەڕێکی گەرم دابوون لەگەڵ

سیستەمی کۆمەڵگە و ئایین و داوونەریتی باو، " ئۆکتاڤیۆپاز " لە نووسینێک دەڵێت (سوریالیستەکان لە ڕێگەی خەیاڵە جوانەکانیان دەیانویست دونیا بگۆڕن)، بەڵام لەگەڵ هەوڵە جوانەکانی هەموو قوتابخانە ئەدەبی و هونەریەکانی مۆدێرنەتە و تەنانەت دوای مۆدێرنەتەش، دیسان لە بەرامبەر پرسیاری (ئایا خەیاڵ دەتوانێ دونیا بگۆڕێت ؟) بێوەڵام دەمێنینەوە!. لە ئەدەبیاتی کۆنی کورد و عەرەب و فارس و کۆمەڵگەی تریش، زۆرێک لە شاعیرە

کلاسیکەکان لە نێو شیعرەکانیان قسەیان لەسەر بابەتە فەلسەفیەکان کردووە، بە تایبەت لە بواری فەلەکناسیدا.. دەکرێ شاعیر هەمیشە ڕوانگە و دونیابینیەکی فەلسەفیانەی هەبێت وە شیعریش فەلسەفە لەخۆ بگرێت وە فەلسەفەش بەپێی چەمکە شیعرییەکان بە تایبەت زمان و جوانی، ڕووبەرو جێگایەکی بەرین بۆ شیعر بکاتەوە.

**کەنەدا**

**سەرەتای فێبروەری ٢٠١٣**

## شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی

کتێبی (شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی) کتێبێکی هەرە نایابی نێو کتێبخانەی ئەدەبی ئەمریکایە، ئامادەکردن و نووسینی لەلایەن پۆل هوڤێرە.. نزیکەی هەزار لاپەڕەیەک دەبێت. ئەم کتێبە بەرهەمی ١١٣ شاعیری هاوچەرخ لەگەڵ کورتەیەک لە ژیان و داهێنانەکانیان و ٥٥٧ شیعری لەخۆ گرتووە، هەروەها ١٥ وتار و لێکۆلینەوەی شیعری کە لە لایەن ئەو نووسەرانەوە نووسراون، کە لە گۆشەی جیاوازەوە لە شیعر و نووسین و داهێنانیان ڕوانیوە و هاوکات پەیوەندی نێوان شیعر و زمان و ئیستاتیکا و ستایلی جودا و نویخوازی و زۆرێک لە بنەما و پێکهاتەی تر، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە گوتاری شیعری و بە داهێنانەوە هەیە. نووسین و شیعری ئەو شاعیرە هاوچەرخانەی کە پێیان وابوو، نوێخوازی بریتیە لە گەران و هەولی بەردەوام لەنێو ڕووبەرەکانی زمان بۆ کەشفکردن و دۆزینەوەی هێما و مانا و دەستەواژەی نوێ، یان دووبارە ناونانەوەی وشەکان و بنیادنانەوەی پەیوەندیەکانی نێوان چەمک و هێما و کۆدەکان. بۆ نموونە وتارێکی " چارلس ئۆلسن " لە ساڵی ١٩٥٠، لە ڕاستیدا مانیفێستێکی شیعر بوو بەناوی (Projective verse) لەو وتارەدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بونیادی شیعر دەکات لەڕووی ماناوە.. بەو مەبەستەی مەرج نیە هەموو بونیادی شیعرەکە لەسەر یەک مانای بڕوات یان یەک مانای هەبێت.. وەک ئەو پێکهاتە تەقلیدیەی کە (سەرەتا و ناوەڕۆک و کۆتایی) لەسەر هێلێکی راست بڕوات. دەکرێ هەر کۆپلەیەک، هەر دێرێک مانایەکی دیاری کراو و سەربەخۆی هەبێت.. ئۆلسن لەم وتارەی

ئازادیەکی فراوانتر بە وشەکان و ڕستە شیعریەکان و کۆپلە شیعریەکان دەبەخشێ و لەنێو بازنەیەکی داخراوی مانا دەریان دەهێنێ، ڕووبەرێکی فراوانتریان دەخاتە بەردەم. بە مانایەکی تر ئەم مانیفێستەی ئۆلسن هەولێک بوو بۆ تێکشکاندنی بەها و پیرۆزی مانا و هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیقیەتی مانا لە دەق، ئۆلسن پێی وابوو، مانایەکی یەکڕەنگ و نەگۆڕ وەک ڕاستیەکی ڕەها بوونی نیە.. ئەم ڕوانینەی ئۆلسن بۆ زمان و بونیادی شیعری بۆ سەرەتای پەنجاکان، ڕوانینێکی تەواو نوێ و هاوچەرخ و تەواو جیاواز بوو. لەهامانکات، کاریگەری تەواوی هەبوو لەسەر ستایل و گۆشەنیگای نوێخوازانەی شاعیرانی هاوتەمەنی خۆی.. یان وتارێکی تر کە لەلایەن (ستیڤ ماکفێری) نووسراوە، دەکرێ ناوەڕۆکی ئەم وتارە لەوەدا کورت کەینەوە کە ئیشکردن لەسەر پێکهاتە زمانەوانیەکانی دەق و کاریگەری زمان لەسەر دەق، بە مانای ئەگەر نووسین موغامەرەیەک بێت لە پێناو زماندا، چۆنیەتی مەمەلەکردن و چۆنیەتی ئاکت کردن لەنێو ڕووبەری ئەم موغامەرەیە و لە پێنا و بونیادی دەقێکی سەرکەوتوو بە فۆرم و ستایلێکی نوێ و جیاوازەوە، لە دیوێکی تری ئەم وتارە باس لە پەیوەندی و کاریگەریەکانی شاعیر و خوێنەر یان وەرگر و دەق دەکات، هاوکات ستیڤ جەخت لەوە دەکات گرینگی دان بە هێما و کۆدەکان زیاتر لە وشە، لە ڕوانگەیەکی فرۆیدیانەوە لە پێکهاتەی زمانی دەق دەروانێت. لە سەرەتای کتێبەکە، پۆل هوڤێر پێشەکیەکی دڕێژ و هەمەلایەنەی بۆ کتێبەکە نووسیوە و بە هەناسەیەکی درێژەوە باس لە شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی و سەرەتای دەسپێکردن و سەرهەڵدان وگەشەکردنی دەکات، هەروەها باسی ئەو سیما هاوچەرخ و یاخیانە دەکات کە بوونە هۆی بەرهەمهێنانی شیعری پۆستمۆدێرنی و کاریگەری دانان

لەسەر نوێبوونەوەی شیعری ئەمریکی، هەروەها قوتابخانە شیعرییەکانی نێو ئەم تەوژمە پۆستمۆدێرنیە بۆ نموونە وەک قوتابخانەکانی

- black mountain poetry
- New York school
- Language poetry
- Beat poetry

هەوڵدەدەین لە خوارەوە، هەریەکێک لەو قوتابخانە و تەوژمە ئەدەبی و شیعرییانە بە کورتی بناسێنین.

Black mountain school ئەم قوتابخانە شیعریە لە سەرەتادا پەیمانگایەکی هونەری بوو، بیناکەی لە کەنیسەیەک بوو لە هەورازێک بە ناوی (چیای ڕەش) لە ساڵی ١٩٣٣ دروست بوو تا ساڵی ١٩٥٦.. وانەی هونەری تیا دەگوترایەوە.. وانەکانی شێوەکاری و مۆسیقا و شیعریش یەکێک بوو لە بابەتەکان.. دواتر وەک قوتابخانەیەکی شیعری هاوچەرخ و نوێخواز بە ناوی (قوتابخانەی چیای ڕەش) ناویان دەرکرد. شاعیرە دیار و ناسراوەکانی ئەمانە بوون (ڕۆبێرت کریلی، ڕۆبێرت دانکان، دەنیز لێڤەرتۆڤ، چارلس ئۆلسن و ولیەم کارلۆس ولیەم،...) لە ڕووی مەعریفەی شیعری و توانای شیعری کەسەکانی لێهاتوو و بە توانا بوون.. بە تایبەت چارلس ئۆلسن، لە ئاستێکی فراوان وەک بیرمەندێک و تەنانەت وەک فەیلەسوفێک لە نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ئەمریکیدا ناسراو بوو. مانیفێستە شیعریەکەی کاریگەری و زۆری لەسەر شیعری ئەمریکی دانابوو.. بەتایبەت لەسەر پێکهاتە و بونیاد و مانا و فۆرمی نوێ و زۆر لایەنی تر. ڕۆبێرت کریلی و دەنیز لێڤەرتۆڤ دوو کەسایەتی ناسراوی پڕ داهێنانی ئەم قوتابخانەیە بوون، دەنیز لێڤەرتۆڤ بە

نووسینی شیعری سیاسی بەناوبانگ بوو.. ئەزرا پاوەند وەک بیرمەندێک و شاعیرێک لە نووسەران و شاعیرانی چیای ڕەش زۆر نزیک بوو.. ئەم قوتابخانە شیعریە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە سەرهەڵدانی شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی.

New York school ئەم قوتابخانەیەش لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری نیۆرک سەریهەڵداوە.. شاعیرە دیار و ناسراوەکانیان ئەمانەن (جۆن ئەشبێری، بەربارا گەست، کەنێس کۆست، فرانک ئۆهارا...) شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە زۆر بە تۆخی لەژێر کاریگەری سوریالیستەکان و مۆدێرنیستەکان بوون.. شاعیرانی قوتابخانەی نیۆرک هەم کەسانی جدی و هەم ئایرۆنی بوون.. بە حەزەرەوە دەیاننووسی، جگە لە شێوازی نویی نووسین، بەرگری زۆریان لە مرۆڤ و ماف و ئازادیەکانی تاک دەکرد.. ماف و ئازادیەکانی تاک چەقی قوڕسایی ئیشکردن و بیرکردنەوەکانی ئەم گروپە بوون. لە هەمانکاتیش گرنگی زۆریان بە هونەری شێوەکاری دەدا.. زۆرێک لە شاعیرەکان هونەرمەندی شێوەکاریش بوون.. شاعیرانی قوتابخانەی نیۆرک لە ڕووی پەیوەندی و دۆستایەتیەوە لەگەڵ هونەرمەندە شێوەکاریەکان لە پەیوەندیەکی بەهێزدا بوون. بەتایبەت لەگەڵ (چارلس پۆلۆک و ولیەم دیکۆنین).. هەروەها فرانک ئۆهارا و جەیمس سیلەر لە مۆزەخانەی (هونەری مۆدێرم) کاریان دەکرد.

Beat poetry school قوتابخانەی شیعری بییت لە سەرەتای ١٩٤٠ سەری هەڵدا و گەشەی کرد.. لە شارەکانی نیۆرک و وێست کۆست و بەڵام شاری سانفرانسیسکۆ وەک ناوکۆکە و دڵی ئەم قوتابخانەیە بوو.. لە سەرەتای ساڵەکانی پەنجا واتە لە دوای

جەنگی جیهانی دووەم هەوڵ و داهێنانەکانیان لەوپەڕیدا دەبێت. شاعیرە دیار و ناسراوەکانیان ئەمانەبوون (ئالێن گێنسبێرگ، گێری سنیدێر، لۆرانس فێرلێنێتی، گریکۆری کۆرسی..) شاعیرانی ئەم قوتابخانە شیعریە گرینگیان بە کەلتوور و سیاسەت دەدا.. بیرکردنەوە و پرسیارەکانیان لە پەیوەند ئەم چەمکانە چڕکربوویەوە. زۆر لە شاعیرانی بزووتنەوەی فڕانسیسکۆی ڕێنسانسەوە نزیک بوون. بەتایبەت لەگەڵ (کەنێس ڕێکسڕۆت و ڕۆبێرت دانجان) وەک گرووپێکی ڕادیکال بە دژی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و کەلتوورە دواکەوتووەکان و شێوازەکانی ئەدەبی تەقلیدی کاریان دەکرد.. ئەمانیش وەکو سوریالیستەکان باوەڕیان بە هەستی لاشعوری و نائاگایی هەبوو.. دەرمانی بێهۆشکەریان بەکار دەهێنا تا بگەنە ئاستی هالۆسینەیشن و بێئاگایی، لاسایی کەسە ئاینیەکانیان بەتایبەت بودیەکان دەکردەوە.. لە نێو دونیای بێئاگایی دەقەکانیان دەنووسی.

The language school of poetry ئەم قوتابخانە شیعریەش لەساڵی ١٩٧٠دەستی پێکرد، بۆ وەڵامدانەوە بە ستایلی تەقلیدیەکانی شیعری ئەمریکی و فۆرمە کۆنەکانی. لە پاژنەی پێیەکانی قوتابخانەی چیای ڕەش و قوتابخانەی نیۆرکەوە هاتبوون.. واتە درێژکراوەی ئەوان بوون. ئامانجی ئەم قوتابخانە شیعریە ئەوە بوو، لەنێو ڕووبەری زمان زیاتر چڕ ببنەوە و مانایەکی تر بە زمان و شیعر ببەخشن، هاوکات پەیوەندی نێوان وەرگر و دەق ببەنە ئاستێکی تر.. لەگەڵ ئەم پەیوەندیە ئەدەبیە زمانەوانیە بەشداریان لە سیاسەت دەکرد.. سیمای دیار و هەوڵەکانی ئەم قوتابخانە شیعریە زمان بوو.. زمان لە پێنا و دروستکردنی

بیرۆکە و هێما و چەمکی نوێ.. ئیشی زۆریان لەسەر مانا دەکرد، بیرۆکە و مانا و کۆد و وشەکانیان لە رێی گەمەکانیان و مەماڵەکردنیان لەگەڵ زمان دەخستە ڕوو. هەوڵیان دەدا خوێنەر بەشدار بکەن لە دەقەکانیان.. خوێنەریان هاندەدا لە ڕیی خوێندنەوە و قووڵبوونەوەیان لە دەقەکان مانای دەق و وشە و هێماکان شیبکەنەوە. ئەویش لە ڕێکە هەڵوەشاندنەوەی مانا ی دەقەکە و دووبارە بونیادنانەوەی، گەیشتن بە خوێندنەوە و مانایەکی نوێ بۆ تێکستەکە.. ئەم گرووپە گرنگیان بە پەخشانیش دەدا و وتاری ئەدەبیشیان زۆر دەنووسی. لەسەر ئامانج و شیوازی نووسین و داهێنانەکان و جیاوازیەکانیان.. ڕۆن سمێل مان ی شاعیر یەکێک لە وتارنووسە بەناوبانگەکانیان بوو.. یان لین هێژینەین ئەم شاعیرە وتارە ئەدەبیەکانی لە کتێبێک کۆدەکاتەوە بە ناوی (the language of ingurity) لە یەکێک لە وتارەکان دەڵێت (زمان هیچ نیە جگە لە مانا، مانا هیچ نیە جگە لە تەوژمێکی نێو دەق، ئەو دەقانەی بە دەگمەن لەنێو وینەکان کۆدەبنەوە و یان دەبن بە چەمکی نوێ......) جگە لەم دوو شاعیرە، شاعیرە دیارەکانی ئەم قوتابخانەیەش ئەمانە بوون (چارلز بێرنستین، بارێک واتین، باب پێریلمان..). شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی جگە لە شاعیرانی ئەم چوار قوتابخانە شیعریە زۆرێک لە شاعیرانی تریش کە لەدەرەوەی ئەم قوتابخانانە بوون، هەندێکیان بە شاعیرانی یاخی ناویان دەبردن و زۆرانی تر.. هەروەها زۆرێک لە شاعیرانی نەوەی نوێش چونکە شیعری پۆستمۆدێرن وەک و تەوژمێک هەتا ئێستاش هەر بەردەوەوامە.. زۆرێک لەو شاعیرانە سەرسامبوون بە تەوژم و شاعیرانی (ئاڤان گرەیدی) ئەوروپی.. بە پێی زۆرێک لە سەرچاوەکان (پۆستمۆدێرنیزم) وەک قۆناغێک لە شەستەکانەوە

دەست پێدەکات بەڵام بە پێی پێشەکیەکەی پۆل (هوڤێر شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی لە پەنجاکانەوە دەست پێدەکات.. ئەوەتا لە سەرەتای نووسینەکەی لە شوێنێک دەڵیت (چارلس ئۆلسن لەسەرەتای ١٩٥١ وشەی پۆستمۆدێرنیزمی لە نامەیەکدا بۆ ڕۆبەرت کریلی لە چیای ڕەش نووسیوە) ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، ئەو شاعیر و قوتابخانانەی لەم کتێبەدا ناویان هاتووە و ڕۆلیان بووە لە بنیاتنانی شیعری پۆسمۆدێرنی ئەمریکی، ئەو شاعیر و قوتابخانە شیعریانە بوون کە لە چلەکانەوە بەدواوە. بۆیە دەتوانین بلێین شیعری مۆدێرنیستی ئەمریکی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی ترەوە ئەویش (پۆستمۆدێرنیزم) ە. هەروەها پۆل هوڤەر باسی ئەوەمان بۆ دەکات، کەوا پۆستمۆدێرنیزم چەندین بیرمەندی بە دنیای ئەدەب و مەعریفە بەخشی لەوانە (جاک لاکان و جاک دریدا و جولیا کریستیڤا و بێل هوکس و......... و) چەندانی تر، (جولیا و بێل) هەم بیرمەند و هەم هەڵسووڕاوی کارای بواری فیمینیستی بوون. پۆل هۆڤێر لەسەر شێواز و ستایلی نووسینی شاعیرە پۆستمۆدێرنەکان پیی وابوو شاعیرانی ئەم گرووپانە فۆرم و ستایلەکانیان هاوچەرخانە و لە یەکتریەوە نزیک بوون، لە هەمانکات جیاوازیش بوون.. یان پیی وابوو زۆرێک لەم شاعیرانە لە پێناو زمان فۆرمەکان دیاردەکەن ئەمەش بۆ خولقاندنی سیمایەکی نوی. ئەراگۆنی شاعیر لە شوێنێک دەڵێ (پێویستە نووسین کردارێکی سیحری بێت کە بتوانێ سیحر وەبەرهەم بێنێت).. شیعری پۆستمۆدیرنی لەسەر ئەم سیحرە ئیش دەکات، لەسەر بنەما و پاشخانێکی مەعریفیەوە گومان و پرسیاری نوێ بەرهەم دەهێنێ. لە شیعری پۆستمۆدێرنیزم زەمەن بە هێلێکی ڕاست و ئاسۆییدا (ڕابردوو،

ئێستا، داهاتوو) ناروات.. ڕابردوو ئەو بناغە تۆکمە و ئەو کاریگەریە تۆخەی نیە، زیاتر ئیش لە ئێستادا دەکات و هاوکات ڕووە و ئایندەش.. ئەوە بەو مانایەی نیە ڕابردوو هیچ کاریگەریەکی نیە لە رووبەری شیعری پۆستمۆدێرنی.. بەمانایەک شیعری پۆستمۆدێرن هێندەی لەسەر کەلتوور ئیش دەکات هێندە لەسەر مێژوو ئیش ناکات، زیاتر بە ناخی پەیوەندی تاکەکان و ژیانی ڕۆژانە و بۆ ناوەوەی تاکەکان شۆڕدەبێتەوە، بە دیوێکی تر لە کەنارەوە بەرە و قووڵاییەکان دەڕوات لە ڕێگای هونەری زمان و بەکارهێنانی پارادۆکس و گومان و دووبارەبوونەوە و پرسیارکردن و زۆر شتیتر.

## شیعری پۆستمۆدێرن و یان پۆسمۆدێرنیزم و شیعر

ئەگەر بمانەوێت باسی شیعری پۆستمۆدێرنی بکەین یان باسی پۆستمۆدێرنیزم بکەین، ناتوانین باسی شیعری مۆدێرن یان باسی مۆدێرنیزم نەکەین.. ڕاستە هەندێک لە بیرمەندەکان پێیان وایە مۆدێرنیزم فەشەلی هێنا و لەبەرامبەر پرۆژەو ئامانجەکانی شکستی خوارد، بەڵام هەندێکی تر، بە پێچەوانەی ئەم ڕوانینە بیردەکەنەوە و پێیان وایە مۆدێرنیزم شکستی نەخواردووە بەڵکو چۆتە قۆناغێکی تروە بە مانایەکی دیکە، پستمۆدێرنیزم درێژکراوەی مۆدێرنیزمە.. ئەوەتا فرێدریک جیمسۆن دەڵێ (پۆستمۆدێرنیزم هاوشێوە و هاوکۆپی مۆدێرنیزمە). بەڵام لە هەردوو قۆناغدا، چ مۆدێرنیزم و چ پۆستمۆدێرنیزم لە ئەنجامی گەشەی خێرای تەکنەلۆژیا و زانستە کۆمەلایەتیەکان و گەشەی شارستانیەت دروستبوون،بە مانای، ئەگەر ژیان وەکو دەقێکی ئەدەبی وەربگرین دەبینین فۆڕمەکانی ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم نەیانتوانی بەرامبەر ئەم ستایلە نوییەی

ژیان ڕێک و هاوتەریب بڕۆن. هەروەک (ڤێرگینا وۆلف) لە شوێنێکدا دەلێ (هەموو پەیوەندییەکان گۆڕاون...) بۆیە ژیان پێویستی بە فۆڕمێکی تر بوو لە ئەدەب و شیعر هاوکات پێویستی بە میتۆدێکی تر بوو بۆ بیرکردنەوە.. بۆیە فۆڕمێکی نوێ بە دیدگا و بیرکردنەوەی نوێ پشت بەستوو بە گەشەی زانست و مەعریفە و تەکنۆلۆژیا لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم واتە مۆدێرنیزم دواتر لە لە دوای ساڵەکانی پەنجاش بەناوی پۆستمۆدێرن خۆیان ڕاگەیاند، بۆ وەڵامدانەوە بە فۆرمە کۆنەکانی ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم و تەوژم و قوتابخانە کلاسیک و تەقلیدیەکانی پێش خۆیان. بۆ بە مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە و دەستەبەربوون و وەڵامدانەوە بە ماف و ئازادیەکانی تاک و کەلتوورێکی شارستانی. گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی چ لە دەورانی مۆدێرنیزم یان پۆستمۆدێرنیزم، گوتارێکی ڕەخنەیی زانستی عەقلانی بوو.. بە مانای دانانی یاساکان و بەڕێوەبردنی دەزگاکان لەسەر بنەمایەکی زانستی واتە لە هەموو بوارەکان زانست شوێنی ئایین و ئایدیۆلۆژیا دەگرێتەوە. چونکە زانست ئەو چوارچێوەیەیە، دەتوانێت تەفسیر و شیکردنەوەیەکی واقیعی و دروست پێشکەش بە ژیان بکات.. هەروەک دەبینین سەدەی بیستەم سەدەی پاشەکشەی ئایین و ئایدیۆلۆژیایە.. سەدەی سەردەرهێنانی زانست و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە.. بەمانایەک زانست دەبێتە هۆکارێک بۆ دۆزینەوە و خولقاندنی پرسیار و گومانی نوی. یان زانست و مەعریفە وەزیفەی سەرەکیان ئەوە دەبێت ژیان بەرە و پێشەوە ببەن و ئاسۆ و ڕووبەری بیرکردنەوە فراوانتر بکەن، لە هەمانکاتیش ببن بە میتۆدێک بۆ بەرهەمهێنانی فکر، یان بەمانایەکی تر زانست دەبێتە کەرەسەی بیرکردنەوە و داهێنان.. چونکە ناتواندرێ لە ئەدەبدا، گومانی گەورە

بخولقێندرێ گەر پشت بە مەعریفەیەکی گەورە نەبەسترێ، یان ناتوانین پرسیاری گەورە بهێنیتە ئاراوە گەر زانست و مەعریفە نەبێتە کەرەسەی بیرکردنەمان.. بەمانایەکی تر، عەقلی زانستی ناتوانێت کار بکات گەر میتۆدی بیرکردنەوە پشت بە بنەما مەعریفی و زانستیەکان نەبەستێت.. پۆستمۆدێرنیزم بە دژی کەلتوورە کۆن و تەقلیدیەکان دەوەستێ و لەبەرامبەردا کار بۆ کەلتوورێکی شارستانی و پێشکەوتوو دەکات. دەتوانین بە شۆرشی تەکنەلۆژی و دیموکراتی ناوی بەرین و وەک ڕێبازێکی فیکری زانستی یاخی لە واقیعی کۆمەڵایەتی.. ئەگەر لێرەوە مەبەستەکانمان چڕ کەینەوە و لە شیعری پۆستمۆدێرنی یان هەندێک لە ئەدگار و سیماکانی شیعری پۆستمۆدێرنی بخەینە ڕوو دەتوانین بڵێین..

شیعری پۆستمۆدێرنی لەسەر گومان کاردەکات.. بە سوود وەرگرتن لە بیردۆزی نیسبی ئانیشتاین چونکە وەک چۆن تەکنەلۆژیا ژیان خێراتر دەکات بیری ئانیشتاینیش گۆشە نیگا و سیمای پۆستمۆدێرنی بە جیهانی کرد.. پۆستمۆدێرنەکان باوەڕیان بە هیچ بیرۆکەیەکی ڕەها و موتلەق و بە هیچ ڕاستیەک نیە.. بوارێک بۆ ئەوی تر دەهێڵنەوە.. هەروەکو قسەیەکی بەناوبانگی پۆست مۆدێرنیستەکان هەیە کە دەڵێن (ڕاستی نە لەلای منە نە لەلای تۆ بەڵکو لە هەمانکاتدا لای هەردووکمانە) بەمانایەک هیچ شتێک حەقیقەتی ڕەها نیە، بە گومانەوە لە هەموو شتێک دەڕوانن.. لە تەمەنی مۆدێرنیزم دونیا دەرگیری دوو شەڕی کاولکاری جیهانی بوو.. ئەمەش لە ئەنجامی باوەر هێنان بە حەقیقەتی ڕەها و بوار نەهێشتنەوە بۆ ئەوی بەرامبەر، بۆیە هەندێ کەس پێیان وایە مۆدێرنیزم لە بەرامبەر هەندێک لە پڕۆژە و ئامانجەکانی خۆی شکستی خواردووە، بەڵام

پۆستمۆدێرنیزم بە گومانەوە لە هەموو شتێک دەڕوانێ و شیعری پۆستمۆدێرنی لەسەر ئەم گومانە کاردەکات. ڕەگەز و پێکهاتەیەکی تری شیعری پۆستمۆدێرنی (پارادۆکسە).. بە مانای بەکارهێنانی دوو بیرۆکە و یان وشە و دوو چەمکی پێچەوانە و هاودژ لە یەک ڕستە یان لە یەک کۆپلەی شیعری بۆ خولقاندنی مانا و دەستەواژەیەکی نوێ.. ئەم بەکارهێنانی هاودژی و پارادۆکسیە لە شیعری پۆستمۆدێرنی زۆر دەبیندرێت بۆ نموونە (ئێلین مایلێس) لە شیعری (خوێنبەربوونی دڵەکان) دا دەڵێ..

**ئێستا چی**
**من ئیرەییم**
**بە دوێنێ شەو دێت**
**هەردووکمانی لە باوەش بوو**
**لە نێو**
**مەچەکە ڕەشەکانی**
**من ئەمڕۆ**
**لە نێو**
**ڕانەکانم ڕامگرتووە**
**... ێکی بێ موو**
**خوێنی لێ دێ و**
**دەلەرزێ**
**تەڕە**
**بە یادگاریە خەمناکەکان.....**

ئەگەر لەم شیعرە ورد بینەوە، دەبینین پارادۆکسێکی تیایە کە قووڵی و جوانیەکی بێوێنەی بە شیعرەکە بەخشیوە.. ئەگەر ورد بینەوە و بڕوانین.. کۆ ئەندامی مێ یان نێر، کاتی لەرزین و تەربوون ئەوکاتەیە، گەیشتن بە لوتکەی لەزەت واتە ئۆرگازم.. گەیشتن بە ئۆرگازم بە تێکەڵاوبوونی ڕۆح و ئەتمۆسفیرێکی ڕۆمانسی یان ئیرۆسی و یادگاریە خۆش و لەزەتبەخشەکانەوە دەبێت، نەک بە یادگارییە خەمناکەکان.. بە پێچەوانەوە، یادگارییە خەمناکەکان حەز و ئارەزووەکانمان دەپووکێنێتەوە.. بەڵام شاعیر لە نێو ئەم خەیاڵە شیعرییە بە ئارەزووە خەمناکەکان دەمانگەیەنێتە لەرزین و تەڕبوون واتە دەمانگەیەنێتە ئۆرگازم.. پارادۆکس و هاودژیەکە لێرەدایە..

شیعری پۆستمۆدێرنی ستایلێکی دیاریکراوی نیە، زۆرجاران بە ڕواڵەت سادە و بەڵام لە ناواخن و لە ڕووی ماناوە قووڵ.. (ئێلین مایلێس)، هەر لەهەمان شیعر لە شوێنێکی تردا دەڵێ.

**نازانم**
**بۆچی گەردوون**
**منی هەڵبژارد**
**ببم بە مێ یەکی**
**جوانیەکی زۆر و**
**ئازارێکی بەردەوام...**

نازانم بۆ گەردوون منی کرد بە مێ ؟ یان جوانیەکی زۆری بێوێنە و ئازارێکی بەردەوام.. لەنێو هەناوی ئەم پرسیارە چ گلەییەک لە گەردوون دەکات ؟، چ بێ ئەمەکی و بێوەفاییەکی

گەردوون پێشان دەدات، بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ، جوانیەکی بێوێنە و ئازارێکی بەردەوام و ناخێکی پڕاوپڕ لە نائومێدی.. چ دەربەست و سپلە و بێهودەیە ژیان ؟ ئەم کۆپلە شیعرە بە ڕوالەت وشەکانی سادە و ناسکۆلەن بەڵام، چ قوولیەک و دوورنماییەک و هاودژیەک لەودێو پرسیار و وشە و هێماکاندا هەیە ؟. کێشە و ماف و ئازادی تاک و نا بەرابەری ڕەگەزی و تووڕەهاتی گەردوون و ژیان، هەمووی لە پرسیارێک و لە جەند وشەیەکی ناسک خستۆتە روو.. سیما و رەگەزێکی تری شیعری پۆستمۆدێرنێ ئەوەیە، ئاراستەکان بەرەو ناوەوەن، بە مانایەک شاعیر خۆی دەنووسێتەوە و لە سەر حەز و ئارەزووەکان و هەستەکانی ناوەوەو ئومێد و خواستەکانی خۆی ئیش دەکات و یان گومان و نیگەرانیەکانی خۆی دەنووسیتەوە.. کەمتر وەک ڕۆمانسیەکان و ریالیستەکان ئیش لەسەر جوانیەکانی سروشت و داستانەکان و مەزنی پەروەردگار و ڕووداوەکان دەکەن.. زیاتر بە ناخی خۆیاندا دەچنە خوارەوە.. هەروەک (ڕۆبەرت کریلی) لە شیعری " باران " دا دەڵێت.

**هەموو شەوەکە**
**ئەم دەنگە دووبارە دەبوویەوە**
**جارێکی تریش ئەم بێدەنگیە**
**بارانێکی بەردەوام**
**من کێم لە بەرامبەر خۆمدا**
**دەبێ بیرم نەچێ**
**ئەو هەمیشە**
**کاریگەری بەسەرمەوە هەیە...**

لە شەوێکی خامۆشدا باران دەبارێ.. ئەمیش لە ژوورەوە ڕۆچووە بە نێو خەیاڵەکانیدا.. لە ئەتمۆسفیرێکی بێدەنگ، ئەمیش دەروانێ و بیردەکاتەوە، لە خۆی و پرسیار دەکات، من کێم لەبەرامبەر خۆمدا، بەدوای کەسەکەی ناوەوەی یان منەکەی خۆی دا دەگەرێ، خۆی دوو کەسە منێکی نەناسرا و لەبەرامبەر خۆی.. لەهەمانکات نەک لەنێو قووڵایی ئەم بێدەنگیە نەک هەر بیر لە خۆی بەڵکو بیر لەو کەسەش دەکاتە کە هەمیشە کاریگەری بەسەریەوە هەیە. ئەم ڕۆچوونە بەناو ناخ و حەز و خەیاڵ و ئارەزووەکانی خود شێوازێک و سیمایەکی شیعری پۆستمۆدێرنە بە مانایەکی تر، شیعری پۆستمۆدێرنی فۆرمێکە لوولدراو بە سیستەم و پێکهاتە دەروونیەکان و گوڵدانێکە پڕ لە پشکۆکانی حەزوو ئارەزوو.. سیمایەکی تری شیعری پۆستمۆدێرنی.. باوەڕیان بە نەهیلیزم ئەو پووچگەراییەی (نێتشە) بانگەشەی بۆ دەکرد هەیە، تێکشکانی بەها و پیرۆزی شتەکان.. هیچ شتێک ئەو بەها و پیرۆزییەی نیە کە نەتوانی ڕەتی کەیتەوە، مرۆڤ لوتکەی بەهاو پیرۆزیەکانە.. زۆرێک لە شاعیرانی پۆستمۆدێرنەکان ڕەچاوی خاڵبەندیان نەدەکرد بۆ شیعرەکانیان، واتە باوەریان بە خاڵبەندی نەبوو، ئەمەیان بۆ خوێنەر جێدەهێشت.. بۆ ئەوەی پەیوەندی خوێنەر و دەق لە ئاستێکی باڵا بێت.. خوێنەر قووڵتر تێکەڵ بە دەقەکە بێت و وریاتر مەمەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکات. پۆستمۆدێرنیستەکان لە ڕێی پوخت بەکارهێنانی زمانەوە گۆڕانگاری گەورە لە دەق و پرسیاری گەورە دروست دەکەن، لە ڕێی دووبارەکردنەوە و گەمەکردن بە وشەکان و بەمانای لەنێو ڕووبەر و پانتاییەکی فراوانتری زمان، بەدواداگەڕان و کەشفەکانی خۆیان دەکەن، هەروەها هارمۆنی و پەیوەندی نێوان کۆد و وشەکانیش لە هەر ڕستەیەک و کۆپلەیەک

و وێنەیەک دەگۆڕێت، هیچ کاتێک وشەکان و هێماکان خۆیان قەتیس ناکەن لەنێو بازنەی مانای ڕووتی وشەکان.. خوێنەریش بۆ تێگەیشتن لە مانا و بونیادی دەق و گەیشتن بە ڕووبەرە قووڵەکان و دۆزینەوەی پرسیارەکان، پێویستی بە میتۆدی بیرکردنەوە و پاشخانێکی مەعریفی باڵا هەیە.

**تەموزی ٢٠١٣**

# سەرچاوەکان

- Postmodern American Poetry

A NORRTON ANTHOLOGY

Edited by

PAUL HOOVER

- POSTMODERNISM IN POETRY
- POETS.ORG

# شێرکۆ بێکەس و زمانی شیعر، یان شێرکۆ بێکەس وەک منداڵێتی ژیان

**من هەر لە بەردی هەتاو و**
**لە کێوی خۆڵەمێشی خۆم**
**یەزدانی خۆم دروست کرد و**
**لە دارستانی زمانە چەند جار**
**سووتاوەکەی خۆمدا هەڵمکرد**
**من بەفرێکی هەڵگەڕاوی**
**یاخی بووم و لە سوورەتەکانی**
**خوای بیابان جیا بوومەوە**
**شێرکۆ بێکەس (قەسیدەی نسێ)**

شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خاوەنی ئەزموونێکی دوورودرێژی نیو سەدە زیاترە. ئەزموونێکی پڕ لە داهێنان و نوێبوونەوە. بە ستایل و شێوازی جۆراوجۆر. ئەوەی لە ئەزموونی شیعری شێرکۆ زۆر سەرنجڕاکێشە ئەوەیە، هەمیشە لە نوێکردنەوە دابووە، هەمیشە وەکو وەرزەکان بە شێوەی تر و ڕەنگی تر دەرکەوتۆتەوە.. هەموو شێوازەکانی تاقیکردونەتەوە.. لە یەک گۆشە و پەنجەرەوە لە شیعر و داهێنانی نەڕوانیوە. شێرکۆ ئەو

دەنگە شیعریە زیندووەیە، کە لە نێو قووڵایی کارەسات میحنەتەکانی ژیان سەریهەڵداوە و بەردەوامی بە خۆیداوە. شێرکۆ دەنگێکی نائارامە لەنێو ڕووبەری شیعر، سرەوتنی بۆ نیە و ناتوانێ بێدەنگ بێ. دەنگێکە لەگەڵ هاوارەکانی ژیان و شەپۆلەکانی تەریب دەڕوات. شێرکۆ بێکەس لە (تریفەی هەڵبەستەوە تا خێراکە مردن خەریکە بگات) دەبینین، هیچ شتێک نەماوە قسەی لەسەر نەکرد بێت.. توانایەکی سەرسووڕهێنەر لە بەرانبەر وشە و زمان.. بەکارهێنانی ستایلی جۆراوجۆر، هەر لە پۆستەرە شیعر، شانۆنامە شیعر، چیرۆکە شیعر، پەخشانە شیعر، ڕۆمانە شیعر... چەندەها ستایلی تر.. لەو ڕۆژەی یەکەمین شیعر دەنووسێت تا دواهەمین شیعری، لە داهێنانەکانی بەردەوام دەبێت.. شێرکۆ بێکەس لە هەموو سەردەمەکان وەکو شاعیرێکی هاوچەرخ و سیمایەکی نوێی نێو ئەدەب و شیعر دەردەکەوێت. وە تاکە شاعیرێکە لە کورد کە توانی لە ئاستێکی بەرز سنووری نیشتیمان ببڕێت و شیعرەکانی بۆ زۆرێک لە زمانە زیندووەکانی دنیا وەربگێڕدرێن و چەند خەڵاتێکی جیهانیش وەربگرێت. شێرکۆ لە نێو شیعرەکانیدا، عاشقێکی نائارامە.. (عەشقی نیشتیمان و عەشقی مرۆڤ) ئەو دوو خولیایەن کە کە بە ژیانی دەبەستێتەوە و هەمیشە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ژیان بەهێزتر و توندوتۆڵتر دەکات. لەنێو ژیانیش دا، شیعر دەکات بە ماڵ و نیشتیمانی خۆی. زمانی شیعریش دەکات بە زمانی خۆی، شێرکۆ جگە لە زمانی شیعر هیچ زمانێکی تر نازانێت (بۆ شیعر، بۆ عەشق، بۆ بەرگری، بۆ تووڕەبوون، بۆ داهێنان..) تەنها زمانی شیعر و هیچی تر.. شێرکۆ بێکەس لە نێو ڕووبەرە فراوانەکەی شیعر هەموو شتێک دەدوێنێ و هەموو شتێک دەهێنێتە نێو شیعر و بە قسەیان دەهێنێ (مرۆڤ، عەشق، نیشتیمان، خاک، چیا، ئاو، باران، وەرزەکان، باڵندەکان، ژنەکان، مردووەکان، مێژوو،

مافەکان، ستەمەکان....) هێچ شتێک نامێنێ لەنێو شیعرەکانیدا نەیدوێنێ و حیواری لەگەڵدا نەکات. شێرکۆ شاعیرێکە هەمیشە لە شەڕدایە لە بەرانبەر زۆرداری و ستەمکاری، بەهۆی شیعرەکانی و بە زمانی شیعر هەمیشە بەرگری لە میللەتەکەی کردووە لەدژی لەناوچوون و ڕەشبوونەوە.. شێرکۆ وەکو شاعیرێک هەمیشە دەنگی ئازادی و ئاشتی بووە.. (کەشکولی پێشمەرگە و داستانی هەڵۆی سوور و زۆرێک لە قەسیدە و شیعرەکانی تری..،) ئەمە بە ڕوونی پێشان دەدەن.. وەکو کەسێکی هاوچەرخ و مەدەنی هەمیشە بەرگری لە مافەکان و ئازادیەکانی مرۆڤ کردووە.. وەک دەنگێکی پێشکەوتووخواز هەمیشە لە سەنگەری خەباتی ژنان بووە و داوای یەکسانی کردووە.. شێرکۆ بە زمانی شیعر عەشقی کردووە، سیاسەتی کردووە و هەر بەزمانی شیعر نیگەرانی و بێهوودەییەکانی خۆی و خەون و ئومێدەکانی خۆی نووسیوەتەوە.. (شێرکۆ بێکەس زمانی شیعری کردووە بە زمانی ژیان) بەمانای زمانی شیعر زمانی تێگەیشتن و پەیوەندیەکان و زمانی مانەوە و زمانی ئایینەکان و سروشت و مرۆڤەکان و مێژوو و زمانی هەموو شتەکان و کاهینەکان بووە. زمانی شیعر زمانی تێگەیشتن و ناسینی مرۆڤ بووە، ئەم ڕاستیەش لە شیعرەکانی شێرکۆ لە بەرانبەر دەسەڵاتی زمانی شیعر، لەنێو داهێنانە جوانەکانی بە ئاشکرا دەبیدرێن بە تایبەت، لە قەسیدە درێژەکانی کە وەکو ئەزموونێکی نوێ ناوی نابوون (دەقی واڵا، واتە دەقی کراوە). لەم دەقە درێژانەی وەک (دەربەندی پەپوولە، خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێک، کورسی و گۆڕستانی چراکان و ئێستا کچێک نیشتیمانمە و چەندانی تر..) دەسەڵاتێکی ڕەها و ئەفسووناوی بە زمانی شیعر بەخشیبوو.. بەزمانی شیعر شانۆ دەنووسێت، چیرۆک دەنووسێت، ڕۆمان دەنووسێت، پەخشان دەنووسێت.. زمانی شیعر زاڵ

دەکات بەسەر زمانی هەموو ژانرە ئەدەبیەکانی تر.. زمانی شیعر دەکات بە زمانی ئەدەب، کە لێرەدا ئێمە بە زمانی ژیان ناوی دەبەین.. چونکە شێرکۆ جگە لە ئەدەب و شیعر، لەگەڵ عەشق و سیاسەت و مێژوو و لەگەڵ هەموو چەمک و لایەنەکانی تر بە زمانی شیعر دەدوا، جگە لە زمانی شیعر هیچ زمانێکی تری نەدەزانی.. لای شێرکۆ زمانی شیعر زمانێک بوو، لەنێو شیعرەکانیدا دەیتوانی ئەفسانە بخوڵقێنێ.. لەهەر شتێکدا تا ئەوپەڕی قووڵبێتەوە، گەریدەیەک بوو، دەیتوانی هەموو ڕووبەرێک بدۆزێتەوە، سەری بەهەموو شوێنێکدا دەکرد. لە ڕێگەی زمانی شیعر لە گەڕانەکانیدا قسەی لەسەر شتی زۆر ورد و نایاب دەکرد، چونکە شێرکۆ بێکەس لە بەرانبەر ڕۆلی زمان، لەنێو شیعر و ئەدەبدا، خاوەن مەعریفە و بیرکردنەوەیەکی ڕۆشن بوو.. بۆیە هەر لەسەرەتای حەفتاکاناوە (ڕوانگە) یان وەک تەوژمێکی نوێخوازی ئەدەبی پێکهێنا. بۆ ئەوەی زمانی شیعر و زمانی ئەدەبی کوردی، لە چەقبەستن و دووبارەبوونەوە و جوینەوەی بەردەوام ڕزگار بکەن. بۆ ئەوەی چەمکە میتافیزیک و باوەکانی زمان تێک بشکێنن و دووبارە بەشیوەی تر و مانای تری پێببەخشن. یان فۆکەس بکەنە سەر پارادۆکس و گومان و یاخیبوون و سیمایەکی نوی بە زمان ببەخشن.. هەرچەندە خۆی لە دیمانەیەکدا، دان بەوەدا دەنێت و دەڵێ (بەیانی ڕوانگەی ئەدەبی قووڵ و هەمەلایەنە نەبوو، بە ڕوونی ئەو بنج و بناوان و هۆ و هۆکارانەی ڕوون کردبێتەوە، نا، بەیانەکە هاوارێ بوو، بۆ ئەوەی خەڵک لە وشەی (تازەکردنەوەی بەردەوام) ئاگادار بکەینەوە. زەنگێک بوو لێماندا بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بێت پێی بڵێین، شیعر هەر ئەو قاڵبانە نییە کە تا ئێستا پێیان نووسراوە...). شێرکۆ بێکەس هەمیشە لە قووڵایی دەریاکان گەوهەرە بە نرخەکانی دەدۆزییەوە.

هەموو گەڕان و داستان و ئەفسانەی نێو شیعرەکانی لە پێناو مرۆڤ و بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی بوو.. عەشقی نیشتیمان و عەشقی مرۆڤ دوو هێڵی تەریبی درێژی نێو شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بوون. هەموو تەمەن و شیعرەکانی خۆی بەم عەشقەی بەخشیبوو.. ئەو پێیوابوو ژیان موغامەرەیەکە لە پێناو عەشق، عەشق بە هەموو مانا قووڵیەکەی.. ئەو بۆ چرکەساتێکیش لەو عەشقەی دانەبڕا، چونکە هەمیشە بۆ عەشقەکەی خۆی دەنووسی، بەزمانێک کە عەشق لەهەر بارودۆخێک بێت یان هەرچەندە لێیەوە دوور بێت لێی تێدەگات.. ئەو خۆی دەیزانی چ عاشقێکی سەوداسەرە و بە چ زمانێک لە پێناو عەشقەکەی دەنووسێت، یان هەر وەک خۆی دەڵێت (لە شیعری مندا، یەک ژن و یەک عەشقی دیاری کراو نیە، پۆڵێ ژن و پۆڵێ عەشق و پۆڵێ شیعر هەیە..) بۆیە لە ڕێگەی زمانە شیعریەکەی خۆی لە شاعیرانی تر جودا دەکاتەوە و پەیوەندی خۆیی و عەشق لە تایبەتمەندی زمانە شیعریەکەیەوە پێشان دەدات و لە بەشێکی شیعری (دوو زمان) دا دەڵێت:

**جیاوازی من و زۆر شاعیر هەر ئەوەیە**
**بە زمانی سادە وەکو ئاوی ڕەوان**
**بۆ عەشقەکەی خۆم دەنووسم**
**بۆیە عەشقیش ئەگەر لەوپەڕی دنیاش بێ**
**لەمن ئەگا...!**

شێرکۆ بێکەس لە هەموو ئەزموونی شیعریدا هیچکاتێک، ئەو ئاگاییەی خۆی ون نەکردووە کە لە چوارچێوەی زمانی شیعری دەربچێت.. چ لە شیعر چ گوتار چ لە دیمانە و گفتوگۆ هەمیشە

زمانی شیعر زمانێکی ئامادە و زاڵ بووە.. هیچکاتێک توندوتیژی تێکەڵ بە زمانی ئەو نەبووە.. نووسەر هەیە لە کاتی وەڵامدانەوە بە ڕەخنەیەک یان لە بەرامبەر بابەتێکی ڕۆژانە یان لە بۆنەکاندا بێویستی خۆیان زمانێکی توندوتیژ بەرامبەر ئەویتر بەکاردەهێنن.. بێئەوەی مەبەستیان بێت، ڕۆلی کاراکتەرێکی سیاسی دەبینن.. بەڵام شێرکۆ هەمیشە بە زمانی شیعر قسەی کردووە و نووسیویەتی.. ئەوەتا لە شوێنێک بۆ یادی (ڤاڵانتاین.. ڕۆژی خۆشەویستی) پێش ئەوەی شیعرەکەی بخوێنێتەوە و چەند قسەیەک دەکات دەربارەی ڤالانتاین دەڵێ..

**ڕۆژی خۆشەویستی**
**ڕۆژی عەشق و ژن و خۆشەویستی**
**ڕۆژی یەکتر ناسین**
**بۆ دروستکردنێکی نوێ**
**لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و شارستانیا**
**لێرەبی یان لە وێ..**

هەمیشە میلۆدی و هارمۆنیەک لە شێوەی قسەکردنی و لە نێوان وشە و دەربڕینەکانیدا هەبوو.. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەو توانا ئەفسووناویەی شێرکۆ مان پێشان دەدات بەرامبەر زمان و شیعر.

شێرکۆ بێکەس شاعیرێک بوو بۆ ژیان دەینووسی، پەیوەندی لەگەڵ ژیان و تەنانەت مەرگیش هەر لەرێگەی شیعرەوە بوو.. جگە لەو وەسیەتنامەی بەر لە مردنی کە داوای کرد لە پارکی ئازادی بنێژرێ بۆ ئەوەی، پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و شاعیران و نووسەران و مۆسیقاران و عاشقان نەپچڕێت.. مەبەستمە ئەوە

بڵێم دەیەویست لە ڕێگای شیعرەوە لەنێو مردنەوە بگەڕێتەوە نێو ژیان.. لە شیعری (میرات) یش زۆر بە ئاشکرا ئەوە دەڵێت..

**کە کەو ئەمرێ**
**دوای خۆی بۆ شاخ**
**چەند قاسپەیەک بەجیدێڵێ**
**کە هەنگ ئەمرێ**
**دوای خۆی بۆ باخ**
**هەندێ ماچی شیرین شیرین**
**بەجێدێڵێ**
**کە وەختێکیش تاوس ئەمرێ**
**دوای خۆی هەندێ تێلی ڕەنگین**
**بۆ ناو گوڵدان**
**بەجێدێڵێ**
**کە وەختێکیش ئاسک ئەمرێ**
**دوای خۆی مسک بەجێدێڵێ**
**هەرکاتێکیش کە من مردم**
**دوای خۆم بۆ ئێوەو کوردستان**
**هەندێ شیعری**
**نازدار و جوان..**
**بەجێدێڵم**

کەواتە لەدوای خۆی جگە لە شیعر هیچ شتێکی تری نیە بۆمان جێبهێڵێ و پێشکەشمانی بکات.. دەیەوێت لەڕێگەی شیعرەوە لەگەڵ ژیان بەردەوام بێت و لەدوای مردنیشی شیعرەکانی ببنە شوناسێکی ئەبەدی بۆ ئەو. کەواتە هاوکێشەکە وای لێدێت..

پەیوەندی ژیان و شێرکۆ/ پەیوەندی ئێمە و شێرکۆ/ پەیوەندی مردن و شێرکۆ.. هەموو پەیوەندیەکان لە شیعردا یەکتری دەگرنەوە، هەر شیعر و هیچی تر.

ئەگەر نووسینی شیعر گەڕان بێت بەدوای شتە جوانەکان یان ئامانجی شیعر جوانکردنی ژیان بێت، دەتوانین بڵێین، شێکۆ بێکەس زۆر بە ئاگاییەوە کاری بۆ ئەو ئامانجەی شیعر دەکرد.. بەڕاستی شیرکۆ بێکەس ئامانجی بوو لەرێگەی شیعرەکانی ژیان جوان بکات.. دەیەویست مرۆڤ ئازاد بێت، جیاوازیەکان نەمێنن، پیرۆزیەکان شایستە بە مرۆڤ بن و هیچ شتێک لە سەرووی بەهاکانی مرۆڤ نەبن.. هەر لە ڕێگەی ئەم ئامانجەشەوە، دەیەویست ئەدەبێکی هاوچەرخ و نوێ و پڕ لە ئیستاتیکامان پێشکەش بکات.. هەر خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ (شیعر دەبێت دوو باڵی هەبێت. باڵێک بۆ هونەر و باڵێک بۆ گەیاندن واتە خوێنەر یان وەرگر..) ئەو پێیوابوو، شیعر یان ئەدەب شتێک نیە لە بۆشاییدا بخولێتەوە.. چونکە لە پشتی شیعرەکانی ئەو ئامانجێکی گەورە هەبوو، بۆیە لە نێوان شێرکۆ و خوێنەر لە ڕێگەی گەیاندنەوە پەیوەندیەکی بەهێز هەبوو.. ئیستاتیکاش خۆی سەرچاوەیەکە بۆ لەزەت.. لەڕێگەی ئەم لەزەتەوە هەمیشە خوێنەرەکان و گوێگرەکانی شاگەشکە و سەرسام دەکرد. دوای ئەوە شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی جیهانی بوو بۆ مرۆڤایەتی دەینووسی.. ڕووبەری بیرکردنەوەکانی ئەو زۆر فروان بوو، لەهەمانکاتیش شوێنێک نەبوو بۆ بیرکردنەوەکانی ڕاسیستی و یان جیاوازی نێوان مرۆڤەکان بەهۆی ڕەگەز و ڕەنگ و هەرشتێکی ترەوە. وەکو کەسێکی مەدەنی هاوچەرخانە بیری دەکردەوە و دەینووسی لە کۆپلەیەکی پەخشانە شیعری (بۆ ٨ ی مارس) دا دەڵێ..

**من ئەمڕۆ پیاو نیم و بووم بە ژن**
**ناوی دایکم دەخەمە جێی ناوی باوکم و**
**بەمجۆرە ئەمڕۆ من**
**شێرکۆ فایەق بێکەس نیم و**
**شێرکۆ شەفیقە سەبیحەم من...**

هەموو نووسەرەکان خاوەنی ئەم بیرکردنەوە مرۆییە نین، ئەو نووسەر و بیرمەندانەی کە بۆ مرۆڤایەتیان نووسیوە و داهێنانەکانیان هێندە لە ئاستێکی باڵا بووە، بۆیە دواتر بوون بە مولکی مرۆڤایەتی و تاهەتاش لەنێو ژیاندا ماونەتەوە، بە دڵنیایەوە شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیر و نووسەرانە.. وەک چۆن (ئەنجلس) لە نووسینێکدا ئەدەبی شکسپیر بە (منداڵێتی مرۆڤایەتی) ناو دەبات، بە مانای هەرچەند مرۆڤایەتی بەرەو تەمەن هەڵکشێ، ئەدەبەکەی شکسپیر وەکو منداڵ بێگەرد و شیرینتر دەمێنێتەوە.. لێرەدا منیش مەبەستمە شیعر و ئەدەبی شێرکۆ بێکەس بە (منداڵێتی ژیان) ناوبەرم. چونکە من دڵنیام ژیان بە هۆی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باڵا دەکات و یان تابلۆی ژیان بە هۆی شێعرەکانی شێرکۆ بێکەس، ڕەنگەکانی جوانتر و ڕەنگینتر دەبێت، بە مانای ژیان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لە نێو شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس ڕاکشاوە. یان لە نێو شیعرەکانی شێکۆ بێکەس دا، مرۆڤ و ژیان سەرچاوەی هەموو بەهاکانی جوانین.

**سەرەتای ئۆگستی**
**٢٠١٣**

## وەفایی و شیعری ڕۆمانسی

ڕۆمانسیزم قوتابخانەیەکی فەلسەفی، هونەری، کەلتووری، ئەدەبی بوو لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە سەری هەڵداوە، لای زۆرێک لە شاعیران تا ئێستاش شیعری ڕۆمانسی درێژەی هەیە، ئەم قوتابخانەیە یان باشترە بڵێین شیعری ڕۆمانسی لە هەڵڕژتنی سووتان و کلّپە ویژدانیەکانی ناخ و تەقاندنەوەی کانیەکانی سۆز و دەروونەوە هەڵدەقوڵێ.. یان سەرسامبوون و دەربڕینی ناخ بە پێکهاتەکانی دەرەوە.. وەک (جوانیەکانی سروشت و موعجیزەکان و گەورەیی و پیرۆزی پەروەردگار، عەشق و کاریگەریەکانی دڵبەر، کەسایەتی و پاڵەوانە ئەفسانەییەکان و زۆرانیتر...). لە بەرگێکی ئیستاتیکی و تا ڕادەیەکیش ئیرۆتیک. بەمانایەک، شیعری ڕۆمانسی سووتان و هەڵقووڵانەکەی لە ناخ و دەروونەوەیە بۆ کێشانی وێنەی پێکهاتە و شتەکانی دەرە. یان بە مانایەکی تر، ئاراستەکان لە ناوەوە بەرە و دەرەوەن. وەفایی شاعیریش وەک هەر شاعیرێکی سەردەمی کلاسیک بەم دید و ڕۆحە ڕۆمانسیەوە شیعری نووسیوە. هەست و خەیاڵە ڕۆمانسیەکان، پێکهاتە و جەستەی شیعرەکانی وەفایی ڕەنگ دەکەن. خولیا و خەون و خەیاڵە جوانەکانی ئاوادامانن بە شەونمی عەشق. عەشقێکی ئەفسووناوی و بێئەندازە تژی لە سووتان و کڕنووش بردن و تا

ئاستی ورێنەکردن و شێتبوون. وەفایی خۆی خەڵکی سابڵاخە و لە ڕێگەی حوجرەکانی ئایینیەوە خوێندەواریەکی باشی هەبووە.. جگە لە زمانی کوردی زمانی عەرەبی و فارسیشی زانیوە.. بە زمانی کوردی و فارسی شیعری نووسیوە.. قوتابخانەی هەبووە.. قوتابیانی فێرە خوێندەواری و وێژە کردووە.. (ئەدەب و ئەدیبی) شاعیر، پەروەردەی دەستی وەفایین. وەفایی لە ساڵی (١٨٦٦ ی زایینی) دەچێتە نەهری و بۆ چەندین ساڵ لەلای بنەماڵەی شێخ عبێدلای نەهری دەمێنێتەوە.. وەفایی لە ئاکامی دووری لە دۆست و ئەحباب و هاوڕێ و کەسوکارە نزیکەکانی خۆی، هەمیشە هەست بە تەنیایی و بێتاقەتیەکی ڕۆحی کردووە و هاوکات کەسێکی هەست و سۆز ناسک و عاشق بووە. هەموو غوربەت و هەست و مەیلە ئیرۆسی و شەیداییەکانی خۆی، بە جوانکاریەکی ڕۆمانسیانە لە شیعرەکانیدا لە بەرانبەر پەیکەری دڵبەرەکەی دەربڕیوە.. عەشق لە شیعرەکانی وەفایی سنوورێکی بەرینی داگیرکردووە، عەشق لە شیعرەکانی وەفایی حیکایەتێکی ڕۆمانسی و پڕە لە هەست و خۆلیای چەپێندراو لە هەمانکات، هاوارێکە بۆ ڕزگار بوون لە دەست ئاهی تەنیایی و غوربەتی ڕۆحی، دەگێڕنەوە. وەفایی جارێکیان لە خزمەت شێخ عوبێدوڵا دەبێت، لەو دەمەدا کەنیزەی شۆخ و شەنگی جوانکیلە و پەریئاسا دەبینێ، کە لە گوێسانەکەوە بە لەنجە و عیشوە و نازەوە خەریکی تەشی ڕستنە، بە نیگا گەرمەکانی جارجارەش ئاگر لە چاوەکان و جەستەی وەفایی بەردەدات، وەفاییش لە نێو ئەم سووتانە دۆزەخیە و لە بەرانبەر ناز و نەرم و نیانی و شۆخ و شەنگی شیرین هەموو دەمارەکانی عاتیفەی دێتە سەما و وەسفی جوانی و لەنجە و لاری و تەشی ڕستنەکەی دەکات و دەڵێ :-

**تایێکی ڕیشەیی دڵ بە نووکی غەمزە دادا**
**دەستێکی بۆ سەما برد ڕووبەندی ماهی لادا**
**ئافەی گوڵی عەیان بوو عطری بەدەم سەمادا**
**باریک و لووس و ناسک دوو زولفی خاوی لادا**
**وەک شاخی گوڵ بەلادا شیرین تەشی دەڕێسێ**

وەفایی لەم شیعرەیدا، داهێنانێکی گەورەی کردووە، هەموو پێکهاتەی شیعرەکە، چ مامەلەکردن لەگەڵ زمان و چ وەسف و وێنە و خەیاڵی شیعرەکە، هێندە لە بەرگێکی ناسک و جوانکاری دایە، شیعریەتی لێ دەچۆڕێت. بەهای جوانی شیعرەکە توانای مانەوەی بەردەوامی هەیە. وەفایی وەک شاعیرێکی ڕۆمانسی جواننووس، بۆ دەرخستنی ناخ و دەروونی پڕ لە ناسۆری خۆیی و هاوکات چەمانەوە و وەسفکردنی جوانیەکانی دڵبەرەکەی هەوڵ و شیعری لەم بابەتەی زۆرن ئەوەتا لە شیعرێکی تر دەڵێت...

**گوڵئەندام ئەی تەنافی گەردنم زولفی پەرێشانت**
**عیلاجێ چارەیێ ڕوحمێ ئەمان دەستم بە دامانت**
**غریبی تۆم نەخۆشی تۆم بە گۆشەی چاوی بیمارت**
**ئەسیری تۆم شەهیدی تۆم بە نووکی تیری موژگانت**
**اشارەت آفتی ڕۆحم کلامت غارتی کردم**
**تبسم سیحری لێوانت تکلم زێڕ و مەرجانت**

تا لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت :

**(وەفایی) کەوتە حەلقەی زولفت ئیدی مەیدە بەر موژگان**
**کە من کوشتەی تەنافت بم چ حاجت تیرە بارانت**

وەفایی یەکێک بووە لەو شاعیرە هەست ناسکانەی کە هەموو جوانیەکانی ژیانی لە نێو جوانی زولف و موژگان و چاو و قەدو باڵای دڵبەرەکەی دا بینیوە و هەموو خۆشی ئارامیەکانیشی لەنێو نیگایەکی گەرم و بزەیەکی مۆنالیزایی سەر ڕوخساری دڵبەرەکەی دا هەست پێکردووە.. لە هەمانکاتیش بەبێ هیچ فشار لەخۆکردنێک هەست و خەیاڵەکانی لەنێو قووڵایی دەروون و ناخی هەڵقوڵاون. ئەم شاعیرە دڵتەڕ و دڵ پڕ لەبرین و زوخاو بە ئاگری عەشق، وە نەبێت تەنها ئاهوناڵە و سووتانەکانی تەنها بۆ جوانی دڵبەرەکەی بووبێت و تەنها وەک سوارچاکێکی شەیدا، شیعری عاشقانەی نووسیبێ، وەفایی هێندە هەست و سۆزێکی شاعیرانە و ڕۆمانسیانەی هەبووە، بە ئەندازەی دڵبەرەکەی سەرسامبووە بە گوڵ و گوڵزار و ڕەنگینی و جوانیەکانی سروشت وەک دەڵێن (هەرکەسێک دەسکە گوڵێکی بە دیاری بۆ هێنابا، وایدەزانی ئەسپێکی حدودیان پێشکەش کردووە...!) هاوکات لە باخچەی ماڵەویدا جۆرەها گوڵی ڕواندووە لە چەشنی شەوبۆ و شێست پەڕ و زمانەگا و نازناز و لاولاوەی زەرد و سوور و بنەوشەو گوڵەباخ و چەندانی تر. هەمیشەش جوانی گوڵ و گوڵزار و ڕەنگینی سروشتی بە جوانیەکانی دڵبەرەکەی وێنە کردووە، یان بە مانایەکی تر، دڵبەرەکەی هەمیشە بە گوڵزاری باغ و گوڵزاران وەسف کردووە، وەک گوڵێکی جوان و

گەش کە جوانی و ڕووناکی بە ژیان دەبەخشێت و بۆن و بەرامەکەشی دڵ و ڕۆحی مرۆڤەکان ئاسوودە و ئارام دەکات، ئەوەتا لە شیعری (ئەی پڕ تەوی حوسنت) دا دەڵێت :-

**ئەی پڕ تەوی حوسنت هەموو ڕەنگی گوڵەباخان**
**نەشئەی نەزەرت شەوقی دڵ و ذەوقی دەماخان**
**ئەسماء و صفاتن بە تەجەللا لە وجودم**
**یا شەو بوو کەتۆ هاتی لێمت کردە چراخان**
**تۆ هاتیە گولشەن بە سەر و زولفی بڵاوت**
**زۆر پێ نەچوو ڕۆیی لە چەمەن لالە لەداخان**
**ئەو کولمە کە ئاسایشی سەد دائرە زولفە**
**گوڵ شەوقی بەشەو داوە چراخان لە باخان**

هەرچەندە وەفایی خۆی خەڵکی سابڵاخ بووە بەڵام هەروەکو لە سەرچاوەکان باس دەکرێ، وەفایی دوای ئەوەی شیخ عوبیدوڵڵای نەهری دەبێتە ڕابەر و مورشیدی خانەقای نەهری وەفای یش لەوساوە دەبێتە مورید و دواتر میرزای شێخ و چەندین ساڵ هەر لەماڵی شیخ لە ژوورێکی تایبەت بە خۆی دا دەمێنێتەوە.. شیخ عوبیدوڵڵا کاریگەریەکی بێئەندازەی لەسەر وەفایی دەبێت و لە هەمانکات ڕێزێکی تایبتی بۆ وەفایی دەبێت و زۆری خۆشدەوێت. وەفایی یش بێئەندازە سەرسامە بە جوامێری و شەهامەت و سەنگینی و لێهاتووی شیخ چ وەکو پیاوێکی ئایینی و چ وەکو سەرکردە و قارەمانێکی ئەوکاتە.. پاش ئاوارەبوونی شیخ و دواتر کۆچکردنی یەکجارەکی.. مردنی شیخ

کاریگەریەکی بێوێنە لەسەر باری دەروونی و ڕۆحی وەفایی دادەنێت.. ئەم کاریگەرییە لە قەسیدە ڕەنگ دەداتەوە و وەکو شیوەنێکی تایبەت بە ماڵئاوایی کردنی شێخ عوبێدوڵلای سەرکردە و هاوکات لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوللاش هەمان نزیکایەتی هەیە بە هەمان خەشەویستی و دڵسۆزییەوە، شئعر بۆ ئەمیش دەنووسێت..

وەفایی لە شیعری (شیوەن) بۆ شێخ عوبێدولا دا دەڵێ..

**درێخا بای خەزان دایە بەهاری شۆخ و ڕەعناکەم**
**لە اضهاری عمل کەوت ئافتابی عالەم ئاراکەم**
**ورق و ڕێزان خەزان کەوتە ڕزان وضعی چەمەن گۆڕا**
**بەسەر چوو فصلی گولگەشت و تەماشای باخ و صحراکەم**
**خەزان هات و چەمەن چۆڵ بوو لە نەغمەی بولبول و قومری**
**درێخا حەسرەتا بۆ گوڵ عوزاری سەر و باڵاکەم**
**لە گریان ئاسمان دامانی سوور بوو شینی داناوە**
**مەگەر گیراوە یا مائل بە شەو بوو ڕۆژی ڕووناکەم تا دەگاتە...**
**بە قوی جاذبەی دڵتان (وەفایی) دەست و دامانە**
**چنابی گەر لە سایەی ئێوە قەتعی ما سوی الله کەم**

هەروەها لە قەسیدەیەکی تر بەناوی (بۆ شەهیدی نیشتیمان شیخ عەبدولقادر.....) دا دەڵێ،

**گاه دەگریێم گاه دەسووتێم غرقی ئاو و ئاورم**
**ئاخ لە بەر بەختی سیا نازانم ئەز بۆچ نامرم**
**هەر کە دەتبینم دەڵێی تۆ شەم منیش پەروانەتم**
**تا سەراپا ئەبمە کۆی زوخاڵ قەت ئارام ناگرم**
**هەر ڕەگەم تارێکە تالەی دێ لە شەوقی ڕوویی تۆ**
**عندلیب و مطربم خۆشخوان گوڵی ڕامووشگەرم**
**عکسی زولفی ڕووتە مایەی جۆششی گریانی من**
**چیبکەم ئاخر چاو پڕ ئاو و دوودی عودی مجمرم**
**تا دەگاتە..**
**وەک (وەفایی) دڵ بدە و دین دانی بۆ صاحب دڵێک**
**تا بزانی بۆچی من عاشق بە حسنی قادرم**

وەفایی و شیعری سیاسی

وەفایی شاعیرێک بووە زیاتر لەنێو ڕووبەری عەشق و حەسرەتەکانی ئەوین داهێنانەکانی خۆی کردووە، شیعرەکانی هۆکارێک بوون بۆ دەربڕینی کڵپە و سووتانەکانی دەروون و هەست و سۆزی ناوەوەی.. کەمتر بەلای سیاسەت ڕۆیشتوە.. دەتوانین بڵێین، وەفایی هێندەی شاعیری عەشق و جوانی بووە، هێندە شاعیری

نەتەوە و نیشتیمان نەبووە.. با بزانین مامۆستا گیو موکریانی لە پێشەکی دیوانەکەی وەفایی لەم بارەوە چی بۆ نووسیوە

(هەرچەندە " وەفایی " یەکێک بووە لە وورشەدارترین ئەستێرەکانی وێژە کە لە ئاسۆی سابڵاخەوە هەموو کوردستانی ڕەوشەن و تروسکەدار کردووە و لە سایەی هەوایانی تەڕ و خۆش و ئاهەنگە نووژەنە دڵڕفێنەکانی..) دیارە ئەم سەرەتایە

دانپیانان و خوێندنەوەیەکی دروستە بۆ شیعر و داهێنانەکانی وەفایی بەڵام، ئەوە ئەسلی مەبەستەکەی مامۆستا گیو نییە بەڵکو، ئەوە سەرەتایەکە بۆ هەڵپرشتنی بیرۆکەی تر کە دەڵێت (هەڵبەست نمونەی هەستی نەتەوەیە و بوێژ و هەستیاریش دەبێ هەست بە زۆرترین چتی وا بکات و لە نهێنی یانی ئەوتۆ بدوێ کە بیری کەسی پێ ڕانەگات وە دەبێ پەردە لەسەر زۆر چتی داپۆشراوی وا لا ببات کە سوودی کۆمەڵ و گەل و نیشتیمانی تێدا بێت..) ئەوە ڕوانگەی مامۆستا گیوە بۆ شاعیر و شیعر. بەمانای شیعر دەبێ لە چۆن ڕووبەرێک کار بکات و خۆی لە قەرەی چ بابەتێک بدات یان بە مانایەکی تر، ئەمە وەزیفەی شیعرە. ئینجا هەر لەم پێشەکیە لە دوای ئەم پەرەگرافە مامۆستا گیو دەبێژێت (منیش لەو ڕووەوە بە نێوی هەموو کورد و کوردستان پەرستێکی پاک و یەک ڕەنگ بە گشتی و بە نێوی هەموو دڵسۆزێکی دڵ و دەروون پاکی موکریانی یەوە بە تایبەت بە هەزاران پەرۆش و داخەوە گلەیی لە ڕەوانی وەفایی دەکەم کە بۆچی تەواوی سەلیقە و لێهاتوویی و توانای زانست و بیروباوەڕی خۆی لە پێناوی خەت و خالی یار و خانەقا و شێخەکاندا چوواندووە وە بۆچی دەبێ کەموزۆر ئاورێکی لە کوردستانێکی دابەشکراو و کوردێکی دواکەوتوو و بەشخوراو و دیل و ئێخسیر نەداوەتەوە وەکو خانی و سالم و حاجی و ئیتر، تا ئێمە ئەمڕۆ لە جیاتی گلەیی شانازیمان پێوە کردبا..) دیارە مامۆستا گیو هێندە دڵ پڕ و تووڕەیە لە وەفایی بۆیە دڵی بەم گلەییانە ئاو ناخواتەوە و لە شوێنێکی تردا دەڵێت (بەڕاستی ئەگەر ئێستا وەفایی سەری خۆی لەژێر خاکی دەرێنی و تەماشایەکی هەستی بەرزی هاو زمان و بووێژەکانی ئەو سەردەمەی بکات و بە ووردیش سەرنج بداتە سەر ئەو

کارەساتەی کە بەسەر شەهیدانی ڕێگای ئازادی بەهەشتی شێخ عبدولقادری نەهری و سەید

محەمەدی کوڕی هاتووە کە ئەو دەیپەرستن ئەگەر گۆڕ وەخۆی گرێتەوە لە شەرمەزاریان خۆی داویتە نێو دڵی گۆڕەکەیەوە و لەو بڕوایەی دام کە لە ڕۆژی ئەسلان (یوم القیامە) یش دا ڕووی وەی نابێ سەر بڵند کاتەوە..) مامۆستا گیو لە بڕگەیەکی تر بە ئاشکراو بە ڕوونی هیچ لە دڵی خۆیدا ناهێڵیتەوە و دەڵێت (ئەوێستا ئەمن بە ڕاستی لایەنگیری وەی نەبووم کە بەو هەموو ڕەنج و ئەرکەوە ئەم دیوانە چاپ و (وەفایی) یەو هەموو بەدنمەکی و سپلەیی و تاوانەوە بخەمە ڕێزی بووێژە بەرێزەکانمانەوە بەڵام فەرموودەی مێژووناسی گەورە و بەنێوبانگ بەهەشتی داماو (حسێن حزنی) موکریانی برام ناچاری کردم کە هەزارجارانم پتر لێ بیستووە دەیفەرموو (ئەگەر بە زمانی کوردی جنێوم پێ بدرێ لەوەم پێخۆشترە کە بە زمانی بێگانان ئافەرینم لێ بکرێ)..... دیارە بەندەش بە بختیاری کاتی مان و نەمانی خۆمی دەزانم کە بۆ هەموو فەرمانێکی کاکی گەورە و گران یەکرەنگی خۆشی نەدیتوی خۆم کوڕنوشێ بەرم...). بەمانایەک ئەگەر لەبەر فەرموودە و قسەکانی بەڕێز (حسێن حزنی موکریانی) نەبا مامۆستا گیو لەبەر ئەوەی وەفایی شیعری سیاسی نەگووتوە ئامادە نەبوو دیوانەکەی بۆ چاپ بکات. چونکە لە گۆشە نیگای مامۆستا گێو، شاعیران وەک چۆن لە خەمی چەمکەکانی عەشق و بابەتە زاتی و دەروونیەکانی خۆیانن، بەهەمانشێوەش دەبێ لە خەمە نەتەوایەتیەکان و خاک و نەتەوە و نیشتیمان دا بن.

وەفایی و هەستی نەتەوەیی

لەم لێکۆڵینەوە و لە تێڕامان لە سەرتاپای شیعرەکانی وەفایی ئەوە دەبینین، کە وەفایی کەمتر لە ڕووبەری سیات دا ئیشی لەسەر شیعرەکانی کردووە و زیاتر هەست و سۆز و دەروونی خۆی بەرانبەر مەحبوبەکەی، هەستە تەنیایی و غوربەتیەکانی خۆی، یان سەرسامیەکانی بە دونیای دەرەوە دەربڕیوە. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین قسە لەسەر کەسایەتی وەفایی یان کۆی هەستی نیشتیمان پەروەری و هەستە نەتەوایەتیەکانی ئەم کەسایەتیە بکەین ئەویش بە پشت بەستن بە کتێبی (بیرەوەریەکانی وەفایی) کە لە گرد و کۆی مامۆستا (قازی محەمەد خزر) و وەرگێڕانی لە فارسیەوە (محەمەد حەمە باقی) یە. ئەم کتێبە پێمان دەڵێت.(وەفایی لە ساڵی ١٨٦٦ ز چۆتە خزمەت شێخ عوبەیدوللای نەهری، واتە سالێک دوای ئەوەی شێخ عوبەیدوللای نەهری لە جێی شێخ محەمەد ساڵحی مامی لە خانەقای نەهری دەبێتە جێگر و مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی.. ل ٥).. وەفایی لەو کاتەی دەچێتە خزمەت شێخ و هەروەکو لە بیرەوەریەکانی خۆی باسی دەکات نزیکەی بۆ ماوەی چواردە ساڵ دەبێتە ئەڤینداری و دڵسۆزێکی شێخ، واتە دەبێتە مورید و بە هۆی ئەو ڕێز و کەسایەتیەی هەیەتی لەلای شێخ ەوە بە میرزا بانگ دەکرێت و دەبێت بە یەکێک لە مورید و میرزاو دۆستێکی زۆر نزیکی شێخ عوبەیدوڵلا، وە لەوێدا بەردەوام دەبێت تا دوای ساڵانی ڕاپەڕینە بەناوبانگەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری.. کە ئەم ڕاپەڕینە ڕۆڵێکی بەرچاو و بە نوێترین ڕاپەڕینی ئازادیخوازانەی لە مێژووی بزاڤی کورد دا باس دەکرێت.. مەبەستی ئەم ڕاپەڕینەش بە دژی فارسەکان

بوو، بۆ ڕزگارکردنی هەردوو بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور بۆ پێکهێنانی کیان و دەولەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا.. بێگومان شێخ عوبەیدوڵڵا خاوەنی نزیکەی ٢٠٠ گوند بووە.. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٥ ز دەبێتە مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی کە خانەقای ئیرشادی لە خانەقای نەهری دەبێت، لە ویلایەتی هەکاری، لە ڕووی جوگرافیەوە کەوتۆتە ناوەڕاستی کوردستانەوە شێخ دەسەڵات و ڕابەرایەتیەکی فراوانی ناوجەکەی دەکرد، کە پێکهاتبوو لە سەدان مەلا و میرزا و ئاغا و سەرۆک خێل و عەشیرەت و خەلیفە و مورید و سۆفی و تەنانەت لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە. هەروەکو وەفایی بۆمان باس دەکات. دیوەخانی شێخ جمەی هاتووە لە خەڵک ڕۆژانە ٤٠٠ تا ٥٠٠ میوان لە هەموو پلە و ئاستەکانەوە لە دیوانی شێخ میوانداری و خزمەت کراون.. وەفایی لە پەیوەندییەکی زۆر نزیک دەبێت لە شێخ و جێگە و مەکانێکی تایبەتی دەبێت.. هەر لە ماڵەکەی شێخ سوکنەیەک دەدەن بە وەفایی و لەوێدا وانە بە کوڕەکانی شێخ و هەندێک لە منداڵانی بنەماڵە دەڵێتەوە.. وەفایی دەبێتە میرزا و بە یەکێک لە جێگای متمانە و پاوەڕپێکراوی شێخ عوبەیدوڵڵا و تەنانەت زۆربەی نامە تایبەت و نهێنیەکانی

شێخ وەفایی دەینووسێت و لەوەش زیاتر، هەروەکو وەفایی خۆی دەڵێت (هەمیشە کیسە مۆری موبارەکی حەزرەتی شێخ لەلای من بووە..) یان تەنانەت لەو گەشتە هاوینانەدا کە شێخی نەهری، هەواری بۆ بناری هەندێ زۆزانی نزیک بردووە وەفایی دەڵێ (هەر بە تەنیا من و سەیید عەبدولڕەحمان ی خزمی شێخ، مەحرەمی ڕاز و نهێنیەکانی ڕەشماڵی تایبەتی شێخ بووین.. ل ٢٢).. لە هەمانکات شێخ بۆ زۆرێک لە کاروباری سیاسی

گرینگیش هەر متمانە بە وەفایی دەکات و بە نوێنەرایەتی خۆی دیاری و دەستنیشانی دەکات. بۆ نموونە، ئەو کێشەیەی کە ساڵی ١٨٧٤ ز لە ئەنجامی ئەو کوشت و کوشتار و زوڵم و ستەمەی میری ورمێ و مەرگەوەڕ بەرانبەر دانیشتووانی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی شێخ دەیکەن، دەبێتە هۆی دروستبوونی پشێوی کێشەی سیاسی بو هەردوو سنوورەکانی دەولەتی عوسمانی و ئێران. وە لە ئەنجامی ڕەخنە و گوشار و گازاندەی شێخ عوبەیدوڵڵا، کار دەگاتە ئەوەی پێکێنانی کۆمیسیۆنێکی نێودەولەتی کە بریتی دەبێت لە نوێنەرایەتی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی و نوێنەری شێخ عوبەیدوڵڵا.. هەروەک وەفایی لە بیرەوەریەکان باسی دەکات (وەفایی خۆی لەم کۆمیسیۆنەدا دەبێتە نوێنەر و دەمڕاستی شێخ و لە هەمانکاتیشدا دەبێتە سکرتێری کۆمیسیۆنە سێ قۆڵییەکە و بۆ ماوەی " ١٤ – ١٥ " مانگ، خەریکی چارەسەری ئەم کێشەیە دەبن).

لێرەدا دەبینین، لە پاڵ باوەڕ و مەسەلە ئایینیەکان وەفایی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ژێر ساباتی بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر ونیشتیمان پەروەر و خەمخۆر بۆ کێشە و مەسەلە نەتەوایەتیەکان ماوەتەوە، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدیهێنانی مافەڕەواکانی کورد هاوکار و کەسێکی دڵسۆز و جێگای متمانەیان بووە.. ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە وەفایی تەنها خاوەن خوێندەواری و ڕۆشنبیریەکی شیعری و ئەدەبی نەبووە بەڵکو، خاوەن بیروباوەڕێکی نەتەوەیی و کەسێکی نیشتیمان پەروەریش بووە.. هەر بۆیە لە ئاکامی جوامێری و لێهاتووی خۆی ئەم جێگا و مەکانە و ئەم متمانەیەی لە شیخ عوبەیدوڵلا و دواتر شیخ عەبدوڵقادری کوڕی و تەواوی بنەماڵەی نەهری یەوە بەدەستهێناوە.

شیخ عوبەیدوڵلا دوی ڕاپەڕینەکەی، لەسەر داوای کاربەدەستانی کورد لە ژێر گوشاری ڕووس و ئینگلیز و ئێران، دوای زۆرێک لە دانیشتن بە مەبەستی گفت و گۆ، دواوەتی دەکەن بۆ ئەستەموول، لەسەرەتا ڕیز و حورمەتی زۆری دەگرن دواتر تەلەکە ئاشکرا دەبێت و دەستبەسەری دەکەن.. دوای مانەوەی دە مانگ بە دەستبەسەری پاشان لە ئۆگستی ساڵی ١٨٨٢ بە پاسپۆرتێکی دروستکراو توانی بگەریتەوە بۆ بارەگاگەی خۆی لە نەهری.. هەمدیسان جارێکی تر، لەسەر داوای ئێران و بەریتانیا و ڕووس فشارخرایەوە سەر تورکان تا لە هەوڵێکی تر، چەکدارە تورکەکان شێخ یان بە دیل گرتەوە و لە ٢٩ی سێپتەمبەری ١٨٨٢ بە دیلی ڕەوانەی موسل یان کرد لەوێوە بەرە و ئەسکەندەروونە و لەوێشەوە بۆ بەیرووت و پاشان بۆ حیجاز دوورخرایەوە. لەوێدا مایەوە، تا لە ساڵی ١٨٨٣ دا کۆچی دوایی کرد. وەفایی دوای مەرگی شیخ عوبەیدوڵلا، تا ماوەی هەشت ساڵ چاوی بە بنەماڵەی شێخ نەکەوتووە تا لە ساڵی ١٨٩١ وەفایی لەگەڵ خەلیفە مەلا عەبدوللای زەردەدرووی هاورێی دا بە مەبەستی زیارەتی شیخ عەبدالقادری تاقە کوڕی شیخ عوبەیدوڵڵا بەڕێدەکەون.. وەفایی هەمان هەستو دڵسۆزی و وەفاداری و لە هەمان پەیوەندی لەگەڵ شیخ عەبدولقادریش دا دەبێت.. لە ساڵی ١٨٩٥ لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە ڕێگە بە شیخ دەدرێ تا بە ماڵ و منداڵەوە بگەرێتەوە بۆ ئەستەموول، کە ئەویش لەگەڵ لەوسەردەمانەوە لەگەڵ باوکی هەندێک لە کەسانی بنەماڵەکەی نەفی کراوە.. شیخ عەبدولقادر کە دەگەڕێتەوە ئەستەموول، داوا لە وەفایی دەکات،

که خەریکی نووسینەوەی بیرەوەریەکانی بێت تا ئەمیش بۆ چاپ بکات. شیخ عەبدولقادر ماوەیەکی زۆر لە حیجاز دوور خراوەیی دەمێنێتەوە.. تا سەردەمی ڕووخانی ئیمبراتۆری عوسمانی و سەرکەوتنی مستەفا کەمال. جارێکی تر ڕێگەی پێدرا بۆ ئەستەموول بگەڕێتەوە، دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەموول، دەکەویتە پەیوەندی لەگەڵ دۆستان و سیاسەتمەدار و ڕووناکبیرانی کورد. لە ماوەیساڵانی (١٩١٠ز- تا ١٩٢٤ ز) لە پێکهێنانی چەندین ڕێکخراوی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دا.. بەشداریەکی کاریگەر و ڕاستەوخۆیان لە دۆخی کورد دا کردووە. بە تایبەت لە پێکهێنانی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) دا و خۆی بووە بە سەرۆک. دوای ئەوەی

کەمال مستەفای تورک لە هەموو بەلێنەکانی پەشیمان دەبێتەوە، بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد شێوەیەکی تر وەردەگرێ لە ڕووبەڕوو بوونەوە و ڕاپەڕین. تا لە ئاکامدا شۆڕشی " ١٩٢٥ " ی بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران کە شیخ عەبدولقادر یەکێک لە سەرکردە درەوشاوە و بەرچاوەکانی ئەم شۆڕشە دەبێت. هێزەکانی تورک زۆر دڕندانە ئەم شۆڕشەیان سەرکوت کرد و ڕابەرانی شۆڕشەکە و ڕووناکبیرانی کوردستانی تورکیایان بە سەدان و بە هەزاران گرتن و کوشتن دواتر لە سێدارەیان دان.

شاعیرانی کورد زۆرێکیان لە سەروویانەوە پیرەمێرد چەندان شیعری بە بۆنەی لە سێدارەدانی ئەم خەباتگێڕانە بە گشتی و شیخ عەبدولقادر بە تایبەتی نووسیوە. کە ئەمانە هەندێک لە نموونەی ئەم شیعرانەیە.

هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنەوە
دایکی وەتەن دە هەستە سڵاویان بسێنەوە
شێخ قادرە لە پێشەوە، سەرقافلەی ئەوان
چەند جوانە، خوین و ڕیش سپی، پیرونەوجەوان

تا دەگاتە..
ئەو جەژنەی میللەت تێیدا کەساسە
من سەرم شینە و بەرگم پەڵاسە

## شاعیر و شیعر و سیاسەت

لە سەرەتا هەوڵدەدەین، لەسەر ڕوانگە و بیرکردنەوە و قسەکانی مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا (گیو موکریانی) قسە بکەین، بەرانبەر شیعر و زمان و ئیستاتیکا و لە هەمانکاتیش پەیوەندی نێوان شیعر و سیاسەت. بەر لەهەرشتێک دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەمجۆرە بیرکردنەوانە بۆ شیعر، بیرکردنەوەی زۆر نادروست و کورت بینن. بیرکردنەوەی قووڵنەبوونەوە و خۆماندوونەکردن و بیرکردنەوەی دروشمئاسا و جۆرێک لە هەڵوێست نواندنە لەسەر حیسابی شیعر و ئیستاتیکای شیعری. ناکرێ ئەگەر کەسێک شیعری نەکردە هۆکارێک بۆ کێشە و مەسەلەیەکی دیاریکراو یان شیعری نەخستە خزمەت سیاسەت و کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکان ئەوا، ئەو کەسە بە سپڵە و تاوانبار و یان لە ئاستێکی نزم لە کەسایەتی و شیعرەکانی بڕوانین و ڕووی ئەوەمان نەبێت شیعرەکانی بۆ بەچاپ بگەیەنین. هەروەک و ئەوەی بەڕێز مامۆستا گیو لە پێشەکی دیوانەکەی وەفایی نووسیویەتی، لەولاوەش شیعرەکانی

ئەو کەسە لێوانلێو بێت لە جوانی و لە شیعریەت. کێشەکە لەوەدا نیە کە، مامۆستا گیو لە ساڵانی حەفتاکانەوە ئەم قسانەی کردووە، کارەساتەکە لێرەدایە ئەمجۆرە بیرکەدنەوانە بۆ شیعر و ئەدەب ئێستاش ئامادەیی هەیە. کە بە بڕوای من بیرکردنەوە و تێروانینێکی زۆر نادروستە. مەرج نیە هەموو کەسێک لەسەر سیاسەت بنووسیت لەگەڵ ئەوەش، شیعر وەکو ژیان هێندە ڕووبەرێکی فراوانی هەیە جێگای هەموو چەمک و بابەتێکی تیا دەبێتەوە بە سیاسەتیشەوە.. من بەلامەوە ئاساییە شیعر دەم لە هەر بابەتێک بدات بەڵام، بە زمانی شیعری و ئیستاتیکای شیعر نەکرێتە قوربانی هیچ بابەتێک. شیعر جگە لە گەمەیەکی زمانەوانی هیچی تر نیە.. یان دەتوانین بڵێین شیعر گەمەیەکی ئیستاتیکیە لەنێو ڕووبەری زمان. شاعیر خۆی بە پێی ئارەزووەکان و بیرکردنەوە و خەیاڵەکانی بڕیاری ئەوە دەدات لەسەر چی بنووسێت، نە پەیوەندی بە زەمەنەوە هەیە نە پەیوەندی بە کێشە و پێکهاتەکانی دەرەوە هەیە.. شاعیر لە رێگەی حەزە چەپێندراوەکانی نێو ڕووبەری نەستی، موخاتەبەی ڕابردووی دەکات، لە ڕێگەی خەیاڵەکانی موخاتەبەی ئێستای دەکات، لە رێگەی خەونەکانیشی موخاتەبەی داهاتووی دەکات.. بێگومان هەمووی لە ڕووبەرێکی نادیار و بەهۆی گەمەیەکی زمانەوانیەوە.. ئەوە خوێنەر و ڕەخنەگری زرینگ و بە سەلیقەن لەگەل دەقدا شۆڕببنەوە و بگەنە قووڵاییەکان و لە نێو رووبەرە نادیارەکان نەبیندراوەکان بە بیندراو بکەن و هێما و کۆدەکانمان بۆ بکەنەوە هاوکات، لە ڕێگەی خوێندنەوەکانیان دەقێکی نوێمان پێ ببەخشن. وەفایی هیچ گوناهێکی نیە کە لە نێو شیعرەکانیدا سیاسەتبازی نەکردووە.. لە ڕێگەی ترەوە خزمەتی بە نەتەوە و خاک و نیشتیمان کردووە.. وەک کەسێکی نیشتیمانپەروەر

دڵسۆز بووە بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی بە تەنگ کێشەکان و خەمە نەتەوایەتیەکانەوە بووە. بۆ دەبێ لە بەهای شیعرەکانی کەمبکەینەوە و لە ئاست شاعیرەکانی تر وەک ناڵی و سالم و کوردی و حاجی قادر نەیبینین.. کە بەبروای من لە ڕووی جەمالیەتی شیعری و لە رووی شیعرییەتەوە، شیعرەکانی وەفایی لەو شاعیرانە و لە سەرجەم شاعیرانی سەردەمی خۆی لە ئاستێکی خوارتر نییە. چونکە دەبێ ئەو ڕاستییە درک پێ بکەین کەوا، سیاسەت ناتوانێ شیعر دەستەمۆ بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بەڵکو ئەوە شیعرە لە نێو ڕووبەرە فراوانەکەی خۆی جێگایەک بۆ سیاسەت دەکاتەوە...! چونکە شیعر لەسەر مەعریفەیەکی گشتگیر ئیش دەکات. بۆیە دەتوانین بڵێین، شیعر لە سیاسەت ڕاناکات.. بەڵام، وەک چۆن سیاسەتیش وەک هەر چەمکێکی تر دوو دیوی هەیە، دەکرێ شیعر لە سەر دیوە جوانەکەی سیاسەت ئیش بکات. شیعر بەدوای چارەسەری کێشەکان ناگەڕێت بەڵکو کێشەکان دەوروژێنێت.. چونکە گەر داوای چارەسەری کێشەکان لە شیعر بکەین، ئەوا وەزیفەیەکی دیاریکراو بۆ شیعر دادەنێین، لەم حالەتەش شیعر دەخەینە نێو بازنەیەکی دیاری کراو و سنووردار. بە بڕوای من شیعر (هیچ وەزیفەیەکی دیاریکراوی نیە بەڵکو شیعر ئامانجی هەیە..!).. ئامانجی شیعریش (گەڕانە بە دوای چەمکەکانی جوانی و بەرزڕاگرتنی بەها مرۆییەکانە...!). وە ئەو شیعرانەی بۆ عەشق و خۆشەویستی دەنووسرێن، لەنێو رووبەری بەها مرۆییەکان جێگایان دەبێتەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕوانگەکانی مامۆستا گیو دەبینین، لەگەڵ هەموو توورەیی و بێزاریەکانی لە کەسایەتی وەفایی لەولاوەش، هەندێک دانپیانان بەرانبەر ئیستاتیکا و داهێنانە شیعرییەکانی وەفایی دەکات و

دەڵێت (هەر دەستە هەڵبەستێکی وەفایی چەشنە هەوایەکی ئاودار و

خۆش و تایبەتی هەیە کە ئێستاش لە موکریانێ دا لەناو هەموو کۆڕێکی بەزم و ئاهەنگ و سەیرانگاییێکی دا هەڵبەستەکانی وی بە دەنگ و ئاوازەییێکی وا خۆش و پڕ سۆز و ئاسمانی دەخوێندرێنەوە کە دڵی هەزاران دڵداران ئاور تێبەر دەدەن) بەبڕوای من هێزی شیعر لەوە دایە کە سەرەرای هەر ڕەخنەیەک بەڵام، ئاراستەی جوانیەکان لە دەست نەدەن.. سیاسەت لە ڕووبەری ئەدەب و شیعر مەیلێکی ئایرۆنی تیایە، بۆیە شاعیر دەبێ وریا بێت لەگەڵ مامەلە کردنی چەمکی سیاسەت یان هەر چەمک و بابەتگەلێکی تر، بۆ ئەوەی ئیستاتیکای شیعرەکانی نەکاتە قوربانی ئەم چەمک و بابەتانە.

**سەرەتای نۆڤەمبەری ٢٠١٣**

سەرچاوەکان

**١- دیوانی وەفایی**
**چاپی سێ یەمین/ چاپخانەی کوردستان**

**٢- بیرەوەرییەکانی وەفایی**
**گرد و کۆی/ مامۆستا قازی محەمەد خزر**
**وەرگێڕانی لە فارسییەوە/ محەمەد حەمە باقی**

# من و شیعر و من و لم

چەندین ساڵە لە شەونخونی و لە ژووانی بەردەوامدام لەگەڵ شیعر. لە پەنجەرەکانی شیعرەوە دەڕوانمە ژیان و باخچە و گوڵ و ئاوەدانی، دەڕوانمە ئاسمان و تریفە و هەور، چەندین ساڵە/ هەموو شەوێ لە ژوورە ڕووناکەکانی شیعر تا درەنگانی شەو، لایلایە بۆ ئومێدە گەرمەکانی دڵی خۆم و دڵی خوێنەرە ئازیزەکانم دەکەم. ئەو خوێنەرانەی لە نێو چیمەنە سەوزەکانی شیعر، وێڵن بەدوای، مانایەک بۆ پێکهاتەکانی جوانی...! چەندین ساڵە، سواری پشتی شەپۆڵە ماندووەکانی دەریای وشە دەبم، بۆ قووڵاییە پڕ پەنهانەکانی دەچمە خوارەوە. تا لە ئاکامدا بەو بیرکردنەوانە گەیشتووم.. بەوپەڕی قەناعەتەوە دەتوانم بڵێم/ شیعر منی گۆڕی و منی گەیاندە سەر ئەو سەکۆیەی کە لەوێوە بیر لە جوانییەکانی ژیان بڕوانم و لەویوە بە جیا بیر بکەمەوە.. ئەگەر زمان لەلای سۆسێر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، یان پەیوەندی نێوان بیری مرۆڤ و ئەو دەنگانەیە کە دەری دەکات. یاخود لەلای " چۆمسکی "، زمان وەکو ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیر و ئەندێشە و وەڵامێکە بۆ پێگەکانی مرۆڤ خۆی. بۆ منیش زمان لە شیعردا، پەیژەیەکە بۆ گەیشتن بە ترۆپکی جوانی، مانگە بۆ دەرکەوتنی ئیستاتیکای شەو، ڕووبەرێکە بۆ نمایشکردنی سیما نەخشینەکانی ژیان. دەکرێ وشە بە هۆلێکی

گەورە چاولێبکەین کە چەندین دەرگاو پەنجەرەی هەبێت، هەرجارەی لە دەرگایەکەوە لێی بچینە ژوورەوە. لە نێو پانتایی وشە پەپوولەیەکی ئازاد هەیە، هەرجارەی لەسەر چلێک دەنیشێتەوە. بە مانایەکی تر، هیچ پێنووسێک مەحالە بتوانێت پەپوولە ئازادەکانی وشە لەنێو قەفەزی مانادا بەند بکات...! بۆ نموونە وشەی سێبەر، دەکرێ بۆ چرکرساتەکانی خۆشی و ناخۆشی، بۆ خامۆشی و ئارامی، بۆ ونبوون و مردن، وێلی و سەرگەردانی بەکاری بهێنین.. دەتوانین دەیان وێنەی تری لێ دروست بکەین. دەکرێ هەرجارەی لە گۆشەیەکی جیاوە لێی بڕوانین بەبێ ئەوەی، خۆمان ببەستینەوە بە مانای ڕووتی وشەکە. مەبەستمە ئەوە بڵێم، زمانی شیعر دەبێ چڕ و خەست بێت و هەڵگری چەندین دەلائیلی هەمەڕەنگ بێت، تا جوانتر وەتەرەکانی جوانی و وەتەرەکانی چێژی خوێنەر بجولێنێت. تاکو دەق هێزی ئەوەی تیابێت، خوێنەر بۆ پانتاییە قووڵەکان بباتە خوارەوە. لەم بەدواداگەڕانەش، خوێنەر هەم چێژ وەرگرێت و هەم سەرسامی. بۆیە ئەو دەقانەی کە ناتوانن خوێنەر سەرسام بکەن، بە دڵنیاییەوە خوێنەریش تەنها یەکجار دەیانخوێنێتەوە. ئەو نووسەرانەی کە چڕی زمان بە (تەمومژی ساختە) ناوزەد دەکەن، ئەوا ئەو نووسەرانە هەژار و دەست کورتن بەرامبەر بە دنیا و بە مەعریفەی زمان و شیعر. یان لە باشترین حالەت دا دەتوانین بڵێین " ئەم نووسەرانە خوێنەری هەستیار و وریا و بە سەلیقەی شیعر نین...! ".

ڕەنگە تا ئێرە دەسپێکێک بێت یان دەروازەیەک بێت بۆ چوونە نێو باسێکی ترەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە تایتلی باسەکەمانەوە، ئەگەر لەم دەسپێکە کورتەمدا زۆر بە خێرایی ڕامانەکانی خۆمم خستبێتە ڕوو لە پەیوەند بە زمان شیعردا،

یاخود چۆنیەتی مامەڵەکردنم لەگەل وشەدا، لە هەمانکاتیشدا مەبەستمە، لە ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی تەمەنی خۆم لەگەڵ شیعردا، لە دەرگای باسێک بدەم ئەویش ڕوانین و بیرکردنەوەکانی منە بۆ (بیابان و لم لە نێو ڕووبەر و چوارچێوەی شیعرەکانم دا). یان بە مانایەکی تر، (وشەی لم) لە پانتایی مانادا چ کاردانەوەیەکی هەیە لەسەر حالەتە دەروونیەکانی من لە ڕاستای داڕشتنی شیعرەکانم دا..؟ بێ پێچوپەنا و بە ڕاشکاوی دەیڵێم، لە سەرەتادا، من زۆر سەرسام بووم بە جوانیەکانی لم و لەزەتی زۆرم لێ دەبینی. لەگەڵ ئەم وشەیە دەچوومە ژووان و ڕامووسانیم لەگەڵ ماناکانی دا دەکرد، وشەیەک بوو، لە ناسکترین وێنەی شیعریدا بەکارم دەهێنا. ئەم وشەیە لەنێو شیعرەکانم سەرچاوەیەک بوو جوانی لێ دەتکا. هەندێکجار لەکاتی نووسینەوەی شیعرەکانم بە خەیاڵ دەڕۆیشتمە کەنار دەریا و لەنێو لم دا دەگەوزام، هێندە دەگەوزام تا دەمارەکانی حەز و ئارەزووم شەکەت و ماندوو دەبوون. هەندێکجار بە تەنیا هەندێکجاریش دەڵبەرەکەشم لەگەڵ خۆمدا دەبرد یان هەندێکجار بەو خەیاڵانەوە، خۆم دەگەیاندە بیابانەکان و تا چاو بڕکات لە لمم دەڕوانی، لە دووری دوورەوەش تروسکاییە گەشەکەی ئاسۆم دەبینی...! دواتر لەگەڵ بیرکردنەوەم لەکارەساتە جەرگبڕەکەی ئەنفال، لەگەڵ بیرکردنەوەم لە کوژانەوەی مۆمی تەمەنی سەدوهەشتاو دوو هەزار پەپوولەی سپی، لەگەڵ بیرکردنەوەم لە زیندەبەچاڵکردنی سەدوهەشتاو دوو هەزار مرۆڤی بێتاوان. ئەم کارەساتە بە قەبارەیەکی زۆر گەورە هاتە نێو ساتە لاشعورییەکانم. ئیتر منیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ خەمەکانی ئەم کارەساتە گەورە دەبووم. تا وایلێهات ماناکانی لم لە جوانی و ناسکی و گەشبینی و عەشقەوە گۆڕا بۆ

ترس و هەناسەسواری و مەرگ و خوێن...! پێشتر ئەو شنەبایەی لە کەنار دەریا یان لە بیابانەکان یان لە نێو مەمکۆڵە قنجەکانی لم هەڵیان کردبا، لە نێو خەیاڵی شیعریمدا بە سەمایان دەهێنام و مەستیان دەکردم.. دواتر بێویستی خۆم، هەر ئەو شنەبایە کە بارگاوی بوو بە خەیاڵە مەجازییەکانی شیعر، لێم دەبوو بە ڕەشەبا و زریان و گەردەلوولێکی مەرگ هێنەر و ترسناک.. بێ ویستی خۆم، دەبا دەرگای حەزەکانی خۆم بە ڕووی ئەم ڕەشەبایە ئافاتیەی نێو مەملەکەتی لم دا بخەم. ئێستا ئەم بارە دەروونیە ترسناکە لە نێو هەستە نەستیەکانی مندا، زۆر بە قوڕسی ئامادەیی هەیە. لەوساوە هەرجارێک بیر لە مەملەکەتی لم دەکەمەوە، ترس دامدەگرێت و سەدو هەشتا و دوو هەزار مرۆڤ پێکەوە هاوار دەکەن و دەستم بۆ درێژ دەکەن، داوای ژیانم لێ دەکەن..! لێتان ناشارمەوە، خوێندنەوەی " دواهەمین هەناری دونیای " بەختیار عەلی ش ئەم خەیاڵانە و ئەم ترسە فۆبیایانەی لەلا قووڵتر و زێتر کردم. دوابەدوای ئەم ئالوگۆڕانەی کە بەسەر بیرکردنەوەکانی مندا هاتوون، ڕووە دزێو ناشیرنەکانی مەملەکەتی لم لەنێو ناخمدا ببوو بە موعاناتێکی پڕ سۆ.. هەمیشە و بەردەوام ئازارم پێیەوە دەبینی و بە دەستیەوە دەمناڵاند.. تا ڕۆژێک وەک بورکانێک خەمەکانم تەقینەوە و قەسیدەی (شەوە یەڵداییەکانی لم) لە دایک بوو. بە نووسینی ئەم قەسیدەیەش هێشتا هەر نەمتوانیوە بە تەواوەتی خۆم بە تاڵ بکەمەوە، لەم خەونە ترسئامێزانەی مەملەکەتی لم. کە لەگەڵ خۆیدا، وێنەی مەرگ و زیندەبەچاڵ کردن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری کۆمەڵگەیەکی بێتاوانی بۆ دەکێشام. بۆیە لەو ساتەوە تا نێو مۆخی ئێسقانەکانم، ڕقم لە بیابان و ڕقم لە لم دەبێتەوە..!

**٢٠٠٥ /١٤/٤**

## شیعر چییە و بۆچی پێناسە ناکرێ؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (بۆچی شیعر پێناسە ناکرێ... ؟) یان (بۆ ناتوانین شیعر پێناسە بکەین...؟)، هەروەها قسەکردن لە هۆکارەکان، وا پێویست دەکات تێگەیشتنێکی ڕۆشن و دروستمان لەسەر شیعر هەبێت. شیعر دەتوانێ لەسەر هەموو بابەتێک بنووسێ، یان قسە لەسەر هەموو بابەتێک بکات. هۆکارەکەش ئەوەیە، شیعر لە نێو ڕووبەری خەیاڵ دێتە بوون. ڕووبەری خەیاڵیش، ڕووبەرێکی فراوان و بێ سنوورە. پرۆسەی نووسینی شیعر بەم شێوەیەیە، شاعیر لەسەرەتاوە بیر دەکاتەوە، دواتر لە نێو بیرکردنەوەکانی قووڵ دەبێتەوە، دەگاتە ئاستی (ئەندێشە) واتە خەیاڵ. لەوێوە شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە گەڕان و داهێنانەکانی خۆی دەکات. یان لە پڕێکا بیرۆکەیەک یان خەیاڵێکی شیعریت بۆ دێت دواتر، لە ڕێگەی بیرکردنەوە بە نێو خەیاڵەکەت قووڵ دەبییەوە و دەست بە گەڕانەکانت دەکەی، واتە شیعر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بیرکردنەوە و فیکرەوە هەیە. بە مانای، بیرکردنەوە پردێکە شاعیر بەهۆیەوە دەگاتە ڕووبەری ئەندێشە و خەیاڵ. دەتوانین خەیاڵ بە نیشتیمانی شیعر ناوبەرین. ئەو شوێنەی شیعر تیایدا لە دایک دەبێت. شاعیر لە نێو خەیاڵدا بەهای مرۆڤایەتی و بەهای بوون و بەهای جوانییەکان و خەونەکان دەنووسێتەوە. لە نێو خەون و نهێنییەکانی بوون، نهێنییەکانی ژیان و گەردوون کەشف دەکات و قسەیان لەسەر دەکات. گومان و پرسیارەکان دەهێنێتە بوون، دەچێتە نێو جەنگە دەروونییەکان و شەڕ لەگەڵ بیرە دواکەوتووەکانی نێو کەلتوورە تەقلیدییەکان دەکات، ئەوانەی دەیانەوێت سنوورێک بۆ ئازادی ژیان و تەنانەت سنوور بۆ جوانی و خەون و بیرکردنەوەکانیش دابنێن. تاکە چەکێکیش بە دەستی شاعیرەوە بۆ ئەم جەنگە، فیکر و زمان و

مەعریفەیە. چونکە شیعر لە بنەڕەتەوە بە هۆی بیرکردنەوە دێتە بوون، واتە فیکر و مەعریفە سەرچاوەی بوون و پێکهاتەی شیعرن. بیرکردنەوەش سەرچاوەی مەعریفەی مرۆڤە، تەنانەت لە نێو ڕووبەری خەیاڵیش فیکر لە ڕێگەی زمانەوە بەردەوام کاری خۆی دەکات، وەک سەرچاوەکی جوولێنەر یان بزوێنەر بۆ بنیاد و پێکهاتەی دەق. ئەگەر زمان بە دیوە بنەڕەتییەکەی، هۆکارێک بێت بۆ تێگەیشتن یان سیستەمێکی ڕێزمانی یان سیستەمێکی ئاماژەیی بێت، یان هەر مانایەکی تری هەبێت. بەڵام، لە بنەڕەتدا بەشێکە لە مەعریفە و پێکهاتەی مرۆڤ، بەرهەمی بیر و مەعریفەی مرۆڤە. لە هەمانکاتیش، پێکهاتەیەکی بنچینەییە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری. یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی زمان بەرهەمهێنانی جوانییە لە نێو رووبەری دەقدا. شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێ قسە لەسەر بابەتەکان بکات یان ناوەوەی خۆی بخوێنێتەوە و کار لەسەر ئارەزووەکان و غەریزەکانی خۆی بکات، پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆیی و لەگەڵ دەرەوەی خۆی ڕەسم بکات. هەروەها بیرەوەرییەکان و ڕابردووی خۆی بنووسێتەوە. تەنانەت، خەون و پێشبینییەکانیش. شیعر لە ڕووبەرێکی هێندە فراوان ئیش دەکات، هیچ سنوور و بەربەستێک ناتوانێت بەر بە هێزی خەیاڵ بگرێت. ناتوانین هیچ سنوورێک و بازنەیەک بە دەوری خەیاڵ بکێشین، یان خەیاڵ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بەند بکەین. شیعریش زادە و بەرهەمی ئەم ڕووبەرە بێ سنوور و فراوانەیە. ئەگەر بڵێین، ئایا شیعر نووسینەوەی ڕابردوو و بیرەوەرییەکانی شاعیرە...؟ یان ئایا شیعر نووسینەوەی خەونەکان و غەریزە و ئارەزووەکانی شاعیرە...؟ ئایا شیعر زمانی ناوەوەی مرۆڤە...؟ ئایا شیعر گەڕانە بە دوای حەقیقەتی جوانی...؟ ئەمانە و دەیان پرسیاریتر...! ڕەنگە بۆ هەر یەکێک لەم پرسیارانە وەڵامەکە (بەڵێ) بێت. بەڵام، هیچ کام لەم وەڵام و (بەڵێ) یانە بە (تەنها)، ناتوانن مانایەکی دروست و گشتگیر بۆ شیعر بدەن بە دەستەوە. دەتوانین

بڵێین (له یهککاتدا/ شیعر هیچ کام لهم وهڵامانه نییه له ههمانکاتیش ههر ههموویانه...!). به مانایهکیتر، دهتوانین بڵێین (کۆی ههموو ئهم وهڵامانه ڕهنگه مانایهک بۆ شیعر بدهن به دهستهوه یان نزیکمان بکهنهوه له مانای شیعر...!). بهو مانایهی وهک گوتمان، شیعر له ڕووبهرێکی هێنده فراوان ئیش دهکات ناتوانین تهنها له گۆشهیهکهوه خوێندنهوهی بۆ بکهین. یان له یهک دیودا ببینین. بۆیه ههر کهسهو به پێی تێگهیشتن، ئاستی وشیاری و مهعریفه و بینین و به پێی باری دهروونی خۆی خوێندنهوه بۆ شیعر دهکات و قسهی لهسهر دهکات. ههموو ئهم قسه و گۆشهنیگا جیاوازانهش مانایهک نین بۆ شیعر، چونکه شیعر بوونێکی چهسپاو و نهگۆڕی نییه، له چرکهیهکهوه بۆ چرکهیهکیتر، له زهمهنێکهوه بۆ زهمهنێکیتر گۆشهنیگا و قسه و خوێندنهوهی جودا له خۆ دهگرێت، یان له کهسێکهوه بۆ کهسێکی تر تهنانهت، له خودی کهسێکهوه بهڵام له کاتێکهوه بۆ کاتێکی تر، تێڕوانینییان بۆ شیعر دهگۆڕێت، یان به پێی ههست و باری دهروونی ئهوکاتهی قسه لهسهر شیعر دهکات. به بڕوای من/ ئهم قسهکردنانهش لهسهر شیعر له چرکهساتێکی دیاریکراو، ئهوه مانایهک نین بۆ شیعر بهڵکو ئهوه، دهربڕینی ههست و باری دهروونی ئهوکهسهیه بهرامبهر به شیعر بامانای، کهسهکه لهو کاتهدا باس له ههستی خۆی یان باس له باری دهروونی خۆی دهکات له پهیوهند به شیعرهوه. کهسهکان سهر به ههر زمان و کهلتوور و نیشتیمان و ڕهگهزێک بن، شیعر ههر به شێوهی ناچهسپاو و ناجێگیرییه دهبیندرێ و دهخوێندرێتهوه. چونکه شیعر له بنهڕهتدا بوونێکی گهردوونی ههیه. بۆ هێشتنهوهی شیعر لهم ئاسته فروانییه، زۆرێک له شاعیران مانای شیعرییان هاوتا کرد به مانای ژیان. واته شیعر تهریبه لهگهڵ ژیان. ههرچهنده شاعیر وهک مرۆڤێک/ ئازادی و مافی ئهوهی ههیه له ژیان دوور بکهوێتهوه و بچێته دهرهوهی ژیان، بهڵام شیعر/ بۆ ههمیشه له نێو ژیان دایه و ههر له نێو ژیان دهمێنێتهوه. بهمانایهک، ژیان له کوێ

بێت شیعریش لەوێدا دەبێت. شاعیر دەتوانێ بێدەنگی هەڵبژێرێت و بە بێدەنگی قسەکانی خۆی بکات بەڵام، شیعر ناتوانێ بەرامبەر هەموو ئە شتانە بێدەنگ بێت کە ژیان ناشیرین دەکەن. بە مانایەکی تر/ شیعر فۆڕمێکی بێدەنگ نییە..! بەڵام، لێرەدا ئیشکالییەتێکی تر دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە/ گەر شیعر هێندە نزیک و تەریب بێت بە ژیان، دەتوانین بپرسین، ئەی ژیان مانای چییە... ؟! ئایا ژیان مانای لە دایکبوون و هەناسەدانە ؟ ئایا ژیان مانای عەشق و خۆشەویستی و پێکەوەبیە ؟ ئایا ژیان مانای مردنە...؟ لێرەدا ژیانیش وەکو شیعر چەمکێکی گەردوونی و بوونێکی گەردوونی هەیە. دەقی شیعری لە بنەڕەتدا ڕووبەرێکی نادیار و تاریک دەردەکەوێت، وەکچۆن مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە و پڕاوپڕە لە نهێنی شیعریش بەهەمانشێوە. مانگە شەوی دەقی شیعری لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەردەوام و قووڵبوونەوە دەردەکەوێت، بە خواێندنەوەی جیاواز و بەردەوام، دەقەکە بە گشتی و ئەو ڕووبەرە تاریکەی پشتی ئاماژەکان و کۆدەکانیش بە تایبەتی، ڕۆشنتر دەردەکەون. لێرەدا دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین و مەبەستەکانمان لەو چەند خاڵانەی خوارەوە چڕ بکەینەوە.

١/ هەموو ئەم چەمکانەی بوونێکی گەردوونییان هەیە وەک (شیعر، عەشق، مۆسیقا، ژیان...) پێناسە ناکرێن، چونکە ناتوانین لە یەک گۆشەوە بیانبینین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین.

٢/ هەموو ئەم چەمکانەی لە ڕووبەری ئەندێشە واتە خەیاڵ لە دایک دەبن (بەتایبەت شیعر)، پێناسە ناکرێن، چونکە خەیاڵ بەپێی شوێن و کات دەگۆڕێ و هەمیشە بە جۆرێکی تر دەردەکەوێت.

٣/ هەموو ئەم چەمکانەی لە سەر جوانی ئیش دەکەن یان جوانی بەشیکە لە بنیاد و پێکهاتەیان، یان ئامانجییان بەرهەمهێنانی جوانییە، یان لە ڕێگەی جوانییەوە لەزەت بە مرۆڤ دەبەخشن، وەک (شیعر مۆسیقا، تابلۆ، سروشت) پێناسە ناکرێن. چونکە جوانی خۆی بوونێکی ڕێژەیی هەیە، ناتواندرێ بە شێوەیەکی گشتگیر و ڕەها ببیندرێ.

٤/ شیعر وەک مرۆڤ چەمکێکی ئاڵۆزە واتە، بوونێکی نادیار و شێواوی هەیە و پڕاوپڕە لە نهێنی، نهێنییەکان و دیوە شاراوەکانیش کۆتاییان نایە و هەوڵەکانیش لە شیعردا هەرگیز ناگەنە خاڵی کۆتایی، قوڕسایی زمان لە ئاماژە و کۆدەکان چڕ دەبێتەوە. ئاماژە و کۆدەکانیش بوونێکی ئایرۆنییان هەیە، بە داخراوی و ڕوخسار و ڕەنگی جیاواز دەردەکەون، بۆیە هەمیشە پێویستییان بە کرانەوە و خوێندنەوەی نوێ هەیە.

**نیسانی ٢٠١٦**

# شیعر و چەمکەکانی ئیرۆس وساناتۆس و ئەبەدییەت

## خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی
## (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم)ی سەباح ڕەنجدەر

### دەسپێک

مەبەستی ئێمە لەم نووسینەمان، قسەکردن نییە لەسەر کۆی ئەزموونی شیعری (سەباح ڕەنجدەر)، بەڵکو تەنها خوێندنەوەیەکە بۆ چەند شیعرێکی نێو کتێبی (من حەزدەکەم ئەوەندە بژیم)، هەروەها قسەکردن لەسەر ئەم گۆشەنیگا و باوەڕانەی کە شاعیر، لە ئەنجامی ئەزموونێکی دوورودرێژ لە بەرامبەر شیعر و داهێنان پێی گەیشتوون. چونکە بە بڕوای من، ئەم کتێبە کرۆک و ڕیشەی ئەزموونییەکانێتی. شیعرەکانی نێو ئەم کتێبە، بە هەناسەو ستایلێکی جیاواز نووسراون. لە نێو ئەم کتێبەدا، لە نێو جیاوازەکاندا، شتێکی جیاوازتر دەبینین...! لەنێو فەزای زماندا، گومان و یاخیبوون و پرسیار و گەمەی جیاوازتر دەبینین. شاعیر لە نێو ئەم کتێبەیدا، بە پشت ئەستوور بە شکۆی شیعر و داهێنان، یان شیعر و جاویدانی، قسە لەسەر پەیوەندی نێوان/ (خۆی و شیعر) دەکات، قسە لەسەر پەیوەندییەکانی (خۆی بە دنیای دەرەوە) دەکات، قسە لەسەر (ژیان و مردن) و (دوای مردنی) خۆی دەکات، کە دواتر بەدرێژی قسەیان لەسەر دەکەین. دوای خوێندنەوەیەکی ورد بۆ کتێبەکە، دەکرێ ئەم

پرسیارە بکەین، (ئایا شاعیر دەیەوێت تەنها هەشتا ساڵ بــژی؟)، هەرچەندە بـەپێی ژمـارە شـیعرەکان ٨١ شـیعرن، بـەڵام شـاعیر ژمارەی سفری بـە ژمـارە حیسـاب نـەکردووە، دیـارە لـە ڕووی زانستی و ماتماتیکییەوە سـفر ژمارەیـە بـەڵام ئێمـە زۆر لەسـەر ئـەوە ناوەسـتین، وادیـارە هەشـتا سـاڵ تەمـەن لـەلای شـاعیر، تەمەنێکی هێندە درێژ نییە هەروەک خۆی لە شیعری (بانگەواز بۆ گــۆڕ هەڵکــەن) دا دەڵــێ، (هەشــتا ســاڵ دەزوو بــە دەرزی وەکردنێکە...!). لێرەدا، واز لە گومان و وەڵامـی پرسـیارەکەمان دەهێنیــن، دواتــر لــە ســیاقی شــۆڕبوونەوە بــەنێو دەقــەکان و وردبوونـەوە لـە ڕوانگـە و گۆشـەنیگاکانی شـاعیر، ئـەوەمان بـۆ ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر حەزدەکات چەند ساڵ بژی.

## پەیوەندی خۆی لەگەڵ شیعر

شاعیر هێندە خۆی بە نزیک لە شیعر دەبینێ، تا ئەو ئەندازەیەی، شیعر بۆتە ماڵ و نیشتیمانی ئەبەدی ئەو، بەشێوەیەک تێکەڵاو و ئاوێزانی شیعر بووە، بەیەکەوە تابلۆیەکی ئارام و ڕەنگینییان پێکهێناوە، وەک سوریالیستەکان، لەگەڵ شیعردا پەیوەندییەکی بوونی و دەروونی ڕەسەنی نەخشاندووە، بوون و ژیانی ئاوێتەی شیعر کردووە، هەر وەک دەبینین، لە شیعری (بانگەواز بۆ گۆڕ هەڵکەن)دا:

**پوورەی شیعر دەوری گرتووم و ناوی شیعرم لەسەر لێوە**
**شیعر لە دڵەوە نوێژم لەسەر دەکات**

شیعر وەک هێزێک هێندە پەیوەستی کردووە بە ژیانەوە کە ئاگای لە هەموو هەست و جووڵەیەکە، وەک خۆی دەڵێ، (من پێوەری هەستەکانی زەویم..). لەنێو (بەهرە و سرووش و شیعر)، قاڵبۆتەوە، لە ئاکامی بیرکردنەوە و داهێنانەکانی، هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکات، لەگەڵ ئەوەش مرۆڤێکی سوپاسگوزار و دڵئارامە بەوەی، کە خودا لە بری هەموو شتێک شیعری پێ بەخشیوە هەروەک لە شیعری (ژیان لە دوو سەدە)دا:

**خودا شیعری لە بری هەموو شتێک پێ بەخشیم**
**سوپاس بۆ بەشە دڵباشەکەی خۆم**

هەموو میرات و سەروەت و سامانی شاعیر شیعرەکانییەتی، بوون و ژیانی ئەو لەنێو شیعرەکانییەتی، خۆشبەختی و سەرفرازی ئەو لەنێو شیعرەکانییەتی، شیعر نەک تەنها میرات و سەروەت و سامانییەتی بەڵکو، نزیکترین و ئازیزترین کەسییەتی، لە شیعری

كە (مەرگ مانای نامێنێ) بە دڵبەرە دڵباشەكە ناوی شیعر دەبات، هەروەها شاعیر وا هەست دەكات، داهێنانە شیعرییەكانی، ژیانی پڕ كردووە لە خرۆشان و شیعریش ماڵی پڕكردووە لە ڕووناكی، شاعیر بەو بڕوایە دەگات كە، شاعیران مرۆڤی داهێنەرن، وەک مرۆڤی گەورە و بەرز ناوییان دەبات، وەک كەسانێک كە لە خوداوەندەوە نزیكن یان خوداوەندێكی بچكۆڵەن، چونكە خوداوەند ڕۆح بەبەر بوونەوەر و شتەكاندا دەكات، شاعیری داهێنەریش لەنێو ڕووبەری زماندا، ڕۆح بەبەر وشەدا دەكات و جوانی دەهێنێتە قسە، چونكە لە نێو ڕووبەری زماندا/ مەعریفە و بیر و بونیادە وجودییەكان گەشە دەكەن، شاعیر وەک كەسێكی پەیامبەر لە خۆی دەڕوانێ و لە شیعری (بانگەواز بۆ گۆڕهەڵكەن) دا دەپرسێ.

**ئەرێ مێژوو لە كتێبی چەندەمی ئاسمان**
**بەشێكم بۆ تەرخان دەكات**

كتێبە ئاسمانییەكان، شوێنی پەیامبەرەكان و فریشتەكان و ئەو كەسانەن كە لە خوداوەندەوە نزیكن، كەسانێک لە سەرووی ئەوانیترن، شاعیری داهێنەر ئەو كەسەیە كە مێژوو لە كتێبە ئاسمانییەكان، شوێنێكی بۆ تەرخان دەكات و بۆ تاهەتا دەمێننەوە. شاعیر لە شیعری (قەڕاغی دەف) دا:

**خودا لە بۆشایی نێوان ئەستێرە و مانگدا منی دۆزییەوە**
**دەستی گرتم و هێنامییە خوارەوە**
**لە سێبەری درەختی پیرۆزدا نیشتەجێی كردم**
**باڵندە هۆگرم بوون و بەرزییان كردمەوە بۆ ئاسمان**
**دووبارە خودا پێشكێشی زەوی كردمەوە**

ئەو دەقە شیعرییانەی كە داهێنانیان تیایە، پڕاوپڕن لە جوانی، جوانیش لەنێو دەقدا ئارامی بە ڕۆح دەبەخشێ. بۆیە شاعیران

ئەو کەسانەن خودا دەیانێرێ بۆ سەر زەوی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دەقە شیعرییەکانییان ڕۆح و دەروونی مرۆڤەکان ئارام بکەنەوە، لە هەمانکاتیش/ ڕووناکی و بەختەوەری بخەنە نێو دڵیان. خودا شاعیری لە بەرزایی ئاسمان لە بۆشایی نێوان ئەستێرەکان دۆزیوەتەوە، ناردوویەتی بۆ سەرزەوی، باڵندەکان بەرزییان کردۆتەوە خودا دووبارە ناردوویەتییەوە بۆ سەر زەوی. بە بڕوای شاعیر، مرۆڤی داهێنەر لەنێو ڕووبەری گەردوونییەت، بە هێزی جووڵەی شیعر، نەک هەر مرۆڤەکان ئارام و دڵخۆش دەکات بەڵکو، زەویش لە باری نائارامی و دڵتەنگی دەپارێزێ. هێزی شیعر/ دەتوانێ خرۆشان بخاتە نێو درەخت و باڵندەکان و سروشت و هەموو بوونەوەرەکان. لە شیعری (بەرەو ساکاربوونەوە):

**خۆرسڕبووە**
**ڕوومەتی ئاسۆی پێ گەرم ناکرێتەوە**
**توو خوای جوانی وەرە خەونم**
**بۆ ئەوەی ساکارانە بڕوانمە زەوی**
**یا زەوی لە دڵتوندییەکیدا هەناسەیەکی من هەڵمژێ**

زمانی شیعر زمانی مرۆڤە گەورەکانە، زمانی بوونێکی نا ئارام و سەرکەش و یاخییە، زمانی پەیامبەر و کتێبە ئاسمانییەکان و خوداکانە، زمانی داهێنان و خولقاندنی شتی نوێیە، زمانێکە دەتوانێ سروشت و بوونەوەرەکان بهێنێتە قسە. شاعیری داهێنەر ئەو کەسەیە، هەمیشە دەمی پڕ قسەیە و خەیاڵەکانی پڕ قسەن، خەونەکانی پڕ ئومێدن، شاعیری داهێنەر ئەوکەسەیە لە خوداوەند نزیکە، بە زمانی کتێبە ئاسمانییەکان دەدوێ، زمانێکی پڕاوپڕ لە حیکمەت و لە دانایی، زمانێکی مژدەبەخش و ئارامبەخش، شاعیری داهێنەر ئەوکەسەیە/ بۆ هەمیشە لەنێو ڕووناکی دەمێنێتەوە پرسیاری و نوێ و گومانی نوێ و گەڕان و سەفەری نوێ دەخاتە بەردەم مرۆڤەکان و خوێنەرەکانی، (سەباح رەنجدەر) لەم کتێبەیدا، لە سەرەتاوە تا

کۆتایی لە گفتوگۆیەکی بەردەوام دایە لەگەڵ خودا، دەیەوێ (بەهرەو سرووش و شیعر) دەستی بگرن و بیگەییەنەماڵی ڕۆشن، واتە ژیانێکی ئەبەدی و ماڵی هەتاهەتایی. بە هۆی شیعر و داهێنانەکانییەوە، پێیوایە هێندە لە خودا نزیکە تا ئاستی ئەوەی، دەتوانێ بە زمانی کتێبە ئاسمانییەکان بدوێ، یان جەستە و گیانی خودا لە نێو جەستە و گیانی ئەو دان، تا ئاستی ئەوەی لە شیعری (مانەوە لەنێو ڕووناکیدا):

**ئەی خودای سەدویەک ناو بە زمانی**
**تەورات**
**ئینجیل**
**قورئان**
**دەدوێم**
**دەمم پڕ قسەیە و هاتووم تیشکی دەروونت سەرپێم بخات**
**هەڵە بووم**
**تۆ خۆم بوویت**

شاعیر لە ڕێگەی شکۆی شیعرەوە یان شکۆی داهێنانە شیعرییەکانییەوە، لە ئاستێکی بەرز لەخۆی دەڕوانێ و پێیوایە، دەمی پڕ قسەیە دەتوانێ لەسەر هەموو شتێک قسان بکات. دەتوانێ بە زمانی (تەورات و ئینجیل و قورئان بدوێت...!). کەسێکە خودا ئەوی لە بەرزاییەکانی ئاسمان دۆزیوەتەوە و ناردوویەتی بۆ سەرزەوی، کەسێکە (خودا ئەو) بووە یان (ئەم خودا) بووە، ئەوەتا بە ڕۆشنی دەڵێ (تۆ خۆم بوویت..!)، کەسێکە بەهۆی پەنجەکان و قەڵەمەکەی ئەو، مۆمە داگیرساوەکان تا هەتا گەش و رووناک دەمێننەوە. (سەباح ڕەنجدەر) یەکەمین کەس نییە ئەو هەستەی لەلا دروست بووبێ کە/ شاعیران وەک مرۆ بەخشندە و گەورەن یان، وەکو خالق و خوداوەندەکانن، ئەوەتا شاعیر ونووسەرێکی ئەمریکی بە ناوی (هیدۆبرۆ Huidobro) دەمێکە گتویەتی (شاعیران خوداوەندێکی بچکۆڵەن..!). یان بە بڕوای (فرێدریك نێچە) ئەو کەسانەی داهێنان دەکەن، کەسی باڵاو سوپەرمانین. کەسانی خودان ئیرادە و خاوەن هێزن، کەسانێکی یاخی و سەرکەش و

بــوێرن کەســی داهێنــەر لای (فرێــدریک نێچــە)، دەبێــت کەســێکی ڕووخێنەر بێت، بەهای شتە کۆن و تەقلیدییەکان تێکبشکێنێت، دەبێ هەموو شتێکی میراتی تووڕ هەڵبدات، خۆی بەهاو نەریت و ڕەفتــار بۆ خۆی بتاشی، کە پێچەوانەی دەوروبەر و ئەوانەی پێش خۆت بــن. کەسانی داهێنەر لای نێچــە، کەســانی جیــاوازن، کەســانێکن خــودان ویستی هێزن، (ســەباح ڕەنجــدەر) بــە شــکۆمەندییەوە لــە داهێنانــە شیعرییەکانی خۆی دەڕوانێ و بەرز دەیــان نرخێنــێ، بــە (ســروودی سروودەکان) ناویان دەبات..! پێیوایە/ دەقە شیعرییەکانی ئــەو پــڕاو پڕن لە قسە و پــەیامی ڕۆشــن. کــە بــەڕێگادا دەڕوا، درەختــەکانی ئەوبــەر و ئەوبــەر فــەرمووی لێدەکــەن و دەزووی گەورەمەنــدی شکۆمەندی لە پەنجە دەکەن. هەروەک لە شیعری (دوا پەیام)دا:

**درەختەکانی ئەوبەرو ئەوبەری ڕێگاوبان**
**فەرموویان لێکردم ئــەی ســروودی ســروودەکان تێپەڕە**
**شکۆی خۆشەویستانت لە ئاسماندا ببینە**
**دایکە سروشت**
**دەزووی گەورەمەنــــدی لــــە پەنجــــە ئاڵانــــدم و هەڵیدام**
**بێ دڵ لە دڵدان**
**بە ئاسماندا ڕۆیشتم و گەیشتم بە شکۆی پەیام**

# شیعر و چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس و ئەبەدییەت

لێرەدا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەی سەرەتا، ئایا شاعیر حەزدەکات تەنها هەشتا ساڵ بژیت؟ بە پێی ئەو تێڕوانین و گۆشە نیگایانەی کە شاعیر لە ئاکامی ئەزموونی شیعری پێیگەیشتوون، بەرامبەر شیعر و داهێنەکانی و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ شیعر، مادام شاعیر بەو بڕوایە گەیشتووە کە، جیگای ئەو بەرزاییەکانی ئاسمان و بۆشایی نێوان ئەستێرەکانە و خودا دەستی گرتووە و هێناوییەتە سەرزەوی، هێندەش لە خودا نزیکە لە پەیامبەرەکان گەڵێک زێتر، هەروەک خۆی دەڵێ (هەشتا ساڵ هێندەی داو بە دەرزی وەکردنێکە...!)، ئیتر بەم شکۆمەندییە و بەم گەورە سالارییەوە چۆن حەزدەکات تەنها هەشتا ساڵ بژیت؟!. بە پێی لێکدانەوەکانی (سیگمۆند فرۆیید)، (ئیرۆس) یانی غەریزەکانی ژیان، دەستگرتن بەو هەوڵانەی بۆ مانەوە لە نێو ژیان، بەمانایەکیتر/ مانای حەز و ئارەزووەکان بۆ ژیان، (ساناتۆس)، مانای غەریزەکانی مردن، یان ئەم هەوڵ و ڕەفتار و کردارانەی کە سەرەنجام مرۆڤ بەهۆیانەوە بە مردن دەگات، شەڕ و تاوان و کردارە خراپەکان دیوێکی غەریزەکانی مردنن، بە کورتی دەتوانین بڵێین، ئیرۆس بەمانای ژیان و ساناتۆس بەمانای مردن دێت. شاعیر لەنێو ماڵی ژیان حەزدەکات تەنها هەشتا ساڵ بمێنێتەوە یان بژی. دواتر لە ڕێگەی مردنەوە بچێتە نێو ڕووبەری گەردوونییەت و لەوێدا بۆ تاهەتا بمێنێتەوە، چونکە چەمکی (مردن) لەلای شاعیر ئەو مانایە فیزیکی و تەقلیدییەی نییە، یان بەمانای مردنێکی بایۆلۆژی و لەکارکەوتنی دڵ و کۆئەندامەکانی لەش نایەت. لەلای شاعیر مردن ئەو دیوە نێگەتیڤەی نییە! یان بە مانای (هایدگەرییەکەی) کاتێک دازاین لە بارێکی ناڕێک و ناڕەسەن بێت، ئەوکات کەسەکان دەبن بە ئەوانیتر و کەس نابێت بە خاوەنی بوونی خۆی، لە جەوهەردا لە ژێر فەرمان و جووڵەی ئەوانیتر دا دەبن نەک خۆیان. شاعیر لێرەدا لە ڕێگەی مردنەوە یان بەهۆی تێگەیشتنی ئەو بۆ مردن دەیەوێت ببی بە خاوەنی بوونی خۆیی، دەیەوێت وەک

(سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر لە ڕێگەی مردنەوە بە شکۆی شیعر و داهێنانەوە، بگاتە نێو ڕووبەری ئەبەدییەت.. چونکە شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە، شاعیری داهێنەریش مرۆڤی گەورە و گوردوونین. مردن لای شاعیر/ ماڵئاوایی کردن و دوورکەوتنەوەی یەکجارەکی نییە لە ژیان، لای شاعیر مردن و ژیان/ یان (ئیرۆس و ساناتۆس) یەک ڕەنگ و ڕوخساریان هەیە هەردووکییان، هۆکارێکن بۆ گەیشتن بە ماڵی ڕۆشن و ژیانی ئەبەدییەتی بۆ تاهەتا. بە مانایەک/ وەک خۆی بەوە گەیشتوە کە/ (مردن و ژیان) ئەوە نییە یەکێکیان براوە بێت و ئەویتر دۆڕاو. هاوکیشەی (ئیرۆس و ساناتۆس) یان (ژیان و مردن) بەم شێوەییەیە لای شاعیر، هەروەک لە شیعری (ئادەم لە سێ ئاوێنەدا) وێنەی دەکات.

**بە قووڵی گوێ لەو ئاوازانە دەگرم کە ناپچڕێن**
**بەناو ئەو بۆشاییانەشدا دەپەڕمەوە**
**کەوتوونەتە نێوان ژیان و مردن**
**نە ژیان بردنەوەیە**
**نە مردن دۆڕان**

لێرەدا مردن بەمانای دۆڕان نایە، یان بە مانای لەکارکەوتنی جووڵە و هەناسە نایە، شاعیری داهێنەر ئەو کەسانەن دەبنە موڵکی گەردوونیەت و مێژوو، دەبنە موڵکی مرۆڤایەتی، ئەوانەن مێژوو لەنێو کتێبە ئاسمانییەکاندا، لە نیو کتێبە پیرۆزەکانی ئەبەدییەتدا، شوێنێکییان بۆ تەرخان دەکات، (**شکسپیر و ئەزرا پاوند دانتی و تی سی ئیلییەت و مایکۆفسکی و ڕامبۆ و مالارمێ و بۆدلێر و جەواهیری و خەیام و سوهراب و نالی و گۆران و شێرکۆ بێکەس و...**) ئەوانە بۆ تاهەتا لەنێو ئەم ڕووبەرە گەردوونییە دەمێننەوە. ئەوانە ئەو مرۆڤە گەورانەن بوونەتە موڵکو کەلەپووری مرۆڤایەتی، بۆ ئەوکەسە داهێنەرانە، مردن تەنها پردێکە بۆ پەڕینەوە لەنیو ڕووبەری ئیرۆسەوە بۆ گەردوونییەت و ئەبەدییەت. ئەو مرۆڤە داهێنەرانە لەنێو مردنیش هەر دەژین. مردن بۆ ئەو مرۆڤە گەردوونییانە هەر بەمانای ژیان دێت، هاوکێشەکە بەم شێوەیە دەبێت.

ئیرۆس/ مردن/ ئەبەدییەت...!
یان ئیرۆس/ مردن/ هەمیشە ئیرۆس..!
هەمیشە ئیرۆس بەمانای/ گەردوونییەت، ژیانێکی سەرمەدی و ئەبەدییـەت. کەواتـە لێـرەدا وەڵامـی پرسـیارەکەی سـەرەتامان وەردەگرینەوە، کە لە ڕاستیدا شاعیر دەیـەوێت یـان حـەزدەکات چەنـد بژیـت! لـە نێـو کتێبی (مـن حەزدەکـەم ئەوەنـدە بژیـم).. ئیـرۆس/ واتـە ماڵێـک لـەنێو ژیـان.. شـاعیر لـەنێو ئـەم ماڵـەدا دەخوازێ هەشتا ساڵ بژیـت، لـە نێـو مـاڵی مردنیـش دەیـەوێت پشـوویەک بـدات و هـەربژیت، دواتـر بچێتـە نێـو مـاڵی هەمیشـە ئیرۆس واتە ئەبەدییەت لەوێـدا بـۆ تاهـەتا بمێنێتـەوە و هـەربژی. جونکە ئەوێ ماڵی ڕۆشنی شاعیرەکانە، شـاعیرە داهێنـەرەکان.. ئـەو شـاعیرانەی گەورەمەنـد و شـکۆمەندن بـە شـیعر. کەواتـە وەڵامـی پرسـیارەکەمان ئەوەیـە کـە ئـەوی شـاعیر دەخـوازێ و حـەزدەکات، بگاتـە م اڵی ڕۆشـن و لـەنێو ژیانـدا هـەربژی لـەنێو مردندا هەربژی لەدوای مردنیش هەربژی، بەمانای بـبێ بـەخۆی، بە بـوونێکی گـەردوونی و بـوونێکی شـکۆیی شـیعری، بـۆ تاهـەتا هـەربژی..! هـەروەک شـاعیر لـەنێو شـیعری (مـردن مانایـەکی نامێنێ) و تێکەڵ بەم بوونە گەردوونییە دەبێت و ئـەم وێنەیـەمان بۆ ڕەسم دەکات:

**دڵبەرە دڵباشەکەی من**
**شیعر و**
**جاویدانی**
**لەگەڵ خۆتان بمبەنەوە خانەی خودا**

خانەی خودا بەمانای ماڵی ڕۆشـنی خـودا، چاوەڕێیـە، دڵبـەرە دڵباشەکەی ئەو کە (شیعر و جاویدانییـە)، بیگەڕێننـەوە نێـو ماڵـە ئەبەدییە ڕووناکەکەی خودا، چونکە ئەویش شاعیرێکی داهێنـەر و مرۆڤێکی خالیقە، تەمـەنێک و ئـەزموونێکی دوور و درێـژە لـەنێو ڕووبەری زماندا، ڕۆح بەبەر وشەو جوانیـدا دەکـات..! مرۆڤێکـە لەنێو بۆشاییەکانی ئاسماندا هاتووە، باڵندەکان و فریشـتەکان بـە شـکۆی شـیعرەوە بـۆی دەچەمێننـەوە و دەیگەڕێننـەوە ماڵـە ئەبەدییـە ڕۆشـنەکەی جاویـدانی. (سـەباح ڕەنجـدەر)ی شـاعیر،

لەبــەر ئــەنجامی ڕووناکــایی مــۆمی ئــەزموون و داهێنانــە شیعرییەکانی بە ڕوانینێکی (نێچە)ییانە، بەم بڕوایە گەیشتتوە، کە مرۆڤە داهێنەرەکان ئەو کەسانەن دوای مـردن لەدایکدەبنـەوە و هەردەژین. وەک لە شیعری (چوارین و من):

**خانمی شیعری هەستەکانمت دەستەمۆکردووە**
**ئەمەکدارم بە**
**لە مردندا لێوەکانم بکەرەوە حیکمەت و فـەرموودەم دەبیستیت**

لێــرەدا پارادۆکســێک دەبینیــن، کــە بڕشــت و قووڵاییــەکی بەخشیوە بە شیعرەکە، داوا لە خانمی شیعر دەکات، ئەمەکداری بێ، لە مردندا لێوەکـانی بکاتـەوە تـا فـەرموودە و حیکمەتـەکانی ببیستێ..! خۆی بە شێوەیەکی ئاسایی مردن یانی جووڵە نەکردن و هەناسە نـەدان، یـانی بێـدەنگ بـوون و فـەرموودە و حیکمـەت نــەگوتن، بــەڵام ئــەو دەیــەوێت لــەنێو مردنیشــدا، حیکمــەت و فـــەرموودەکانی بـــە خـــانمی شـــیعر بڵێـــت..! حیکمـــەت و فەرموودەکان بە مانای داهێنان، واتە لەنێو مردنیشـدا، دەیـەوێت بژیت.. لە داهێنانە شیعرییەکانی بەردەوام بێـت..! ئەمـە یەکێکـە لە قـووڵایی بیرکردنـەوەکانی شـاعیر/ کـە لـە نێـو ئـەم کتێبەیـدا بەرجەستەی کردووە، ئەویش کـە شـاعیران بـە مرۆڤـی گـەورە ناودەبات و مرۆڤەگەورەکانیش لە ڕێگەی داهێنانەکانییان لەدوای مردنیــش هــەردەژین و لــەنێو مــاڵی ئەبەدییەتــدا بــۆ تــا هــەتا دەمێننەوە.

# زمان و ستایل و شیعری پۆستمۆدێرنی

لە کتێبی (من حەزدەکەم ئەوەندە بژیم) (سەباح ڕەنجــدەر) ی شاعیر، زمان و ستایلێکی جیاوازی بەکارهێناوە، تەنانەت جیاوازتر لە ئەزموونەکانی پێشووتری. دیارە هەر لە بنەڕەتەوە، یـەکێک لـە شێوەو سیما دیارەکانی شـیعری ئـەم شاعیرەمان ئەوەیە، ئەم وەک شـاعیرێکی تازەگـەر، بـە زمـان و سـتایلێکی جیـاواز دەنووسێت، بەشێک لە هۆکاری ئەم جیاوازییەش بـە بـڕوای مـن، هۆشـیاری شـاعیرە لـە پەیوەنـد تێڕوانینـی بـۆ شـیعر، هـەروەک (بـەختیار عـەلی) لـە کتێـبی (لـە دیـارەوە بـۆ نادیـار) دا دەڵـێ، (تازەگەر بۆ ئەوەی بوونێکی کاریگەری هەبێت، دەبێت لـە شـەڕە قوڕسەکانەوە دەستپێبکات، تازەگەر بەم مانایە دەبێـت، لـە کـۆی بونیادەکە دابڕێت، داپرانیش لێرەدا بە مانای گۆشـەگیری نایـەت و مانـای بێئاگـایی ناگەیـەنێت، بـەڵکو جۆرێکـە لـە جیابوونـەوەی هۆشیار لە پێکهاتەیەک کە وەڵامی پرسـیارەکانی ئـەوی پـێ نییـە، لەبـەر ئـەوە تازەگـەر بۆچـوونی خـۆی لـە بۆچـوونی پێـش خـۆی داناتاشـێت، بـەڵکو خـۆی بیـردۆزی خـۆی دادەنێـت، خۆشـی هەوڵدەدات بیسەلمێنێت..!)، بۆیە بە چڕی مامەڵـە لەگـەڵ زمـان دەکـات و هێنـدە چـڕ دەبێتـەوە تـا ئاسـتی ئـەوەی نـاوی ئـەم چڕبوونەوەیـە بنێـن (تـەومژ)، ئـەم جـۆرە مامەڵـەکردن لەگـەڵ زمـان و هاوکـات/ پەیوەنـدی زمـان و بونیـادی دەق، ئەمـە زێـتر وێنەیـەکی فۆڕمالیسـتیانەمان پـێ دەبەخشـێ، هـەروەک (تێـری ئیگلتـن لـە کتێـبی (تیـۆری ئـەدەبی) دا باسـی دەکـات و دەڵـێ (فۆڕمالیزم بە شێوەیەکی گەوهەری بریتی بوو/ جێبەجێکردنی زانستی زمان لـە توێژینـەوەی ئەدەبـدا لەبـەر ئەمـەش، زانسـتی زمـان لـە باسـکردنی جـۆرێکی ڕەسـمی بـوو، بایـەخی دەدا بـە بونیادەکـانی زمـان) یـان لـە شـوێنێکیتری هـەمان کـتێب دەڵـێ (دەربارەی « شێوە و ناوەڕۆک « ئەوان پەیوەندی ئەم دووانـەیان واتـە، (شـێوە و نـاوەڕۆک)یـان لـە بـەرزترین ئاسـتدا ڕاگرتـووە، ناوەڕۆک بە تەواوی بزوێنەری شـێوەیە)، یـان تـا ئاسـتی ئـەوەی، گەر خوێنەرێک، تەواو خوێنەرێکی بێگەردی شیعری نـەبێت، نابێتـە

خوێنەری هەمیشەیی شیعرەکانی ئەم شاعیرە، یان/ خوێنەران لە کـاتی خوێندنــەوەی قەســیدەکانی هەســت بــە هەناسەســواری دەکــەن، چونکــە ئــەمجۆرە شــیعرانەی کــە بــەزمانێکی چــڕ دەنووسرێن، خوێنـەرانێکی بـە سـەلیقە و خوێنـەرانێکی بێگـەردی شیعری و خوێنەرانێکی عاشق بە شیعری دەوێ. یان خوێنــەرانێک خــاوەن مەعریفەیــەکی شــیعری و تــا ئاســتێک مەعریفەیــەکی زمانــەوانیش بــن. بــە شــێوەیەکی گشــتی، ئــەزموونی شــیعری (ســەباح ڕەنجــدەر)، زێــتر دەچێتــە خانــەی قوتابخانــە شــیعرییە مۆدێرنــەکان، لــە پەیوەنــد بــە مامەڵــەکردن لەگــەڵ زمــان و نووسینەوەی خود و پەیوەندی خود بە دنیای دەرەوە.. بـەڵام ئـەم کتێبـەی بـە پێـی زمـان و پێکهاتـە شـیعرییەکانی وەک/ ئیشـکردن لەســەر (گومــان و پرســیار و پــارادۆکس و دووبارەبوونــەوە و گەمەکردن بە وشە و ڕستە و دەســتەواژەکان...) هـەموو ئەمانـە ســیما و پێکهاتــەی شــیعری (پۆســتمۆدێرنین). بۆیــە کتێــبی (حەزدەکــەم ئەوەنــدە بژیــم) بــە شــێوازێکی پۆســتمۆدێرنی نووسراوە، لە خوارەوە بە نموونە باس لە هەندێکیان دەکەین.

گومــان/ تــوخمێکی گرینگــە لــە شــیعری پۆســتمۆدێرنی، ڕووبــەرێکی فراوانــی داگیرکــردووە، پۆســتمۆدێرنەکان کــاری زۆریـان لەسـەر گومـان دەکـرد، بـەو مەبەسـتەی باوەڕیـان بـە موتلـەقی ڕەهـا نـەبوو، لـەلای ئـەوان، هـەموو چەمکـەکان و بیرۆکەکان و پێکهاتـەکان ڕێژەیـی بـوون. پێیـانوابوو/ (حەقیقـەت تــەنها لــەلای ئــەوان نییــە)، ئــەوانیتریان سەددەرســەد ڕەت نەدەکردەوە، بە مانایەک، بە شێوەیەک لە شێوەکان/ گۆشەیەک، کـەلێنێکییان بـۆ گومـان دەهێشـتەوە. هـەروەها پرسـیاریش بـە هەمانشێوە، لە ڕێگـەی پرسـیارەوە، مەبەسـت و گومانـەکانییان قــووڵ دەکردنــەوە، خوێنــەریان دەخســتە نێــو بیرکردنــەوە و دڵەڕاوکێ و گومان و ڕاڕایی. (سەباح ڕەنجدەر) لـەم کتێبەیـدا، ئیشـی زۆری لەسـەر گومـان و پرسـیار کـردووە. لەسـەرەتای کتێبەکە تا کۆتایی گومانەکان بەردەوامن. شاعیر لە نێو خـەیاڵ و بیرکردنەوەکانی بە قووڵایی گومانەکان شـۆڕبۆتەوە، گومـان لـە بیرۆکــە میراتییــە تەقلیدییــەکان، یــان بیرۆکــە میتافیزیکییــە چەسپاوەکان، لە پڕێکدا هـەموو شـتێک لـە وەهمـەوە سـەرچاوە دەگـرن، دەتـوانین بڵێیـن گومـان لـە هـەموو شـت. لـە ڕێگـەی

پرســــیارەکانیش مـــــەودای گومـــــان و بیرکردنـــــەوەکانی فراوانــترکردووە، شــاعیر لــە شــیعری (مــاوە خواســتن بــۆ دوا نیگا)دا:

**ئایە ماوەی دوا نیگا ماوە**
**بە تەک گەڵایەکدا تێبپەڕم**
**شەونمێکی لەسەر مابێتەوە**
**بەسەریدا بنووشتێمەوە و ماچی بکەم**

لـەم وێنـە شـیعرییە، شـاعیر پرسـیارێک دەکـات، پرسـیارێکی گومانـاوی و دەپرسـێ، ئایـە مـاوەی دوانیگـا مـاوە، کـە بـەلای گەڵایەکدا تێبپەڕێ، شەونمی لەسەر مابێتەوە؟!! چونکـە شـاعیر لە زەمەنێکدا دەژی، گەڵاکان هەموو وشک بـوون، گومـان لـەوە دەکـات، کـە تاکـە گەڵایـەک مـابێت کـە شـەونمی لەسـەر بێـت، گومان لەوە دەکات کە ماوەی دوا نیگا مابێت، ئەو گومانـەی کـە ئەم لەم شیعرە بەرجەستەی کردووە، جگە لەوەی دوورنمایـەکی مەعریفی و وشیاری قووڵی هەیـە، لـە هـەمانکاتیش/ فیگـەرێکی ئیستاتیکی بە دەقە شیعرییەکە بەخشیوە.. لە پشتی گومانەکـەوە نائومێدییەکی گەورە وێنا دەکات لـەوەی، کـە گەڵایـەک مابێتـەوە لێوەکـانی شـەونمییان لـێ بتکێـن.. گومـان لـە کـات و زەمـەن دەکات، گومان لە سروشـت، گومـان لـە دەوروبـەر دەکـات، لـە ڕێگەی پرسیارەکەشی گومانەکەی قووڵتر کردۆتەوە.
یان لە شیعری (دوا تاریکی)دا:

**ئەرێ لە بەهەشت گۆڕستان هەیە**

ئەمە پرسیارێکە دەتـوانم بڵێـم، قووڵـترین گومـان و هـەڵگری دژی بیرکردنەوەی باوە، دیمـەنێکی بێئەنـدازە شـیعری و ناسـکی خولقانـــدووە، شـــاعیر لـــەم کتێبەیـــدا و لـــەنێو شـــیعرەکانیدا، جەستەیەکە پڕاوپڕ لە گومـان، گومـان و نیگەرانییـەک هـەروەک (قەدیس ئۆگستن) لە کتێبی (دانپیانانەکان) تـەعبیری لێـدەکات و دەڵێ/ (دڵەکانمان هەر بە نیگەرانی دەمێننەوە تا ئەوکاتەی کە لە خـــودادا پشـــوو دەدەن..!) پرســـیار و گوناهـــەکانی (ســـەباح

ڕەنجدەر)یش نیگەرانییەکی لەم چەشنەمان بـۆ رەسـم دەکـات، کەوا لە پشـتی ئـەم پرسـیارە، هـەموو یەقینـەکان و قسـەی نێـو کتێبە ئاسـمانییەکان هەڵدەوەشـێنێتەوە، چونکـە بـە پێـی قسـەی خوداوەنـدەکان و ئایینـەکان و کتێبـە ئاسـمانییەکان، بەهەشـت ماڵێکی ڕۆشنی هەمیشەیی و هەتاهەتاییـە. ئەوکەسـانەی دەچنـە بەهەشـتەوە، دەگەنـە نێـو مـاڵ و نێـو ژیانـە هەمیشـەییەکەی ئەبەدییەت. بەهەشت شـوێنی ژیانـە نـەک مـردن. بـەڵام شـاعیر گومان لەم چەمکە جێگیر و موتلەق و ڕەهایـە دەکـات و گومـان لە هەموو بیرۆکـە میتافیزیکییـە چەسـپاو و میراتییـەکان دەکـات، کەلێنێک بۆ گومان دەهێڵێتـەوە و دەپرسـێ/ ئـەرێ لـە بەهەشـت گۆڕسـتان هەیـە..؟ هـەمووومان دەزانیـن گـۆڕسـتان ماڵێکـە بـۆ مردووەکان، نـەک بـۆ مرۆڤـە سـەرمەدییە بەهەشـتییەکان..! لـە هەرشوێنێک کە گۆڕستان هەبێ، مانای وایە لەو شوێنە مردنیـش هەیە..! بەمانای دیسان لە بەهەشـتیش مـردن هەیـە..! ئـەوەش لەگەڵ باوەڕە خوداوەندییەکان و کتێبە ئاسـمانییەکان دژ و ناتـەبا دێتـەوە، یـان نـاگونجێ. ئـەم پرسـیارە گومـان و رەهەنـدێکی مەعریفی قووڵی لە پشتە، شاعیر دەمانگەیەنێتـە ئـەم بـاوەڕەی کە هەموو پرسیارێک گومانێکی گـەورەی لـە پشـت بـێ، هـەموو گومانێکیش مەعریفەیەکی قووڵی لە پشـت بـێ..! هـەروەها لـە شوێنێکی تر و لە شیعری (بانگەواز بۆ گۆڕهەڵکەن)دا:

**ئەرێ شادی بێهوودە خەونەکانم چی لێبکەم**

شاعیر جەستەیەکە پڕاوپڕ لە خەون و خەونەکانی پڕاوپڕن لە گومان، نازانێ چی لە خەونەکانی بکات و تەسلیم بە کێی بکـات، بـەکام ڕێگـادا بـڕوات تـا لەوسـەرەوە بـە ئومێـد و خەونـەکانی بگات.. ڕێگاکان تەماوی و تاریکن، لەنێو بێشکەی مەشخەڵانێکدا، دەروونی تاساوی پڕە لەخەون و کڵپە دەکـات، لـە هـەمانکاتیش/ نازانێ خەونـەکانی چـی لێبکـات...! دەبینیـن شـاعیر لـە ڕێگـەی پرسـیارەکان تـەعبیر لـە نـاخ و هەسـتە گوماناوییـەکانی خـۆی دەکات. (پارادۆکس) توخم و پێکهاتەیـەکی تـرە لـە نێـو شـێواز و زمـانی شـیعری ئـەم کتێبـەی (سـەباح ڕەنجـدەر)، پـارادۆکس

بـــەمانای/ پێکـــەوە گرێـــدانی دوو دەســـتەواژە یـــان دوو چـــەمکی دژبەیـــەک لـــە ڕســـتەیەک یـــان دیمـــەنێک یـــان لـــە پەرەگرافێکـــدا، ئەمەش بۆ ئامانج و مەبەستی دیاریکراو، بۆ دووبـارە ناونانـەوە و بەخشینی ماناو مەبەستی جیاواز، شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنان و لێکگرێدانی چەمکە دژ و ناتەباکان دەیـەوێت، مەبەسـت و مانـای نوێ بخوڵقێنێ،/ چونکە زمان لە فەزایەکی ئازاددا دەبێتـە بێشـکە و منداڵــدانی بیرکردنــەوەی نــوێ، یــان فــۆڕم و دەســتەواژەی نوێ..! هەروەک (**ئەدۆنیس**) لە شوێنێکدا دەڵێ (ئەرکی شـاعیر هەر بە تەنیا ژێرەوژوورکردنی چەمکی زمانی شیعری و فـۆڕمی قەسیدە نییە، بەڵکو بەر لەهەر شتێ، دەبێت چـەمکێکی نـوێ بـۆ مــرۆڤ و جیهــان دابهێنــێ..!). شــاعیر لــەنێو ئــەم هەوڵانــەی دەیـەوێت، دنیـاو شـێوازێکی نـوێی تایبـەت بـەخۆی وێنـە بکـات، هەربۆیـــە هـــەموو ســـتایل و شـــێوازە کۆنـــەکانی بەرلـــەخۆی ڕەتدەکاتەوە، زمانێکی شیعری تایبەت بەخۆی بەرهەمــدەهێنێ و ملکەچی هیچ سیستەمە ڕێزمانییەکیش نابێت، هەموو سیسـتەمە باوەکـــان و فۆڕمـــەکانی پێشـــخۆی رەتدەکاتـــەوە یـــان هـــەڵیان دەوەشـێتنێتەوە. لەسـەر سیسـتەمێکی زمانـەوانی و فـۆڕمێکی تەواو جیاواز دەڕوات، هەروەک لە شیعری (هەواڵپرسین)دا:

**یاری دڵ یارمەتیم بدە بتوانم بنووسم دڵی خۆم**
**لەگەڵ دڵی خۆم ڕاوێژبکەم و ڕاز بدرکێنم**

لێرەدا پارادۆکسێک دەبینین.. داوا لە یاری دڵ دەکات یارمـەتی بدات تا بتوانێ دڵی خۆی بکاتەوە و ڕازەکانی بدرکێنێ، لە باری ئاسایی هەموو کەسـەکان یـان دڵـدارەکان داوا لـە یـاری دڵ یـان دولبەرەکەیان دەکەن کـە (ئـەوان) دڵـی خۆیـان بکەنـەوە بۆیـان. دولبـەرەکان ڕازی دڵیـان بـدرکێنن و نهێنییـەکان ئاشـکرا بکـەن، بەڵام، ئەم بە پێچەوانەوە/ داوا لە یاری دڵ ناکات کـە دڵـی خـۆی بکاتــەوە و ڕازەکــانی دڵــی بــدرکێنێت، ئــەو دەخــوازێ یــاری دڵ یارمەتی ئەو بـدات، بـۆ ئـەوەی ئـەو ڕازی دڵـی خـۆی بکاتـەوە و بدرکێنێ.. بە پێچەوانەی هـەموو دڵـدارەکانی تـر و بـە جیـاواز لـە هـەموو کەسـەکانی تـر، چونکـە خـۆی جەسـتەیەکە لـە گومـان و

پڕاوپڕە لە شەرم غەریزەی چەپێندراو و نیگەرانی، خـۆی نـاتوانێ دڵی خۆی واڵابکات و ڕازەکانی بدرکێنێ، داوا لە یاری دڵ دەکات کە یارمەتی بدات، بەهۆی ئەم پارادۆکسەوە وێنەیەکی شیعری پڕ لـە جوانکـاری نەخشـاندووە. هـەروەها لـە شـیعری (دایکـم و باوکم)دا:

**بە جلی ڕەشەوە چووە پەردەی بووکێنی و ئاهەنگی خامۆشییەوە**

لەم ڕستەیە و لەم دیمەنـە شـیعرییە، پارادۆکسـێکی ناسـک و جوان دەبینین، (جلـی ڕەش و پـەردەی بـووکێنی) دوو چـەمک و دوو دەستەواژەی دژ بەیەک، جلی ڕەش هێمایە بـۆ کارەسـات و مــردن و ڕووداوە خــەمناک و تراژیدییــەکان، لــە هەمانکاتــدا، پەردەی بووکێنی/ ئاهەنگ و زەماوەند و خۆشی و کەیف و سەفا، دیمـەن و ڕووداوە دڵخۆشـەکان و چوونـە نێـو ژیـان و دنیایـەکی نوێوە، زەماوەند یـانی بـەزم و شـادی و جلـی سـپی، جلوبـەرگی ئاڵوواڵاو ڕەنگاوڕەنگ، بەڵام ئەم لەم ڕستە شیعرییە، جلی ڕەش و زەماوەند پێکەوە دەلکێنێ، دوو دنیـای ڕەش و سـپی لـە یـەک دیمەن ڕەسم دەکات، ئەمەش ئامانج و مەغزایـەکی ڕیشـەداری قووڵ دەنەخشێنێ.. لە هـەمانکاتیش جوانییـەکی بێئەنـدازەی بـە وێنە شیعرییەکە بەخشیوە. لە نێو ڕووبەری زماندا، بیرکردنەوە و مەعریفە گەشە دەکەن، دەتوانین بڵێین/ شیعر پشـت دەبەسـتێ بە باکڕاوندێکی مەعریفی کە دەبێتە، چوارچێوەیەکی نەخشـەڕێژ بۆ بیرکردنەوە و خـەیاڵ و گەڕانـەکانی شـاعیر، چوارچێوەیـەکی زمانەوانی و ئیستەتیک، لـەوێوە ئەفرانـدن و داهێنـان مانـا پەیـدا دەکـەن. چونکـە هـەموو ئەفرانـدنێک بریتییـە لـە نەخشـاندنی دنیایەکی نوێ و دنیایەکی تایبەت بەخود، (سـەباح ڕەنجـدەر) لـە (کتێبی حەزدەکەم ئەوەندە بژیم) لە ڕێگـەی چڕبوونـەوە لـە نێـو زمـان و بـەکارهێنانی شـێواز و سـتایلێکی نـاوازەوە، ئەفرانـدن دەکات و دنیایەکی نوێ و پڕ لە گومان و پرسیار، پڕ لە تەنگژەی نێـوان دەسـتەواژە و چەمکـە هـاودژ و ناتـەباکان، لـە بـەرگێکی جوانکاریـدا، بـە بـڕوای مـن زۆرێـک لـە دیمـەکانی ئـەم کتێبـەی

شـیلەی شـیعرییەتیان لێـدەڕژێ..! دووبارەکردنـەوەی وشـە و ڕستە و دەستەواژەکان و جێگۆڕکێکردن بـە وشـە و ڕسـتەکان، ئەمەش پێکهاتە و شێوازێکی شیعری پۆستمۆدێرنییە کـە، شـاعیر لـەم کتێبەیـدا بـە تـۆخی ئیشـی لەسـەر کـردووە، شـاعیر لـەم کتێبەیدا، لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەو جێگۆڕکێیەکان، گەمەیـەکی زمانەوانی جوان دەکات، ئەمەش بۆ دوو مەبەست، لەلایەک/ بـۆ قووڵبوونەوەی ماناکـان و ڕاکێشـانی فۆکەسـی زێـتری خوێنـەر، لەلایـەکیتر/ بـۆ جوانکـاری و نوێخـوازی. هـەروەک لـە شـیعری (بەتاڵبوونەوەی داوا) دا.. دووبارەبوونـەوەی و گەمەیـەکی جـوان دەبینین.. هـەر دیمەنـە شـیعرێک لـە ڕسـتەیەک پێکهـاتووە، هـەر ڕستەیەک چوارجار نووسراوە، واتە سێجار دووبـارە کراوەتـەوە، دیمەنی کۆتاییش پێکهاتووە لە کۆی هەرچوار ڕستەکان.

دیمەنی یەکەم/ کارئاسکێک بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە،

دیمەنی دووەم/ تەمەنی بەفری سەر لووتکە بەپیتە و دەڕژێتـە باخی ناوبانگەوە

دیمەنی سێیەم/ پەپوولە بەتاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمـۆ دەکات

دیمەنی چوارەم/ ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکـەوێت و دەبێتـە خەیاڵێکی ئەفسانەیی

دیمـەنی پێنجـەم/ پێکهـاتووە لـە وشـەی یەکـەم و دووەمـی هـەموو ڕستەکانی سەرەوە وەک/ (کارئاسکێک، تەمەنی بەفر، تاسـەی پەپوولـە، ڕۆژی سەر ڕێگا) تاریکبوون وەک هێڵانەی هێلکەی شکاو.

لە کۆتـایی ئـەم شـیعرە دیسـان دەڵـێ/ وەرە خـەونم نـاتوانم هیچت لەبارەوە بڵێـم..! ئـەم دێـرە شـیعرە لـە شـوێنی تـر و لـە شـیعری تریـش دووبـارەی کردۆتـەوە، بـەم دووبارەبوونەوەیـە، پرسیار و گومانێک لـەلای خوێنـەر دەوڕوژێنـێ! دەبـێ ئەوکەسـە یان ئەو شتە چـی بێـت، کـە نـاتوانێت هیچـی لەبارەیـەوە بڵێـت؟ دەبێ چ نهێنییەک لەم نێوەدا هەبێت؟ بۆ دەبێت شاعیر هێنـدە بـە تەحەفز و دڵەڕاوکێوە باس لەوە بکات، ئەمانە و چەندین پرسیار و گومانیتر..! هەروەها لە شیعری (دابەشکردنی شتێک لە خۆت) لە ڕێگەی دووبارەبوونەوە و جێگۆڕکێ بە وشـەکان، گەمەیـەکی جوان دەکات بە وشەکانی (بوون و نەبوون و ژیان و مردن).

**مەستی پەیوەندی منە لەگەڵ/ بوون**
**مەستی پەیوەندی منە لەگەڵ/ نەبوون**
**مەستی پەیوەندی منە لەگەڵ ژیان**
**مەستی پەیوەندی منە لەگەڵ/ مردن**

**بوون نەبوون ژیان مردن**
**نەبوون ژیان مردن بوون**
**ژیان مردن بوون نەبوون**
**مردن بوون نەبوون ژیان**

یان لە شیعری (باوک و دایکم) دا، پەیوەندی جلی ڕەش و پەردەی بووکێنی، ئەم دیمەنە وەک پارادۆکسێک قسەمان لەسەر کرد. بەڵام، دوای ئەوە وشەی (جلی رەش) هەشتجار دووبارەی کردۆتەوە، دیارە لە قوتابخانە ئەدەبییەکانی مۆدێرنە و دوای مۆدێرنەش، لە میتۆدی (سیاقخوازی) ژیان و باری دەروونی نووسەر گرینگی زۆری پێدەدرێ، لەم شیعرە کاریگەری ئەم باری دەروونییەی نووسەر دەبینین لە بەرامبەر، لە شەوێکی خامۆشیدا، بە جلی ڕەشەوە چوونە نێو پەردەی بووکێنییەوە..! کاریگەرە دەروونییەکان زۆر بە تۆخی دەبیندرێن، کاریگەرییەکی بێوێنە لەسەر بیرکردنەوە و هەست و تەنانەت ژیانی نووسەر..! تا ئاستی ئەوەی/ ناتوانێ بە ڕەسمکردنی دیمەنەکە و بە پارادۆکسکردنی دیمەنەکەش وازبهێنێ، دێت وشەی (جلی ڕەش) هەشتجار دووبارە دەکاتەوە، بەڵام، بە بڕوای من/ (تەنها یەکجار جلەکەی) پێویست بوو، دەیتوانی ڕەشەکە دووبارە بکاتەوە، ئەوکات هەم بۆ جوانکاری و هەم لەباری مۆسیقا و هەم جلە ڕەشەکەش، ڕەشێتییەکەی تۆختر و سەرنجڕاکێشانەتر دەردەکەوت وەک.

جلێکی ڕەش/ ڕەش ڕەش رەش ڕەش ڕەش ڕەش ڕەش..! بەمشێوەیە دیمەنەکە ناسکترو شیعرییانەتر دەردەکەوت. یان لە شیعری (چاوەڕوانییەکی تێکشکاو) دا، دیمەنێکی تەنها بە دووبارەبوونەوەی نوختەکان نەخشاندووە،

................
................
................

وێنەیەکی شیعری جوان، وەک ئەوەی نوختەکان بە بێدەنگی قسە دەکەن، باسی نیگەرانییەکان و چاوەڕوانییەکی تێکشکاو دەکەن، بە بێدەنگی و بەچرپەوە خەونەکان و خەمەکانییان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە، وێنەیەکی شیعری جوان، هێمن و ئارام لە هەمانکات/ پڕ لە قسە و پڕ لە گلەیی.

## شیعر و یادەوەری

خاڵێکی تری ئەم کتێبە شیعرییە کە دەکرێ باسی بکەین ئەویش، دەبینین شاعیر لەسەر زۆرێک ڕووداوە گرینگەکان بە زمانی شیعری، دوور لە زمانی هوتاف و هاتوهاوار، قسەی کردووە، مەبەستی شاعیر لێرەدا لەلایەک/ بەشێک لە یادەوەرییە هەمیشە لە یادەکانی خۆی بە شیعر نووسیوەتەوە، لەلایەکیتر/ دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێ کە، شیعر دەتوانێ قسە لەسەر هەموو کارەساتێک و ڕووداوێک بکات، یان دەتوانی بە زمانی شیعریش ڕەخنەی توند بگریت.. دیارە شاعیر بە شێوە سروشتییەکەی، کەسێکی ئارام و هێمنە، هەروەک خۆی لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ، (بە سروشتی ژیانی خۆشم حەزم لە تەنیاپی و کەمدوویی و کەمێک دوورکەوتنەوەیە لە خەڵک، بەڵام لە میانی شیعرەکانمەوە چۆڵایی بەر زەین و هەستەکانم پڕکردووە لە خەڵک و ئاژەڵ و گیاندار و پەلەوەڕ...!) بەمانایەک، بەشێوە ئاساییەکەی خۆی حەزی لە تەنیایی و کەمدووییە بەڵام، لەنێو شیعردا دەمی پڕ قسەیە و کەسێکی ئاوەدان و قەرەباڵغە، لەکاتی پێویست ڕەخنەکانی خۆی دەگرێت و قسەکانی خۆی دەکات...! هەروەک لە شیعری (چاوەڕوانی تێکشاکاو) دا، دەبینین زۆر بە جدی وەکو شاعیرێک بە زمانی شیعر ڕەخنەی توند لە دەسەڵات دەگرێ، ئەوانەی ئومێد و خەونەکانییان خنکاند، گەنجینە و سامانی ئەم وڵاتەیان بەبادا، شووشەی خەون و دڵەکانییان شکاند، سەباح ڕەنجدەر لەم شیعرەیدا:

**دەسەڵاتی بێزراو و پرسیاری**
**دوورکەوتنەوە لێم و گیرخواردن و وێڵکردن**
**دەست و دەسەڵاتێک گەنجینەی نەتەوەکەی**
**شکاند و نیشانەی شانازی لە دەست خزی**
**نیگای چاوێکی کوێری کێشا**
**دڵی بە شادی لێی نەدا**

............
**شووشـەی دەروون و نـاوی شـکاو بـۆنی گـەنیو ئەوناوەی**
**هەراسان/ هەراسان/ هەراسان/ هەراسان کرد**
**ئێمەش چەناگەمان خستە ناو دەستمانەوە**

دەسەڵاتێکی بێزراو، ئەوانەی گەنجینەی نەتەوەکەیان شکاند و نیگای چاوێکی کوێریـان کێشـا..! کوێرانـە هـەموو خەونـەکانییان زیندەبەچاڵ کـرد، نیشـانەی شـکۆمەندی و شـانازییان لەدەسـت خزیو هەموو شتە پیـرۆز و جوانـەکانییان بێبـەها کـرد، شووشـەی ناخ و دڵە بۆگەنەکانییان شکاو، ئەوناوەی بێزار و هەراسان کرد و ئێمەشیان لە چاوەڕوانییـەکی تێکشـکاو، سـەرگەردان و نائومێـد هێشتەوە...! ڕەخنەیەکی مەعقول و جـوان، زمـانێکی شـیرین و هەستێکی مرۆیی ئـەم هەسـتە ڕەخنەییـەی ئـەم شـیعرە، کۆپلـە شـیعرێکی (عەبـدوڵا پەشـیوی) شـاعیرمان دێنێتـەوە یـاد، کـە بەهـەمان هەناسـە و هـەمان جوانکـاری شـیعری، بێـزاری و ڕەخنەکانی خۆی لەم دەسـەلاتە وێنـاکردبوو، وابزانـم شـیعرەکە بەمجۆرەیە کە:

**کوردستان پەیتوونێکە**
**دوو ئەسپی کوێر ڕایدەکێشن**

هـەروەها (سـەباح ڕەنجـدەر) لـە شـیعری (گەرمبوونـەوەی یادەوەری) لە ڕەخنەکانی بەردەوام دەبێ:

**گەمارۆی هەموو جێگاکانمان شکاند**
**تەنیا گەمارۆی جێگا پێی شەهیدەکان ما**

وەک هێما و ڕەمزێکی پیـرۆز بـاس لـە شـەهید دەکـات. وەک شوناس و ناسنامەی شۆڕش و نەتەوایـەتیمان، وەک سـیمبوڵ و بـەرخودانی ئـازادی و بـوون و مرۆڤایـەتیمان، ڕووی دەمـی لـەو دەسەڵاتە دەکات، ئەوانەی نیشانەی شـانازییان لـە دەسـتخزی و

نیگای چاوێکی کوێرییان کێشا و پێیان دەڵێ/ گەمارۆی هەموو جێگاکانمان شکاند، هەموو سنوورێکمان بەزاند، هەموو خەونێکمان خنکاند، تەنیا سەروەری و جێگا پێی ش ەهیدەکانمان ماوە، لێرەدا مەبەستییەتی پێیان بڵێ (ستۆپ)، ئیتر بەسە..! بێزاری گەیشتۆتە ئێسقان، سنووربەزاندنەکان و بازنە شکاندنەکان وا خەریکە دەگاتە شوێنپێی شەهیدەکان، لەنێو ئەم ڕەخنە و هاوارەیەدا، شاعیر دەیەوێت بڵێ/ شکاندنی تەوقی شوێنپێی شەهیدەکان هێڵی سوورە و ئیتر دەبێ هەوڵە ناشیرینەکان لێرەدا بوەستێندرێ..! هەروەک لە شیعری (شەڕی ناوخۆ) دا، دیارە شەڕی ناوخۆ مێژوویەکی ڕەش و خەونێکی ڕەش و مەرگهێن بوو بۆ هەموومان. لەم شەڕەدا/ هەموو تخوبە نامرۆییەکان بەزێندران و خیانەت و تاوانەکان بە ئەوپەڕی گەیشتن. هەموو پیرۆزییەک خرایە ژێر پێ.. شەڕی ناوخۆ لە یادەوەری هەریەکێکمان، نائومێدییەکی گەورە و بارێکی دەروونی فۆبیایی و مێژوویەکی ڕەش و خوێناوییە، کاریگەرییەکی نێگەتیڤی تۆخی لەسەر هەست و نەستمان جێهێشتبوو، شاعیریش لەم کتێبەیدا، لەژێر ئەم کاریگەرییە و ئەم بارە دەروونییەی ئەم شیعرە دەنووسێ:

**ئەوە تابلۆی چ شانازییەکە**<br>
**دەیەوێت قسەم لەگەڵدا بکات**<br>
**منیش ناتوانم گوێی لێ بگرم و هیچیشی لەبارەوە بڵێم**

شەڕی ناوخۆ هەموو بەهاکانی سووتاند، هەموو پیرۆزییەکانی خستە ژێر پێ، باڵەخانەی ئومێدەکانی ڕووخاند، ئیدی ئەوە تابلۆی چ شانازییەکە و بەکام ڕوو دەیەوێت زمانی بجووڵێ و قسەبکات. شەڕی ناوخۆ مەدالیای مردنی لە گەردنمان کرد، ئیدی چۆن شاعیر سەلیقە و توانای ئەوەی دەبێ جارێکی تر گوێیان لێبگرێت؟ دەبینین/ ئەم ڕووداوانە هێندە کاریگەرییان لەسەر باری دەروونی شاعیر جێهێشتووە کە، نەیتوانیوە بەلایاندا ڕەتببێ و قسەیان لەسەر نەکات..! بەمانایەک ڕووداوەکان

شاعیرییان هێناوەتە قسـە. گرینگـی ئـەدەب لەوەدایـە، دەتـوانێ هـــەموو ماســـکە ڕەش و ناشـــیرینەکان لەســـەر ڕوخســـاری کەسەکان و ڕووداوەکان لابدات و هـەموو دیـاردە قێزەوەنـەکان وەکو خۆی پێشان بـدات. چەنـد جوانـە بتـوانین بـەزمانی شـیعر، قســە لەســەر ڕووداوە گرینــگ و حەساســەکان بکــەین، یــان کەسەکەی نێو خۆمان بە زمانی غەریزە و خەون و خۆزگەکانمان بهێنینــە قســە. سوریالیســتەکان/ بیرۆکــەی نێــو خەونــەکان و ڕووبەری ناخودئاگاییەکانییان ڕەسم دەکرد و دەیـانکردە بنـەمای شـیعر و تابلۆکانیـان. لـەلای (سـەباح ڕەنجـدەر)ی شـاعیریش، هەڵچوونـە دەروونییـەکان و خەونـە ڕەنگاورەنگـەکان و غـەریزە چەپێنــدراوەکان، وەکــو شــەونم دەڕژێنــە نێــو پانتــایی دەقــە شیعرییەکانی.

## شیعر و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

لە ڕاستای خوێندنـەوەی شـیعرەکانی نێـو کتێـبی (حەزدەکـەم ئەوەندە بژیم)، چەند دیمەنێکی هاوشێوە دووبارە دەبنەوە، نیگـاو سەرنجی خوێنەر زۆر بەخێرایی ڕادەکێشن، دیمەنەکانیش خۆیان قسە دەکەن، باری دەروونی شاعیر و پەیوەندییەکانی شاعیر بـە دەوروبەرەکەی بەتایبەت، لە نێوەندی نووسـەرەران و پەیوەنـدی لەگـەڵ شـاعیرانیتر، ڕوون دەکاتــەوە. شــاعیر لــەم دیمەنانــە موعانـات و دەردەدڵییـەکانی خـۆی نووسـیوەتەوە. هەنـدێک لـە شاعیرەکان، بە کەسی دەروونکلۆر و دڵڕەش و مەنگۆل.. ناویان دەبـات، دیـارە مرۆڤــەکان وەک بوونــەوەری کۆمەڵایــەتی، لــە پەیوەندی بەردەوامدان لەگەڵ یەکتریدا و لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیـان، شـاعیرانیش بـە هـەمان شـێوە، بـەڵام وا دیـارە، ئـەم شــاعیرەمان لەگــەڵ ئــەم نێوەنــدە بــە تایبــەت/ بەشــێک لــە نووســەران و شــاعیران، هــاودژ و ناتــەبا دێتــەوە و نــەگونجاو هەڵدەکات، ئازار و موعاناتی بە دەسـتییانەوە بینیـوە، بـە بـڕوای مـن/ یـا هەسـت دەکـات خوێندنـەوەی نادروسـت بـۆ شـیعر و داهێنانــەکانی دەکــەن، لەبــەر هەرهۆیــەک بێــت وەک خــۆی نایخوێننەوە، تەنانەت (ئەدۆنیس)یش لەشوێنێک باس لـە گرنگـی و کێشەکانی خوێندنەوە دەکات و دەڵـێ (خوێندنـەوە داهێنـانێکی دیکەیـە، مـن لـەو بڕوایـەدام کـە یـەکێک لـە گرفتـەکانی نێـو ڕۆشنبیری بە گشتی ئەوەیە، کە چـۆن بخوێنینـەوە، گرفتەکـە لـە خوێندنەوە دایە نەک لە نووسین، داهێنـەری گـەورە هـەن بـەڵام، نەخوێندراونەتەوە، کەواتە گرفتەکـە لـە داهێنـان نییـە، بـەڵکو لـە خوێندنـەوە و ئاسـتەکانی خوێندنەوەدایـە..!) سـەباح ڕەنجـدەری شـاعیریش، هـەمان کێشـەی لەگـەڵ ئـەم ناوەنـدە ڕۆشـنبیرییە هەیـە، بۆیـە وا هەسـتدەکات لـە پشـتڕا خەنجـەری ژەهراوییـان لێداوە، تا ئاستی ئەوەی ڕقێکی ئەستووری لـەلا دروسـت بـووە، یاخییانە لێیان دوورکەوتۆتەوە، هەروەک لە شیعری (بانگـەواز بـۆ گۆڕ هەڵکەن)دا:

**خودای سەدویەک ناو**
**حیکمەتی وشەم تێدا بخرۆشێنە و لە شاعیرە**
**مەنگۆڵی و**
**دڵڕەش و**
**بەدگۆ و**
**دەروون کلۆرەکان بمپارێزە**

هەمان موعانات و دەردەدڵ لە شیعری (پێشبینی زمـان) لـەم شیعرەدا ڕوونتر و ئاشکراتر هاتۆتە قسان:

**چاکەیەکی زۆری شاعیرە**
**مەنگۆڵی و**
**دڵڕەش و**
**بەدگۆ و**
**دەروونکلۆرەکانم لەسەرە**
**بەوەی زۆر گێچەلیان پێکردووم**
**لە گێچەلیانەوە فێربووم بە ئەدەبەوە بیربکەمەوە**

هەمان هەست و هەمان دەردەدڵ لە شیعری (داڕشتنی چـاو) دووبارەی کردۆتەوە:

**دیکتاتۆر چاوی لە مس و کەلاشووشە داڕێژراوە**
**چاوی شاعیری**
**مەنگۆلی و**
**دڵڕەش و**
**بەدگۆ و**

## دەروونکلۆریش
## لە بەردی لامردە و ڤایرۆس و مەقەس
## چاوی ڕوون حەز بە خۆشبەختی بیندراو دەکات

لە هەرسێ شیعر و لە هەرسێ دیمەن، ئامانج و مەبەستەکان دووبارە دەبنەوە، بەڵام موعاناتەکانی بێئەندازە ڕقئەستوورن.

لە دیمەنی یەکەم/ لە دەست شاعیرەکان بێزار و بە ئازارە، داوا لە خودای سەدویەک ناو دەکات و سکاڵا دەکات کە لە شاعیرە مەنگۆلی و دڵڕەش و بەدگۆ و دەروونکلۆرەکان بیپارێزێ..! لە دیمەنی دووەم/ ڕۆشنتر موعانەت و دەردەدڵەکانی بەیان دەکات، بە توانجەوە دەڵێ/ چاکەیەکی زۆری شاعیرە، مەنگۆلی و دڵرەش و بەدگۆ و دروونکلۆرەکانم لەسەرە بەوەی، گێچەلیان پێکردووم، بەڵام ئەو وەکو ئەوان نییە هەوڵدەدات، لە گێچەلەکانیانەوە فێرببێ بە ئەدەبەوە بیربکاتەوە...! بە مانای/ بیر لە تۆڵەسەندنەوە و ئازاردانییان ناکاتەوە، دیارە ئەمەش کاردانەوەیەکی شاعیرانە و مرۆدۆستانە و پۆزەتیڤە.

لە دیمەنی سێیەم/ ڕقەکەی ئەستوورتر دەبێ و شاعیرەکان، وەک دیکتاتۆر و بێهەست و کوێر و نابینا ناو دەبات، دەڵێ/ چاوی دیکتاتۆرەکان لە کەلاشووشەیە و چاوی شاعیرە مەنگۆل و دڵڕەش و بەدگۆ و دەروونکلۆرەکانیش لەبەرد، واتە ئەوانیش وەک دیکتاتۆرەکان زاڵم و کوێر و نابینان.. جوانیی و ئەفراندن و داهێنانەکانی ئەم نابینن، یان ئەو بە شێوەیەکی جیاواز دەنووسێ و ئەوانیش جیاوازیەکانی ئەم بە هەر پاساوێک بێت، قبووڵ ناکەن و هەوڵەکانی بەرز نانرخێنن..! پێیوایە/ ئەم جۆرە لە شاعیر و نووسەرانە بێهەست و شەڕانگێز و دڵڕەشن. داوا لە خودای سەدویەک ناو دەکات، لەدەست شەڕانگێزی و دەم مەقەستی و بێهەستی ئەم جۆرە شاعیرە بیپارێزێ. چونکە چاوییان لە بەردە و حەز بە خۆشبەختی و جوانییەکانی بیندراو ناکەن. بە پێچەوانەی ئەوان، چاوی ڕوون حەز بە خۆشبەختی و بیندراو دەکات. ئەم بارە دەروونییە و ئەم پەیوەندییەی خۆی لەگەڵ شاعیرەکان و لەگەڵ ئەم نێوەندەدا لە شیعرێکی تر بە ناوی، (ژیان لە دوو سەدە)

هاودژییەکان و ململانێیەکان دەچنە ئاستێکی تر، ئەمیش بە پشتبەستن بە شکۆیی شیعرەوە شەڕی خۆی ڕادەگەیەنێت و دەچیتە پێشەوە، ئەمجارەیان لە ئاستی سکاڵا و دەربڕینی دەردەدڵ ناوەستێ و سنووری بیرکردنەوەی هێمنانە و ئارامبەخشانە دەبەزێنێ و چیتر ئەمیش بێدەنگ نابێ، دەست بۆ هێرشبردن دەبات، لە هەمانکاتیش، شیعرەکانی و داهێنانەکانی خۆی لە ئاستێکی بەرز دەنرخێنێ، تا ئەو ئاستەی، شیعر ئێسکی دەستی ئەو بۆ نێو دەستی خۆی دەگوازێتەوە، هێندەش لە خوداوەند نزیکە تا ئەو شوێنەی، خوداوەند دێرە شیعرەکانی لە ناوچەوانی بەرد هەڵدەکۆڵێت و خۆی بە ئەلف و بێی (بوون و نەبوون) دادەنێ. هێندە شکۆمەندانە لە خۆیی و داهێنانەکانی دەڕوانێ پێیوایە، لە شکۆییەوە جامی داهێنان و ئەفراندنەکانی قەت بە تاڵ نابێت، لەم ڕووبەرووبوونەوەیەی ئەمجارەیان، شاعیرەکان بە مەنگۆل و دڵڕەش و بەدگۆ و دەروونکلۆر ناونابات، ئەمجارەیان بە (شاعیرە پاشخاپەڕۆک و دووپشکە خوودارەکان ناودەبات، کە لە ئاست داهێنان و ئەفراندن و شکۆی ئەو، چزووی شپرزەییان بەکارهێنا و ڕقی ئێسک توانەوەیان هەڵڕشت. لێرەدا یەک دوو دیمەنی شیعری (ژیان لە دوو سەدەدا) وەکو خۆی دەنووسینەوە.

**شیعر هەی نان و ئاوم کە تۆ لە خۆکردی**
**بوویت بە برای خوێنی و شیریم و لە دەرگا و پەنجەرەوە هاتیت**
**دەستی بڕوا هێنانت لە لە خوێنو شیرمدا ڕواند**
**ئێستی دەستمت بۆناو دەستی خۆت گواستەوە**
**دەستی خدری زیندە ئێسکی تێدا نییە**
**شاعیرە پاشخاپەڕۆک و دووپشکە خوودارەکان**
**چزووی شپرزەییان بەکارهێنا ڕقی ئێسک توانەوەیان هەڵگرت**

یان:

**خوداوەنــد دێرەکــانم لــە ناوچــەوانی بــەرد هەڵدەکۆڵێت**
**هەڵمی شێلانی قوڕی ئادەم دەست و پەنجەمی**
**گــەرم کــردەوە و ڕۆحــی بــوون و نــەبوون لــە ناخمدا دەسووتێت**
**شـــــاعیرە پاشـــــخاپەڕۆک و دووپشـــــکە خوودارەرەکان**
**پێیان لە خۆڵەمێشی سووتانم دەبــێ و مێروولــە دەکات**
**لە ئاوێنەیەکی ڕەشدا دەمێننەوە**

**خودا شیعری لە بڕی هەموو شتێک پێبەخشیم**
**سوپاس بۆ بەشە دڵباشەکەی خۆم**

بە بڕوای من هۆیەکانی ئەم کێشە و گرفت و ئەم ڕکابــەری و ململانێیە لەگەڵ شاعیران و ئەم نێوەندە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (ســەباح ڕەنجــدەر) بــە زمــانی شــیعر و ســتایلێکی جیــاواز دەنووســێت، ئیــتر هەنــدێک لــە شــاعیرانیش هەوڵــدەدەن جیاوازییکـانی ئـەو بێبـەها سـەیر بکـەن و لـە داهێنانـەکانی کـەم بکەنــەوە، بۆیــە لــە ململانێــێ بــەردەوام و شــەڕی بــەردەوام دەمێننەوە.

## شیعر و ڕۆمانسییەت

لەگەڵ ئەوەی شاعیر بە زمانێکی جیاواز دەنووسێت، لە نێو زماندا هێندە چڕ دەبێتەوە بە شێوەیەک کە، ئەم چڕبوونەوەیە بە (تەمومژ یان دەقی گران) ناوبنێن بەڵام، لەم کتێبەیدا دیمەنی ناسک و جوان دەبینین کە خوێنەر سەرسام دەکەن، هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی/ هەست و خەیاڵە ڕۆمانسییەکان کەمتر لەنێو شیعرەکانی (سەباح ڕەنجدەر) بەرچاو دەکەون بەڵام، ئەگەر سەیر بکەین لە شیعری (بەرەو ساکاربوونەوە):

**خۆر سڕبووە**
**ڕوومەتی ئاسۆی پێ گەرم نابێتەوە**
**وەرە خەونم ناتوانم هیچت لەبارەوە بڵێم**
**ڕایەڵەکانی تاسەو ماڵئاوایی ون دەبن و دەردەکەونەوە**
**تووخوای جوان وەرە خەونم**
**بۆ ئەوەی ساکارانە بڕوانمە زەوی**
**یا زەوی لە دڵتوندییەکیدا هەناسەیەکی من هەڵمژێت**

یان:

**دەمەوێت بە تەواوی تێت ڕابمێنم و بەوڕامانەوە بژیم**
**وەرە خەونم**
**مانگەشەوان لە نزیک کانی و ئاوێک**
**پێم بە کەناری پشوودان شۆڕدەکەمەوە و تێت ڕادەمێنم**
**لێم ڕامێنە لە مردن زیاتر لە ژیان پێت دەژیم**

ئەم شیعرەی (سەباح ڕەنجدەر)، بە جیاواز لە ستایل و زمـان لەگەڵ شیعرەکانیتری، شیعرێکی ناسک و پڕاوپڕە لـە هەسـت و خەیاڵی ڕۆمانسییانە، چونکە خوێنـەر بـە شـێوەیەکی ئاسـایی لـە گەڵ شیعرەکانی (سەباح ڕەنجدەر) وا بە ئاسـانی ناگەنـە بنـج و بناوانی مەبەستەکان و بەم شێوە کۆنکرێتییە مانایەکی ڕۆشـن و ڕوونییان دەستناکەوێت. بۆ کردنەوەی هێما و میتـافۆر و وشـە و ئاماژەکان، پێویست بە خوێندنەوەی زێـتر و بـە ڕامـانی وردتـر و قوولتر هەیـە. بـەڵام لـەم شـیعرە خوێنـەر بـە خوێندنەوەیـەک تـا ئاستێکی باش تێکـەڵ بـە دیـوی نـاوەوەی دەقەکـە و خەیاڵـەکان دەبیـت. مانایـەک و خوێندنەوەیـەکی لـەلا دەسـت دەکـەوێت. (خۆرسپڕ بووە، ڕوومەتی ئاسۆی پێ گەرم نابێتـەوە)، لـەم دێـرە شیعرە دا پارادۆکسێکی زۆر بـەهێز و زۆر سـەرکەوتوو دەبینیـن، وێنە شـیعرییەکەش زۆر هونەریانـە و وەسـتایانە نەخشـێندراوە و پڕاوپـڕە لـە شـیعرییەت.. هـەروەک هـەمووومان دەزانیـن، خـۆر سەرچاوەی ئاگر و رووناکییـە، بـە شـێوەیەکی ئاسـاییش، کاتێـک پلەی گەرما لە ژێر سفر دا دەبێت، واتە لەبەر سـەرمایەکی زیـاد لە پێویست شتە سروشتیەکان سڕ دەبـن و لـە جووڵـە دەکـەون یـان سسـت دەبـن. مانـای شـیعرەکە وای لێـدێت، خـۆر لەبـەر سەرمایەکی لەڕادەبەدەر سڕ بووە و ڕوومەتی ئاسـۆی پێگـەرم نابێتەوە، بەمانای ئاگر لەبەر سەرمادا سڕ بووە، (ئاگر و سـەرما) دوو پێکهاتە و دوو شتی دژبەیەکن، بەیەکەوە گونجاندنی ئەم دوو دژە، سەلیقە و توانایەکی شیعری بەهێزی تیا بەدیدەکرێت.

وەرە خەونم ناتوانم هیچت لەبارەوە بڵێـم/ هـەروەک باسـمان کرد، ئەم دێرە شیعرە وەک بوخچەیەک وایە، پڕیـەتی لـە نهێنـی، نهێنییەکانیش پڕن لە شیعرییەت و جوانی.

**تووخوای جوان وەرە خەونم**

**بۆئەوەی ساکارانە بڕوانمە زەوی**

**بـە زەوی لـە دڵتووندییەکیـدا هەناسـەیەکی مـن هەڵمژێت**

شاعیر زۆر پەرۆشانە، داوا لەکەسێکی نادیار و وەهمی دەکات بێتە خەونی، وە ئەوکەسەش بە ئەندازەی خودا پیـرۆز و جـوان و شیرینە لەلای. تووخوای جـوان وەرە خـەونم، پاڕانەوەیـەکی پـڕ لەبەرائەتی سۆفییانە، لەهەمانکات، پڕ لە عەشقێکی خودایی، وا هەسـتدەکرێ شـاعیر لێـرەدا لــە بـارێکی دەروونـی شـێواو و ئاڵۆزدایـە، بــە دیتــن و نیگایــەکی گــەرمی ئەوکەســە، ئەگــەر لەخەونیش بێت، ئارام دەبێتەوە و هێزی دێتـەوە بـەر و دەتـوانێ، سـاکارانە بڕوانێتــە زەوی و زەویــش لــەم دڵەڕاوکێیــە و لــە دڵتووندییەکیدا ڕزگاری بێت و هەناسەیەکی ئارام هەڵمژێت.

**وەرە خەونم مانگەشەوان لە نزیک کانی و ئاوێک**
**پێـم بـە کـەناری پشـوودان شـۆڕدەکەمەوە و تێـت ڕادەمێنم**
**لێم ڕامێنە لە مردن زیاتر لە ژیان پێت دەژیم**

لێرەدا، هەست بە عەشقێکی تابلێی ئەفسووناوی و ئەشقیایی دەکەین، هەستی ئەو عاشقە گەورانەی کـە لـەتاو عەشـقەکەیان بــە دەشــت و چیــاو کێــوان دەکــەوتن، ئەوانــەی ئەفســانەیان دەخوڵقاند، وەرە خەونم..!/ لێم ڕامێنە/ لە مردن زێتر/ لـە ژیـان پێت دەژیم.. کەسێک وا دیارە وەکو هەناسە وایە بۆ ئەو، دەتوانێ وەک (موعجیزە) جووڵە و ژیانی ئاسـایی پـێ ببەخشـێتەوە، یـان هێزی ئەوەی پێ ببەخشێ، تا لە مردن دوورکەوێتەوە، تـەنها داوا دەکـات بێتــە خــەونی کارەســاتەکەش لێــرەدا ئەوەیــە تــەنها داوادەکات بێتە خـەونی چونکـە، نـاتوانی هیـچ شـتێکی لـەبارەوە بڵێت

# پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوی شاعیر

لـە نێـو کتێـبی (مـن حەزدەکـەم ئەوەنـدە بژیـم)، خوێنـەر بـە خێرایـی هەڵوێسـتە لەسـەر خاڵێـک دەکـات و هەسـتی پێـدەکات ئەویش، (پەیوەندی شاعیر لەگـەڵ خـودی خـۆی، یـان عەشـق و خۆشەویسـتی بـۆ شـاعیرییەتی خـۆی، واتـە خـۆیی و ئـەوی شاعیر..!). ئەمە بۆ کەسی دووەمی تاک، بەڵام بۆ کەسی یەکەی تاک واتە، (من و خۆم) یان (خۆم و منی شاعیر..!) ئـەم عەشـق و خۆشەویسـتییە بـۆ خـود لـە ئەفسـانەی یۆنانییـەکان و لـەلای (سیگمۆند فرۆید) نـاونراوە (نەرجسـییەت). هـەروەکو لـە کتێـبی (نەرسیسـیزم) دا هـاتووە، نەرجسـییەت بـە شـێوەیەکی گشـتی، ئەوکەسـانە دەگرێتـەوە، کـە بـۆ هەمیشـە بیـرو هۆشـییان لـەلای خۆیانە، خۆیان لە سەرووی کەسانیترەوە دەبینـن، یـان هـەروەک (تیـۆدۆر ڕۆبیـن)ی دەروونـنـاس و نووسـەر دەڵـێ/ (کەسـی نەرجسی لە دنیای تایبەتی خۆیدا دەژی و پێیوایە، هەموو دنیا هی ئەوە..!). ئەدەب و هونەر یان نووسـین بەگشـتی/ ئـەو دەربڕینـە هێمـا ئامێزەیـە، بـۆ ئـەو دنیـا پـەنهان و شـاراوەیەی نێوخۆمـان. غەریزەکان و خەونە چەپێنـدراوەکان، ڕووبـەرێکی فراوانـی ئـەم دنیا شاراوەیەن، (سەباح ڕەنجدەر) لەگەڵ کەسەکەی نێو خـۆی، کـە هـەڵگری بوخچـەی غـەریزەکان و خەونـە چەپێنـدراوەکان و مـەیل و حـەزو ئارەزووەکانییـەتی، لـە پەیوەندییـەکی ڕۆحـی نزیکدایە..! بە شکۆمەندییەوە باس لەو شـاعیرە و ئـەو کەسـەی ناوەوەی خۆی دەکـات، ئـەو کەسـەش (ئـەوی شـاعیرە..!)، کـە لەنێو دنیای ئیلهام و سرووش و کەشوهەوای داهێنانـدا دەژی، وە لـە پەیوەنـدی نێـوان (ئـەو و خۆیـدا)، حـەزدەکات، ئەوەکـەی ناوەوەی، کەسایەتییەکی شـاعیر بێـت، (شـاعیربوون) بکات بـە شوناسی کەسایەتی خۆی، مەبەستمان ئەوی خـۆی واتـە (ئـەوی شاعیر)، فەخر و شانازی دەکات بەو شوناسە و بە شـاعیربوونی خۆی، دەیەوێ بە شـوناس و کەسـایەتی شـاعیری دەرکـەوێت و بناسرێتەوە، چونکە لە کتێبی (لەگـەڵ سـایکۆلۆژیادا) هـاتووە کـە کەسـێتی/ (دەمامکێکـە دەیپۆشـین، ئـەو ڕوخسـارەیە کـە لـەنێو

خەڵکـدا پێـوەی دەرکــەوین، ڕەفتارەکانمــانی پــێ دەنــوێنین، مامەڵەی پێ دەکەین، کارەکانمانی پێ ڕایی دەکەین، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان پێ ڕێکدەخەین..!) هەروەها دەشڵێ (مــەرج نییە ڕوخساری کەسێتی بە تەواوی ناوەوەی ئێمە یان جەوهــەری ئێمە بخاتە ڕوو..!) یان هەر لەنێو ئەم کتێبەدا لـە شـوێنێکی تـردا دەڵێ/ (کەسـێتی لـە حەقیقەتـدا مـرۆڤ خـۆی نییـە، بـەڵکو ئـەو ڕوخسارەیە کە لەبەردەم خەڵک خـۆی پێیـەوە نمـایش دەکـات و ڕەفتــار دەنــوێنێت..!). (ســەباح ڕەنجـــدەر)ی شــاعیر، وەک کەســێکی نەرجســی، هێنـــدە سەرســامە بــەو کەســایەتییە شـاعیریەتیەی خـۆی، کـە (ئـەوی شـاعیر) لـە سـەرووی هـەموو کەسێکیترەوە دەبینێ، شیعر وەک میرات و سـەرمایەکی گـەورە چاولێدەکات و وادەزانێت/ هەموو دنیا هی ئەوە..! ئەگەر بڕوانینە شیعری (گەیشتن بە خۆت)دا:

**سوپاس بۆ ئەو دڵەی خۆم**
**هــەزار ڕێگــای هەیــە بــۆ گەیشــتن بــە نــاوکی ڕووناکی**
**نایەڵێ دڵشکاو بم**
**بەو جۆرەی هەی دەتناسم**
**ناشکرێ ئاشنای کەسێ بم**
**ناشبمە برادەری کەسێک کە بمرێ**

ئەو لە بنەڕەتدا، باوەڕی بە مردنی کەسـی شـاعیر و داهێنـەر نییە، چ جای ئەوکەسە شاعیرە خۆی یان (ئەوی شـاعیر) بێـت..! کە هێندەی دنیا خۆشەویستی بۆ (ئەوی شاعیر) هەیە و عاشـقانە بۆی دەڕوانێ.. ئەو پێیوایـە/ دوای ژیـان، مـاڵی دەگوازێتـەوە نێـو گەردوونییەت و ئەبەدییەت، یانی ژیانی سەرمەدی و هەتاهەتایی، بۆیـــە برادەرایـــەتی کەســـێک ناکـــات، کـــە بمـــرێ، دەبـــێ برادەرەکانیشی (هاوشان و هاوشـوێن و هاوباڵای خـۆی بـن..!)، خۆی لە شوێنێکی بەرزەوە دەبینێت، ئەگەر کەسێک برادەری ئەو بێـت، دەبـێ لـەو شـوێنە بـەرزە بوەسـتێ و لـەو شـوێنە بـەرزە بڕوانێ، ئەگەرنا ناتوانێ بەوبگات و برادەرایەتی ئەم بکات..! بەو

مەبەستەوە سوپاسگوزاری دڵی خۆیەتی، کە هەزار ڕێگای هەیـە بۆ گەیشتن بە ناوکی ڕووناکی، دڵی ئەو، دڵی شاعیرێکی داهێنەر و جواننووسە، دڵی ئەو ماڵێکی ڕۆشنە و چراخـانی ئەبەدییـەت و گەردوونییەتـە. دڵـی (ئـەوی شـاعیر) بـە هـەزار ڕێگـا بـە نـاوکی ڕووناکی بەستراوەتەوە، دڵی ئەو هەرگیز ناهێڵێ، ئەم دڵشـکاو و نائومێد بێ، بەم دڵە گەورە چراخانییـە پرشـنگییە سـەرمەدییەوە، نابێتە برادەری کەسێک کە بمرێ..! یان لە شـیعری (شـیعر ئـەی ناوی خۆم)دا:

**گۆرانیم گوت و بە ناخی خۆم گەیشتم**
**بە ناخی خۆم بگەم بە**
**تەورات و**
**ئینجیل و**
**قورئان**
**دەگەم**

چەنـد بـەرز و شـکۆمەند لـەخۆی دەڕوانـێ..!؟ لـە ڕێگـەی گۆرانی گوتنەوە، لە ڕێگەی دەربڕینی غەریزەکانییـەوە بـە نـاخی خۆی دەگات، (ناخی خۆی) هێندە شکۆمەند و بەرز و پیرۆزە، کـە بەوناخە شکۆمەندییەی خۆی بگـات بـە مانـای/ بـە کتێبـە پیـرۆزە ئاسـمانییەکان دەگـات. گەیشـتن بـەناخی خـۆی مانـای ئەوەیـە، نزیکبوونەوەیـە لـە خوداوەنـد، نـاخی خـۆی، بـە ئەنـدازەی کتێبـە ئاسمانییەکان پیرۆز و پڕ بەهایە، هەروەها لـە شـیعری (قـەڕاغی دەف)دا:

**خودا لە بۆشایی نێـوان ئەسـتێرە و مانگـدا منـی دۆزییەوە**
**دەستی گرتم و هێنامییە خوارەوە**
**لە سێبەری درەختی پیرۆزدا نیشتەجێی کردم**

**باڵنـده هـۆگرم بـوون و بـەرزیيان كردمـەوە بـۆ ئاسمان**
**دووباره خودا پێشكێشی زەوی كردمەوە**
**من لە شەوی تاریک و نووتەكدا**
**بەچرای دزانەوە نەهاتوومەتە ناو ژیان**
**لە ڕۆژی نیوەڕۆدا تاسە ڕسكاندمی**
**ڕیخۆڵـەی نـاوكم بـوو بـە چـەرمی ورد دووراوی قەڕاغ دەف**

دیاره هەر لەنێو ئەم لێكۆڵینـەوەمان جـارێكیتریش ئـەم پارچـە شیعرەم نووسـیوە و خوێندنـەوەم بـۆ كـردووە، ئـەوەش هێمـا و مانای ئەوەیە، كە زۆرێک لە شیعرەكانی نێو ئـەم كتێبـە، زێـتر لـە خوێندنەوەیەک لە خۆدەگرن و وا پێویست دەكات، لە گۆشە و لە دیدگای تروە لێی بڕوانین و قسەی لەسەر بكەین. ئێمە لە خـۆڕا نییە، كە باس لە نەرجسـیەت و خۆشەویسـتی بـۆ خـود دەكـەین، دیـاره ئـەنجامگیری و گۆشـەنیگاكانمان لـە شـیعرەكانەوە سەرچاوەیان گرتووە، شـیعرەكان خۆیـان قسـە دەكـەن. شـاعیر دەڵـێ (خـودا لـە بۆشـایی نێـوان ئەسـتێره و مانگـدا منـی دۆزییەوە..!) ئەو پێیوایە/ (ئەوی شاعیر) كەسـێكی ئاسـایی نییـە، ئـەو لـە سـەرووی خـەڵكانی ترەوەیـە..! لـە شـوێنە بـەرزەكانی ئاسماندا دەژی، خودا ئەوی لە نێوان بۆشایی ئەسـتێره و مانگـدا دۆزیوەتەوە، خودا خۆی دەستی گرتووە، وەک دیارییەک بە ژیـان و مرۆڤایـەتی بەخشـیوە، هێناوییەتـە خـوارەوە و لـە سـێبەری درەخـتی پیـرۆز نیشـتەجێی كـردووە، كاتێـک لـە پێناسـەی نەرجسیەت دا گوتمان/ كەسە نەرجسییەكان خۆیان لە سـەرووی خەڵكانی ترەوە دەبینن..! ئەوەتا ئەو شاعیرەمان چەند خـۆی بـە جیاواز و لە سەرووی خەڵكانی ترەوە دەبینێـت. لـە ئاسـماندا لـە دایک بووە، لەوێدا/ لە شوێنێكی بەرز دەژی. لەسەر زەویـش لـە ژێر سێبەری درەختی پیرۆزدا نیشتەجێ دەبێ..! هەم لە ئاسمان هـەم لەسـەر زەوی، لـە سـەرووی خـەڵكانی ترەوەیـە، بـە پێـی حیكایەتـە مێژوویـی و ئایینیـەكان، خوداوەنـد كـە ئـادەمی لـە بەهەشت وەدەرنا فڕێیدایە سەرزەوی، لەژێر سـێبەری درەخـتی

پیرۆز نیشتە جێی نەکرد. واتە (ئەوی شاعیر) لەلای خوداوەند لە (ئادەم) کە باوکی هەموو مرۆڤایەتییە، پیرۆزتر و خۆشەویستترە. پەیامبەرەکان، هەریەکەیان لە سەر زەوی لە ماڵ و لە شوێنێکی ئاسایی لە دایکبوون و ژیاون، هیچ کامێکییان لەژێر درەختی پیرۆز نیشتەجێ نەببوون. (ئەوی شاعیر) لەلای خوداوەند لە پەیامبەرەکانیش پیرۆزتر و خۆشەویستر بووە، لە ژێر درەختی پیرۆز نیشتەجێی دەکات، باڵندەکان هۆگری دەبن و بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان بەڵام، ئەو شاعیرە و خاوەنی شکۆمەندی شیعر و داهێنانە، کەسێکی جیاوازە، پیرۆز و شکۆمەندە لەلای خودا، لەسەرووی خەڵکانی ترەوەیە، خودا دووبارە پێشکەشی زەوی دەکاتەوە. ئەو بەم هێزە و بەم سەروەری و بەم بەرزەفڕیی و بەم هەموو عەشقە گەورەیەیەی بۆ خود، دەڵێ/ من لە شەوی تاریک و نووتەکدا بە چرای دزانەوە نەهاتوومەتە نێو ژیانەوە، ئەم کەسێکە هێزی ئەفراند و هێزی شیعری لەگەڵدایە، کە پێویستی بە چرای دزان نییە، خۆی واتە (ئەوی شاعیر) خۆرەتاوێکی چراخانی و ڕۆشنە، هەمیشە لە نێو شەوە تاریک و نووتەکەکاندا دەدرەوشێتەوە..! ئیتر ئەوە ئەوپەڕی عەشقێکی بێوێنەیە بۆ خود وەکو من (ناڵە حەسەن) لە قەسیدەی (دەقی تەمەن) ئەم هەستی نەرجسیەتە و ئەم بەرز ڕوانین و خۆشەیستییەم بۆ خود یان وەک منێکی باڵا بەرجەستە کردووە، لە بەشی یەکەمی (دەقی تەمەن) لە شوێنێک/ باس لەوە دەکەم کە (لەنێو خەڵوەتگەی ژینی من، ژنێک سەرسامە بە پەنجەکانم، یەکێکی تر بە سمێڵی سوورم، یەکێکیتر بە نیگاکانم...)، دواتر دەڵێم/

**سەیرەکە لەوەدایە**
**منیش سەرسامم بەخۆم**
**هەرخۆم و هەرخۆم و هەرخۆم**
**خۆمی تاک و تەنیا**
**خۆم تا ئەبەد خۆم**

هەر لە قەسیدەی (دەقی تەمەن) لە بەشی دووەمدا، لە کۆپلەی ژمارە شەش موخاتەبەی بەرامبەرەکەم دەکەم، کە دەکرێ بەرامبەرەکەم، دوڵبەرەکەم یان هەرکەسێک بێ بەڵام/ کەسێکی نزیک، حەزدەکەم ئەوکەسە لە هەموو کەس بەختەوەرتر و ئاسوودەتر بێت، بەڵام لەخۆم نا، ئەوەش ئەوپەڕی نەرجسیەت و خۆشەویستییە بۆ خود، شیعرەکە:

**من حەزدەکەم**
**هەموو ژیان لەنێو تۆدا بتوێتەوە**
**تۆش لەنێو من**
**من حەزدەکەم**
**تۆ لە هەموو مەخلوقاتێک ئاسوودەتر بیت**
**منیش لە تۆ**

دیارە لەنێو (دەقی تەمەن) دا، زۆرێک لە خوێنەرەکانم درکییان بەم هەستە نەرجسییە و بەرز لەخۆڕوانینەم کردبوو، بۆیە لە دیدارێک و لە وتووێژێکی شیعریم، لەگەڵ شاعیر و ڕۆژنامە نووس (فەهمی نەبی) کە ئەم دیدارەمان لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (هەنار) بڵاوبۆتەوە، کە لە یەکێک لە پرسیارەکان لێمدەپرسێ و دەڵێ/ لە ڕوونکردنەوەیەکت نووسیوتە (شاعیر لەم دەقە منی خۆی لە سەرووی هەموو منەکانی دەوروبەر دەبینێت) لە پشتی ئەم دەربڕینەت دەتەوێت چیمان پێ بڵێیت؟ منیش لە وەڵامدا دەڵێم (دەمەوێت بڵێم، ئەم ڕۆژگارە بەسەرچووە بڵێین (کوردم و ناتوێمەوە ناتوێمەوە...!) ڕۆژگارە سەختەکان بەسەرچوون و ئێمەش نەتواینەوە، دەمەوێت بپرسم/ ئێستا چۆن لە خۆمان و بوونمان دەڕوانین؟! چ ئاست و تەوەقوعێکمان هەیە بۆ خۆمان و بۆ ژیانمان؟ دەمەوێت بزانم لەم دەورانی دوای پۆستمۆدێنیزم و لەنێو ئەم هەراو زەنای تەکنەلۆژیایە خۆمان لە کوێی هاوکێشەکان دەبینین..؟ شاعیر لەم دەقەدا، بە دیدێکی مۆدێرنەوە منی خۆی لە ئاستێکی بەرز دەبینێت، هێندە بەرز، تا ئاستی ئەوەی/ هەموو خۆشییەک و بەختەوەرییەک و جوانییەکی ژیان بۆخۆی بە ڕەوا

دەبینێت.. لەهەمانکات، خوازیارە هەر تاکێکی کۆمەڵگاکـەی لـەم ئاستە بەرزە بۆ خۆیی و ژیان بڕوانێت، پێیوایە وەکو کـورد، کـاتی دەست ماچکردن و چەمانـەوە بـۆ بەرامبەرەکـەی بەسـەرچووە، تاکی کورد لە بەرزترین ئاست تـا نزمـترین ئاسـت، هـەر جێگـا و ڕێگایەک و هەر پلەوپایەکی بەرپرسیارێتی هـەبێت، دەبێـت خـۆی لەم ئاستە بەرزەدا ببینێت، بە تایبەت لە بەرامبـەر ئـەوانیتر، یـان پێویسـتە تـاکی کـورد دەسـتبەرداری ئـەم ڕۆحـە شـەرمنۆکی و خەجولییـــە ڕۆژهەڵاتییـــە بێـــت، وا خەریکـــە ڕۆح و بـــوون و خەونەکانمان وێـران دەکـات..!) سـەباح ڕەنجـدەری شـاعیریش هەمان هەستی نەرجسی، هەمان ئەوی باڵای، هـەمان عەشـق و خۆشەویستی، بۆ (خۆدی خۆی) بە تایبەت، بۆ (ئەوی شاعیر) لەم کتێبەیدا، بە شێوەیەکی تۆخ بەرجەسـتە و وێنـای کـردووە، واتـە/ سەیری خۆ کردن بە دیدێکی جیاواز لە خـەڵکیتر و بینینـی خـودی خـۆی لـە سـەرووی خـەڵکانیترەوە. ئەمـەش کـڕۆک و نـاوکی نەرجسیەتە، یان لە شیعری (ئادەم لە سێ وێنە)دا:

**بەناو ئەو بۆشاییانەشدا دەپەڕمەوە**
**کەوتوونەتە نێوان ژیان و مردنەوە**

بەناو ئەو بۆشاییانەشدا دەپەڕمەوە، کەوتوونەتە نێوان ژیـان و مردنـەوە. بـەرز لـەخۆڕوانین وعەشـقێکی نەرجسـی بێگـەرد بـۆ خـود، زۆر بـە قـووڵی لـەم دێـرە شـیعرەی سـەرەوە هەسـت پێدەکـەین، ئـەویش (بۆشـایی نێـوان ژیـان و مـردن) هـەموو کەسـەکان لـەم بۆشـاییەدا بێـدەنگن، یـان نـاتوانن بـەنێو ئـەم بۆشاییەدا ڕەت ببن، ئەم بۆشاییە ڕووبەری بێـدەنگی و ونبوونـە، مرۆڤەکان لەنێو ئـەم بۆشـاییەدا ون دەبـن...؟ بـەپێی لێکدانـەوە ئایینیەکان و کتێبە ئاسمانییەکان/ بۆ نموونە کەسێک کـە دەمـرێ، دوای ماوەیـەک ئەگـەر بەهەشـتی بێـت. لـە بەهەشـت زینـدوو دەبێتەوە بۆ تاهەتا لەوێـدا دەژی..! خـۆ ئەگـەر دۆزەخیـش بێـت، ئەوا لە دۆزەخدا لەنێو ئاگردا دەمێنێتەوە. لەم بۆشـاییەی ژیـان و مردن هیچ دەرکەوتنێک و هیـچ سـیمایەکیان دیـار نـابێت، بـەڵام/ ئەم بەنێو ئەو بۆشاییەشدا ڕەتدەبێ و بوون و جووڵەی هەیە، کـە

کەسانیتر لە نێو ئەم بۆشاییەدا بێدەنگ و ونن، هۆکارەکەش، (ئەوی شاعیر) وەک کەسێکی ئاسایی نامرێ، لێرەدا/ وەکو گوتمان، مردن لە جووڵە کەوتنی بایۆلۆژییانە نییە بۆ ئەو، ئەو لەنێو ژیان و لە بۆشایی نێوان ژیان و مردن، لەنێو مردن و لە دوای مردنیش و ئەو هەر دەژیت، چونکە ئەو شاعیرە و خودان شیعر و داهێنانە، لەنێو گەردوونییەت دا بۆ تاهەتا دەمێنێتەوە، دوا فاکت و نموونەمان بۆ نەرجسیەت و شیعری (بەرزبوونەوەی باج)دا:

**نواڵە لە ئێسکی حەوتەمی تەنیشتم**
**خوێن و دەماری خەملی و جۆشا**
**پڕبەپێ بەناو سپینداەرەکان هەڵات و سێبەری بۆ پەیدا کردن**
**بۆنی هەڵاڵان و ئارەقەی زیندووبوونەوەی**
**بەدوایخۆیدا بڵاو کردەوە**
**منی نەرگسی بەدوای خۆمدا غارمدا و دوورکەوتەوە**

بڕۆننێ/ نواڵە لە ئێسکی حەوتەمی ئەو، خوێن و دەماری دەخەملێ و جۆش دەدا و بە جووڵە دەکەوێ، پەراسووی حەوتەمی ئەو دەبێتە هێزی جووڵە بەخشین و جۆشدان بە نواڵە، نواڵەش سێبەر بە سپیندارەکان دەبەخشێ یان چێدەکات. بۆنی هەڵاڵان و ئارەقەی زیندووبوونەوە، بەدوایخۆیدا بڵاو دەکاتەوە، بۆن و بەرامەی هەڵاڵەیی و هەناسەی زیندووبەوونەوەش بە سروشت و دەوروبەر دەبەخشێ، نواڵە ئەم کارە پیرۆزە دەکات، هەناسە و ژیان بە سروشت دەبەخشێ، بەڵام ئەو هێندە کەسێکی نەرگسی و خۆویستە یان عاشق بە خودی خۆیەتی بە تایبەت، (ئەوی شاعیر) یان خۆی هێندە لە ئاستێکی بەرز دەبینێ، بەرەو نواڵە ناڕوات بەدوای خۆیدا غاردەدات و نواڵەش دوور دەکەوێتەوە، ئەو لەنێوان/ ئەوی شاعیر و نواڵە، بێگومان ئەوی شاعیر واتە خودی خۆی هەڵدەبژێرێ، بە دوایخۆیدا غاردەدات چونکە، ئەو لە بنەڕەتەوە کەسێکی نەرجسی و عاشق بە خودی

خۆیـەتی، هـەموو جوانییـەکانی دنیـا، شـکۆمەندییەکانی دنیـا لـە خودی خۆیی و لە ئەوی شاعیر دەبینێتـەوە، ئـەو تـا خـودی خـۆی لێوە دیار بێت ناتوانێ بەرەو نوالّـە غاربـدات.. دەبـێ ئەوەشـمان لەبیر نەچێت نەرجسییەت پێنـج سـتەیگ یـان پێنـج جـۆری هەیـە، بەڵام ئەم نەرجسیەتەی (سەباح رەنجدەر)، کە لـەنێو ئـەم دەقـە شیعرییانە بەرجەستەی کردووە، لە چوارچێوەی سـتەیگی یەکـەم و دووەمی نەرجسییەت، جێگای دەبێتەوە ئەوانیش (نەرجسـیەتی نێرایـەتی و نەرجسـیەتی ئـەدگاری)، هـەروەکو لـە لێکۆڵینـەوە و باسەکانی (فرۆید) ئەوە دەخوێنینەوە،/ هـەرزوو لـە سـاڵی ١٩١٤ (فرۆیــد) وەکــو بابــەتێکی جــدی دەســتی بــە لێکۆڵینــەوەی (نەرجسـییەت) کـرد. لـەوەوە دەسـتی پێکـرد، لـە وردبوونـەوەی بنــەڕەتی دەســتەواژەکە، کــە (ئــەو تاکانــەی ڕوانینێکــی زایەندییانەیان هەیە بۆ جەستەی خۆیان)، هەرزوو ئەوەی بینی کە زۆرێک، لەم سیمایانەو بەم ئەدگارانەوە، لـە زۆربـەی کەسـەکان بەدیــدەکرێ، هەرچەنــدە ئــەم نەرجســیەتە بەشــێک بێــت لــە (گەشـەکردنی ئاسـاییانەی زایەنـدی لـە ڕەگـەزی مرۆڤـدا)، لـە بنەڕەتەوە بە پێی لێکدانەوەکانی فرۆیـد، (ئێمـە دوو سـەرچاوەی زایەندیمان هەیە، یەکێکیان خـودی خۆمـان و ئـەویتریان، ئـەوەی چاودێریمــان دەکــات)، بــەپێی ئــەم بیرکردنەوەیــە، (فرۆیــد) وایدادەنێت/ ئەگەر نەرجسیەتی بەرایی لە هەر کەسێکدا هـەبێت، دوای تێپــەڕبوونی کــات خــۆی بەدەردەکــەوێت، کــە ئەمــەش لایەنێکی پۆزەتیڤە بۆ هەرکەسێک، کە بەم شێوەیە و لـەم ئاسـتە بـەرزە لـە خـودی خـۆی و لـە داهێنـان و ئەفراندنـەکانی خـۆی بڕوانـێ، ئـەم بیرکردنـەوە و ئـەم تێڕوانینـەی بـۆ خـودی خـۆی، هەروەها داواکردن بۆ ئاستێک و شێوە ژیانێک کە شایستە بێت بە مــرۆڤ و پیــرۆزی و گــەورەیی مــرۆڤ بەتایبــەت، مرۆڤــی دەسـتڕەنگین و خـەیاڵڕەنگین و داهێنـەر.. پێویسـتە مرۆڤـەکان لەســەر ئــەوە ڕابێــن کــە ئاســتێکی بــەرزی ژیــان لــە ڕووی ڕیفاهییـەت و خۆشـگوزەرانی بـۆ خـودی خۆیـان داوابکـەن و لـە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە ژیانە بن.

# مردن و کۆتایی

له کۆتایی کتێبەکەدا، شیعری ژماره (٠) واتـه (بانگـەوازێک بـۆ گۆڕهەڵکـەن)، دووبـاره بۆتـەوه، بۆتـه شـیعری ژمـاره (٨٠) بـه هەمان ناوەڕۆک و تایتلەوه، ئەو گەمـەکردنی دووبارەبوونەوەیـه، چەندین ئاماژه و مانای جیاجیا لەخۆدەگرێت، دەیەوێت له پشـتی ئەم گەمەوه پێمان بڵێت، بۆ ئەو، نەژیان بردنەوەیه و نـەمردنیش دۆڕان، بۆ (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر، هاتنه نێـو ژیـان و چوونـه دەرەوه له ژیان، یەک مانای هەیه، ئەویش بەردەوامبوونی ژیانـه له شوێنێکی تر و له نێو ڕووبەرێکی تر، مردن بۆ ئـەوی شـاعیر، مـاڵێکی تـری ژیانـه...! لێـرەدا شـاعیر لـه ڕێگـەی مردنـەوه، دەیەوێت هاوکێشەی ئایندەی خۆی بەیان بکات، ئایندەی خۆیی و (ئەوی شـاعیر)، دەیـەوێت ئـەوه بڵێـت، ئـەو حـەزدەکات هەشـتا ساڵ بژی و ئینجا بمرێت، ئـەویش دەمرێـت، وەک مردنـی بـرا و بـاوک و دایـک و هەرکەسـێکی تـر، ئـەوه مرۆڤـه داهێنـەرەکانن نـامرن، لـەنێو مردنـدا دەژیـن و دەگەنـه مـاڵ و نیشـتیمانی ئەبەدییـەت، لـه نێـو شـیعرەکەدا، دوو بـەرواری بـۆ نووسـیوین، ڕۆژی هاتنه نێو ژیان (١٨/١١/١٩٦٥)، بەرواری ماڵئـاواییکردن لـه ژیان (١٨/ ١١/ ٢٠٤٥)، له هەمانکات، هەواڵی جێگۆڕکێی (سەباح سـابیر حەسـەن)، ئێمـه گوتمـان مـردن لای ئـەو، یـان بـۆ ئـەوی شاعیر/ (له جووڵه کەوتن و وەسـتانی کۆئەندامـەکانی جەسـتەی نییه) مردن، تەنها جێگۆڕکێیه، له نێو ماڵی ژیان دەگوازێتـەوه بـۆ نێو ماڵی مردن، لەوێوەش بۆ نێو ماڵی ئەبەدییەت، چونکـه خـۆی لـه شـیعرەکەدا دەخـوازێ و دەپرسـێ (ئـەرێ مێـژوو لـه کتێـبی چەنـدەمی ئاسـمان، بەشـێکم بـۆ تـەرخان دەکـات..؟)، ئـەوەش هێمایه بۆ گەیشتن به سـەرمەدییەت و مانـەوه لـەنێو ئەبەدییـەت دا، بەڵام بەپێی ئاماژه و هێماکان، ئەو دەیەوێت لـه کۆتـایی ئـەم کتێبەدا، حیکایەت و ڕۆمانی ژیانی (خۆیی و ئەوی شاعیر)مان بۆ بنووسـێتەوه، لـه ڕەسـمکردنی چەنـد هاوکێشـەیەک، ئـەو داوای کردووه و حەزدەکات (هەشتا ساڵ) بژیت.. وەک خـۆی (سـەباح

سـابیر حەسـەن)، سـەباح ی هـاوڵاتی، سـەباح ی بـاوکی منداڵەکانی، بەروارەکانی بۆ خۆی نووسیوە، بەرواری یەکەم هـی لەدایکبوونیەتی، بـەرواری دووەمیـش/ ڕۆژ و سـاتی مردنییـەتی، خـۆی وەک سـەباح سـابیر، دەیـەوێت بمرێـت، وەک مردنـی هەرکەسێکیتر. واتە حـەزدەکات تـەنها هەشـتا ساڵ بـژی. بەڵام (ئەوی شـاعیر) واتـە/ (سـەباح ڕەنجـدەری شـاعیر)، دەخـوازێت بمێنێتـەوە و بـۆ تاهەتایـە بـژی، داوادەکـات، مێـژوو لـەنێو کتێبـە ئاسمانییەکان شوێنێکی بۆ دیاری بکات، مردن بۆ ئـەوی شـاعیر، تەنها جێگۆڕکێیەکەو هیچی تر، لە نیو ماڵی ژیانەوە بـۆ نێـو مـاڵی مردن، وەک چۆن خۆی/ بە نان و ئاو و ئاگری خۆیەوە هاتۆتە نێـو ژیانەوە، (ئەوی شاعیر)یش بە هەمانشێوە، بە نان و ئاو و ئـاگری خۆیـەوە، لەسـەر دووبـاڵی فریشـتەکانەوە، بـە هێـز و شـکۆی شیعرەوە، بە نێو ماڵ و بۆشاییەکانی مردن ڕەت دەبێ و دەگاتە نێو ماڵی گەردوونییەت و ئەبەدییەت، لەوێدا/ تا ئەبەد دەمێنێتەوە، کەواتە هاوکێشەکان بەم جۆرە دەبن.

خـۆی واتـە، سـەباح سـابیر حەسـەن/ ژیـان + مـردن = (ڕەشبوونەوە)

یان/ ئیرۆس + ساناتۆس = ڕەشبوونەوە و مردن..!/ بەڵام،
ئەوی شاعیر واتە، سەباح رەنجدەری شاعیر،
ژیان + مردن = مانەوە (ئەبەدییەت)..! یان،
ئیرۆس + ساناتۆس = ئەبەدییەت...!

چونکە (ئەوی شاعیر)، لە شیعر هێندە نزیکە، پەوورەی شیعر دەوری گرتووە و شیعر لە دڵەوە نوێژی لەسەر دەکات، دەیەوێت، دیمەنە جیاوازییەکانی نێوان خۆی و ئەوی شـاعیر ڕەسـم بکـات و پێشان بدات، ژیانی دووکەسی نێو یەک جەستە، کەسێکی ئاسـایی و کەسـێکی شـاعیر و داهێنـەر، بۆیـە/ مـردن بـۆ خـۆی یـانی ڕەشبوونەوە، یانی مردن و لە جووڵە کەوتن، یانی بێـدەنگ بـوونی بۆ تاهەتا، بەڵام بۆ (ئەوی شاعیر)، مردن یانی بەردەوامبوون و ژیانەوە، ڕەتبوون و ڕاکشان لەسەر باڵی باڵندەکان، قسـەکردن و گوتنی حیکمەتەکان. زەمـەن بـۆ خـۆی (هەشـتا سـاڵ)، بـۆ ئـەوی شاعیر (تا هەتا و ئەبەدییەت).. شوێن/ بۆ خۆی واتە (سەباح سابیر حەسەن)، لە ڕێگەی دایک و باوکێکـەوە، لـەنیو سـکی دایکییـەوە، هەناسەی وەبەرهاتووە دواتر لەوێوە هاتۆتە نێو ژیانەوە، لە شـوێن

و ماڵێکی ئاسایی ژیاوە، بەڵام، ئەوی شاعیر، لە ناشوێن هاتۆتە بوون، لەنیو بیرکردنەوە و خەیاڵ، دواتر لەنێو رووبەری زەمان، بە قەوڵی (مارتن هایدگەر)، زەمان ماڵ و نیشتیمانی هەمیشەیی بوونە، ئەوی شاعیر کەسێکی کۆچەری بێ شوێن و بێ ماڵە، لە ئاسماندا، لەنێو بۆشاییەکانی نێوان ئەستێرەکان خودا دەیدۆزیتەوە، دەستی دەگرێت و دەیهێنێتە سەرزەوی، لە ژێر سێبەری درەختی پیرۆز نیشتەجێی دەکات، بەڵام چونکە ئەوی شاعیر، کەسێکە، کۆچەری و ماڵی ئەو لەنێو بۆشایی و ناشوێن دایە، بۆیە لەژێر سێبەری درەختی پیرۆز ئارام ناگرێ و باڵندەکان هەست بە نیگەرانییەکانی دەکەن و دەیگەڕێننەوە بۆ بۆشاییەکانی ئاسمان و شوێنە بەرزە نادیارەکان، (ئەوی شاعیر) خاوەن دڵێکە، هەزار ڕێگای هەیە بۆ گەیشتن بە ناوکی ڕووناکی..!، ئەو بە زەمانی تەورات و ئینجیل و قورئان دەدوێت، هەمیشە دەمی پڕ قسەیە، ئەوی شاعیر کەسێکە لە نەوەی خوداکانە، (قومرییەکی دڵڕووت قاچەکانی لەسەر شانی گیردەکات و دەیگەیەنێتە ماڵی خودا)، (ئەوی شاعیر) کەسێکە، شیعر نان و ئاوییەتی و بە شێوەیەکی سروشتییانە بۆتە برای خوێن و شیری، شیعر ئێسکی دەستی ئەو، بۆ ناو دەستی خۆی دەگوازێتەوە، بە هێز و شکۆی شیعرەوە دەبێتە/ ئەلف و بێی بوون و نەبوون..! شیعر لە توانایدا هەیە، ناوەڕۆک و جەوهەری مرۆڤ و بوون، بنەخشێنێ و ڕەسم بکات..! شیعر دەتوانێ کرداری بە ئەزموونکردنی مەعریفە و پردی پەیوەندییەکانی نێوان وەهم و حەقیقەت بێت..! ئەوی شاعیر کەسێکە، خودا شیعری لەبری هەموو شتێک پێ بەخشیوە، واتە شیعر، تاقە میرات و سەروەت و سامانی ئەوە، هەروەها خوداوەند/ دێرە شیعرییەکانی لەناوچەوانی بەرد هەڵدەکۆڵێت..! (ئەوی شاعیر) کەسێکە، کە بەڕێگادا دەڕوات درەختەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاوبان فەرمووی لێدەکەن و پێی دەڵێن/ ئەی سروودی سروودەکان تێپەڕە..! یان دایکە سروشت/ دەزووی گەورەمەندی و سەرمەدی لە پەنجە دەئاڵێنێت، تا هێزی ئەوەی پێ بێت بەنێو بۆشاییەکانی ئاسمان و زەوی و بۆشاییەکانی نێوان مردن و ژیان تێپەڕێت و بگاتە نێو ماڵی ڕۆشنی ئەبەدییەت..! (ئەوی شاعیر) لەنێو بیرکردنەوە و لەنێو خەیاڵ و ڕووبەری زەمان، لەنێو داهێنان و ئەفراندنەکانی شیعر/ زێتر لە چارەگە سەدەیەکە،

لـه نێـو گەمـەكان و نیگەرانییـەكان و گومانـەكان و پرسـیارەكان.. لەسەر پشـتی شـەپۆلی وشـەكان و ڕسـتەكان و دەسـتەواژەكان دەخولێتــەوە، كەســێكی مانــدووە، مانــدوو مانــدوو، باڵندەكانیش بە خاتری ئەو فڕینەكانییان دوادەخـەن، تـا پشـوویەك بدات، دواتر بیگەڕێنن بەنێو ڕووبەری بۆشاییەكانی جوانی، لەسەر پشـتی باڵندەكانـەوە بەیەكـەوە، خـۆیی و هێـزی شـیعر، خـۆیی و شـكۆی داهێنـان، تادەگاتـە ماڵـە ڕۆشـنەكەی ئەبەدییـەت، لەوێـدا لــەژێر سـێبەری درەخــتی پیــرۆز تاهــەتا دەمێنێتــەوە.. (سـەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر لە كۆتایی ئەم كتێبەیدا، دەیەوێت/ بە قەڵەمێك كە پڕە لە مەرەكەبی (هێزی شیعر و هێزی ئەفراندن)، بە خەتێكی درشت بنووسێت/ سڵاو لە مرۆڤی گەورە، سڵاو لە گەردوونییـەتی شیعر، سڵاو لە داهێنان.

**سیپتەمبەری ٢٠١٧**

## سەرچاوەکان


- _ کتێبی (حەزدەکەم ئەوەند بژیم)، شیعر/ سەباح ڕەنجدەر.

- Postmodern American Poetry
Norrton Anthology
Edited by Poul Hoover

- Life and Dewth Drives
- Sigmund Freud

- _ کتێبی (نێچە فەیلەسووفێکی بەرزەفڕ)، وەرگێڕانی/ حەیدەر عەبدوڵڵا.

- _ کتێبی (تیۆری ئەدەبی)، نووسینی/ تێری ئیکلتن، وەرگێڕانی عەتا قەرەداغی.

- _ کتێبی (لە دیارەوە بۆ نادیار)، نووسینی/ بەختیار عەلی.

- _ کتێبی (لەگەڵ سایکۆلۆژیادا)، نووسینی/ سۆزان جەمال.

- _ کتێبی (ئەدۆنیس ئەفسوونکاری وشەکان)، وەرگێڕانی/ عەبدولمتەڵیب عەبدوڵڵا.

- _ کتێبی (نەرسیسیزم)، نووسینی/ ئەلیکساندەر لۆوین وەرگێڕانی/ ناڵە حەسەن.

- _ گفتۆگۆی (ناڵە حەسەن و دەقی تەمەن)، سازدانی/ فەهمی نەبی، گۆڤاری (هەنار) و سایتی (ئەمڕۆ).

- _ بەشی یەکەم و دووەمی قەسیدەی (دەقی تەمەن)، ناڵە حەسەن.

- _ وتاری (چەمکی مردن لە فەلسەفەی « مارتن هایدگەر « دا) نووسینی، ع. غەریب، ژمارە (٢٢٩) ی گۆڤاری (ڕامان).

- _ بەشی (پێنجەم) لە گفتوگۆی ڕۆژنامەی (هاوولاتی) بەناوی (فەلسەفەی مارتن هایدگەر و گفتوگۆ لەگەڵ د.محەمەد کەمال)سازدانی/ شوان ئەحمەد.

# شیعر و فەلسەفە، یان فەلسەفە و شیعر

شیعر و فەلسەفە دوو چەمکن پەیوەندی بەهێز و تونـدوتۆلیان لەگــەڵ یەکــدا هەیــە، زۆرجــاران وەک دوو هێڵــی تــەریب هەندێکجاریش پێچەوانـە و دژ، پەیوەندییەکـە تـا ئاسـتی ئـەوەی، هەندێکجار شاعیران بیرۆکەی فەلسـەفی لـە نێـو شـیعرەکانییان بەرجەستە دەکەن، یـان هەنـدێک لـە فەیلەسـوفەکان بـە زمـانی شــیعر بابــەت و فەلســەفەکانییان دەنووســنەوە، هەنــدێک لــە نووسەران و ڕەخنـەگران هـاوڕانین لەگـەڵ ئـەم پەیوەندییـەدا و پێیانوایە، شـیعر و فەلسـەفە لـە دوو کایـەی تـەواو جیـاواز ئیـش دەکەن و نابێت تێکەڵاوی یەکترییان بکەین، بـە مانایـەک، لەگـەڵ بە (شیعرکردنی فەلسەفە) و یان (بە فەلسـەفەکردنی شـیعردا) نین. ئێمە لەم وتارەماندا، هەوڵـدەدەین لـە ڕووبـەرێکی فـراوان بـاس لـە شـیعر و زمـانی شـیعر و پەیوەندییـەکانی فەلسـەفە و شیعردا بکەین، لەم ڕاستایەش، وەڵام بـە زۆرێـک لـە پرسـیار و ناڕۆشـنییەکان بدەینـەوە. بـەر لەهەرشـتێک، شـیعر مێژوویـەکی دوورودرێژی هەیە، لە سەردەمی (سـۆمەرییەکان) دا، (داسـتانی گلگامێش)، وەک دەقێکی زۆر کۆنی شـیعری بـە فـۆرمی ئیپیـک نووسراوە، دەگەڕیتەوە بۆ سەدەی سێیەمی پێـش زاییـن، بـەڵام بە بڕوای من، مێژووی شیعر لەم بەروارەش کۆنـتر و دێرینـترە، مێژووی شیعر/ دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی مرۆڤ، پێش پەیدابوونی نووسین، لەوکاتەی مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی پەیدا کرد، توانای ئەوەی پەیدا کرد، لە ئاکامی بیرکردنەوە بە نێو خەیاڵـدا ڕۆبچـێ، یان قسەبکات و گۆرانی بڵێ، لەوکاتەدا شیعر پەیدا بووە.. بەڵام، لەم وتارەماندا کاری ئێمـە سـاغکردنەوەی مێـژووی شـیعر نییـە، لێرەدا واز لەم مێژووە کۆنە دەهێنین و لە یۆنانی کۆنەوە دەست پێدەکەین.. لە سەردەمی یۆنانی کۆن، شیعر دوو جۆر بووە،

یەکە/ شیعری ئیپیک

دووەم/ شیعری لیریکئەم دوو جۆرە شیعرەش، دوو جـۆر لـە فۆرمی شیعرین، (ئیپیک) فۆڕمێکـە بـەم جـۆرە شـیعرە درێژانـە گــوتراوە، کــە چیــڕۆک و ئەفســانە و داســتان و بەســەرهاتە تراژیـدییاکان و مێژوویـەکانی پێنووسـراوەتەوە، پێشـەنگی ئـەم فۆڕمـە شـیعرییەش (هـۆمیرۆس) بـووە، کـە لـە سـەردەمی (سەرەتای سەدەی هەشتەم و تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆیـەمی پێـش زاییـن ژیـاوە) باشـترین دوو دەقـی هـۆمیرۆس (ئـەلیادە و ئۆدیسە) ن کە بە فۆڕمی ئیپیک نووسراون.. هـەروەها (لیریـک)/ بەمجۆرە شیعرانە دەگـوترێن، کـە مامەڵـە لەگـەڵ هەسـتەکان و غـەریزەکانی مـرۆڤ دەکـەن. بـۆ شـێوازێکی ڕۆمانسـییانە و بـە زمـانێکی سـادە و لەزەتبـەخش و ئیرۆسـییانە، بـە هـارمۆنی و مۆسـیقایەکی هەسـت بزوێـن. پێشـەنگی شـیعری لیریکیـش (ئارکیلۆکەس و سـافۆ و ئالکمـان و ئالسـییەس) بـوون، (سـافۆ) ژنە شاعیرێکی نێوداری شیعری لیریکە و لە مێژووی شیعردا، بـە یەکـەمین شـاعیری (مـێ) دەژمێـردرێ. دەتـوانین بڵێیـن لـەم سەردەمەی یۆنانی کۆن، سەردەمی زێڕینی شیعر بـووە. زمـانی شیعر لەم سـەردەمەدا، زمـانی فەلسـەفە و مەعریفـە و زمـانی ئایین و بە کورتییەکەی/ زمانی دەربڕین بووە.. لەم سـەردەمەدا، شــانۆگەری بــە هــەردوو جۆرەکانییــەوە، واتــە (کۆمێــدی و تراژیدییـەوە) لـە هـەناوی شـیعردا پەیـدا بـوون. ئـەوەتا هـەردوو فەیلەسوفی نـاودار (ئیپمـادۆکلیس و پارمەنیـدس)، لـە سـەدەی پێنجەمی پ ز، بە شیعر بۆچوونە فەلسـەفییەکانییان دەربڕیـوە و کاریگەرییان لەسـەر شـاعیراندا هـەبوو، بـەڵام هـەردووکییان لـە بنەڕەتــدا، فەیلەســوف بــوون نــەک شــاعیر، هــەروەها دوو کەسایەتی دیاری نێو فەلسەفەی کۆنی یونانی بوون، بۆ نموونــە، (ئیپمــادۆکلیس) فەلســەفەکەی دەربــارەی چــوار پێکهاتــەی سەرەکی گـەردوونی بـوون وەک/ (زەوی، هـەوا، ئـاو، ئـاگر) لـە هەمانکاتیش، شیعرەکانی (هۆمیرۆس و سۆفۆکلێس) نـاوەڕۆکی فەلسـەفییانەیان هـەبوو، هـەر لـەم سـەردەمەدا، زۆرێـک لـە فەیلەسوفان قسەیان لەسەر شـیعردا کـردووە، (ئـەفلاتوون) لـە ڕاسـتای بۆچوونـە میتـافیزیکی و ڕامیارییەکانیـدا لـە جەوهـەر و چۆنییەتی هونەر و شیعری کۆڵیوەتەوە و قسەی لەسەر کردوون، شیعری بەکردەیەکی لاسـاییکرنەوە پێناسـە کـردووە، بـە بـڕوای

ئـەو/ هـەر هونـەرێک مامەڵـە لەگـەڵ هەسـت و سـۆزدا بکـات، مامەڵە لەگەڵ فیکر و عەقلدا نەکات، بە هونـەرێکی ئاسـت نـزم پێناسەی دەکات..! بەڵام (ئەرسـتۆ) بیرکردنـەوە و تێڕوانینـەکانی بۆ شیعر جیاواز بوون، هەروەک لە کتێبی شـیعر باسـی دەکـات، ئەرسـتۆ پێیوانییـە کـەوا شـیعر، لاسـاییکەرەوە و کتـومت کـۆپی جیهـانی دەرەوە بێـت، ئەگـەر نـا هیـچ جیاوازییـەک لـە نێـوان شـاعیران و مێژوونووسـان نـەدەبوو، مێژوونـووس ئەوانـە دەنووسێتەوە کە ڕوویانداوە، مامەڵە لەگـەڵ ڕابـردوودا دەکـات، بەڵام شاعیر ئەو شتانە دەنووسێتەوە کە هێشـتا ڕوویـان نـەداوە یـان دەکـرێ ڕووبـدەن، بـەمانای/ ڕووداوەکـانی شـاعیر بیریـان لێدەکاتەوە یان دەیەوێ قسەی لە بارەیـان بکـات، پەیوەنـدی بـە کـات و شـوێنەوە نییـە، ئەمـەش جیاوازییـەکی تـرە لەگـەڵ مێژوونـووس، دەربـارەی ئـەم تێڕوانینـەی (ئـەفلاتوون) کـەوا، شیعری لە ئاستێکی نزم بینیوە و بە کردەیەکی لاسـاییکردنەوەی داناوە، بە جیا لەم جیاوازییانـەی (ئەرسـتۆ) کـە باسـی کـردوون، شیعر بەم شێوەیە نییە کە ئەفلاتوون باسی کردووە، ڕەخنەگرتن لەم جۆرە بیرکردنەوە ئەفلاتوونییە بـۆ ژیـان و شـیعر، دەمانخاتـە بەردەم دوو ڕەهەندی جیـاواز، یـەکێکییان/ ڕەهەنـدی (ئۆپۆلـۆن) ییـە، کـە تـەعبیرە لـە خـودای هێورکـەرەوە و مەنتیقییـەت و بـە سیسـتەماتیککردنی شـتەکان، کـە ئـەفلاتوون و زۆرێـک لـە فەیلەسـوفیتر، لایـەنگریان لـەم ڕەهەنـدە کـردووە، ئـەویتریان ڕەهەنـدی (دایۆنسـیزم) ییـە، واتـە خـودای هونـەر و لـەزەت و خۆشـی و بایەخنـەدان بـە عـەقل، ئـەم ڕەهەنـدەش (فرێـدریک نێچە) و زۆرێک لـە فەیلەسـووفانی دوای نێچـە، لایـەنگریان لـەم ڕەهەندە کردووە. بۆ نموونە/ نێچە پاراسـتنی زات بـە خراپـترین شێوەی ویست دەزانێ، ئەم زیاتر خوازیاری مرۆڤی سوپەرمانی و یـاخی و خـودان ویسـتی هێـزە.. تەنانـەت لـە ڕوانگـەی (زەردەشـت) یـش، ڕێگـەی ژیـان بەسـەربردن لایـەنگری لـە چوارچێوەی مـەنتیقی و ژیرانـە و عـەقل نییـە، بـەڵکو کەسـەکان ئازادن بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی ژیانی خۆیان، ئەمەش بە مانایـەک/ هەڵوەشـاندنەوەی پاوەرەکـان و سـنوورەکانی عـەقل و سیسـتەماتیکە. (شـیعر و داهێنـان) پێویسـتییان بـە کرانـەوە و پچڕاندنی هەموو کۆت و زنجیرەکانی بەها و نەریتە میراتییەکانـە،

بۆ ئەوەی ببی بە کەسێکی داهێنەر، دەبێت خۆت بەها و نەریت و ڕەفتار بۆ خۆت بتاشی کە پێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆت بن...!
هەروەها لەم وتارەمان وردتر باسی ئەم فاکتانە دەکەین کە ئـەم بیرکردنەوەیە نا دروستانەی ئەفلاتوون ڕەتدەکەنەوە، بـۆ نموونـە بـاس لـەوە دەکـەین کـەوا، شـیعریش وەک فەلسـەفە لەسـەر بنەمای بیرکردنەوە ئیش دەکات و ڕەهەندی فیکری و مـەعریفی لە پشتە. زۆرن ئەو فەیلەسوفانەی کاریگەرییان لەسـەر شـیعردا هەبووە، یـان قسـەیان لەسـەر شـیعر کـردوەو باسـی گرنگـی و پەیوەندییـەکانی فەلسـەفە و شـیعریان کـردووە، یـان زمـانی شـیعرییان بـەکارهێناوە بـۆ دەربڕینـی فەلسـەفەکانییان، ئـەم فەیلەسـوفانەش بـە (فەیلەسـوفی شـاعیر) نـاوبراون. یـەکێک لەوانە (فرێدریک نێچە) یە. لە پەیوەند بە شیعرەوە، تایبەتمەنـدی نێچە جیـاوازە لەگـەڵ فەیلەسـوفەکانی تـر، چونکـە هەنـدێک لـە فەیلەسوفەکان هـەم شـاعیریش بـوون هـەم فەیلەسـوف، واتـە لەپاڵ فەلسـەفە شیعریشـیان نووسـیوە یـان سـەرەتا بـە شـیعر دەستییان پێکردووە، لەوانە (مارکس، جان جاک ڕۆسۆ، ساموێل تـەیلۆر کۆلیریـچ....) بـەڵام نێچـە، لەگـەڵ ئـەوەی شیعریشـی نووسـیوە بـەڵکو کتێبـە فەلسەفییەکانیشـی بـە زمـانی شـیعر نووسیون، بۆیە بـە بـڕوای هەنـدێک کـەس (نێچـە لـە زکماکـەوە شـاعیر بـووە) واتـە، هـەر بـە شـاعیری لـە دایـک بـووە. شـیعر گـەورەترین بەشـی نووسـینەکانی و تەنانـەت فەلسەفەکەشـی داگیرکردووە. نێچە زۆر بە ڕۆشنی درکی بەوە کردووە کە، زمان چ سیعرێک و هێزێکی تیایە بـە تایبـەت زمـانی شـیعری، بۆیـە لـە شـوێنێک دەربـارەی زمـانی شـیعری دەڵـێ، (زمـان گەمەیـەکی گەمژانەیە، بەهۆی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێ سەما بەسەر هەموو شـتێکەوە بکـات) نێچـە فەیلەسـوفێکە، ئامـانجی بەرهـەمهێنانی مرۆڤی باڵا بووە لە ڕێگەی ئیرادە و ویستی هێزەوە، بۆیە لە زۆر شوێن پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ و دەڵێ، (مـن هـاتووم هـەواڵی مرۆڤی باڵاتان پێڕابگەیەنم، مرۆڤی باڵا ئەو کەسەیە لـە نـەریتی باو یاخی دەبێت و خودان ئیـرادە و هێـزی کـارای خـۆی دەبـێ..) ئەمە ڕۆشن بووە لای نێچە کەوا داهێنـان بـە کەسـی لاواز و بـێ ئیرادە ناکرێت، کەسەکانی دیلی بەندی کـەلتوور و ئـایین و دیلـی مرۆڤەکانی تر بن.. لای نێچە بۆ ئەوەی ببی بە کەسێکی داهێنـەر

وا پێویست دەكات هەموو كۆت و زنجیرەكان بپچڕێنیت، بـبی بـە خۆت و تەعبیر لە ویستی خۆت بكـەی، هـەموو شـتێكی میراتـی تووڕ هەڵبدەی، خۆت بـەها و نـەریت و ڕەفتـار بـۆ خـۆت دیـاری بكەی، خۆت هێزی جوولێنـەری خـۆت بـی، جوول ە ڕەفتارەكـانی خۆت پێچەوانەی ئەوانەی پێـش خـۆت بـن، بەمانایـەک هـەروەک دروشمێكی هەبوو كەوا (تـەنها خـۆت بیـت و ئـەویتر نـەبیت...!) چونكە/ داهێنان وا دەخوازێ كە دنیاو جیهـانێكی نـوێ بخـولقێنی. نێچە لە كتێبی (ئا ئەمەیە مرۆڤ) دا دەڵێ، (مـن لـە هیـچ شـتێک لاسایی كەس ناكەمەوە، گاڵتە بە هەموو ئەو مامۆستایانە دەكەم كە هێشـتا فێرنەبوونـە گاڵتـە بـە خۆیـان بكـەن، لەسـەر دەرگـای ماڵەكەم ئەمە نووسراوە...!). نێجە وەک (شوبنهاوەر)، كاری بــە (فەلسەفەی ویست) كـردووە بـە تایبـەت ویسـتی هێـز.. چونكـە (شــوبنهاوەر) كتێــبێكی هەیــە بــە نــاوی، (جیهــان وەک ویســت فیكـــرە)، لـــەم كتێبەیـــدا پوختـــەی فەلســـەفەكەی خـــۆی تیـــا باســـكردووە، بـاوەڕی وایـە/ كـە عـەقل ئامرازێكـە بـە دەسـتی ویستەوە، لای ئەو/ بوون لەسەر بنەمای حیكمـەت و ئـەزموون و مەبەستێک وەستاوە...!)، بۆیە نێچەش پێ لەسەر ئـەم بیرۆكـەی ویستە دادەگرێ و ئامانجیەتی، تاكـەكان خـودان هێـز و ئیـرادەی خۆیان بن، كە نـاوی نـاون (مرۆڤـی سـوپەرمانی) یـان (مرۆڤـی باڵا)، بۆیە پێیوابوە، دەسپێک و سەرچاوەی ویست و هێز لەســەر ویژدان و فیكردا شتێكی بنەڕەتی و جەوهەری شتەكانە.. یان بـە بڕوای نێجە (گرنكترین دەركەوتەی ژیان، لە تیـۆری داڕشـتن لـە ڕێگـەی هێـزی عـەقڵ نییـە، بـەڵكو (ویسـتە)، نـاوەڕۆكی ژیـان ویستە، ئەم ویستەش ویستی هێزە...!) نێجـە پاراسـتنی زات بـە خراپترین شێوەی ویست دەزانێ، ئـەو پێیوایـە، كەسـێک بـەدوای پاراستنی زات بێ، خۆی لە قەرەی مەترسییەكان نادات و ژیـانی پارێزگارانە هەڵدەبژێرێت، بە مانایەک/ ئەو كەسانەی كە، نـاتوانن زنجیری كۆت و بەندەكان تێكبشكێنن و بەهاكانی ئایین و كەلتوور و ئـەو بەهایانـەی بـەزۆر سـەپێندراون بەسـەریاندا ڕابمـاڵن، لـە هەمانكاتیش ناتوانن وەک مرۆڤێكی باڵا خـودان ویسـت و هێـزی خۆیان بن...! بە كورتی پوختەی فەلسەفەكەی نێچە ئەوەیـە كـە، (فەلسـەفەی عـەقلێكی ئـازادە، فەلسـەفەی ئاوەژووكردنـەوەی بەهاكانـە، ئـازادكردنی مرۆڤـە لـە هـەموو كۆتوبەنـد و ئـەخلاق و

ئایین و مەعریفەی دەستاودەست، فەلسەفەی نێجە بە دەنگێکی بەرز بانگەوازی ڕزگاربوون دەکات...!)، ئەمانەشی هـەمووی بـە زمـانی شـیعر لـە نێـو شـیعرەکان و کتێبـە فەلسـەفییەکانی دەربڕیـوە، بۆیـە نێچـە (فەیلەسـوفی شـاعیران و شـاعیری فەیلەسوفان بووە...!). کتێبی (وەهای گوت زەردەشت) یەکێکـە لـە بـەناوبانگترین کتێـبی نێچـە، کـە لـە سـاڵی ١٨٨٣ چـاپکراوە، کتێبێکە بە شیوەیەکی ئەدەبی ڕەخنەیی نووسراوە، بـە زمـانێکی شیعری ناسـک و پـاراو، لـەم کتێبـەدا چەنـدین بیرۆکـەی گرنگـی داڕشتووە، کە وێنـەی مرۆڤـی بـاڵا و هەڵکشـاوی کێشـاوە، ئـەو مرۆڤەی لە دەستی کۆت و زنجیـری کۆمەڵایـەتی و کـەلتووری و ئەخلاقی ڕزگاری بووە، کتێبێکـە نێجـەی پـێ داناسـرێتەوە، نێجـە لـەم کتێبەیـدا هـەروەک سـەرچاوەکان دەڵێـن، خـۆی وەک شاعیرێکی مەزن دەبینێـت نـەک وەک فەیلەسـوفێک، دەربـارەی کتێـبی (وەهـای گـوت زەردەشـت)، ئـەدیبی گـەورەی ئـەڵمانیا (تۆماس مان) دەڵێ، (ئـەم کتێبـە باشـترین کتێبـە کـە بـە زمـانی ئەڵمانی نووسرابێت)، نەک تەنها کتێبەکانی بەڵکو شیعرەکانیشی پڕن لە بیرۆکەی فەلسەفی و ئاوێنەیەکن بۆ ڕەنگدانەوەی تێـز و بیرکردنەوەکانی خۆی، بەڵام شتێکی گرینگ هەیە، نێچە پرسـیارە فەلسـەفییەکان و ئایـدیا و بیرۆکـە شـیعرییەکانی، لـە قـووڵایی و هـەناوی ژیـان دەردێنێـت و پەیوەسـتیان دەکاتـەوە بـە مـرۆڤ و خۆشبەختی و بەختەوەرییەکانییەوە. دیارە نەک هـەر لـەلای نێچـە بەڵکو، لای زۆربەی فەیلەسوفەکانی سەردەمی مۆدێرنە، مـرۆڤ دەبێتـە ناوەنـدی گرنگیـدان، هەوڵدانێکـە بـۆ بـە بەرهـەمهێنانی سەربەخۆیی بیرکردنـەوە و عـەقلی مـرۆڤ. دەرکێشـانی لـەژێر هەموو کاریگەرە دەرەکییـەکان، دەکـرێ ئەمـەش بـە یـەکێک لـە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان شیعر و فەلسەفە حیساب بکـەین، کـە دوایی دێینە سـەر خاڵـە هاوبـەش و جیاوازییـەکان، لێـرەدا چەنـد نموونەیـەکی شـیعری نێجـە دەخەینـە ڕوو و قسـەی لەسـەر دەکەین، هەروەک لە کتێبی (نێچـە فەیلەسـوفێکی بـەرزەفڕ) دا، لە بەشی (پێنجەم)، بە ناوی (نێتجە، شـاعیرێکی جیـاواز دا).. کـە لە سەرەتا باسی شاعیربوونی نێجـە و دواتـر چەنـد نموونەیـەکی شـیعری هێناوەتـەوە و ئێمـە لێـرەدا قسـە لەسـەر هەنـدێکییان دەکەین. هەر لەوێـدا باسـی ئـەوە کـراوە کـە، نێجـە شـاعیرێکی

جیاواز بووە و بە ستایلێکی جیاواز نووسیویەتی، هەروەک مێژوونووسی فەڕەنسی (ئەلیکسیس ڤیلۆنینکۆ) پێیوایە (نێچە ئیستاتیکای ڕووکەشی دەقی پێش وردیی مانا خستووە، چونکە نێتجە بەرلەوەی فەیلەسوف بێت، بە پلەی یەکەم شاعیر بووە، لە نێو نووسینە پەخشانی و شیعرییەکانی داهێنانی سوریالییانەی کردووە، بە تایبەت لە کتێبی (وەهای گووت زەردەشت) هێندە دوور دەڕوات ئەستەمە تێی بگەیت...! نێچە کەسێک بووە زۆر قووڵ بیری کردۆتەوە، هەمیشەش بە زمانی ڕەخنەیەکی توند نووسیویەتی، تا ئاستی ئەوەی مەرگ بۆ خوداوەند دەخوازێ و ئەخلاق و ئایین و کەلتوورە دواکەوتووەکان ڕەتدەکاتەوە، تا مردن لە نووسین ناکەوێت، نێچە بە درێژایی ژیانی هەمیشە ئەوەی دووبارە کردۆتەوە کەوا (هێشتا پێویستە بژیم، چونکە هێشتا گەرەکمە بیربکەمەوە...!)، نێچە بیری لە هەموو سەکۆ و گۆشە و کەلێنەکانی ژیان و مرۆڤ کردۆتەوە، ئەوەی بە فەلسەفە دەرەقەتی نەهاتووە بە شیعر قسەی لەسەر کردوون، بۆیە شیعر و فەلسەفەکەی بە یەک ئاراستە ڕۆیشتوون. نێچە لە شیعری (مرۆڤە بەرزەکان) دا دەڵێت.

**ئەوەی ڕادەپەڕێ، پێویستە پێیدا هەڵدەین!**
**وەڵێ ئەو لە بەرزاییەوە ئەمە پەسەند دەکات،**
**تاکو لە سەرووی پەسەندگرەوە بژیت،**
**ئەو لە بەڕزی دایە ئەو لەسەر دەرگای ماڵی منە،**
**ئەو لە ماڵی من نیشتەجێیە،**
**هەرگیز بە دوای کەس نەکەوتووم**
**لە سەرووی ئەمانەش، قۆشمەم بە هەموو مامۆستایەک کرد.**

ئەم شیعرە تا بڵێی شیعرێکی ناسکە، نێچە بە زمانێکی شیعری ناسک و پڕ لە هارمۆنیا و ئیستاتیکایەکی جوان، کرۆک و ئامانجی بیرکردنەوە و فەلسەفەکەی خۆی دەخاتە روو، لێرەدا

نێچە باس لە مرۆڤی باڵا دەکا، ئەوانـەی خـودان هێـز و ئیـرادەی خۆیانن، دەیانەوێت ڕاپەڕین بکـەن و زنجیـری دیلیـەتی و سـتەم بپسێنن، ئەو پێی وایە ئەوانە لە شوێنێکی بەرزی ژیان وەسـتاون، ئەوانە هێندە بەرز و خۆشەویسـتن، بەشـێکن لـە ڕۆحـی ئـەو لـە ماڵەکەی ئەو نیشتەجێن. ئەمان ئەو مرۆڤە بەرز و خودان هێـز و سـەربەخۆیی و بیرکردنـەوەی خۆیـانن، کـە دوای هیـچ کەسـێک ناکـەون و بـەس خۆیـانن و بـەس، ئـەمان ئەوکەسـانەن لـە مامۆسـتاکانییان فێردەبـن، سـنوور و تخوبـەکان دەبـەزێنن و لـە ئاستێکی بەرز لە مرۆڤایەتی و ژیان دەڕوانن.

**هەروەها لە شیعری (جەسوور) دا دەڵێ..**
**لە هەر کوێیەک بیت، قووڵ هەڵکۆڵە**
**بنەوان لە ژێرەوەیە،**
**وازبێنە لە پیاوانی ڕەشبین با بچریکێنن**
**" دۆزەخ بەردەوام لە ژێرەوەیە "...!**

لێرەشدا وێنەی مرۆڤێکی جەسوور و خاوەن هێز و توانایـەکی لەبن نەهاتوومان.بۆ دەکێشێ، ئـەو مرۆڤانـەی لـە پێنـاو ئامانجـە پیرۆزەکان مرۆڤی تێکۆشەر و کۆڵنەدەرن، ئەوانەی هەمیشـە بـە ورەیەکی پۆڵایین و بە دید و بـەرچاو ڕۆشـنییەوە بـەرەو لوتکـەی ئاسۆ و ئامانجەکانییان دەکەونە ڕێ، بێوچان و نەسـرەوتن، نێچـە ڕقـی لـە مرۆڤـی لاواز و ڕەشـبینە، ڕقـی لـەو کەسـانەیە کـە هەمیشە بۆ پاروە نانێک دەکڕوزێنـەوە، نێچـە لـە شـوێنێک دەڵـێ (مرۆڤە لاوازەکان، ئەوانەن بۆ مـردن باشـن، شایسـتە بـە ژیـان نین) بۆیە لەم شیعرەشدا دەڵێ (واز بێنە لە پیاوانی ڕەشـبین بـا بچریکێنـــن). دۆزەخ بـــەردەوام لـــە ژێرەوەیـــە، مەبەســـتییەتی گەیشـتن بـە لوتکـە و ئامانـج ڕەنـج و قوربـانی دەوێـت، ئـاگر و ڕووناکییـەکان، لـە بنـی بنـەوەن، قـووڵن دەبـێ لـە هـەڵکۆڵین بـەردەوام بیـن، دیـارە وشـەی دۆزەخ لێـرەدا میتافۆرێکـە یـان هێمایەکە بۆ ئاگر، لە ئەفسانە و داستانەکانیش گەیشتن بـە ئـاگر هێمایە بۆ گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتن...!

**نێچە لە شیعری (ئەوەیە مرۆڤ) دا دەڵێ...**
**بەڵێ، دەزانم لە چ بنەچەیەکم،**
**وەک بڵێسە تێنووم،**
**هەڵپە دەکەم و خامۆش دەبمەوە،**
**هەرچییەک دەستی بۆ دەبەم دەبێتە نوور،**
**هەرچییەک جێی دەهێڵم پشکۆیە :**
**بێ یەکودوو من بڵێسەم...!**

بێگومان، لە نێو بیری نێچە مرۆڤـەکان دەبـێ مرۆڤـی بـەرز و دیار بن، خودان بنەچە و شوهرەتێک و ناوێکی پایەدار و بەرزییان هەبێ، ئەمەش ئەو مرۆڤانەن هەمیشە هەڵپەی ژیـانێکی بـەرز و پڕاوپـــڕ لـــە بەختـــەوەری و دەستگەیشـــتن بـــە خۆزگـــە و ئومێدەکانییانن، وەک بڵێسـە تێنـوون بـۆ ئـەم جـۆرە ژیانـە، وەک عاشق شەیدای ژیانێکی شایستە بە مرۆڤن، ئـەو مرۆڤانـەی کـە لـەم شـوێنە بـەرزە بـۆ ژیـان و ئومێـدە گەشـەکان و ئـارەزووە جوانەکانییان دەڕوانن، ئەوانە دەست بۆ هەر چییەک دەبن دەبێتە نـوور، هەرچییـەک جێـدەهێڵن دەبێتـە پشـکۆ، ژیـان و دەوروبـەر دەدرەشـێننەوە، چونکـە وەک بڵێسـە خـاوەن نیگـا و ڕوانیـن و دیدگایەکی ڕۆشنن بۆ ژیان. لێرەدا، لـە نێـو بەرهەمـە شـیعری و فەلسەفییەکانی نێچـە، هاوئاهەنگییـەک و ئـاوێزانبوونێکی گرنگـی نێوان فەلسەفە و شیعر دەبینین، کە هەردووك بە یـەک ئاراسـتە تـا ئەنـدازەی تێکـەڵاوبوون، فەلسـەفە بـە بـەرگ و ڕوخسـاری شیعرییەوە، شیعریش بە ناوەڕۆکی فەلسەفییەوە، وەک ئـەوەی گیانێک بن لە دوو جەستەدا. نێچە بەم هەوڵانـەی تـوانی شـیعر و فەلسەفە زێتر لێک نزیک بکاتەوە.

(مارتن هایدگەر) یـش یەکێکـە لـەو فەیلەسـووفانەی، قسـەی زۆری لەسـەر شـیعر کـردووە و گرنگـی زۆری بـە شـیعر داوە. بایەخدانی (مارتن هایدگەر) بە شـیعر و چـاولێکردنی شـیعر لـەم ئاستە بەرزەدا، لە ڕوانگە و تێڕوانینـە بوونگەراییەکـەی بـووە بـۆ بـوونی مـرۆڤ. چونکـە لای (هایدگـەر)، شـیعر/ تـەنها لایـەن و پێکهاتەیەکی ئـەدەبی و هونـەری نییـە بـەڵکو، شـیعر ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی هەیـە بـە بـوونی مرۆڤـەوە. ئەمـەش بـۆ هایدگـەر

گرینگییەکی زۆری هەبووە، شیعر هونەرێکە زێتر مامەڵـە لەگـەڵ بوون و ناوەوەی مرۆڤ دەکات، هایدگەر بۆ پـڕۆژە فەلسـەفی و ئەنتۆلۆژییەکەی خۆی لە زۆر شوێن هانـای بـۆ شـیعر بـردووە بـە تایبەت شیعرەکانی (هۆڵدەرلین).. تا ئـەو ئاسـتەی پێیوابـووە کـە شیعر دەتوانێ ڕاستی بـوون دەربخـات. پـڕۆژە ئۆنتۆلۆژییەکـەی هایدگەریش هەروەک د. محەمـەد کـەمال لـە کتێبی (هایدگـەر و ئۆنتۆلـۆجی شـیعر) دا دەڵـێ (پـڕۆژەی ئۆنتۆلـۆژی بنـەڕەتی، گەورەترین پرۆژەی فەلسەفی هایدگەرە، لە پەرتووکی (بـوون و کـات) دا، کـە بـەدرێژایی تەمـەنی ئیشـی لەسـەر کـردووە. ئـەم پرۆژەیە لە شیکردنەوەی بوونگەرانـەی مرۆڤـەوە بـە میتـۆدێکی فینۆمینۆلۆجیانەی هێرمینیۆتیـک دەسـتپێدەکات، تـاکو لـەوێوە لـە تێگەیشتن لە بوونی مرۆڤـەوە (بـوون) بـە گشـتی بگـات. شـیعر ڕەنگدانەوەی یان ئاوێنەیەکە بـۆ دەرخسـتنی نـاوەوەی مـرۆڤ.. شیعر لەنێو پانتایی خەیاڵی مرۆڤ لە ژێر کاریگـەری غـەریزەکان و هەستەکان و خەونەکان دێتە بوون، غەریزەکان و هەستەکان و خەونەکانیش، ڕەنگ و شێوەی مرۆڤ ڕەسم دەکەن، مرۆڤێکـی تێکشـکاو یـان بـەرزەفڕ، یـان ڕووخـاو، واتـە مـرۆڤ خـۆی لـە چوارچێـوەی زەمـەنێکی دیـاریکراو، هـەموو خـەون و هەسـت و ئارەزووەکانی مرۆڤ، پەیوەسـتن بـە زەمـەنێکی دیـاریکراوەوە، ئەم هاوکێشەیەش بۆ هایدگەر زۆر گرنگ بووە، واتە مرۆڤ خۆی لەگـەڵ کـات، یـان بـوون و کـات. بۆیـە لای هایدگـەر شـیعر لـە ڕیزبەندی هونەرەکان دا لە ئاستی هەرە سەرەوە بـووە. چونکـە لە توانای هەبووە ڕاستی بوون دەربخات. بۆیە پێیوابـووە، شـیعر وەک فەلسـەفە بیرکردنەوەیـەکی داهێنەرانەیـە چونکـە، هـەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی بەتایبەت بیرکردنەوە قووڵـەکان، لـە نێوخۆیاندا شـیعرین، هـەروەها بەرهەمـە شـیعرییەکانی پـڕن لـە داهێنان، بەتایبەت سرووودەکانی هۆڵدەرلین و شیعرەکانی دانــتی و گۆتـە و زۆرێـک لـە شـاعیرانی تـر، خـاوەنی ڕوانیـن و هـزری بەرزن بەڵام فەلسەفە نین. هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی زمانەوە دێنە بوون، بۆیە هایدگەر دەیگوت (زمان ماڵی بوونە).هەرچەنـدە لەسـەردەمی مۆدێرنـە و لـە بەرئـەنجامی گەشـە و پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیادا، مـرۆڤ تووشـی نـامۆبوون دەبێـت، نامۆبوونێـک تـا ئاستی ئەوەی مرۆڤ ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست بدات، بۆ ئـەم

نامۆبوونــەی مــرۆڤ هایدگــەر کۆپلــە شــیعرێکی هۆڵــدەرلین دەهێنێتەوە کە دەڵێ..

**ئێمە هەموو هێمایەکی نەخوێندراوەین**
**لە خاڵێکی بێگانەدا**
**زمانەکەی خۆشمان بیرچۆتەوە**

دیارە هەر لەسەدەمی تەکنەلۆژیاوە مرۆڤ لە بەرئـەنجای ئـەم نامۆییــە تووشــی قــەیران دەبێــت، قــەیرانی فکــر و داهێنــان و کوشــتنی پرســیار.. لەگــەڵ هــەموو ئــەم قــەیران و نامۆبوونــەش هایدگەر پێیوایە (مـرۆڤ شـاعیرانە نیشـتە جـێ دەبـێ)، هایدگـەر لەگەڵ ئەوە دایـە، هـەموو کـەس شـاعیرانە بـژی، چونکـە شـیعر چاوسـاغی و ڕۆشـناییمان دەداتـێ بـۆ ناسـین و ڕاسـتی بـوون، هەروەها ژیانی شاعیرانە، تێکەڵبوونە بە ڕووبەری گەردوونییەت و مانەوەیە بۆ تاهەتا، چونکە زمـانی شـیعر هێـزی ئـەوەی تیایـە بـۆ ناسینی بـوون و سروشـتی مـرۆڤ. هەربۆیـە لای هایدگـەر و لای زۆرێک لە کەسانی بیرمەنـد شـاعیران وەک مرۆڤـی گـەورە یـان وەک خوداوەندێک دەیان بینن، بەڵام خودایـەک لەسـەر زەوی کـە بیردەکەنەوە و بوونیان هەیە. کاتێک هایدگەر پێیوابووە کـە، شـیعر بەرهەمی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە دیـارە ئەمـە لەخۆڕانـەبووە، شیعر زمانی خواداکـان و پەیامبـەرەکانیش بـووە، زۆربـەی کتێبـە ئاسمانییەکان بە زمانی شیعر نووسراون، یان زۆرێک لە حــەدیس و وتەی بیرمەندەکان شیعری بوون. هەر لە پەیوەند نزیکایەتی شـیعر و فەلسـەفەوە، شـیعر پێکهاتەیەکـە لـە هەسـت و سـۆز، هەســت و ســۆزیش ڕەهەنــدێکی دەروونییــان هەیــە، بۆیــە دەروونزانــی چــی وەک فەلسـەفە یـان زانسـت، پەیوەندییـەکی بـەهێزی لەگـەڵ شـیعردا هەیـە، ئـەدەب و شـیعر لای (سـیگمۆند فرۆیید) بەرهەمی هەستی بێئاگایین. بۆیە لای وا بـووە/ شـاعیران وەک منــداڵ وان چونکــە، بەشــە گرنگەکــەی مێشــکیان لــەژێر کاریگەری نائاگاییدایە، (فرۆیید) مێشکی مرۆڤی دابەشکردووە بـۆ سێ بەش (من، منی باڵا، ئێد)، (ئێد) ئەو بەشەیە، تـەواو لـە ژێـر کاریگــەری بێئاگاییدایــە، جلــەو بــۆ ئــارەزوو و غــەریزەکانی شــل

دەکـات، بـە بـێ گوێدانـە زروف و بـاری مـەوزوعی و دەرەوە، لەگەڵ خەون و ئارەزووەکان و دنیای خۆیدا ڕووبەڕووە، مێشـکی منـداڵیش تـەواو لـەژێر کاریگـەری ئـەو بەشـەدایە، شـاعیرانیش بەهۆی گرنگیدان و ئیشکردنیان لەسـەر هەسـت و غـەریزەکانیان تەواوی دەکەونە ژێر کەریگـەری ئـەو بەشـەی مێشـک، لـە کـاتی نووسینی هەر دەقێک، باری دەروونی نووسەر، لە ڕێگەی زمان و هێما و میتافۆرەکاندا، سایە دەکێشێ بەسەر ڕووبەری دەقەکـەدا، بـۆ خوێندنـەوەی هـەر دەقێـک سـایکۆلۆژییەتی دەق پێکهاتەیـەکی گرینگە، هاوکات سایکۆلۆژییەتی خوێنەریش لەم نێوەدا گاریگەری دەبێـت، بـە مانـای/ هـەر دەقێـک دەبێتـە پردێـک لـە نێـوان ساکۆلۆژییەتی نووسەر و سایکۆلۆژییەتی وەرگر، بۆیە هەندێک لە دەقەکان بۆ ماوەیەکی درێژتر لای خوێنەران دەمێننەوە و ئـارامی و لـەزەت و چەشـەیەکی تایبـەتییان پێدەبەخشـن، هەنـدێجاریش پڕیان دەکەن لە گومـان و نیگـەرانی و پرسـیار. هـەروەها (جولیـا کریســـتیڤا) ش لـــە پێنـــاو هەوڵـــەکانی بـــۆ (شـــیکردنەوە سیمۆلۆجییەکەی) گرنگی زۆری بە شـیکردنەوەی دەروونـی داوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئیشی زۆری لەسەر شیعرەکانی (مالارمێ) و چەند شـاعیرێکی تـر کـردووە، ئەمـەش لـە کتێبـەکانی (لـە پێنـاو شۆڕشێک بۆ زمانی شیعری) و (خۆری ڕەش و) و حیکایەتـەکانی خۆشەویسـتی) و چەنـد کتێـبێکی تـری، بـە ئاشـکرا و بـە ڕوونـی دەبیندرێن. لێـرەدا بۆمـان دەردەکـەوێت کـە، شـیعر و فەلسـەفە چەند لە یەکەوە نزیکن، وەک دوو توخمی هاوتـەبا لەگەڵـدا یەکـدا زۆربـەی کـات تـەریب دەڕۆن، دوای پێشـاندانی ئـەم ڕووبـەرە نزیکایەتییە هەوڵدەدەین، لێرە بەدوا ڕاستەوخۆ قسە لەسەر خاڵە هاوبەشـــەکانی نێوانییـــان بکـــەین لـــە هـــەمانکات، خاڵـــە دژ و ناتەباکانیش.. بۆ نموونـە/ چـی شـیعر چـی فەلسـەفە، هـەردووک بوونێکی گەردوونییان هەیە و ناتوانین پێناسـەیان بکـەین. نـاتوانین بازنـــەیان بـــە دەوردا بکێشـــین و لـــە چوارچێوەیـــان بـــدەین. هۆکارەکەش ئەوەیە، هەردووکیان لە ڕووبـەرێکی هێنـدە فـراوان ئیش دەکەن، ناتوانین لە یەک گۆشەوە بیان بینین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین. هەروەک لە کتێبی (سەرەتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ) دا هاتووە و دەڵێ.. (ناتوانین فەلسـەفە پێناسـە بکـەین، ئەمـەش هێمای بە کەمال گەیشتنی فەلسـەفەیە، یـان دەڵـێ/ دیـاریکردنی

پێناسەیەک بۆ فەلسەفە، ئەمە سنووردارکردنی فەلسەفە دەگەیەنێت...!). ئەم قسانە بۆ شیعر و بۆ مۆسیقا و بۆ عەشق و بۆ هەموو چەمکە گەردوونییەکان هەر ڕاستە و لە ڕووی پێکهاتەییەوە هەمان بنیاد و بوونیان هەیە. خاڵێکی تر، دەبینین زمان ئەو توخمە هاوبەشەی نێوان شیعر و فەلسەفەیە. زمان ئەو ڕووبەرە بەرین و فراوانەیە کە تیایدا، شیعر و فەلسەفە یان مەعریفە و ئەدەب بە گشتی تیایدا گەشە دەکەن، لە نێو ئەم رووبەرە ئەفسووناوییە، گەڕانەکان و داهێنانەکان و گەمە زمانەوانییەکان و پرسیارەکان دێنە بوون و گەشە دەکەن. زمان ئەم بنیادە بنەڕەتییەیە، کە پێکهاتەیەکی سەرەکییە بۆ مەعریفە و کلتووری هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەک. دەتوانین ئاستی وشیاری و پێشکەوتنی هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەک لە زمانەکەیەوە ببینین. زمان توخمێکی سەرەکییە بۆ دەرخستن و کرانەوەی دیوە شاراوەکان و پێکهاتە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ، هەروەها پردێکە بۆ پەیوەندی غەریزە و بارە دەروونییەکانی ناوەوەی مرۆڤ بە جیهانی دەرەوەی خۆی، یان ناوەوەی دەق بە دنیای دەرەوە. لێرەدا دەبینین، شیعریش وەک فەلسەفە ئیش لەسەر مرۆڤ دەکات، یان پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە شتەکان و هەبووەکانی دەرەوە وەک، خودا، سروشت، کۆمەڵگە، کەلتوور، ئایین، هەتادوایی..! خاڵێکی تر/ پرسیار توخمێکی تری هەوبەشی نێوان شیعر و فەلسەفەیە. شیعر یەکێک لە ئامانجەکانی دروستکردنی گومان و پرسیارە لای خوێنەر، یان زۆرجاران، لە ڕێگای پرسیارەوە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی قووڵتر پێشان دەدات. فەلسەفەش بە هەمان شێوە، ئیش لەسەر پرسیار دەکات. هەر لە هەمان کتێب لە(سەرەتاکانی فەلسەفەدا) هاتووە و دەڵێ (فەلسەفە مانای بەردەوامبوون لە پرسیار دایە..، فەلسەفە لە بنەرەتەوە لە ڕێگای پرسیارەوە دەبێ بە فەلسەفە، یان لە شوێنێکی تردا دەڵێ/ فەلسەفە بیرکردنەوەیە و بیرکردنەوەش وڕوژاندنی پرسیارە...، کەواتە فەلسەفە پرسی مرۆڤەکانە لەسەر بابەت یان دۆخێک تەنانەت رووداوێکیش...!). هەروەک فەلسەفە، پرسیار لە نێو ڕووبەری دەق و زمانی شیعردا، جێگا و شوێنێکی گرنگی هەیە بە تایبەت، لای قوتابخانە ئەدەبییەکانی سەردەمی مۆدێرنەتە، بۆ نموونە/ لە ستایلی شیعری

پۆستمۆدێرنی، پرسیار پێکهاتەیەکی گرینگە لە پاڵ/ پارادۆکس و گەمەکردن بە وشە و تەواوی پێکهاتە و تەکنیکە شیعرییەکانی تر، هەروەها لە شیعر و فەلسەفە دا، مرۆڤ چەقی ئیشکردن و ناوەندی ئامانجە، چی شیعر چی فەلسەفە، لە پێناو مرۆڤ هاتوونەتە بوون. لەگەڵ هەموو ئەم خاڵە نزیک و هاوبەشییانەدا، دەبینین لە هەندێ شوێن/ فەلسەفە و شیعر، دژ و ناتەبا دێنەوە، یان بە دوو ڕێگای جیاوازدا دەڕ□ن. بۆ نموونە شیعر ئاماژە بە بوون دەکات بەڵام، شڕۆڤەی ناکات..! یان لە توانایدا نییە شڕۆڤەی بکات. شیعر وەک فەلسەفە ناتوانێ لە بوون بکۆڵێتەوە و قسە لەسەر دیوە شاراوەکانی بکات. هەروەک بە پێی بیرکردنەوەکانی (مارتن هایدگەر) شیعر وەکو فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانەیە، شیعر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە زمانەوە هەیە، کە شێوازێکی سەرەکی و گرنگە بۆ دەربڕینی ڕاستی بوون، لێرەدا زێتر ئەوە دەبینین کە شیعر تەنها ئاماژە بە بوون دەکات، بەدوای شڕۆڤە و سەلماندنی ڕاستییەکاندا ناگەڕێت، زێتر ئەمە کاری فەلسەفە و زانستەکانن.. ئێمە گوتمان زمان ڕووبەر و توخمێکی هاوبەشە لە نێوان شیعر و فەلسەفەدا، لە هەمانکات/ ناوەندی دەربڕێن و داهێنانەکانە. بەڵام ڕوونکرنەوە و شڕۆڤە کردن و دەربڕینی ڕاستییەکان لە فەلسەفەدا ڕاستەوخۆیە، واتە فەلسەفە دوور لە کۆد و هێماکان بە زمانێکی ڕووت و ڕەوان لە شتەکان دەدوێت، بەڵام شیعر لەسەر میتافۆر و ئاماژە و هێماکان ئیش دەکات، بە دیوێکی تر/ دەتوانین بڵێین لە شیعردا دەربڕینی مەبەست و ئامانجەکان ناڕاستەوخۆن. ئەمە یەکێکە لەو جیاوازییە سەرەکییانەی نێوان شیعر و فەلسەفە، بۆیە ناتوانین هەردووک بکەین بە خاوەنی یەک شوناس. پرسیارپش ئەم توخمەیە جگە لە بوونی خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا بەڵام، بەدیوێکدا دەتوانین هەر لە نێو ڕووبەری پرسیاردا، جیاوازی لە نێوان شیعر و فەلسەفەدا ببینین چونکە، شیعر وەکو فەلسەفە لەسەر پرسیار ئیش دەکات و پرسیار دەوڕوژێنێ، بەڵام/ بە دوای وەڵام بۆ پرسیارەکاندا ناگەڕێت...!

**تەمموزی ٢٠١٧**

# سەرچاوەکان

کتێبی (سەرەتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ) نووسینی/ پرۆفیسۆر مەحموود خاتەمی، وەرگێڕانی سەعید کاکی
_کتێبی (نێچە فەیلەسووفێکی بەرزەفڕ)نووسینی/ حەیدەر عەبدولَّا
_کتێبی (شیعر و ئەرستۆ).. وەرگێڕانی/ د. محەمەد کەمال
_ وتاری (هایدگەر و ئەنتۆلۆگی شیعر).. د. محەمەد کەمال گۆڤاری شیعر ژمارە ١ ساڵی ٢٠١٦
_ دیمانەی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) لەگەڵ د. محەمەد کەمال/ بەشی پێنجەم
_ کتێبی (philosophical classics) Editor By: James M. Russell
_ کتێبی (prominent Greeks of Antquity their Live and works)
_ کتێبی (Greek mythology and Religion)
**_ چەند سەرچاوەیەکیتری ئەنتەرنێت دەربارەی شیعر و فەلسەفە**

## پەیوەندی ڕەنگ لەگەڵ کات و شوێن لە شیعردا

**من...**
**لێوم بۆت سوور دەکەم و**
**تۆش**
**چاوت لێم سوور**
**دەکەیت..!**

مەریەم کاکەیی

مەریەم کاکەیی شاعیر لەم کورتە شیعرەدا، کە مـن بـە وردە شیعر ناوی دەبەم، دەیەوێت بڵێ/ من لێوم بۆت سوور دەکـەم و من خۆم جوان دەکـەم، مـن کەسـێکم دڵـم پـڕە لـە میهرەبـانی، دنیاش جوان دەبینم و بە ئومێدەوەش لە ژیان و ئایندە دەڕوانم، بەڵام تۆی پیاو لە بەرامبەر ئەم میهرەبانییەی من، دڵرەقانە چاوم لێ سوور دەکەیتەوە، دەتەوێت لە نێو تـرس و فۆبیـا و تۆقاندنـدا بچـووکم بکەیتـەوە! تاهەتایـە خـۆت سـەردار و سـەروەرم بیـت، منیش زەلیل و کۆیلە و بێدەسەڵات، چاوەکانی تۆ لە جیـاتی نیگـا گەرمەکانی عەشـق و خۆشەویسـتی و جـوانی، سـوور سـوورن، پڕاوپـڕن لـە هەڕەشـە و تـرس و نائومێـدی، هەمیشـە لـە نێـو سوورێتی چاوەکانت مەرگ و مردن بەدیدەکرێن..!

ئامـانجی شـیعر بەرهـەمهێنانی جوانییـە، ئـەم جوانییـەش لـە ڕێگەی زمانەوە بەدەست دێت، چونکە شیعر هەر لـە بنەڕەتـەوە گەمەیەکی زمانەوانیی، یان باشترە بڵێین، کردەیەکی زمانەوانییە لە نێو ڕووبەرێکی مەعریفیدا، جوانیش بـە پێـی بیرکردنـەوەکانی

کارل یەنگ (سەرچاوەیەکە بۆ چێژ بەخشین)، بە مانایەک هەر دەقێکی شیعری بەو ئەندازەیەی جوانی بەرهەم دەهێنێ بەو ئەندازەیەش لەزەت یان چێژ دەبەخشێ، بە مانای ئەو دەقە شیعرییانەی زۆرترین جوانی بەرهەم دەهێنن، زۆرترین چێژ دەبەخشن. هەموو شیعرێکیش کۆمەڵێک مانا و هێمای لە خۆگرتووە، یان باشترە بڵێین، وشەکانی هەر دەقێکی شیعری، هەڵگری هێما و مانایەکی دیاریکراون یان هەندێجار، وشەکان زیاتر لە هێما و مانایەک لەخۆ دەگرن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەلیقە و ئەو توانا مەعریفییەی شاعیر لە مامەڵەکردن لەگەڵ زمان و قووڵبوونەوە لە نێو ڕووبەری گەڕانەکانیدا. (جوانی و مانا)ش وەک ئامانج یان بەرهەمی هەر دەقێکی شیعری، بە کورت و درێژی دەقە شیعرییەکە نییە، بە مانای گەر قەسیدەیەک درێژ بێ، بە مانای ئەوە نایە کە زۆرترین مانا لەخۆگرتبێ و زۆرترین جوانی بەرهەم هێنابێ، زۆرجاران، وردە شیعرێک بە ئەندازەی قەسیدەیەکی درێژ بەڵکو زیاتریش، مانا لەخۆ دەگرێت و جوانی بەرهەم دەهێنێت. دەتوانین ئەم وردە شیعرەی (مەریەم کاکەیی) شاعیر بە نموونە بهێنینەوە. کە وردە شیعرێکە، بە کەمترین وشە زۆرترین مانا لەخۆگرتووە و زۆرترین جوانی بەرهەمهێناوە، وردە شیعرێکە، پڕاوپڕە لە جوانی و لە مانا و پڕاوپڕە لە شیعرییەت، شیعرییەت بەمانای لە ڕووی بونیاد و ئیستاتیکای شیعرییەوە. شیعرێکە پڕاوپڕە لە چێژ، بە خوێندنەوە و ڕامانێکی خێرا خوێنەر سەرسام دەکات..! وشەکان زێتر لە هێما و مانایەکیان لەخۆگرتووە، وشەکان لە بارێکی ڕێک و لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدان لەگەڵ یەکتریدا، وەک ئەوەی لە باری ئاگاییەوە، وشەکان هەڵبژێردرابن و وا بەڕێکی ڕێکخرابن. شیعرێکە، لە ڕووی ماناوە تا ئاستێکی بەرز مانایەکی قووڵ و فراوانی هەیە، باس لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گرینگ دەکات، چەوساندنەوەی ژنان و باڵادەستی پیاوان و فەرهەنگێکی دواکەوتوو و باوکسالارانە، ئەم کێشەیە زۆری لەسەر نووسراوە، ڕەنگە کتێبێکی قەبارە گەورەی چەند سەدلاپەڕەیی یان قەسیدەیەکی درێژ، لە پەیوەند بەم کێشە کۆمەڵایەتییە و چەوساندنەوەی ژنان و نابەرابەری، هەر ئەو مانایە بدەن بەدەستەوە کە لەم وردە شیعرەدا بەدەست هاتووە.

شیعرێکی خەمڵیوو بە خەم و هەستی ژنانە، من بۆ خۆم بـاوەڕم بە دابەشبوونی شـیعر نییـە بـە نـاوی شـیعری پیـاوان و شـیعری ژنان، بـەڵام دەکـرێ هەسـت و خـەمی ژنانـە لـە نێـو شـیعرێکدا ببینـــدرێ یـــان بەرجەســـتە بکـــرێ، بـــۆ شـــاعیرانی پیـــاویش بەهەمانشێوە، هەست بەوە دەکـەی شـاعیر لـەم شـیعرەیدا، بـە مەعریفەیـەکی قووڵـەوە لـە دەرگـای بابەتێکی گرینـگ دەدات و مەسەلەیەکی هەستیار دەوڕوژێنێ، کێشەیەک کـە پەیوەنـدی بـە ژیـانی مرۆڤەکانـەوە هەیـە، کێشـەیەک کـە لێوانلێـوە لـە بـەهای مرۆڤبوون، کە ئەمەش تایبەتمەندێتی شیعر و ئەدەبە..! بە مانای ئامـــانجی شـــیعر و ئـــەدەب لـــە پـــاڵ بەرهـــەمهێنانی جـــوانی مامەڵەکردنیشە لەگەڵ بەها مرۆڤایەتییـەکان..! بـەمانای/ ئەگـەر شیعر و ئەدەب لە بەها مرۆڤایەتییەکان جودا بکەینـەوە، شـتێکی ئەوتۆیان لێنامێنێتەوە کـە شایسـتە بـەوە بـن، مـرۆڤ کاتیـان بـۆ تەرخان بکات، دەبنە شتی پڕوپوچ و بێمانا..! ئەو وردە شیعرەش پڕاوپـڕە لـە جـوانی لـە بـەهای مرۆڤبـوون..! (سـووری لێـو و سووری چاو)، دوو مانا و دوو هێمای جیاوزیان لە خۆگرتـووە، لـە هـەمانکات، پارادۆکسـێکە لـە ڕووی جوانکارییـەوە بڕسـت و هێزێکی زۆری بە شیعرەکە بەخشیوە، (پارادۆکس) بە مانای (بـە کارهێنانی دوو دەستەواژەی جیاواز لە ڕستەیەک یـان کۆپلەیـەک یان لە دەقێکـدا)، کۆکردنـەوەی هاودژەکـان و چەمکـە ناتـەباکان قووڵایی بە نووسین و دەقـەکان دەبەخشـن. (مەریـەم کاکـەیی) لەم وردە شیعرەیدا، دوو چـەمکی ناتـەبا و دژبەیـەکی بەیەکـەوە کۆکردۆتەوە و دەقێکی شیعری پڕاوپڕ لە جوانی لێ پێکهێناون..! سووری لێو.. هێمایە بۆ جـوانی واتـە مانـای جـوانی دەگەیـەنێت، هـەموو جوانییـەکیش ئـارامی بـە ڕۆح دەبەخشـێت..! سـووری چاویش.. هێمایە بـۆ تـرس و تۆقانـدن و هەڕەشـە.. واتـە مانـای ترس و تۆقاندن دەگەیەنێت.. واتـە شـاعیر لـەم وردە شـیعرە دا (ئـارامی و تـرس) ی لـە یـەک هاوکێشـە کۆکردۆتـەوە، هـەردوو هێماکـەش لـە پشـتی ڕەنگـی سـوورەوە دەردەکـەون..! بـە دیوێکیتر، (بەرائـەتی ڕەگـەزی مـێ) و (دڵڕەقـی و شـەڕانگێزی ڕەگەزی نێرمان) بۆ دەخاتە ڕوو..! هـەردوو هێماکـەش هـەر لـە پشتی یەک رەنگەوە ئەویش ڕەنگی سوورە. خاڵێکی تر کـە زۆر گرینگ و سەرنجڕاکێشە لەم وردە شـیعرەدا دەبینـدرێ ئـەویش/

(پەیوەندی نێوان " ڕەنگ و شوێن و کاتـە "..!). بـەمانای شـوێن لەم شیعرەدا، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە دیـاریکردنی هێماکـانی پشت ڕەنگەکان، واتە ئەو هێما و مانا جیاوازانەی پشـت ڕەنگـی سوور بەهۆی شوێنەوەیە..! گوتمان سووری لێو مانـای جـوانی و ئارامی دەبەخشـێ، شـوێنەکە لێـوە، بـەڵام سـووری چـاو مانـای ترس و تۆقاندن دەگەیەنێت، شـوێنەکە چـاوە.. (لێـو و چـاو) ئـەو دوو شوێنەن کە مانای جیاواز بە هەمان وشە یان هەمان ڕەنگــە سوورەکە بەخشیوە، دەتوانین نموونەی تر بهێنینەوە، کـە شـوێن چ کاریگەرییـەکی هەیـە لەسـەر گـۆڕینی مانـای ڕەنگـەکان یـان بەخشینی مانا و هێمای جۆراوجۆر بە هەمان ڕەنگ..! بۆ نموونــە ئەگەر سەیری پەنجەکانی هەمان دەستی کەسێک بکەین، کاتێـک نینـۆکی پەنجـەکانی سـوور دەکـات، جیـاوازە لەگـەڵ ئـەوەی هەمانکەس کە پەنجەکانی سوور ببن، سووری نینۆک بـۆ جوانییـە و هێمایە بـۆ جـوانی، بـەڵام سـووری پەنجـە هێمایـە بـۆ خـوێن و مـەرگ.. وەک دەڵێـن (پەنجـەکانی سـوور بـوون بـە خـوێن..!)، تەنانەت ئەگەر، نینۆکەکان و پەنجەکانی هەمان دەست و هـەمان کەسیش بن.. لێرەدا شوێن ڕۆڵی گرینگ دەبینێ و هێمـاو مانـای جیاواز بە ڕەنگەکان دەبەخشێ، بە مانای سووری نینۆک جیاوازە لە سـووری پەنجـە، یـان لـە سـووری گۆنـا و ڕوومـەت، کـە کـە ســووری ڕوومــەت و گۆنـــا/ مانـــای هیلاکـــی و مانـــدووبوون دەگەیەنێت..! لە ڕاستیدا نـەک هـەر شـوێن بـەڵکو (کـات) یـش گاریگـەری زۆری لەسـەر ڕەنگـەکان هەیـە بـۆ بەخشـینی مانـا و هێماکـــانی رەنگـــەکان، بــۆ نموونـــە ســـووری دەمـــەوئێوارانی خۆرئـــاوابوون، مانـــای نائومێـــدی دەگەیـــەنێت، بـــەڵام شـــەوە سوورەکان، یان سووری شەو مانای خۆشـی و لـەزەت و ئومێـد دەگەیەنێ، یان سووری بـەیانی، مانـای گزنـگ و شـەبەق و هیـوا دەگەیـەنێت، دەبینیـن (کـات)یـش وەکـو (شـوێن) مانـا و هێمـای جۆراوجۆر بە ڕەنگەکان دەبەخشن، وەنەبێ تەنها ڕەنگی سـوور ئەو پەیوەندییەی هـەبێ لەگـەڵ (کـات و شـوێن)، بـەڵکو هـەموو ڕەنگـەکان بـە هەمانشـێوەن، بـۆ نموونـە/ ئەگـەر بڵێیـن، (مـن هەمیشە چاوم بـۆت ڕەش دەکـەم و تـۆش هەمیشـە بـە دڵێکـی ڕەشەوە مامەڵەم لەگەڵـدا دەکـەیت...!) دەبینیـن/ ڕەشـی چـاو هێمایە بۆ جـوانی، کەسـەکان بـۆ جـوانی چاویـان ڕەش دەکـەن،

بەڵام ڕەشی دڵ، هێمایە بۆ ڕق و قین و نێگەتیڤی، کاتێک بە کەسێک دەڵێی دڵ ڕەش بەمانای/ کەسێکی دڵ پیس و پڕ لە قین و نێگەتیڤ! لێرەدا ڕەنگی ڕەشیش بە هۆی شوێنەوە هێماو مانای جیاوازی وەرگرتووە، بە ئومێدم مەریەم کاکەیی ئازیز وەک هەمیشە، بە هەمان سەلیقە و بە هەمان تواناوە، بەردەوام بێت بۆ نووسینی شیعری جوان.. سڵاو لە داهێنان..!

**جولای ٢٠١٦**

# شیعر و هۆلۆکۆست

هۆلۆکۆست بە مانای کوشتنی بە کۆمەڵ دێت یان هەوڵدان بـۆ سـڕینەوە و لـەناوبردنی کۆمەڵگەیـەک یـان کەسـانێک بـەهۆی/ جیـاوازی ڕەگـەز، ئـایین، پێسـت....یـان هـەر جیاوازییـەکی تـر. هۆلۆکۆست و گینۆساید، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لـە زۆر شـوێن و سەردەمدا ڕوویانداوە. هەروەک هۆلۆکۆستی جولەکەکان لەلایـەن هیتلـەر و ئـەلمانیای نـازی، لـە سـاڵی ١٩٣٩ تـا سـاڵی ١٩٤٥ بەردەوامبوو، ئاکامەکەش شـەش ملیـۆن مرۆڤـی جولەکـە بوونـە قوربـانی، هۆکارەکـەش بـە پێـی لێکدانـەوە و بۆچـوونی هیتلـەر و نازییەکان، گوایە یەکێک لە هۆکاری دۆڕانییان لە جـەنگی یەکـەمی جیهانی، جولەکـەکان بـوون کـەوا، یارمـەتی دوژمنیـان داوە و لـە پشتڕا خەنجەری ژەهراوییان لێداون. هەربۆیە هەوڵدەدەن تۆڵەیان لێ بسەنەوە، ئەنجامەکەش بە هۆلۆکۆست کۆتایی هات.. لێرەدا مەبەسـتمانە بـەدواداچوونێک بـۆ شـیعر و هۆلۆکۆسـت بکـەین، دەمانەوێ هەڵوێستە لەسەر ئەوە بکەین، کەوا شیعر لە توانـای دا هەیە ئەم جۆرە ڕووداو و کارەساتە مێژوویانە بنووسێتەوە؟ یان لە نووسینەوەی کارەساتێکی تراژیدیای جـەرگبڕی وەک هۆلۆکۆسـت یان ئەنفال، کە هەزارەها یان ملیۆنەها مرۆڤ دەبنە قوربـانی. ئایـا زمانی شیعر چۆن ئیش دەکات؟ یان لەم جـۆرە دەقـە شـیعرییانە چۆن مامەڵە لەگەڵ زمان دەکرێت؟ هەروەک دەزانین زمانی شیعر و ئەدەبیات وا پێویست دەکات زمانێکی جیاواز بێت لە زمانی قسە کردن بەمانای، زمانێک بێت لادانی تیابێت و جیاواز بـێ، هــەروەها ئیــش لەســەر داهێنــان بکــات بەمەبەســتی بەرهەمهێنانی جوانی. یان لەمجۆرە دەقە شیعرییانەی کـە ڕوودا و کارەساتە گەورە مێژووییـەکان دەنووسـنەوە، چـۆن ئیـش لەسـەر کۆد و هێماکان دەکرێت؟ یان زمان لە نێو رووبـەری مـەرگ بـە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ وشە و سیستەمە ڕێزمانییەکان دەکات؟ یان خودی کەسەکان و شاعیرەکان، ئەوانەی لە نێو ڕووداوەکان بوون و دواتر ڕزگارییان بووە، جیـاوازی زمـان و ئاسـتی داهێنـانی دەقـە شـیعرییەکانییان، لەگـەڵ ئـەو کـەس و شـاعیرانەی کـە لـە

دەرەوەی ڕووداوەکان بوون چۆنە..؟ نازییەکان ئەو هێزە فاشیستە بوون پێش کوشتنی مرۆڤەکان، کتێبەکانیان سووتاند، ئاگرییان لە فەلسەفە و ئەدەب و زانست و مەعریفە بەردا..هۆلۆکۆست کارەساتێک بوو، ژیانی لە ملیۆنەها مرۆڤ سەندەوە، خەون و ئومێدی ملیۆنەهای خنکاند، مردنی بەوکەسانەش بەخشی کە لە ژیان مانەوە، هەندێ کەس لە هۆلۆکۆست ڕزگارییان بوو بەڵام، تا مردن لە گەڵ خەیاڵ و بیرکردنەوە ڕەشەکان و لەگەڵ یادگارییە تاڵەکان ژیانییان بەسەر برد. ئەوانەی لە هۆلۆکۆست بەشدار بوون، ڕۆژانە لەگەڵ برسییەتی و ترس و تۆقاندن و کاری قورس ڕووبەڕوو بوون، کوشتن و سووتاندنی کەسە نزیکەکان و هاوڕیکانییان بە بەرچاویانەوە، زۆرێک لە شاعیر و ڕۆماننووسەکان، ئەوانەی شیعر و ڕۆمانەکانییان بۆ هۆلۆکۆست نووسیوە، زێتر مەبەستییان خۆ بەتاڵکردنەوە بوو، لەدەست بیرۆکە ڕەشەکان و خەون و خەیاڵە مەرگئامێزەکان، هۆلۆکۆست بە مانای درێژبوونەوەی مەرگ بۆ نێو ژیان. هەروەک (ماریان کامپینسکی) شاعیر و نووسەری پۆلەندی، یەکێک لە ڕزگاربووانی هۆلۆکۆست، لە کتێبکدا بە ناوی (منتان لە بیر بێ)، باسی ئەو ئازار و موعاناتەی خۆی دەکات.. کتێبەکە باس لە بە هۆلۆکۆست بوونی خۆیی و کەسە پۆلەندییەکانی شارەکەی خۆی دەکات، لە کاتی هاتنی نازییەکان و گواستنەوەیان بۆ کەمپەکان و تا ئازادبوون و ڕزگاربوونییان، چیرۆکی ژیانی نێو هۆلۆکۆست و دوای هۆلۆکۆستیش دەگێڕێتەوە. هەر لەم کتێبەدا باسی ئەو ئازار و خەیاڵە مەرگئامێزەی کە شەوانان ناهێڵی بخەون، خەیاڵە ناخۆشەکان هەراسانی کردوون و بارێکی دەروونی شێواوی بۆ دروست کردوون. بۆ خۆ بەتاڵکردنەوە لەم خەیاڵە مەرگئامێزانە، شەوانان لە تاو ئازار و فرمێسک دەستی دەدایە قەڵەم و هەست و ناخ و خۆی دەنووسییەوە، لە سەرەتای کتێبەکە باس لەم ژان و میحنەتانەی خۆی دەکات، هەر لەوکاتانە شیعری (ناتوانین لەبیری کەین) ی نووسیوە. ئەم شیعرە و زۆرێک لە شیعرەکانی تری زادەی ئەم بیرکردنەوانە و ئەم چرکەساتانەن، بۆ نموونە شیعرەکانی (بەرائەت، من کێم، گەنجینەی ژیان و چەندانی تر...)، نەک تەنها شیعری ئەم خانمە زۆربەی ئەو شاعیرانەی، شیعرییان بۆ هۆلۆکۆست نووسیوە لە شیعرەکانیاندا، باس لە مردنی بە

کۆمەڵ و ئێشوئازارێکی بێوێنە و یادگارییە ڕەش و تاڵەکان دەکەن، یان باس لە فاشییەت و مامەڵەی نامرۆییانەی نازییەکان دەکەن. شاعیرێکی تر بە ناوی (مارتین نیمۆلەر) لە شیعرێکدا بە ناوی (یەکەمینجار کە هاتن).. ناوەڕۆکی شیعرەکە باس لە هاتنی نازییەکان دەکات، یەکەمینجار کە دێن، چۆن وەک رەشبگیرییەکی سەرتاپایی هەموو کەسێک دەبەن، داواتر هەرخۆی بە تەنیا دەمێنێتەوە، پاشان خۆشی دەبەن، ڕەشبگیرییەک/ لە کەس نابوورن و دەست لەکەس ناپارێزن، زانا، دانا، شاعیر، ڕۆماننووس، فەیلەسوف، کاسبکار، هەرکەسێک تەنها جوولەکە بێت و بەس، یان خانمە شاعیرێکی تر بە ناوی (بەرباره سینۆک) لە شیعرێکدا بە ناوی (لە دێر زەمانەوە) باس لە کارەساتی هۆلۆکۆست دەکات، بە زمانێکی شیرین و جوان، باس لە سادەیی خەڵک دەکات، کە چۆن هەموویان لە ئامێزی خۆشەویستی بۆ یەکتری، لە ئامێزی خەون و ئومێدەکانییان دەژیان، بەڵام لە پڕێکا هۆلۆکۆست وەک ڕەشەبایەک دێت زۆر نامرۆڤانە و دڕندا ژیانی ملیۆنەها کەس کۆتایی پێ دەهێنێت. سەرەتای شیعرەکە وا دەست پێدەکات (ئێمە یاریمان دەکرد و پێدەکەنین و خۆشەویست بووین، لە باوەشی دایک و باوکمان دەریانهێناین و فڕێدراینە نێو ئاگر، ئێمە تەنها منداڵ بووین و هیچیتر.....) ئەگەر سەیری شیعرەکانی هۆلۆکۆست بکەین دەبینین، هەموویان لە ڕووی فۆرم و مانا و تەنانەت پێکهاتەی شیعریەوە لە یەکترییەوە نزیکن، هەموویان زێتر مامەلە لەگەڵ مردن دەکەن، مردن ڕووبەرێکی فراوانی داگیر کردووە، هەموو باس لە بەرائەتی مرۆڤەکان دەکەن، ئەوانەی بە بێ هۆ لە ژیان دوور خرانەوە و لە هەموو خۆشییەکان و جوانییەکان بێبەش کران، هەر لەبەرئەوەی تەنها جولەکە بوون، هەموو باسی دڕندەیی و ڕەفتارە نامرۆییەکانی نازییە فاشیستەکان دەکەن.. بەمانایەکی تر، شیعری هۆلۆکۆست، هێندەی مامەڵەکردنە لەگەڵ مردن و برسییەتی و ئێش و ئازار یان خەون و خەیاڵە ترسناکەکان، هێندە مامەڵەکردن نییە لەگەڵ زمان و وشە و هێما و بنەما شیعرییەکان.. یاخود هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی فۆرمی نوێ و جیاواز، زیاتر ئیشییان لەسەر ناوەڕۆک و مانای شیعرەکان دەکرد. ئەوەش بەمانای ئەوەی نییە کە شیعرییەت لە شیعرەکانی هۆلۆکۆست دا نییە، بە شێوەیەکی

گشتی لە شیعردا، پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک پەیوەندییەکی هاوتەریب و توندوتۆڵ و لێکنەپچڕاوە، هەریەکە و بە جۆرێک جوانی بەرهەمدەهێنن و پەخشی دەکەن بە نێو ڕووبەری دەقەکەدا، لە هەندێ شیعر، فۆڕمەکان زاڵ دەبن و زێتر لە نێو ڕووبەری جوانی دەق دەردەکەون، لە هەندێکییان ناوەڕۆکەکە، لە هەندێکییان هەردووک پێکەوە. لە شیعرەکانی هۆلۆکۆست زێتر ناوەڕۆکەکان دەبنە پنتی بەخشینی ئارامی و چێژ و جوانی، یان دەبن بە سەرچاوەیەک بۆ وەبەرهەمهێنانی جوانی و چێژ. ئەویش بە هۆی دەستەبەربوونی ئەم مانا قووڵ و ئەم هەستە مرۆییانەی کە لە نێو شیعرەکان دەخرێنە ڕوو.. ئاخر ئاسان نییە، مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوێک یان کارەساتێکی گەورە و جەرگبڕی وەک هۆلۆکۆست، دیارە باوەڕمان بەوە هەیە کە شیعر، دەتوانێ تەواوی ژیان بنووسێتەوە بە هۆلۆکۆستیشەوە، یان بە هەموو کارەسات و دیاردەکان و بە هەموو رووبەرەکانییەوە. لە نووسینەوەی هۆلۆکۆست و ڕووداوە تراژیدییەکان، زۆرجاران شیعر دەبێتە هۆکار تا ئەوەی ئامانج بێت، زۆربەی ئەو شاعیرانەی شیعرییان بۆ هۆلۆکۆست نووسیوە، بەتایبەت ئەوانەی لە کارەساتەکە بەشدار بوون، بە مانای ئەو کەسانەو تا کۆتایی، لە نێو مردن و برسییەتی و ئازارەکاندا مابوونەوە، دوای ڕزگاربوونیش، مردن و خەون و خەیاڵە ناخۆش و تاڵەکان، بەشێک بوون لە ژیان و بیرکردنەوەکانییان، ئەوانە بۆ دوو مەبەست شیعرەکانییان دەنووسی، یەکەم/ بۆ خۆبەتاڵکردنەوە، دووەم/ بۆ گەیاندنی کارەساتی هۆلۆکۆست وەکو خۆی. ئەم (خۆبەتاڵکردنەوە و گەیاندنە) سێبەری کردبوو بەسەر هەموو شیعرەکاندا، وایکردبوو هەموو شیعرەکان هۆکارێک بن بۆ ئەم دوو مەبەستە، ئەوەتا (ماریان کامپینسکی) بە ڕوون و ئاشکرا لە شوێنێکی کتێبەکەی باسیکردووە کەوا، هیچ شەوێک نەیتوانیوە بەئاسایی بخەوێ، درەنگە شەوان، گەورەترین ئازاری دەبینی بەدەست خەیاڵە ناخۆشەکان، شەوانان لە جیاتی خەو کاری فرمێسک ڕشتن و گریان و ئازار چەشتن بووە، گریان بۆ شەش ملیۆن قوربانی، گریان بۆ ناسکترین و جوانترین تەمەنی لەدەستچووی، چونکە کاتێک نازییەکان دەگەنە پۆلەند دوای سێ مانگ (ماریان) تەمەنی دەبێتە چوارده ساڵ، واتە مێردمنداڵی و

سەرەتای گەنجێتی، کاتێک ڕزگارییان دەبێ و هۆلۆکۆست کۆتایی دێت، ئەم تەمەنی دەبێتە نۆزدە ساڵ، لە ڕاستیدا ڕزگاربوونییان هەرئەوەندە بوو، لە کەمپەکان و لە دەست برسییەتی ڕزگارییان دەبێ، ئازاد دەبن و دەگەڕێنەوە نێو ئاوەدانی، ئەگینا، مەرگ هەر لە گەڵیاندا دەمێنێتەوە و دەبێتە بەشێک لە بوون و ئایندەیان..! بۆیە هەموو شەوێک خەیاڵە ناخۆشەکان و بیرکردنەوەکان، بە جۆرێک فشاری ڕۆحی و دەروونییان بۆ دەهێنا، تا ئاستی ئەوەی هەندێجار جەستەی ڕەق دەبوو وەک سەهۆڵ، ناچار دەبوو ئەم هەستە خەمناك و مەرگاوییەی، لە نووسین و شیعرەکانی خۆی دەربڕێ و خۆی بەتاڵدەکردەوە..! لەلایەکیتریش مەبەستییان بوو، ئەم کارەساتە تراژییدیا و گەورەیەی هۆلۆکۆست وەکو خۆی بگەیەنن، چ بۆ دنیا و چ بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەگەر لێرەوە لە (گۆڕستانی چراکان) ی شێرکۆ بێکەس ورد بینەوە، کە وەک دەقێکی درێژ بۆ (ئەنفال) نووسراوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو شیعرانەی بۆ هۆلۆکۆست، دەبینین لایەنی زمانەوانی و ئیستاتیکا و شیعرییەت و داهێنان لە ئاستێکی بەرزدایە، زێتر ئیش لەسەر تەکنیک و هونەری زمان کرایە لە هەمانکاتیش ناوەڕۆکێکی قووڵ و پڕ مانا و بەرزی هەیە.. پێکهاتە زمانییەکەی دەق بە تایبەت، میتافۆر و ئاماژە و هێما و وشە و دەستەواژەکان زۆر سەرنجڕاکێش و پڕن لە ئیستاتیکای شیعری. دیارە لەلایەک، ئەوە پەیوەندی بە توانا و ئەزموونی شاعیرەکەوە هەیە، لەلایەکیتر/ پەیوەندی بە خاڵێکی جەوهەری هەیە ئەویش، لە (گۆڕستانی چراکان) دا/ شیعر ئامانجە نەک هۆکار، (شێرکۆ بێکەس) تەنها مەبەستی خۆبەتاڵکردنەوە و گەیاندن نەبووە، (شێرکۆ بێکەس) مەبەستی بووە (ئەنفال) بکات بە شیعر، بە مانایەکیتر بە زمانی شیعر ئەنفال بنووسێتەوە، یان بەرگی شیعر بکاتە بەر ئەنفال، بۆیە دەبینین لە نێو دەقەکەدا، لەسەر زۆر ڕەهەند و چەمکی جیاواز ئیش دەکات وەک (سەفەر، عەشق، مقاوەمەت، مەرگ، یادەوەری، هەستی نەتەوەیی... زۆر چەمک و رەهەندی تر) گۆڕستانی چراکان چ وەک ناونیشان چ وەک دەق پڕاوپڕە لە داهێنان و جوانکاری شیعری، ئەم قەسیدەیە بە سەلیقە و توانا و هەناسەیەکی درێژەوە نووسراوە، هەرچەندە لە زۆر شوێن گێڕانەوەیەکی ڕووت سایە دەکات بە سەر دەقەکە و زمانی شیعر لە زمانی چیرۆک نزیک دەبێتەوە، ئەمەش شاعیر

بە مەبەستەوە ئەوەی کردووە، هەر بۆیە دەقە درێژەکانی ناونــاون (دەقی ئاوەڵا)، شێرکۆ بێکەس بە دەربڕینێکــی پــڕ لــە ئیســتاتیکای شیعری لــە (گۆڕســتانی چراکــان) دەڵــێ، (ســەفەرێ بــە ســواری تراویلکە و بە سواری هەواڵی ناوەخت../ سەفەرە بۆ مەملەکــەتێ لــە شــارەکانی خۆڵــەمێش.../ یــان ســەفەرێک پــڕ لــە ئێســک و پروسکی هــەتاو...!) ئــەم دەربڕینــە شــیعرییانە گۆتــە و دەربڕینــی جوان و ناسک و شیعریین، تــا ئاســتێکی بــەرز چێــژ و ئــارامیی بــە ڕۆحی خوێنەرەکان دەبەخشن...!، (سەفەرێک پڕ لە ئێسک و پروسکی هەتاو) بە مانای، سەفەرێک پڕ لــە مــەرگی هــەتاو، یــانی سەفەری مەرگ و نەگەڕانەوە/ یانی ئەنفال...! ئێسک و پروســک، ئاماژەیە بۆ مەرگ، مەرگ دوا پنتی سەفەرەکەیە، مەرگ مانایــەک یــان شوناســێک بــە ســەفەرەکە دەبەخشــێ و دەبێتــە (ســەفەری مەرگ). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەنفال، ئیشکردن لەسەر وشــەکان و ئاماژە و میتافۆرەکان و یان ئەمشێوە مامەڵەکردنە لەگــەڵ زمــان، بڕســتێکی قــووڵی بــە قەســیدەکە داوە، دەبینیــن لــە (گۆڕســتانی چراکان) مەرگ تاکە چەمک و تاکە ڕووبەر نییە کە شیرکۆ بێکەس ئیشــی لەســەر کردبــێ، ڕەنگــە ئەمــەش هۆکارەکــەی بــۆ ئــەوە بگەڕێتەوە کە، شێرکۆ بێکەس، یەکێک نــەبووە لــە ئــەنفالبووەکان، کەسێک نەبووە لە نێو بیابانەکان و لە نێــو چاڵــەکان ڕاکشــابێ، لــە نێو قیژە و هاوارەکان، مردنی بە چاوەکانی خۆی بینیبێ، بە مانای شێرکۆ بێکەس لــە دەرەوەی ڕووداوەکــە شــتەکانی بینیــوە، جیاوازە لەگەڵ بینینی کەسێک کە خۆی لــە نــاو ڕووداوەکــە و یــان بەشێک بێت لە ڕووداوەکــە، وەک ئــەو شــاعیرانەی شــیعرییان بــۆ هۆلۆکۆست نووسیوە، کە زۆربەیان لە گیراوەکان بــوون و لــە نێــو کەرەســاتەکە و لــە نێــو ڕووداوەکــان بــوون، هــەموویان لــە نێــو کەمپەکانی مردن لە گەڵ مردندا دەژیان. مەبەستمە ئەوە بڵێم، ئەوانەی لە دەرەوە ســەیری ڕووداوەکــان دەکــەن، وەک ئەوانــەی خۆیان لە ناو ڕووداوەکانن وەکو یەک/ ڕەنگەکان و کاریگەرییەکان و ئازارەکان و مردنەکان نابینن..! ئەو مردنەی لە نێو شــەوەکان و لە نێو چاڵە بە کۆمەڵەکانی ئەنفال هەبوو، هەرگیز شێرکۆ بێکــەس یــان هــەر کەســێکی دەرەوەی ڕووداوەکــە نــاتوانێ وەکــو خــۆی بیبینێت. بەمانایەکی تر، ئەوانەی لە دەرەوەن، بە چاوی خەیاڵ سەیری کارلێک و پێکهاتە و کاریگەرییەکانی ڕووداوەکــان دەکــەن،

وه شـتێکی ئاشـکرا و دیاریشـه لـه نێـوان چـاوی خـەیاڵ و چـاوی واقیع، زۆر پێکهاته و ڕەهەند و کارلێک و هاوکێشەی جیاواز هــەن، شاعیرانی هۆلۆکۆست ئەوانەی لە کەمپەکانی مردن بەشداربوون، مردنییان بە ڕووتی دەبینی، بۆیە لــە نێـو شـیعر و نووسـینەکانییان باسـییان لــە مردنێکـی ڕووت کــردووە، دەبینیــن/ چ لــە شـیعر و نووسینەکانییان، چ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان خۆ بە دوورگرتن و لە بیرکردنی ئەم مردنە، کارێکی نەکردە و ئەستەم بووە. بۆیە هەموو شاعیرەکان لە نێو ئەم ڕووبەرە ئیشییان کردووە، یان هەریەکــە و بە جۆرێک ئیشییان لەسەر دیـوێکی مـردن کـردووە، یـان چـەمکی هۆلۆکۆست بـە گشـتی، خـۆی لـە مـردن و قڕکـردن و سـڕینەوە دەبینێتەوە یان سەفەری مردنی بە کۆمەڵ...! وا لە خوارەوە چەند نموونەیەکی شیعری هۆلۆکۆستی دەخەینەڕوو.

# چەند شیعرێکی هۆلۆکۆستی

## یەکەمینجار کە هاتن

**شیعری/ مارتین نیمۆلەر**

یەکەمینجار بۆ کۆمۆنیستەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من کۆمۆنیست نەبووم
دواتر بۆ سوشیالیستەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من سۆشیالیست نەبووم
پاشان بۆ کرێکارەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من کرێکار نەبووم
پاشان بۆ جولەکەکان هاتن
منیش هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من جولەکە نەبووم
دواتر بۆ منیش هاتن
بینیم هیچ کەسێک لەوێدا نەماوە
تا قسەیەک بۆ من بکات...!

لە دێر زەمانەوە

**شیعری/ بەربارا سۆنیک**

یاریمان دەکرد و پێدەکەنین
بەختەوەر و خۆشەویست بووین
لە نێو باوەشی دایک و باوکمان دەریان هێناین
فڕێدراینە نێو ئاگرەوە
تەنها منداڵ بووین و هیچیتر
ئێمەش ئایندەمان هەبوو،
دەبووین بە پارێزەر، خێزانمان پێکدەهێنا،
دەبووین بە دایک، بە مامۆستا
خەونی جوانمان هەبوو
دواتر ئومێدەکانمان درانە دەم با
لە پڕێکدا،
دوور خراینەوە لە شەوێکی مردوودا
وەک شتە بێبەهاکان
فڕێیاندراینە نێو ئوتومبێلەکان
تەنگ و تاریک، نیگەران و هەناسەسوار
گریان، برسییەتی، مردن
لە ئاوەدانی لە دنیا دوورخراینەوە، سڕاینەوە
بە ڕۆحیکی خۆڵەمێشییەوە هاوارمان دەکرد
با ئەمە بەسەر مرۆڤەکان دووبارە نەبێتەوە
ئێمەتان لە بیر بێ
ئێمە ئەو منداڵانە بووین
کە خەون و ژیانیان دزین و دوورخراینەوە...!

# من ناتوانم لە بیریکەم

## شیعری/ ئەلیکساندەر کیمێل

ئایا من دەمەوێت بیرم بێتەوە؟
ئارامی گێتۆ بەر لە داگیرکردنی
لەرزینی منداڵان وەک گەڵا لە نێو بادا
گەڕانی دایکان بۆ لەتە نانێک
تارمایی ئاوسانی ڕانەکان و جولانەوەیان لەگەڵ ترس
نا، من نامەوێ بیرم بێتەوە، بەڵام چۆن بتوانم لە بیری کەم؟
ئایا من دەمەوێ بیرم بێتەوە، دروستکردنەوەی دۆزەخ؟
سەدای داگیرکارەکان و کەیف و سەفای ڕاوکردنییان
ناڵەی بریندارەکان و نزاکانییان بۆ ژیان
سیمای دایکەکان وەک پەیکەرێک پڕ ببێ لە ئازار
ڕژانی ترس لە نێو خەیاڵدانی ونبوونی منداڵەکان
نا، من نامەوێ بیرم بێتەوە، بەڵام چۆن بتوانم لە بیری کەم؟
ئایا من دەمەوێت بیرم بێتەوە، گەڕانەوەی ساتە تۆقێنەرەکان؟
دیارنەمانی خێزانەکان بە ڕۆژی ڕووناک
هەستانی هەڵمی خوێناوی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان
بێهوودەیی گەڕانی دایکان بۆ منداڵەکان
ئازارەکانی گێتۆ کە جەرگبڕبوون وەک چەقۆ
نا، من نامەوێت بیرم بێتەوە، بەڵام چۆن بتوانم لە بیری کەم؟
ئایا من دەمەوێت بیرم بێتەوە، هاوارەکانی شەوانم
کرانەوەی بە ئاستەمی دەرگاکان و بڵاوبوونەوەی پەرەموجەکان لە بادا
بۆنی خوێنی بەفرە تواوەکان لە شەودا
هاوسۆزی مانگ بەدەم ڕۆشنکردنەوەی ڕێگا و شوێنەکاندا
شێوانی ڕوخسار و بێبەهایی بوون، بەبێ کەسەکانی خێزاندا
نا، من نامەوێ بیرم بێتەوە، بەڵام چۆن بتوانم لە بیری کەم؟

ئایا من دەمەوێت بیرم بێتەوە؟
کاتێــک ئەوانــەی ڕۆیشــتوون خوداوەنــد مردنێکــی کتــوپری پێبەخشین
ئەوانەیش کە ماونەتەوە لەگەڵ ئازار و میحنەت دەتلێنەوە
گواستنەوە بۆ شوێنە نامۆ و نادیارەکان
گۆڕینی جەستە و ڕۆحەکان بۆ گاز و خۆڵەمێش
نا، من دەبێ بە بیرم بێتەوە و هەرگیز نەهێڵم بیرم بچێتەوە...!

سەرچاوەکان:

_ کتێبی (Fascism)By Roger Eatwell

_ کتێبی (Remember me)

A Holocaust SurvivorS Story

Marian Kampinski

_ چەند سایتێکی ئەنتەرنێت لەوانە

- Holocaust Poetry
- Poems For Holocaust , Poem Hunter

# دیمانەی گۆڤاری ڕامان

## ئەو شاعیرانەی ئایدیۆلۆژیا دەیانجوولێنێ کۆیلەن

**ئامادەکردنی: ڕامان**

نالە حەسەن لە شیعری کوردیدا دەکەوێتە قۆناغی دوای ڕاپەڕین، ئەم قۆناغە بۆ ئەم نەوەیە ئاسۆیەکی بە پیت و بێ تەگەرە بوو، چونکە کێلگەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی باش کێلدرابوو، ئەوان دەبوایە تۆوی نوێکردنەوەیان بە پیت و ڕسکاوتر تێدا بوەشاندبووایە، چونکە هەموو نەوەیەکی چالاک دەبێ مەشخەڵی نوێکردنەوەی لە نەوەی پێش خۆی گەشاوەتر بێت. ئەگەرچی ئەم شاعیرە لە ناو گرووپێکی سیاسی کاری سیاسی بەڕێوە دەبرد بەڵام خۆشبەختانە شیعرەکانی پێچەوانەی ئاراستەی سیاسی لەناو خودێکی ئازار دراو و تاڕادەیەک بێهوودە خاڵێکی جوانی پێکهێناوە. ماوەیەکە لە دەرەوەی کوردستان دەژی، غوربەت کاریگەری خۆی لە پێکهاتەی شاعیریەتی کردووە و زەمینەیەکی گەرموگوڕی ڕۆمانسی غەمباری داوەتێ تا تۆوی بەهرە و لێهاتوویی خۆی بوەشێنێ.

**ڕامان**: کەشو هەوای (گەڕەکی تەیراوە) و سەردەمی منداڵیت، چ گاریگەرییەکی لەسەر خۆدۆزینەوەتدا هەبووە، لە

بــواری شــیعردا، ئایــا ژینگــەی ئەوکاتــەی زاگــە، کاریگەرییــەکی هەبووە لە دروستکردنی توانا و بەهرەی شیعر لای ئێوە؟

**ناڵە حەسەن**: بەو پێیەی خەیاڵ ڕووبەرێکی بەرفراوان لە شیعر داگیر دەکات، خەیاڵیش بەبێ ئاوڕدانەوە لــە ڕۆژگارەکــانی دوێنێ و بەبێ ئاوڕدانەوە لە خەون و خەیاڵە شیرینەکانی منــداڵی نــاتوانی بگاتــە ئاســتی قووڵبوونــەوە و ئاســتەکانی بێئاگــایی و وڕێنــەیی. خــەیاڵ بــەبێ ئاوڕدانــەوە لــە یادەوەریــەکانی منــداڵی، ناتوانێ زمانی ناوەوەی مرۆڤ بهێنێتــە گــۆ، زمــانی غــەریزەکان و حەزەکان و ئارەزووەکان، ناتوانێ بوخچەی چەپێنــدراوی خــەون و ئومیــدەکان بکاتــەوە، (ســارتەر) لــە کتێــبی (لــە ســوقراتەوە بــۆ سارتەر) کە لە نووسینی (تی. زێت. لاڤین) دا دەڵێ.. من ڕقم لە منداڵێ خۆم دەبێتەوە، چونکە هــەموو شــتێک لەوێــدا دەمێنێتــەوە، واتە هەموو شتەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو وێســتگەیە. واتــە هــەموو خەیاڵەکان و خەونەکان و خۆزگەکان، بــە بــارانی یادەوەرییــەکانی منداڵی چرۆ دەردەکەن و بەبێ ئاوڕدانەوە لەم تەمەنە نەک هەر نووســین، بــەڵکو ژیــان مانایــەکی نیــە. (فرۆیــد) یــش یاســاکان و قەیدوبەنــدەکان و بیرکردنــەوە تەقلیدییــەکانی نێــو کەلچــەرێکی پرێزگــاری ئەوســای خــۆی، لــە بینــاکردنی کەســایەتی خــۆی رەنگدانەوەی هەبووە. هەڵسەکەوت و یاساکانی دایک و باوک ڕەنگدانــەوەی بــووە بەســەر تیــۆر و بیرکردنــەوەی فەلســەفە دەروونیەکەیدا. لە بەرئەنجامەکانی تونــدوتیژی بــاوک بــوو (گرێــی ئۆدیبی) داهێنا، لە ڕێــی تیۆرەکانییــەوە، تــرس و تــۆقین و خەونــە چەپێندراوەکانی منــداڵی و هــەرزەیی خــۆی نووســیوە، پێــداگرتنی فرۆیـــد لەســـەر هەســـتە نەســـتیەکان و غـــەریزە کپبووەکـــان، ڕاســتەوخۆ پەیوەنــدی بــەو باکڕاونــدەی ســەردەمی منــداڵی و هەرزەییــەوە هەیــە، کاریگــەری یادەوەرییــەکانی منــداڵی لــە نێــو شیعرەکانی (ڕامبۆ، شاملو، ئــەدۆنیس، ئــەزرا پاوەنــد....) زۆر بــە ڕۆشنی دەبینرێ. بەڵام من بە پێچەوانەی ســارتەر بیردەکەمــەوە، مـــن منـــداڵی خـــۆمم خـــۆش دەوێـــت. بـــە هـــەموو خۆشـــی و ناخۆشــیەکانیەوە، بــە هــەموو مــردن و لــە دایکبوونەکانیــەوە، یادەوەرییەکانی منداڵی من پڕاوپڕ بوون لە کارەسات و مـردن و

له فڕین، من هێنده منداڵێکی چەتوون و بزێو بووم، بیرمه ڕۆژ نەبوو چەندجارێک مردن به چاوەکانی خۆ نەبینم، ڕۆژ نەبوو خەون و ئارەزووەکانم سەر نەبڕدرێن. منداڵیم پڕاوپڕ بوو له نائومێدی و مردن لەگەڵ ئەوەشدا، باڵندەیەک بووم هەرگیز له فڕین نەدەکەوتم. من ئێستاش درێژکراوەی تەمەنی منداڵیمم، ڕەنگه هەر بۆیەش شیعرم نووسیبێ تا لەنێو خەیاڵه جوانەکانی شیعر، خەون و ئارەزووه چەپێنداراوەکانی منداڵی خۆم نمایش بکەمەوە، من له نێو شیعرەکانمدا هاوار و گریان و فڕینەکانی سەردەمی منداڵی خۆم دەنووسمەوە، شوێن ئەو ڕۆژانه هەڵدەگرم که له نێو هاوارەکانی دوێنێمەوە خۆزگه و خەونەکانی ئێستام ڕووت دەکەمەوە و وەقسەیان دەهێنم. شاملو دەڵێ (خۆزگه عەشق زمانی با وەقسه هاتبا...!) بەڵام، من ئەو خۆزگەیه لەنێو خەیاڵی شیعریم تێدەپەڕێنم و عەشق وەقسه دەهێنم، خەونەکان و غەریزه کپبووەکانم وەقسه دەهێنم، له ژێر کاریگەری فرۆید، به زمانی عەشق غەریزەکان و خەونەکانم دەنووسمەوە، هەندێکجاریش به زمانەکانی گەردەلوول و بروسکه وەک مرۆڤێکی یاخی و ئەشقیایەکی سەرشێت: یاخی له بازنەکانی حەرام و حەلال له سنووربەندییەکانی کولتوور و ئایین و ئایدیۆلۆژیا، هەر بەم ڕۆحه یاخییەوە، جوانیەکانی ئەودیو مەراقەکان و هاوارەکان و خەونەکانم دەنووسمەوە، بەڵێ ئەو ڕۆژانه گەلێک کاریگەریان له سەر بیرکردنەوە و دۆزینەوەی خودی مندا بووە، کاتێک خەیاڵەکانی ئەو ڕۆژگارانەم دەنووسمەوە، دەچمەوە نێو دونیایەکی هێمن و هەموو شتەکان هێمن و ڕەنگین و جوان دێنه بەرچاو. منیش ڕۆ دەچم و له هەموو شتێک دادەبڕێم. (تەیراوە) ش ئەو بەهەشتەیه لەوێدا، منداڵیم و عەشق و شیعر چاویان هەڵێناوە، زاگەی ئاشنابوونمه به گوڵەگەنم و پەپووله و باران و زەردەخەنەکانی سەرگۆنای دایکم. تەیراوە بۆ من مەملەکەتێکه پڕ له سیحر و نهێنی و پڕ له پەلکەزێڕینەی بەرائەتی دوای بارانی سۆز و عەشق و میهر... بەهرەش شتێک نیه له ئاسمانەوە هاتبێته خوار، شتێک نیه له نێو دەریای وەهم هاتبێته بوون، لەنێو خەیاڵه شیعرییەکانی مندا. بەبێ ئاوڕدانەوە له وەرزە پایزییه بەهارییەکانی منداڵیم، به بێ

پیاسەکردنە لەنێو کۆڵانەکانی شوێنی لەدایکبوونم نە عەشق مانایەکی هەیە نە میلۆدییەکانی جوانی.

**ڕامان**: ئێوە لە خوێندن دا بواری زانستیتان هەڵبژاردووە، دەرچووی پەمانگەی تەندروستین لەهەمەنکاتدا بۆ ماوەیەکی درێژ باوەڕێکی ماددیتان هەبووە، ئایا کەسێکی کۆمۆنیست لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاوە، دەتوانێ هێندە بە ناسکی و بەو شێوە پڕ لە عاتیفە شیعر بنووسێ، شیعرەکانی تۆ پڕن لە لاواندنەوەی خۆرهەڵاتیانەی ڕووت، هەمیشە فرمێسک بە چاوی وشەکانتەوە دیارن، (بە تایبەت لەو شیعرەی کە بۆ خولیای هاوسەرت نووسیوە)، کەچی کەسانی ئایدیۆلۆژی تاکباوەڕ، رەق و لۆژیکیانە بە پێوەرەکانی عەقل و هاوکێشە ماتماتیکیەکان بیردەکەنەوە، تۆ چۆن لەم هاوکێشەیە دەڕوانی؟

**ناڵە حەسەن**: بەبڕوای من لە نێو پانتایی دونیای هێمنی شیعر، هێندەی ئەوە کاریگەری هەیە کەوا ئەو شاعیرە، چۆن لە خەیاڵی شیعری و وێنەی شیعری و زمانی شیعری دەڕوانێ و چ بیرکردنەوەیەکی هەیە بۆ دنیای ئیستێتیکی شیعر، هێندە پەیوەندی بەوەوە نیە کەوا ئەم شاعیرە چۆن بیردەکاتەوە و چ ڕوانینێکی هەیە بۆ دەسەڵات و سەر بە چ ئایدیۆلۆژیایەکە و لە چ ڕشتەیەک کار دەکات. چونکە لە سۆنگەی ڕوانینەکانی منەوە ئەو شاعیرانەی شەپۆلەکانی ئایدیۆلۆژیا فاکتەر و بزوێنەری بەلەمەکانی خەیاڵ و وشە و پێکهاتە شیعرییەکانیانە، زۆر بە قەناعەتەوە دەڵێم ئەو شاعیرانە (کۆیلەن)، چونکە ئەو خەیاڵەی بە ڕەنگە ئایدیۆلۆژییەکان ڕەنگڕێژ دەکرێ خەیاڵێکی مردووە، هەرگیز هێندە بڕ ناکات بگاتە ئاستی پێگەی سووتان و لەنێو نیشتیمانە بەرینەکەی خەیال و جوانی جێگەی نابێتەوە. زمانی شیعر لەلای ئەمجۆرە شاعیرانە ناتواندرێ لە نێو بازنەی ڕووتی وشە دەربچێ. دەقێکیش لە دایک دەبێ دڵنیام خوێنەر لە جارێک زیاتر نایانخوێنێتەوە، چونکە بە بڕوای من بروسکە و هەورە تریشقەی نێو ئاسمانی شیعر، ئەوە هاتنە گۆی خەون و خەیاڵ و خۆزگە و سووتان و عەشق و جوانی و پاکی و ڕاستگۆیی مرۆڤە

نـەک زمـانی ئایـدیۆلۆژیا و تاکبـاوەڕی و پێوەرەکـانی عـەقل و هاوکێشەی ماتماتیک و شـتی تـر. شـیعر خۆشـلکردنه بـۆ دەسـت حالـەتی بێئاگـایی. نووسـینەوەی هەناسـەکانی وڕێنەیـە لـەبنار هـەورازەکانی مەعریفـەدا. مـن کـە بـەنێو قـووڵایی خەیاڵـەکانم ڕۆدەچم بێئاگـا دەبـم لـە خـۆم و لـە کاریگەرییـەکانی ئایـدیۆلۆژیا. هێندە ڕۆدەچم تا ئاستی فڕین و مەستبوون. لەوێوە دەتوانم بچمە نێو قووڵایی دەریا بێ بنـەکانی خـەون، ئـارەزوو عەشـق، جـوانی، سۆز، بەرائەت... تـاد لـەوێوە دەتـوانم بگەڕێمـەوە نێـو یـادەوەری ڕۆژەکانی نێو منداڵدانی دایکم. نووسینەوەی ئەو چرکەساتانەی بۆ یـەکمجار هەسـتم بـە جوانیـەکانی تریفـەی مانـگ و سـەوزایی سنەوبەر و خامۆشی پاییز و ڕەنگە ئالەکانی باخچە کـرد. مـن کـە وڕێنەکانم دەنووسمەوە هێندە بێئاگا دەبم لە خۆم و لـە ئـاوەدانی، تا ئاستی ئەوەی: نازانم من کێم و چیم، سەر بە چ نەزادێکم، نێرم یان مێ، منداڵم هەرزەم یان پیر، لـە سـەرەتای سـاڵەکانی شـیعر نووسـینم، کاتێـک کـە سەرسـامیەکانی خـۆم بـۆ عەشـق و بـۆ جوانیـەکانی مـەمک دەنووسـیەوە، زۆرێـک لـە خوێنـەرەکانم وایانـدەزانی من ژنە شاعیرێکم نەک پیاو. مرۆڤ پێکهاتەیەکە پڕاوپڕ لە سۆز و عاتیفە و خەونی ڕەنگاوڕەنگ. لە دیوی ناوەوەی ڕەنگی تر و خەونی تر و سروشتێکی تر هەیە. نووسینەوەی شیعر نمایشکردن و بە کاراکتەرکردنی ئەم سروشت و دنیا نەبیندراوەیە، ئەوەتا (کارل مارکس) کە دامەزرێنەری ماتریالیزمی دیالێکتیکە لـە نامەیەکـدا بـۆ ژنەکـەی دەنووسـێ: داوای ئـەوە لـە هونەرمەنـدە تەشـکیلیەکان دەکـات، کـە تابلۆیـەک بکێشـن ئـەم چەمابێتـەوە و کڕنووشی بردبێت لەبەردەم ژنەکەیدا، ئایا چ خوێندنەوەیـەک بـۆ خەیاڵی ئەم تابلۆیـە دەکـرێ. ئایـا ئەمـە زمـانی ئایدیۆلۆژیایـە یـان زمـانی عەشـق و بـەها و سـووتان و سـۆز و خەونـە جوانـەکانی مرۆڤە من دەمەوێت ڕاستگۆبم لەگەڵ خۆم و خوێنەرەکانم و لەگەڵ ئێوەدا. لە سەرەتای شیعر نووسینم ڕوانینەکانم بۆ ئـەدەب و هونەر جیا بوون، لە سەرەتا (شیعر لای من هۆکار بوو نەک ئامانج)، بەڵام خۆشبەختانە هەرزوو بەوە گەیەشتم کە دنیای شیعر زۆر بەرینتر و فراوانترە لە دنیای پڕاوپڕ لە پەیام و لە کلێشە و لـە هەراوزەنای ئایـدیۆلۆژیا و سیاسـەت، بۆیـە هـەر زوو شـیعرەکانی خۆمم ڕزگار کرد لە دەست هوتاف لێـدان و لـە خەیاڵە وشـک و

نەزۆکەکانی کۆیلەتی، ئەو شیعرەش کە ئێوە باسی دەکەن بۆ بەزە گەرمەکانی خولیام نووسیوە، ئەوە لە کاتێکدا بوو هێندە تەنیا بووم تا ئاستی مردن و ونبوون. بەڵێ لە زۆرێک لە شیعرەکانمدا لاواندنەوەی ڕۆژهەڵاتیانە دەبیندرێ. بە تایبەتی لەو شیعرەی کە بەرێزتان باستان کردووە. ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بە مانەوەی تەمەنێکی درێژەوە هەبێ لەنێو کۆڵانەکانی غوربەت و تامەزرۆیی هەستی گەڕانەوەم بۆ نیشتیمانە سپیەکەی لە دایکبوونم، یان پەیوەندی هەبێ بە بوونی من و کەسایەتی من و بیرکردنەوەکانی من. بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەوە منم، ڕۆحێکی خۆرهەڵاتیانەی شەقار شەقار بووی نێو مەملەکەتی غوربەتم، بە هەموو ڕەنگ و ڕوانینەکانمەوە، بە هەموو هاوار و مردنەکانمەوە. وام لە نێو شیعرەکانمدام، بەڵام من هێندە دەزانم. ئێستا ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەی ڕەهایی لەنێو بوون و خەیاڵەکانی مندا مانایەک و ئەو گاریگەرییە تۆخەیان نییە، (ئێستا حەقیقەت بە تەنیا لەلای من نیە). من ئێستا هەورێکی گوماناویم لە نێو ئاسمانی خەون و بیرکردنەوەکانمدا، من بەشێکم لە گومان و گومانیش هەناسە گەرمەکانی نێو ڕۆحی منە،

**ڕامان**: سەرەتای دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوو ساردەمەنیەکت لە بەرامبەر مزگەوتی سپی لە هەولێر هەبوو، لە نێو ئەو غەڵبە غەڵب و هاوار هاوارەدا تۆ لەگەڵ برادەرەکانت لە شیعر دەدوای، ئایا ئەو بەردەوامیەی تۆ لە شیعر ئەوپەڕی عاشق بوون نیە بۆ شیعر، بە واتایەکی دی، تا کوێ و چ ئاستێ عاشقی شیعریت.. بۆچی؟

**ناڵە حەسەن**: لە نێو هەناوی ئەم پرسیارەتاندا، لاپەڕەی ڕۆژانێکم بۆ هەڵدەدەنەوە کە ڕۆژانێکی بەرچاو و دیارە لە نێو بیرەوەریەکانی مندا. بەڵێ لەو ڕۆژگارەی ئەوسادا کە تەمەنێک لەو شوێنەدا کارم کرد، سەردەمانێک بوو، خۆشی و لەزەتم لە هەموو شتێک دەبینی، بە عەشقەوە دەمخوێندەوە و بە عەشقەوە دەمنووسی. سەرەتای ساڵەکانی سەردەرهێنان و دەرکەوتنم بوو. سەرەتای ئاشنا بوونم بوو بە مەعریفەی دەق و

مەعریفــەی زمــان، لەگــەڵ هــات و هــاوار و بــەزم و ســەفای هەرزەکارانی ئەو شوێنەدا، من لەگـەڵ برادەرەکـانم بـە تایبـەتی (زانا خەلیلی شاعیر و بەختیار محەمەد عیسای نووسەر) و چەنـد برادەرێکی تر باسی شیعرمان دەکرد، باسی ئەدەب و هونەر بــە گشتی و زۆر شتی تر،. من ئەوکاتە لە گەرمەی کارکردنـدا بـووم لە نێو جیهانی سیاسەت و ئەدەب و هونەردا، لەگەڵ ئەوەشدا لە خەمی ئەوە دابووین، چۆن ببین بە خـاوەنی دەنگـی خۆمـان، لــە خەمی ئەوەدابووین چـۆن شـەپۆلەکانی ئایـدیۆلۆژیا و سیاسـەت لەگەڵ خۆیدا نەمان بات و ونمان نەکات. چۆن سیاسەت جـوانی و خەیاڵە ڕۆمانسیەکان لە نێو شیعرەکانمان دا نــەخنکێنێ. چـۆن بە ئازادی بیر بکەینەوە و ئازادانــەش بنووسـین. بەهــەرحاڵ ئــەم ڕۆژانە ڕۆژە گەرمەکانی تەمەنی منن. لەم سـەردەمانە عەشـق بــە هــەموو مانــا فەلســەفییەکەیەوە مانایــەکی هــەبوو لــە نێــو شیعرەکان و نووسینەکانی مندا، هەتا ئەمڕۆش بە هەمان جـۆش و خرۆشــەوە و هــەمان ڕوانینــم هەیــە بــۆ عەشــق و بــۆ دنیــا سیحریاوییەکەی نووسین و شیعر. من تا سـەر ئێسـقان عاشـقی شیعرم، ئەم عاشقبوونەم بۆ شیعر پێموایە بەردەوامی بـە بـوونم داوە، کاریگــەری زۆری لەســەر خۆدۆزینــەوە و ناســینی خــود و خەون و خولیاکانمدا بووە.

**ڕامان**: تا چ ئاستێ هێڵی بەیانی لەگـەڵ دیـوانێکی تـرت ڕوو لــە بەرزبوونەوەیــە، ئایــا کــارت لەســەر ئــەوە کــردووە دیــوانی ئەمڕۆت لە هی دوێنێ نەچێ. چۆن؟

**ناڵە حەسەن**: مـن پێموایـە ئـەو نووسـەرانەی کـە هەمیشـە خۆیان دووبارە دەکەنەوە. ئەو نووسەرانەن خەمی داهێنانیان نیە، یان تەنها خۆیان دەخوێننەوە، ئەگینا بـۆ نووسـەرانێک کـە خـەمی داهێنانیان لەبەر بێ وا پێویست دەکـات هەمیشـە لـە نوێبوونـەوە دابـن، ئەمــەش کارێکــە بــە ئیرادەگــەری نــاکرێ، بــەڵکو کارێکــە بــەرچاو ڕۆشــنی دەوێ، بــەهرە و توانــای دەوێ، شــەونخونی و ماندوبوونی دەوێ. مەبەستمە بڵێم، دەبێ ڕوئیایــەکی ڕۆشــنمان بۆ نووسین و داهێنان هەبێ. دەمێـک سـاڵە ئەرسـتۆ گوتوویـەتی،

(کردەی شیعر نووسین کردەیەکی لاسایی کەرانەوەیە). دەبێ چی بکەیەن بۆ ئەوەی خۆمان لە بازنەی لاسایی کردنەوە بێنینە دەرێ و داهێنانی خۆمان هەبێ، دەبێ چی بکەین تاکو بتوانین خوێنەرانمان سەرسام بکەین و پرسیاری تازەیان لەلا بوروژێنین.

دیارە بۆ هەر شاعیرێک و نووسەرێک دیاری کردنی هێڵی بەیانی نێوان دیوانەکان و دەقەکانی ئەمە کارێکی زۆر گرینگ و پێویستە. ئەمەش زیاتر خوێنەران دەتوانن بڕیاردەری بن ئەگینا وەک دەڵێن: (کەس بە دۆی خۆی نالێ ترشە)، بەڵام تا ئەوجێگایەی بۆ خودی خۆم دەگەڕێتەوە، دەتوانم بڵێم زۆر بە ئاگاهانەوە ئەم مەسەلەیەم لەبەر چاو گرتووە و کاریشم بۆ کردووە. من پێم وایە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان (مۆمێکی نوێی تەمەنم) و (ڕەشبەڵەکی ڕۆح)، یان لە نێوان (ڕەشبەڵەکی ڕۆح) و (عەشق و بەرائەتی ئاو) یان لەگەڵ (ڕەنگە ئیرۆسیەکانی ئاگر) دا، یان لەگەڵ (نیگایەک بەسە بۆ مردن) کە تازەترین دیوانی شیعریمە. چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چ لە ڕووی زمان و ستایلەوە ئالوگۆڕی زۆر لە نێوانیاندا دەبینم. پێشم وایە ئالوگۆڕەکان ڕوو لە سەرەوەن. من زۆرجار لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێک ئەم جیاییە لە خۆمدا دەبینم، بە خۆشحالییەوەش زۆرجاران لە دەمی ڕەخنەگران و نووسەران و خوێنەرەکانمەوە ئەمەم بیستووە و پێم گەیشتۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە نووسین کارێکی ئاسان نیە، تا نووسەر ئاستی توانای فیکری و مەعریفی بچێتە سەر، کردەی داهێنان قورستر و قورستر دەبێت. دوای تەمەنێکی دوورودرێژ لە نووسین لە چاوپێکەوتنێک دا لە (گابریل گاریسیا مارکیز) یان پرسی (ئێستا کاری نووسین ئاسانترە، یان پێشتر) لە وەڵامدا وتی: ئێستا زۆر بە زەحمەت دەنووسم.

**ڕامان**: کە کوردستان جێدەهێڵیت و ڕوو لە کۆڵان و گەڕەک و شار و وڵات و کیشوەرێکی نوێ دەکەیت، ئاستەنگەکانی ئەو ژیان و ئەو دەسپێکە بۆ شاعیرێکی کورد لە کەنەدا چییە؟

**ناڵە حەسەن**: دیارە بۆ هەر کەسێک کە نیشتیمانی خۆی جێ دەهێڵێ و ڕوو لە وڵاتێکی تر و کیشوەرێکی تر دەکات، لە سەرەتاوە وەک کەسێکی نامۆ و لاڵ و لاتەریک و دوورەپەرێز دەبێ لە هەموو شتێک. وەک باڵندەیەکی باڵشکاو، یان گەڵایەکی هەڵوەریوی دەم شۆستەکان دێتە بەرچاو. کاریگەرترین ئاستەنگیش نەزانینی زمانی ئەو وڵاتەیە، چونکە بە تایبەتی لە سەرەتادا فێربوونی زمان کلیلێکە بۆ کردنەوەی زۆربەی دەرگاکان. لە پاڵ فێربوونی زمانیش ئاستەنگی ژیان و گوزەران و بەرپرسیەتی خێزانداری و منداڵ و هەموو ئەمانەش کاریگەری خۆیان دەبێ. ئاستەنگێکی تر چۆن بتوانی (ئەگەر بکرێ) خۆت بە خێرایی لەگەڵ دابونەریت و کەلچەری ئەم ولاتە تازەیە ڕابێنی، ڕەنگە لە ئاستی زۆر جیاوازدا بن لەگەڵ کوتوور و دابونەریت و باری کۆمەڵایەتی وڵاتی خۆت دا. دیارە خۆ گونجاندن لەگەڵ کولتووری وڵاتێکی تر کارێکی وا ئاسان نیە. ڕەنگە مرۆڤی وا هەبێت کە دڵنیام زۆریشن تا تەمەنێکی زۆر هەر نەتوانن لەگەڵ ئەم کەشوهەوایە تازە ڕابێن، ڕەنگە لە ناخی ناخەوەیان لە کێشەیەکی قووڵ و لە مەینەتدا بن. ئەمەش لەسەر خودی کەسەکان دەوەستێ. کە چەند توانای ئەم گۆڕانە لەو کەسەدا هەیە. ڕەنگە پێوەندیشی بە ئاستی بیرکردنەوە و ئەو پاشخانە مەعریفی و ئاستی کرانەوەی ئەو کەسەوە هەبێ. فێربوونی زمان و تێکەڵبوون بە دابونەریتی ئەم وڵاتە و سوود وەرگرتن لە مێژوو و لە ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفی ئەم وڵاتە کارێکی سەرەکی و زۆر پێویستە بە تایبەتی بۆ کەسی نووسەر.

**ڕامان**: لە کۆڕی شیعری ٢٣/٥/٢٠٠٧ لە هۆڵی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر هەندێ شیعری نوێی خۆتت خوێندەوە، هەندێ لە وەرگران لایان وابوو شیعرەکانی تۆ پێدەچێ لە کوردستان نووسرابن، بە واتایەکی تر هیچ سیما و خاسیەتێکی شیعری نوێی ئێستای ئەورۆ - ئەمریکی بە شیعرەکانتەوە دیار نەبوو، بۆچوونی تۆ لەم بارەیەوە چیە؟

**ناڵە حەسەن**: بەر لە هەرشتێک دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بڕیاردان و هەڵسەنگاندنی شیعر بە یەک خوێندنەوەی خێرا نەک هەر گوناهێکی گەورەیە، بەڵکو تاوانێکە بەرانبەر بەم دەقە دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا دیارە من تەمەنێکە لە وڵاتی کەنەدا دەژیم، کەم تا زۆر شیعری کەنەدی و ئەمریکیم خوێندۆتەوە، پێشم وایە توانیومە سوود لە ڕەوتی تازەی ئەم کیشوەرە وەربگرم، بەڵام هێندەی پێم کرابێ خۆم لە کاری لاسایی کردنەوە پاراستووە. چونکە لای من لاسایی کردنەوە شتێکە و داهێنان شتێکی ترە. بە پێی ئەزموونێک کە لەگەڵ شیعر و نووسین دا هەمە من پێموایە خاوەن ڕێچکە و شێواز و ستایلی خۆمم. ناشتوانم وا بە ئاسانی دەسبەرداری ئەم شێوازەی خۆم ببم. دەربارەی شیعرە تازەکانیشم کە لەم کۆڕەدا خوێندمنەوە، من پێموایە زۆر شتی تازەی تێدا بوو، بە تایبەت لە ڕووی ستایل و زمانەوە، هەر ئەم وەرگرە بەڕێزانە کە زۆربەیان نووسەر و شاعیر بوون ئەو قسەو هەڵسەنگاندنانەی هەیانبوو لەسەر شیعرەکان و کۆڕەکەم ئەو قسانەی لەوێدا پێیان وتم، ڕەنگە خۆشترینی ئەو قسانە بن کە لە هەموو تەمەنی نووسینم بیستبێتم، ڕەنگە ئەگەر قسەکان لێرە دووبارە بکەمەوە بچێتە خانەی ستایش و بە خۆدا هەڵدان کە منیش پێویستم بەوە نییە، دیارە زۆریش ئاساییە لە کۆڕێکی ئاواهیدا کە خەڵکانێکی زۆر ئامادەی ببن ڕاوبۆچوونی جیاوازیش هەبێ، من پێموایە دەقی زیندوو دەبێ خوێندنەوەی جۆراوجۆر لە خۆبگرێ، ئەمەش بەڵگەی سەرکەوتنی کۆڕەکە و شیعرەکان بوو. دەربارەی ئەوەی کەتا چەند ڕەنگدانەوەی شیعری ئەمریکیم پێوە دیار بوو، ڕەنگە ئەوەم بەلاوە زۆر گرینگ نەبێت.

**ڕامان**: ئەگەر شیعر بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنیتەوە کێن ئەو شاعیرانەی دەیانخوێنیتەوە، بۆچی؟

**ناڵە حەسەن**: زۆرن ئەو شاعیرانەی کە بە زمانی ئینگلیزی دەیانخوێنمەوە لەوانە: (ئەزرا پاوەند، ڕۆبەرت کریلی، ئیلیەت، ئیمیلی دیکنسۆن. ویلیەم ستافۆرد، ڕۆبێن سارا، جۆنی ئارنۆد....

زۆرانـی تـر) ڕەنگـە هۆکارەکـەی ئـەوە بێـت، مـن بـە دەقـە شـیعرییەکانیان سەرسـام بـم. بـۆ نێـو قـووڵایی خەیاڵـەکانیان بمگێـڕن و سـەفەرم پێبکـەن، یـان لەوانەیـە لـە دنیـا و خـەون و مەینەتیەکانی خۆمەوە نزیک بن. بە کوردتی من ئـەو نووسـەرانە دەخوێنمەوە کە تووشی ڕامان و سەرسامیم دەکەن.

**ڕامان**: کێن ئەو شاعیرە کوردانەی کە چێژ لـە تێکسـتەکانیان وەردەگری. بۆچی؟

**ناڵە حەسەن**: بە هەمان شـێوەی پرسـیاری پێشـوو، لـە نێـو کوردانیش دا زۆرن ئەو شـاعیرانەی مـن چێـژ لـە تێکسـتەکانیان وەردەگرم، ڕەنگە نەتوانم لێرەدا نـاوی هـەموویان بهێنـم، بـەڵام لەوانە: (شێرکۆ بێکەس، بەختیار عەلی، کـەریم دەشـتی، دڵشـاد عەبـدوڵڵا، ئـەنوەر مەسـیفی، هاشـم سـەڕاج، کـەژال ئەحمـەد، سەباح رەنجدەر..... زۆرانی تر) هۆکارەکەش هەر ئەوەیە کە لـە پرسیاری پێشوو وەڵامم داوەتەوە.

**ڕامان**: سەفەر و دنیای دیتـن و گەشـت تـا چەنـد زەمینـە بـۆ ئافەریدەکردنی تێکستی نوێ دروست دەکا. ئایا مەعریفـەی چـاو گرینگییەکەی وەک سەفەری نێو کتێبەکان نییە؟

**ناڵـە حەسـەن**: مـن پێـم وایـە سـەفەر و غوربـەت چەنـد دەرگایـەک بـەڕووی مرۆڤـەکان دادەخـات و لـە هـەمان کـات دا چەند دەرگایەکی تر بە ڕوویاندا دەکاتەوە. کردنەوەی ئەم دەرگـا تازانە بە تایبەتی بە ڕووی نووسەران، بە مانای تێکەڵبوونە بە نێو دنیایـەکی تـازە و خـۆ بینینەوەیـە لـە نێـو خـەون و خـەیاڵ و بیرکردنەوەی تازە. ئاشنابوونە بە کولتوور و ڕەنـگ و ڕوخسـار و سروشتێکی تازە. واتە لە دایکبوونەوەیەکی ترە بە هەناسـەیەکی تـازە. لـە هـەمان کاتیشـدا خۆدۆزینەوەیـە لـە نێـو مەعریفـە و هۆشیارییەکی تازەدا، بێگومـان مەعریفـەی چـاویش بەشـێکە لـە مەعریفە گشتییەکە. هەروەک لە یەکێک لە پرسـیارەکانی پێشـوو گوتم، ڕەنگە هەنـدێک لـە مرۆڤـەکان نـەتوانن لەگـەڵ ئـەم دنیـا

تازەیەدا هەڵبکەن و ڕابێن، بۆ یە دەنگ و ڕەنگ و بوونیان بــەرەو کپبــوون و ســڕبوون دەچــێ. هەندێکیشــیان بــە پێچەوانــەوە قەڵەمەکانیان بە بڕشتتر دەبێت. بیریان فراوانـتر و خەیاڵـەکانیان قووڵتر و چاوەکانیان ڕۆشنتر دەبینێـت، چونکـە دنیـای سـەفەر و غوربەت خـۆی لـە خـۆی دا دنیایـەکی کاریگـەرە بەسـەر ڕۆحـی مـرۆڤ، بینینـی کـەڤال و نیگـارە جوانـەکانی سروشـتێکی تـر و باخچەی ڕەنگاوڕەنـگ و شـەقامی بـەرین و ڕوونـاک ڕوونـاک و میترۆکان و ئاپارتمانە بەرز و سـیحراوییەکان، خـۆی لـە خـۆی دا چێژێکی هونەری و سەرسـامی بـە مـرۆڤ دەبەخشـێ. شـیعری (ســـەحەر و دوای نیوەڕۆیـــەکی کـــەنار دەریـــا) م خەیاڵـــە فەنتازییەکەی ئەم شیعرە لە ڕوانینـی جوانییـەکانی ئـاو و نهێنییـە دڵڕفێنییـەکانی شـەپۆلەکان و ئارامییـەکانی کـەنار دەریایـەک لـە دایبــوو، بۆیــە منیــش ڕازیــم بــەوەی کــەوا مەعریفــەی چــاو بــە ئەنــدازەی مەعریفــەی نێــو کتێبــەکان کرینــگ و کاریگــەرە بــۆ وەبەرهەمهێنای تێکستی جوان.

**ڕامان:** ڕەخنەی کوردی و خوێندنـەوەی کـوردی بـۆ شـیعری کوردی زۆر زۆر کەمە، تا ئێسـتا نووسـینەکانی کـێ لـەو بـوارەدا سەرنجی ڕاکێشاوی، ئایا ڕەخنە و خوێندنەوە بۆ شیعر هۆکارێـک نییە بۆ زیندووبوونەوەی شیعر؟

**ناڵە حەسەن**: دیارە بۆ هـەموو لایـەکمان ڕۆشـنە، ڕەخنـەی کوردی و خوێندنەوە بـۆ شـیعری کـوردی لـە چ ئاسـتێکدایە، مـن پێموایە ئەوەش بەشێکی پەیوەندی بە زرووفە مەوزووعیەکەیەوە هەیـە، بـە مانـای پەیوەنـدی بـە حـاڵ و وەزعـی ڕەخنـەگران و ڕۆشنبیرانمانەوە هەیە کە خاوەنی چ فیکرەیـەک و زەخیرەیـەکی مەعریفین. بەشەکەی تـری پەیوەنـدی بـەو ئەخلاقـە کولتوورییـە خێڵەکییەوە هەیە کە وای کردووە هۆکاری سیاسی و حیزبی لــەم ڕاستایەدا ڕۆڵی کاریگەری خۆی ببینێ، بەڵام لەگـەل ئەمانەشـدا نـاکرێ نووسـینەکانی: (عەلائـەدین سـەجادی و محەمـەدی مـەلا کەریم) لە بیر بکەین.

بەتایبەت خوێندنەوەیان بۆ شیعری کلاسیک، یان نووسـینەکانی (ئازاد عەبدولواحید) فەرامۆش بکـەین. هـەرچۆنێک بێـت ڕەخنـە نەک هەر بۆ کۆمەڵگەی ئێمە، یان بۆ نوێبوونەوەی دەق، بگرە لـە هەموو قۆنـاغ و دەورانـە مێژووییـەکان کاریگـەری خـۆی بەسـەر کەلتوور و باری کۆمەڵایەتیدا بـووە، لەسـەردەمی بووژانـەوە لـە ئـەوروپا ڕەخنـەگرەکان پێشـەنگ بـوون، ئەگـەر ڕەخنـەگرەکان نەبوونایــە ئــەورووپا و ئــەمریکا بــەو مەدەنیەتــەی ئێســتایان نەدەگەیشـتن، ئـەوە ڕەخنـەگرە جدیـەکانن دەرگـای جیهـانێکی تازەمان لێ دەکەنەوە، نەک تەنها هۆکارێک بـن بـۆ نوێبوونـەوەی دەقێکـی شـیعری، خوێندنـەوە و ڕەخنـە کاریگـەری زۆری هەیـە بەسەر لە دایکبوون و نوێبوونەوەی دەق دا. چونکە خوێندنــەوە و ڕوئیاکانی ڕەخنەگرێکی جدی و ڕاستگۆ زۆر قووڵتر و فراوانـترە لە خوێندنەوەی خوێنەرێکی ئاسـایی. خوێندنـەوەی ڕەخنـەگرێکی جدی و ڕاستکۆ نەک هەر کاریگەری دەبـێ بەسـەر نوێبوونـەوەی دەق جگە لەوەش دەقێکی تازەش لە دایک

دەبێ، بەڵکو تەکانێکیش بە خـاوەنی دەقەکـە دەدا و چێژێکـی زیاتریش بە خوێنەر دەبەخشێ.

**ڕامان**: لەو ماوانـەی دواییـدا کۆمەڵـە شـیعرێکت لـە زمـانی ئینگلیزییــەوە وەرگێڕاوەتــە ســەر زمــانی کــوردی، ئایــا ئــەو ئاسـتەنگانە چیـن کـە لـەکاتی وەرگێڕانـی تێکسـتێکی شـیعری ڕووبەڕووت دەبنەوە؟

**ناڵە حەسەن**: بەر لە هەرشتێک دەمەوێ ئەوە بڵێـم مـن نـە وەرگێـڕم و نـە خـەمی وەرگێڕانـم هەیـە. هێنـدە نـەبێت چ لـە وەرگێڕانی شـیعرەکان و چ لـە وەرگێڕانـی بابەتـەکانی تـر تـەنیا هەوڵدانێکە و هیچی تر. بەڵام ئەو ئاستەنگانەی دەهاتنە بـەردەمم لە چەند خاڵێـک خۆیـان دەبینییـەوە یـەکێکیان ئـەوە بـوو، زۆر لـە خەمی ئەوە دابووم کـە بـە ئەمانەتـەوە شـیعرەکان وەربگێـڕم و نـاوەڕۆک و خـەیاڵ و وێنـە شـیعرییەکان نەشـێوێنم. لـە هەنـدێ شوێن هەستت بەوە دەکـرد زمـانی ئینگلیـزی پێشـکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بۆ هەندێ وشەو دەستەواژە بە زەحمەت مانای

پــڕ بــە پێســتت دەکــەوت. یــەکێکی تــر فەرهەنگــە کوردییەکانــە، هەنــدێک لــە ماناکــانی نێــو فەرهەنگــە کوردییــەکان ئێستا لە زمانی ئینگلیزی ئەو ئەو مانایەنە هەر بەکار ناهێنــدرێن و کۆن بووینە هەســتت بــەوە دەکــرد کــەوا فەرهەنگــە کوردییــەکان پشــتیان بــە ســەرچاوە زۆر کۆنــەکانی فەرهەنگــە ئینگلیزییــەکان بەســتووە، هــەروەها نــەبوونی فەرهــەنگی ئــەلیکترۆنی گــوردی، ئەمەش یەکێک بوو لە ئاستەنگەکان، ئەمەیان زیاتر پەیوەندی بــە کاتەوە هەیە.

**ڕامان**: ئایا لە وەرگێڕانی شیعردا لە زمانێکــەوە بــۆ زمــانێکی تر شاعیربوونی وەرگێرەکە چ ڕۆڵێک دەبینێ؟

**ناڵە حەســەن**: بــە بــڕوای مــن لــە وەرگێڕانــی شــیعردا لــە زمانێکــەوە بــۆ زمــانێکی تــر شــاعیربوونی وەرگێڕەکــە ڕۆڵ و کاریگەری زۆر بەرچاو دەبینــێ. وەک ئــەوە وایــە هونەرمەنــدێکی شــێوەکاری کــوردی کاتێــک ســەیری تابلۆکــانی هونەرمەنــدە بیانییەکانی وەک: (پیکاسۆ و لیۆناردۆ داڤنشی و، ســلفادۆر دالــی و ڤانکوخ و گاگوین و گۆیا و مەنج و.... تاد) بکات خوێندنەوەکانی بۆ تابلۆکان چەند هونەریانەتر و ڕۆشــنتر دەبــێ لــە خوێندنــەوەی کەســێکی ئاســایی، یــان شــاعیرێک یــان ڕۆماننووســێک، هۆکارەکەشی ئەوەیە هونەرمەنــدە شــێوەکارییەکە خــۆی لــە نێــو ئەو جیهانەدا دەژی و لە نێو ئەو جیهانەدا بەهرەیەک و توانایــەکی هەیــە، ئــەم زیــاتر بــە مەعریفــەی ڕەنــگ و هێلکــاری و فیگــەر و هونــەرەکانی تــر ئاشــناترە، شــیعر و وەرگێڕانــی شــیعر و شاعیربوونیش بە هەمان ئەندازە. من پێــم وایــە شــاعیران زیــاتر ئاشناترن بە مەعریفەی وشە و زمان و خەیاڵ لە شیعردا. ڕەنگە ئەگەر وەرگێرەکە شاعیر نــەبێت هەنــدێ جــار مانــای وشــەکان و خەیاڵەکان بشێوێنێ، هەرچەندە ئەگەر زمــانزانێکی باشــیش بــێ. ڕەنگە لە پشتی وشەکانەوە دنیایەکی تر نەبینێ، چونکە لە پشتی وشەکانەوە مانای تر و جووڵەی تر و ڕەنگی تر هەیە. بەڵگەشــم بۆ ئەمە، من شــیعری وەرگێــڕدراوم خویندۆتــەوە توانــای ئــەوەم نــەبووە تــا کۆتــایی شــیعرەکە بخوێنمــەوە، هێنــدە بــە نــاڕێکی شیعرەکە وەرگێڕدرابوو. ڕەنگــە جــاری واش هــەبێ وەرگێرەکــە

شاعیریش بێ و ئەم حالەتانە هەر ڕوودەن، بەڵام من پێم وایە ئەم حالەتانە لە وەرگێڕی شاعیر دەبێ کەمتر بێ بەو مەرجەی شاعیرەکە زمانزانێکی باش بێت.

**ڕامان**: بە گویرەی زانیارییەکانی تۆ لە بواری وەرگێڕاندا، کێن ئەو وەرگێرە کوردانەی کە تەواو سەرکەوتوون لە کارەکانیان. بۆچی؟

**ناڵە حەسەن**: من بۆخۆم (عەزیز گەردی و عەبدوڵڵا حەسەن زادە و شوکور مستەفا) لە کارە وەرگێڕدراوەکانیاندا سەرکەوتوویان دەبینم، بە دوای ئەمانەش (

ئازاد حەمە شەریف و کەریم سۆفی) جێگای پەنجە و قەڵەمەکانیان لە بواری وەرگێڕاندا دیارە. هۆکارەکەش ئەوەیە بە زمانێکی پاراو بە ئەمانەتەوە دەقەکانیان وەرگێڕاوە و لە کاتی خوێندنەوەیاندا ئارامی و دلخۆشیت پێ دەبەخشن.

**ڕامان:** چین ئەو خاسیەت و سیمایانەی پێویستە لە شیعرێکدا هەبن بۆ کۆن نەبوونی ئەو شیعرە. بە شێوەیەکی دیکە، ئەو شیعرانەی کە جێژیان لێوەردەگریت دەبێ خاوەنی چ جۆرە خاسیەت و سیمایەک بن؟

**ناڵە حەسەن**: هەول دەدەم بە کورتی ئەنجام و مەبەستێک بە دەستەوە بدەم. بە بڕوای من شیعر نووسین کردەیەکی ئیستێتیکیە لەنێو بازنەی کایە مەعریفییەکاندا، دیارە مەعریفەی نووسەر بۆ زمان و دەق و ڕەگەزە شیعرییەکان کاریگەری زۆر دەبینێ بۆ وەبەرهەم هێنانی دەقێکی زیندوو، دەقی زیندووش بە مانای دەقەکە هەلگری دەلالەت و هێما و فۆڕم و سیمایەک بیت کە خوێنەر سەرسام بکات و چێژیان پێ ببەخشێ. لە پاڵ ئەمەش وا پێویست دەکا دەقی زیندوو خوێندنەوەیەک زیاتر لەخۆ بگرێت. بەمانای شاعیر لە ئاقاری دەق دا تا ئاستێک

شـۆڕدەبیتەوە بـۆ نێـو دنیـای خـەون و خەیالـە ڕەنگالەییـەکانی مرۆڤ. بە چ زمانێک کۆد و نهێنیەکانی نێـو ڕۆحـی مـرۆڤ و نێـو غەریزە و بوخچە نەکراوەکانی ئومێدە کپبووەکـان، لـە وێنەیـەکی ئیسـتێتیکیدا دەنووسـێتەوە. دەمـەوێ ئـەوە بڵێـم دەقـی زینـدوو، دەبێ لە مانادا قوول بێت و لە شێوەشدا نوێبوونەوە و تازەگەری پێوەدیار بێت، (دۆنالد هۆلد) شاعیر و نووسەری ئەمریکی دەڵێ: (هیچ پاساوێک نابینم، بۆ بە خەرجدانی ژیانی خـۆت بـۆ نووسـینی شیعر مەگەر شیعری جوان و نایاب نەبێت).

**ڕامـان**: کێشـەی گـەورەی ڕۆشـنبیرانی کـورد لـە دەرەوەی وڵات کـە هـەر تـەنیا بـە جەسـتە لـە دەرەوەی وڵاتـن، بـە هیـچ شێوەیەک ناتوانن لەگەڵ کولتووری ئـەم وڵاتـە بەریەککـەوتنێکی جـدی دروسـت بکـەن، تـۆ لـەم ڕووە چـۆنی، ئایـا توانیوتـە پەیوەندییـەکی ڕۆحـی لـە نێـوان خـۆت بـو کولتـووری کەنـەدی دروست بکەیت؟

**ناڵە حەسەن**: ئەم بەریەککەوتن و حاڵەتە ڕۆحیانە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی وەزعی مرۆڤی پەناهەندە و کۆچبەرە. ئـەو مرۆڤانـەی کـە لـە نیشـتیمانی خۆیـان دابـڕاون، وەک (بـەختیار عەلی) لە بەشـی دووەمـی نووسـینی (کـۆچ بـەرەو ناشـوێن) دا دەڵێ: کەسی کۆچبەر، کێشەی گەورەی ئەوکات دەسـت پێـدەکا کە کۆچبەر لە هیچ یەکێک لەم دوو دنیایەدا شـوێنی ڕاسـتەقینەی خۆی نادۆزێتەوە، یان هەر لەو نووسینە لە شـوێنێکی تـردا دەڵـێ (غوربـەت کۆمـەڵێک هـەل و ئەفسـوون پێشـکەش بـە کۆچبـەر دەکات نیشتیمانی خۆی پێشکەشیان ناکا نیشـتیمانیش کۆمـەڵێک ویستی ڕۆحی و دەروونی و عاتیفی تێـر دەکـا، غوربـەت تێریـان ناکات، کۆچبەر لـە هـەر جێگایـەک بـژی لـە هەریـەکێک لـەم دوو نیشتەجێیەدا شـتێکی گرینـگ دەدۆڕێنێـت). ئـەم حاڵەتـە نامۆییـە زیاتر لەلای کەسی خۆرهەڵاتی ڕەنگ دەداتەوە و کاریگەرییەکانی تۆخترن، چونکە کەسی خۆرهەڵاتی لە کۆمەڵگەیەکی داخـراوەوە هاتوون. ئەوان لە ژیـانی پێکـەوەی و خێڵـەکی و لـە نێـو ئـامێزی سۆزە گەرمەکەی دایکەوە ڕاهاتوون، لەلای ئێمە سۆز و ویـژدان

پێوەرن بۆ شتەکان. ئێمەی خۆرهەڵاتییەکان لـە نێـو رووبارەکـانی یادگــاری و رووبارەکــانی ســۆز و ویژدانــەوە مەلــە دەکــەین. بیرکردنەوەکانمان زیاتر خـەیاڵئامێز و ڕۆمانسـین. ئـەم پاشـخانە مەعریفییە خێڵەکییە وا لە مرۆڤـی خۆرهـەلاتی دەکـا بـە ئاسـانی نەتوانێ تێکەل بە کەڵچەری کراوەی ڕۆژئاوایی و ئەمریکی بـبێ، یـان لەگـەل پێشـکەوتنەکانی نێـو دنیـای سـەرمایەداری و دنیـای تەکنــەلۆژیادا بــە نــامۆیی بمێننــەوە. چونکــە لــە کۆمــەڵگای سەرمایەداریدا، مرۆڤ وەک ئامێرێکی ڕووت مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکرێ. ئامێرێکی بێ جووڵە و بێ ڕۆح و غەریزە و هەســتەکانی مرۆڤایەتییان تێدا کپ

دەکرێ و دەخنکێندرێ. لەم دنیایەدا māddde سەرچاوەی هـەموو شتێکە نەک سۆز و ویژدان و هەستەکانی مرۆڤایـەتی.دوو دنیـای تەواو لە یەکتری جیاواز، دنیای ئامێر و دنیای سـۆز و ویـژدان. تـا منی خۆرهەڵاتیش دەگرێتەوە، منیش کەسێکم بە هەمان پێکهاتـە و بیرکردنــەوە رەنگــە لــەوان زیــاتریش لــە ژێــر کاریگــەری پێوەرەکانی سۆز و ویژدان دابـم. مـن کـە کوردسـتانم جێهێشـت تەمەنم سی و دوو ساڵ بوو، بەمانای سی و دوو ساڵ بیرەوەری پڕ لە کارەسات و مەینەت و پڕ لـە سـۆز و ویـژدان و عەشـق و ســووتان و بیرکردنـەوەی خۆرهەڵاتیانـە، ژیـان لـە نێـو بازنـە و بەربەستەکانی حەرام و حەڵاڵ. دیارە بۆ منیش کارێکی وا ئاسان نییە کە وەک پێویست بتوانم ئەم بەریەککەوتنە دروست بکەم بـە خێرایی بیرکردنەوەکانم بگۆڕم. زۆر بـە ئاگاهانـە تـا بـۆم کرابـێ هـەولی جـدیم بـۆ داوە. زۆرجـاران لەگـەل خۆمـدا لـە نـاوەوە کەوتوومەتە مشتومڕ و زۆر جاران بە ئاکامێکی دەروونی ناخۆش گەیشتووم، یان دوو حالەتی دژ بەیەک لـە منـدا دروسـت بـوون، هەندێ جار بە ترۆپکی نائومێدی و یاخیبوون گەیشـتووم، هەنـدێ جاریش دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر زەردەخەنەیەک هاتۆتە ســەر سـیمام و هیچـی تـر. مـن پێموایـە هـەنگاو دەنێـم بـۆ پێشـەوە و چاوێکیشم بۆ هەمیشە هەر لە دواوەیە، خۆشـم هەسـت بـەوبارە دەروونیەی خۆم دەکـەم. زۆر بـە ئاسـایی هەسـت بـەوە دەکـەم زەمەن منی فڕێداوەتە نێو ئـەم کیشـوەرە، یـان قـەدەر غـەدری

لێکردووم، من چێبکەم مـن کـوڕی کـۆڵانێکی تـر و کیشـوەرێکی تـرم، بـە لایلایـەو بیرکردنەوەیـەکی تـر پێگەیانـدراوم، مەبەسـتم پاساو هێنانەوە نییە، بەڵام ئەوە حەقیقەت و پێکهاتـە و تواناکـانی منە.

**ڕامان**: بەر لە بڵاوکردنەوەی شیعرێکی نـوێ، یەکـەمین جـار ئەم شیعرە بۆ کێ دەخوێنیتەوە بۆچی؟

**ناڵە حەسەن:** لە ڕاستیدا هەر شیعرێکی نوێم کـە لـە دایـک دەبـێ، یەکـەمین جـار بـۆ خـۆمی دەخوێنمـەوە، چونکـە خـۆم یەکەمین خوێنەر و ڕەخنەگری شـیعرەکانی خـۆمم. مـن شـیعرە تازە وەبەرهەم هاتووەکانی خۆم زۆر دەخوێنمەوە. بـۆ ماوەیـەک حەزناکـەم بڵاویـان بکەمـەوە، حەزدەکـەم هـەر لـە نێـو ئـەم کەشوهەوایە بمێنمەوە کە شیعرەکەی تێدا لە دایک دەبێ. لە نێـو خەیاڵەکانـدا بـۆ ماوەیـەکی زۆر دەمێنمـەوە. شـیعرەکانم هێنـدە دەخوێنمەوە تا ئاستی ئیرەیـی بـە بڵاوکردنـەوەیان دەبـەم. حـەز ناکەم شیعرەکانم لـە مـن دابـبڕێن و وێڵداشـەکانیان لـە نـاوک و ڕۆحـی منـدا جیـا ببنـەوە، بیرمـە جارێکیـان دوای تـەواو بـوونی شیعرێکم وابزانم (خوڵەمێش و خەونەکانی مێینـەی شـیعر) بـوو، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم لەگەڵ بەرپرسی یەکێک لـە ماڵپـەڕە کوردییەکان پێم گوت: شیعرێکم تەواو کردووە، بـەڵام دڵـم نـایێ بڵاوی بکەمەوە، رەنگە ئەمەش حاڵەتێکی نەرگسی بێت لە مندا.

**ڕامان:** دوای ئەو دابڕانە دە ساڵییە هەولێر چـۆن دەبینـی بـە تایبەتی و لە ڕیی ڕۆشنبیرییەوە بە گشتی، ئایا بیرۆکـەی ئـەوەت نییە بە یەکجار بگەڕێیتەوە؟

**ناڵە حەسەن**: مـن بـە حـوکمی ئـەوەی تەمـەنێکی درێژبـوو نەگەڕابوومـەوە، هـەر وەک لـە چاوپێکـەوتنی تریشـدا باسـم کردووە، کـەوا (تـەنیایی و غوربـەت) هاتبوونـە نێـو ژوورەکـەم و لەوێوەش بۆ نێـو ڕۆحـم. دوای ئـەم مـاوە دوور و درێـژەش کـە هاتمـەوە ماوەکـەم تـەنیا یـەک مانـگ بـوو لـەم مانگەشـدا زۆر

سـەقاڵ و پـڕ کـار بـووم، (بـە چـاپکردنی دوو کـتێب و گێڕانـی گۆڕێکی شیعری و دەرکردنی دوو سیدی شـیعری، یـەکێکیان بـە دەنگی خۆم ئەویتریان بۆ شیعرەکانی خولیا بە دەنگـی کەسـێکی تـرەوە، هـەروەها گرتنـی چەنـدین چاوپێکـەوتنی تەلـەفزیۆنی و ڕادیۆیی و ڕۆژنامە و گۆڤار.... تاد)، بۆیە من وەک پێویست بڕی تێنوێتی و تامەزرۆییم نەشکا لەبەر ئەوە من لـەزەت و چێـژم لـە هـەموو شـتێک دەبینـی. لـە ڕاستیشـدا کوردسـتان و شـارە رەنگینەکـەی هـەولێرم ئـاڵوگۆڕی زۆری بەسـەردا هـاتبوو ئاڵوگۆڕەکـانیش زۆربـەیان دڵخۆشـکەر بـوون. لـە نێـو هەناسـە ماندووەکانی شەقامەکانی ئەم شـارەدا هەسـتم بـە ئارامییـەکی زۆر و بـە شاگەشـکەییەکی بێوێنـە دەکـرد. ئاڵوگۆڕەکـان جـوان بـوون شـیرین بـوون، ڕووەو پێشـەوە پـوون. لـەپاڵ گـۆڕانی دیمەنەکان، ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیشم بەرچاو

دەکەوت. لە نێو ڕامان و زەردەخەنەکانی سـیما و ڕوخسـاری خەڵکەکانیش هەسـتم بـە مانـدوبوون و خـەمێکی قـوول دەکـرد، خـەمی نـان هێشـتا هـەر بـە ڕوخسـاریانەوە مـابوو. لـە نێـو زەردەخەنـە و لـە نێـو قـووڵایی چاوەمانیـان پرسـیاری زۆرم دەخوێنـدەوە، لـە پـاڵ پرسـیارەکانیش هەسـتم بـە نیگـەرانی و ترسیش دەکرد. ترس لە بوون و لە ئاینـدەیان، مەبەسـتمە ئـەوە بڵێم: دیمەنەکان و ڕوخسارەکان و زەردەخەنـەکان، زۆر شـیرین و جوان بوون، پرسیارەکان و ترس و نیگەرانیـەکانیش، جـەرگبڕ، بەڵام لە بارەی ڕۆشـنبیرییەوە ڕەنگـە بۆچـوون و بینینـەکانم زۆر دڵخۆشکەر نەبن. من وام دەبینی ڕۆشنبیرەکانی ئێمـە زۆربـەیان لە دەرەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهـەنگی و سیاسـی و ئـابووری و کولتـوورین، بەمانایـەک کاریگەرییـەک و ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان بەسـەر رەوشـەکەدا نـەبوو. زۆربـەی زۆریان کۆیلەی ئایـدیۆلۆژیا و حیزبـەکان بـوون. مـن وام دەبینـی کـەوا ڕۆشـنبیرەکانمان زۆربـەیان لـە دەرەوەی بازنـەی بەرهەمهێنانی فکر و مەعریفەن بـۆ پێگەیانـدن و بـەرەو پێشـەوە بردنی کۆمەڵگەی کوردەواریمـان، بێخـەم و بـێ ئاگـا لەرەوشـی سیاسـی و کولتـووری و کۆمەڵایـەتیمان، زیـاتر وەک تـوێژێکی مشـەخۆر دەمـبینین. کشـومات و بێـدەنگ، دوور لـە داهێنـانی بەرهەمی فکری و داهێنانی دەقی زیندوو و ڕەخنەی جدی.

دەربارەی گەڕانەوەشم بە یەکجاری، من ئەو پیرۆکەیە و ئەو پڕۆژەیەم هەیە. پڕ بە دڵیش حەزم لێیەتی، بەڵام وەک دەڵێن (حەز و ئارەزوو شتێکەوە واقیعیش شتێکی تر)، بۆیە من پێموایە درەنگ یان زوو ڕۆژێک دادێ بە یەکجاری دەگەڕێمەوە نێو باوەشی نیشتیمانە ئازیزەکەی خۆم و خەونیش بەوڕۆژەیە دەبینم.

# ئامانجی شیعر گەڕانە بە دوای شتە جوانەکان و نەخشاندنی ژیان

**ئامادەکردنی: ئیدریس عەلی**

ناڵە حەسەن: لە دایکبووی ١٩٦٥ لە شاری هەولێر، لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەستی داوەتە نووسین. ڕاستەوخۆ لە دوای ڕاپەڕینەوە شیعرو بەرهەمەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە ئەوەندەی من ئاگاداری بەرهەمە شیعرییەکانی ناڵە بم، ئەو بە زمانێکی جیاواز لە هاوتەمەنەکانی دەنووسێت. لە شیعرەکانی ئەودا سۆزی دەربڕین و زمانی سادەو ساکار بە تەنها ڕەگەزێکی شیعری پێکناهێنن، بەڵکو لای ئەو شۆڕبوونەوەیەکی هونەریانە بەدی دەکرێت. بە ناو پنتە شاراوەکانی خەیاڵ و ڕەهەندەکانی زمان لە چەندین وێنەی جودا جودا و ئاستی جۆراوجۆردا گۆڕانی بەسەردادێت. کە بە ڕای زۆرێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی ئەم حاڵەتە وەک گەمەیەکی فەنتازی شیعری دەزانن. بەڵام لای ئەو شاعیرەمان ئەم حاڵەتە کردنەوەی دەروازەیەک و دۆزینەوەی دەریچەیەکە بۆ ڕاڤەکردنی دنیابینی خۆی. لە ساڵی ١٩٩٨ەوە کوردستانی بەجێهێشتووە. لە ساڵی ١٩٩٩ وە گەیشتۆتە وڵاتی کەنەدا و لەوساوە ڕا لە کەنەدا دەژی. لە دەرەوەش لەپاڵ ڕۆژنامە کوردییەکانی ناوەوەی کوردستان لە زۆربەی ماڵپەڕە کوردییەکانی ئینتەرنێت شیعر و وەرگێران و بابەتی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە. کە وێڕای نووسینی دەقی شیعری خاوەنی

چەنـدین بابـەتی دیکـەی نووسـینی ئەدەبیـە و تـا ئێسـتا ئـەم بەرهەمانەی بە چاپ گەیاندووە.

- مۆمێکی نوێی تەمەنم ... شیعر ١٩٩٣
- ڕەشبەڵەکی ڕۆح.......... شیعر ١٩٩٦
- عەشق و بەرائەتی ئاو...... شیعر ١٩٩٩
- ڕەنگە ئیرۆسیەکانی ئاگر... شیعر ٢٠٠٣
- نیگایەک بەسە بۆ مردن... شیعر ٢٠٠٧
- نەرسیسیزم (نەرجسیەت).. وەرگێڕان لە ئینگیزییەوە ٢٠٠٧

بە پێویستمان زانی لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە ناڵـەی شـاعیر بهێنینە دواندن.

**پرسیار**: چۆن دەستت بە نووسـین کـرد.. لـە نێـو ژانرەکـانی دیکەی ئەدەبدا بۆچی شیعرت هەڵبژارد...؟

**ناڵە حەسەن**: من لەوەتەی بەبیرم دێ شیعر دەخوێنمـەوە و لەگەڵ شیعردا دەژییم. منداڵ بووم حەزم بە خوێندنەوەی شـیعر بوو. لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی پەخشانەکانی وانەی کـوردیم بە شیعر بۆ مامۆستاکەم دەنووسی، ڕۆژێکیان مامۆستاکەم پێـی ووتم (تۆ دەبیت بە شـاعیر...!) کـە ئەمـەم بیسـت منـی منـداڵ: خەریک بوو لە خۆشییان دا باڵ بگرم. کـە گەڕامـەوە ماڵـەوە لـە ڕێگـادا وام هەسـت دەکـرد لـەفڕین دام، ڕەنگـە ئـەو ڕۆژە خۆشترین ڕۆژ بـووبێت لـە ژیـانی منـدا... لـە قۆنـاغی ئامـادەیی شـەرمنۆکانە شـیعرم دەنووسـی، شـیعرەکانم پڕاوپڕ بـوون لـە هەسـت و سـۆزی (کوردایـەتی و دڵـداری).. بـۆ کچـەکانی گەڕەکەکەم، نامە دڵدارییـەکانم لـە جیـاتی عـەتر پـڕ دەکـرد لـە شیعر!.. ئەو سەردەمانە لێوانلێـو بـووم لـە شـیعر و شـیعرم زۆر دەنووسـی. دەلاقـەکانی ژوورەکـەمم پـڕ کردبـوو لـە دەفتـەری شـیعر.. لـە قۆنـاغی ئامـادەیی لـە ڕۆژگـارە تۆفانیـەکانی (ڕاپەڕینەکانی قوتابیان دا) شیعرەکانم لە سەرزاری ئەو قوتابیـە

کوردپەروەرانە بوون کە ئـاگر لـە جەسـتەیان هەڵدەسـتا. ڕۆژان ڕۆیشتن و بازنـەی خـەون و خـەیاڵ و بیرکردنـەوەکانم فراوانـتر بوون. لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتا بازدانێکی گەورە لە فیکر و بیرکردنـــەوە و ڕوانینـــەکانی مـــن دروســـت بـــوو. تێکـــەڵ بـــە هـەراوزەنای ئایـدیۆلۆژیا بـووم و خـۆم لـە نێـو دەریـا و شـەپۆلە بلێساوییەکانی مارکس و مارکسیسـزم دۆزییـەوە، تـا ئـەوکاتیش شـیعرەکانم هـەر لـە نێـو دەفتـەرەکانم زینـدانی دەکـرد و بڵاوم نەدەکردنەوە. بـەڵام دوای ڕاپەڕینـە ئەفسـووناوییەکەی کـوردان من ڕاستەوخۆ شیعر و نووسینەکانم بڵاوکردەوە. دەمێکە شـیعر: لـە نێـو خـەون و خەیاڵـەکان و گۆرانیـەکان و راز و عەشـق و ژووانەکانی منـدا ئامـادەگی خـۆی هەیـە. ڕەنگـە مـن مرۆڤێکـی ئیرۆسی بم و بمەوێ ئیرۆسییانە بۆ ژیان بڕوانم. یـان ڕەنگـە بـۆ ئەوە شیعرم نووسیبێ: بەو مەبەسـتەی لـە نێـو خـەیاڵ و خەونـە چەپێندراوەکانم دا بە دوای خودی خۆمدا بگەڕێم، ئـەو خـودە ون و سەرگەردانەی کە هەتا ئێستاش لە نێو شیعرەکانم دا بە دوایـدا دەگـەڕێم و نەمدۆزیوەتـەوە..! مـن شـیعرم لـە هـەموو شـتێک خۆشتر دەوێ، عەشق و جوانی و بەرائەت و بوون و ژیان لە نێو شیعردا دەبینمەوە...!

**پرسـیار**: لـە دنیـای تەکنـەلۆژیا و بـە ئـامێربوونی شـتەکان، چارەنووسی شیعر چۆن دەبێت.. ئایا شیعر و دنیای تەکنەلۆژیا لە کوێدا بەیەکەوە هەڵدەکەن و لە کوێدا بە شەڕ دێن..؟

**ناڵە حەسەن**: بـە بـڕوای مـن تەکنـەلۆژیا و بـە ئـامێربوونی شتەکان پەیوەندییەکی ئـەوتۆی بـە شـیعر و چارەنووسـی شـیعر نیە. چونکە خەون و خەیاڵ و زەمان: جەستە و ڕۆحی شـیعر پێـک دەهێنـن، مرۆڤیـش پێکهاتەیەکـە لـە: خـەون و خـەیاڵ و زەمـان. مەبەستمە ئـەوە بڵێـم شـیعر زۆر لـەوە قووڵـتر و فراوانـترە کـە چارەنووس و ئایندەکەی لەگەڵ تەکنەلۆژیا و بە ئامێرکردنی ژیان لێکبدەینەوە و لەوێدا سەیری هاوکێشـەکان بکـەین. وەکـو گـوتم شـیعر پێکهاتەیەکـە لـە خـەون و خـەیاڵ، خـودی تەکنـەلۆژیاش بەرهـەمی خـەون وخەیاڵـەکانی مرۆڤـە، لـە گۆشـەنیگای منـەوە

شـیعر زیـاتر پەیوەنـدی بـە مـرۆڤ و قـەدەری مرۆڤـەوە هەیـە وبەس. چونکە ئەو قـەدەرەی مرۆڤـی هێناوەتـە بـوون هـەر ئـەو قەدەرەیە سکێچی ئایندەی شیعر دیاری دەکات، ئـەو قـەدەرەش ئایندەکەی بەرە و کوێ دەڕوات بۆ هیچ لایەکمان مەعلوم نیە.

ئامانجی شیعر گەڕانە بە دوای شتە جوانــەکان و نەخشـاندنی ژیان. لـەو شـوێنەی ژیـان بـە هـۆی تەکنـەلۆژیاوە دەڕازێتـەوە و تەکنەلۆژیا دەبێتە سێبەرێک بـۆ حەوانـەوەی مرۆڤـەکان، لێـرەوە شیعر و تەکنەلۆژیا هاوتەریب بەیـەک ئاراسـتەدا دەڕۆن. وە لـەو شوێنەی کە بە هۆی تەکنەلۆژیاوە ژیـان وێـران دەکـرێ و خـەون وخەیاڵــە جوانــەکانی مــرۆڤ دەشــێوێندرێ، لەوێــدا شــیعر و تەکنەلۆژیا بە دژی یەک دەوەستنەوە و بە دوو ئاراسـتەی جیـاواز ڕێدەکەن.

**پرســیار**: زۆرێــک لــە شــاعیران منــداڵی خۆیــان کردۆتــە کەرەسەیەکی شیعری بۆ قسەکردن لەسەر شتەکان، بە ڕای تـۆ ئەمە دەربازبوونە لە دۆزەخی پیری و ترسە لە مردن...؟

**ناڵـە حەسـەن**: منـداڵی بـۆ هەرکەسـێک، پەنجەرەیەکـە بـۆ ڕوانین.. وەرزێکە پڕ لە ڕەنگی کاڵ و پڕ لـە ئیسـتاتیکا و پـڕ لـە خەیاڵ و یادەوەری. منداڵی باخچەیەکە پڕ لە گوڵ و گەڵا و پڕ لە بـۆن و بەرامـەی نەشـئەئامێز و پـڕ لـە خەیاڵـە ئیرۆتیکیـەکانی سەرمەستی. ژیـان بـەبێ ئـەم بـۆن و بەرامـە و ڕەنگـە ئاڵانـەی منــداڵێتی مانایــەکی نیــە. دەکــرێ بڵێیــن منــداڵێتی هــاوارێکی ئیستاتیکییە بۆ سەوزکردنەوە و ڕەنگینکردنـەوەی ژیـان. دەکـرێ بڵێین دەستگرتن بە یادەوەری و تەمەنی منداڵێتیمان، هەڵاتنە لــە نیگەرانیــەکانی پیــری و گەڕانەوەیــە بــۆ نێــو بازنــەی غــەریزە چەپێندراوەکانی ڕابردوو. ڕوانین لەم گۆشە نیگایـەوە بـە مانـای بینینــی دیــوە جوانــەکانی شــتەکان و وێنــەکان و نیگارەکــان. " ئــەنجلس " بــە ئــەدەبی " شکســپیر" ی دەوت (منــداڵێتی مرۆڤایەتی) بە مانای جوانـترین و ناسـکترین ئـەدەب، بـە مانـای ئەدەبێکی هێندە نەمر کە بۆ هەتا هەتایە لـە نێـو بونیـادی بـوون و خـەیاڵ و بیرکردنـەوەکانی مرۆڤایـەتی دا دەمێنێتـەوە. بـۆ هـەر

گۆشە و زەمەن و کیشوەرێک بڕوانیـن منـداڵیمان وا لەوێـدا. لـە هەرکاتێک بیربکەینەوە و خەون ببینین منداڵیمان وا لەوێـدا. بۆیـە شیعر بەبێ ئەو توحفە ناسک و ئاوییەی مرۆڤایەتی مانایەکی نیە. دەکـرێ بڵێیـن (منـداڵی و پیـری و مـەرگ) زەردەخەنەیـەکی شـیعرییە ڕەنگڕێژکـراو بـە ئیسـتاتیکای گومـان و نیگەرانیـەکانی مرۆڤ و گەمەیەکە بـۆ مانـەوە لـە نێـو خۆرەتـاوە پرشـنگیەکانی ئەبەدیەت.

**پرسیار**: ماوەیەک لەو شاعیرانە بوویت کە بڕوات بە ئەدەبی کرێکـاری هـەبوو، پێمـوابێت کۆمـەڵێک دەقـت نووسـی سـەر بـە دنیای چینایـەتی و کرێکـار.. وەزیفـەی شـیعر ئـەوە بێـت قسـەی سیاسی بکات؟

**ناڵە حەسەن**: سۆشیالیزم و بـەدیهاتنی دنیایـەکی باشـتر بـۆ مرۆڤەکان: بۆ من ئەو ئومێد و خەونە جوانە بـوو پڕاوپـڕ بـوو لـە هەناسە و لە ئیستاتیکا و لە ئەوین و سـووتان، بـە عەشـقەوە بـۆ ماوەیـەکی دوورودرێـژ لـە گەلیـدا ژیـام و فـەزای بیرکردنـەوە و ڕوانینەکانمی داگیر کردبوو. بۆ من ئـەو سـەردەمانە: شـیعر یـان (ئەدەب و هونەر) بە گشتی: هۆکـار بـوو نـەک ئامانـج، ئەوکاتانـە باوەڕم بـە هونـەر لـە پێنـاو هونـەر نـەبوو...! کـە ئەمـەش پنـتی ناکۆکیـــەکانی نێـــوان قوتابخانـــەی ریالیســـتی بـــوو لەگـــەڵ قوتابخانەکانی وەک دادائی و سوریالی و قوتابخانەکانی تر. بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا زۆر بە وریاییەوە کارم لەسەر ئەوە دەکرد کـە شەپۆلەکانی ئایدیۆلۆژیا، دەنگ و ڕەنگ و چەمکی ئیستاتیکای نێو شیعرەکانم نەشێوێنێ.. شیعرەکانم بـەو شـێوەیە دەنووسـی کـە خـۆم بـاوەڕم پێیـان هـەبوو. زۆر گـوێم بـە وردە گلەییـەکان و ڕەخنـەی کەسـەکانی دەوروبـەرم نـەدەدا..! چونکـە ئـەوکاتیش بـاوەڕم بـەوە هـەبوو کـەوا شـیعر کردارێکـی یـان باشـتر بڵێـم گەمەیەکی زمانەوانی و ئیستاتیکییە لە نێو کایە مەعریفیـەکان دا. دەربارەی ئەو دەقانەش کـە نووسـیومن ئێسـتاش وەکـو جـاران دڵـم پێیـان خۆشـە و تەنانـەت لـە یـەک وشـەش پەشـیمان نیـم،

لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا (حەقیقەت بە تەنها لە لای م ن نیە) و ڕوانین و بیرکردنەوەکانم شتێکی ترن.

ئێستا باوەڕم بە هیچ جۆرە پۆلێنکردنێک نیە بۆ شیعر، وە هیچ وەزیفەیەکیش بە شیعر ناسپێرم. ڕەنگە ئێستا لە لای من هەموو وەزیفەکەی شیعر ئەوە بێت: دوای خوێندنەوەی دەقێکی شیعری بزەیەک بێتە سەرسیمای خوێنەر و بەس. یان خوێنەر تووشی ڕامان بێت و گومان و نیگەرانیەکانی لەلا زێتر بێت و هیچی تر.

**پرسیار**: تا چەند ئاگاداری شیعری پاش ڕاپەڕینیت. ئایا ئەو نەوەیە توانیویانە شتێکی تازە بڵێن جودا لەوانی پێش خۆیان...؟

**ناڵە حەسەن**: لەگەڵ هاتنە ئارای ئەو فەزا ئاوەڵایەی یان ئەو زۆری و بۆرییەی نێو شیعر و ئەدەبی کوردی بەدوای ڕاپەڕینەوە، بەڵام خۆشبەختانە چەند دەنگێکی تازەش پەیدابوون من پێموایە بە هەناسەیەکی تر و بە جۆرێکی جودا دەنووسن. دیارە شیعری کوردی بە شێوەیەکی گشتی لە دوای ڕاپەڕینەوە چۆتە ئاستێکی سەرووتر. ڕەنگە بەشێکی ئەوە بێت: ئاگایی و دەستڕاگەیشتنی نووسەرانمان بە ئەدەبی بیانی بەتایبەتی ئەدەبی ئەوروپی و ئەدەبی ئەمریکی، بەشێکی تری پەیوەندی هەیە بە مەعریفە و توانا و بیرکردنەوەکانی نووسەر. ئەگەر ئاوڕێک لە شیعری کوردی بدەینەوە لە حەفتاکان تێکەڵاوییەک بوو لە نێوان ڕیالیزم و ڕۆمانسیزم، لە هەشتاکان قوتابخانەی وێنەیی Imaigis بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو شیعری کوردیدا دەبینرا. لە دوای ڕاپەڕینەوەش شیعری مۆدێرنە و مۆدێرنیزم لە نێو شیعر و ئەدەبی کوردیدا هاتۆتە ئاراوە. وەک ئەو گۆڕانە ڕیشەییەی بە دوای بیستەکانەوە لەسەر دەستی (ئەزرا پاوەند و ڕۆبێرت فرۆست و ویلیەم کارلۆس و ت س ئیلیۆت و........) بە سەر شیعری ئەمریکی داهات. توانای فیکری و مەعریفی لەلای ئەو دەنگە تازانەی دوای ڕاپەڕین و لای زۆرێک لە نووسەرانی هەشتاکان لە دەستگرتن و مامەڵە کردن لەگەڵ کەرەسەکانی زمان و وشە بۆ بنیادنانی ڕەگەزەگانی جوانکاری کە ببێتە ئامانجی شیعر و ئەفراندن. زمانی شیعر لای ئەو دەنگە تازانە

زمـــانی بەدواداگـــەڕان و کەشـــفکردن و زمـــانی دیـــدگا و گۆشەنیگایەکی فراوانتر و قوڵترە. لە ئاستێکی جـوداتر لـە پێـش خۆیـان. لـەم جـۆرە دەق و تێکستانەشـدا کـردەی تـەئویلیش بـە شێوەیەکی داینەمیکی لـە شـەپۆلدان ناکـەوێت، لەگـەڵ ڕوئیـا و میزاژی خوێنەر لە گۆڕاندا دەبێت. لە ئاکامدا دەقێـک پڕاوپـڕ لـە عەشـق و سـووتان و پڕاوپـڕ لـە مەعریفـەی ئیسـتاتیکی دێتـە بەرهەم.

# ئەدەبی تاراوگە: هەڵگری تایبەتمەندی و سیما و ڕەنگ و ڕوخساری خۆیەتی

**ئامادەکردنی: بارین عەلی**

ناڵە حەسەنی شاعیر، خاوەنی پێنج کتێبی شیعرییە و چەندین وتار و لێکۆلینەوەی بەپێزی ئەدەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دا بڵاوکردۆتەوە، ناوبراو بە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و شارەزاییەکی باشەوە لە ڕەهەندەکانی ئەدەب و فکر دەنووسێت. لە شیعرەکانی ناڵەدا مرۆڤ دەبیتە بەشێک لە پێکهاتەی دەقەکە و ڕاستەوخۆ ئاشنا دەبێت بە وێنە شیعرییەکانی، چونکە ئەو لە ڕێگەی فۆڕمێکی دیکە لە دنیابینی ئەدەب و لە پانتاییەکی فراوانتردا جوانی بەرهەم دەهێنێتەوە، ئەم شاعیرەمان هەنووکە لە وڵاتی کەنەدا دەژی، بەڵام ئامادەییەکی جددی و کاریگەری لەسەر ئەدەب و نووسینی شیعر هەیە.

**پرسیار**: تاکو چ ئاستێک شیعری کوردی توانیویەتی خەم و کێشەکانی مرۆڤ لە خۆ بگرێت، ئایا شیعر تەنها وەزیفەی ئەوەیە لە ناو فەنتازیا و خەیاڵدا کار بکات.

**ناڵە حەسەن:** دیارە خەیاڵ و فەنتازیا، ڕەگەز و پێکهاتەیەکی گرینگ و بنچینەیین بۆ نووسینی شیعر، شاعیر لە ڕێگەی خەون و فەنتازیاوە دەگاتە ئەو ڕووبەرە نادیارەی کە دەیەوێ تیایدا، هەم بەدواداگەڕان و هەم داهێنانەکانی بکات. واتە لە ڕێگەی خەون و فەنتازیاوە دەیهەوێ بگاتە ڕووبەرێک کە لەوێدا خەون و ئومێد و غەریزە لاشعوریەکانی بنووسێتەوە.. بێگومان ئەوەش لە ڕێگەی زمان و ئاماژە و وشەکانەوە دێتە دی. چونکە زمان بریتیە لە کۆی ئاماژە و هێمایەک لە نێو سیستەمێکی ڕێزمانیدا.. وە لە ڕێگەی ئەم ئاماژە و کۆدانەوە دەتوانین سروشتی مرۆڤ بناسین. چونکە شاعیر لە ڕێگەی ئەم ئاماژە و کۆدانەوە ڕوئیا و بیرکردنەوەکانی خۆی، هەم لەسەر خودی خۆی هەم لەسەر دەوروبەری خۆی دەخاتە ڕوو. بێگومان ڕوئیاو بیرکردنەوەکانی شاعیر بۆ دەرەوەی خۆی، بەدەر نیە لە کاریگەریەکانی باری سایکۆلۆژی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و داب و نەریت و ئایین و کێشە و بەربەست و گرفتە ئابووری و کۆمەلایەتیەکان.. مەبەستمە ئەوە بڵێم شیعر لە ڕووبەرێکی ئێجگار فراوان ئیش دەکات، دەتوانێت هەموو کێشە و گرفت و خەمەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت. بەڵام مەرج نیە شاعیر هەموو کێشەکانی مرۆڤ بنووسێتەوە. شاعیر بە پلەی یەکەم هەوڵ دەدات خۆی بنووسێتەوە، غەریزە لاشعوریەکانی، خەون و ئومێدەکانی، بیرکردنەوەکانی بۆ خودی خۆیی و بۆ دەوروبەر.. دەتوانین بەم شێوەیە وێنەی بکێشین کەوا، لە پشتی ئاماژە و کۆدەکانەوە/ پەیوەندی نێوان شاعیر و خودی خۆی لەگەڵ پەیوەندی نێوان شاعیر و دەوروبەر، بە هێڵێکی تەریب دەڕۆن.. بە مانایەک/ خەون و خولیاکان و غەریزە لاشعوریەکانی شاعیر پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هۆکارە دەرەکیەکان دا هەیە.. وەک پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ئایین و باری ئابووری و تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە.. چونکە شوێنەوار بە هەموو کاروکردەوە و پێکهاتەکانیەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پێکهاتەی بیر و کەسایەتی مرۆڤەکان. بە تایبەت لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریدا.. بەمانایەک خەون و خولیاکان و غەریزە لاشعوریەکانی شاعیر، بەدەر نین لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە.. شاعیر کاتێک ئیش لەسەر غەریزە و خەمەکانی خۆی

دەکات، من پێموایە لە هەمانکات، لە پشتی ئامـاژە و کۆدەکانەوە، بیرکردنەوە و ڕوئیاکانی خۆی بۆ دەرەوەش دەخاتە ڕوو.. کە بیرکردنەوە و ڕوئیاکانی بارگاوین بە کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دیاری کراوەوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە باری دەروونی و بیرکردنەوە و پێکهاتەی کەسایەتی شاعیرەوە هەیە..! دەمەوێ بەو پۆینتە بگەم و بڵێم (ئەگەر ژیان بە دەقێکی شیعری وەر بگرین، شاعیر خۆی کاراکتەرێکی زیندوو و چالاکە لە نێو ئەو دەقەدا..!) ئەمەش نەک تەنها بۆ شیعر، بەڵکو بۆ تەواوی ئەدەب و هونەر/ کارلێک و هاوکێشەکان تا ڕادەیەک وەکو یەکن. ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە و لە ئیشەکانی " سیگمۆند فرۆید " بڕوانین دەبینین (لە ئۆدیبی سۆفۆکلێس و هاملێتی شکسپیر و برایانی کارامازۆفی دەستۆفسکی) کێشەی کوشتنی باوک و گرێی ئۆدیبی کەشف کرد. یان لە پشتی زەردەخەنە سیحراوییەکەی سەر ڕوخساری تابلۆی مۆنالیزای داڤنشی/ تەواوی یادەوەریەکانی داڤنشی لەگەڵ دایکی و هەستی " ئەنتاگۆنیزم " واتە ڕق و تووڕەییەکانی بەرامبەر باوکی خوێندەوە..! بەمانایەک ئەگەر بمانەوێت لەهەر دەقێک لە باری دەروونی شاعیر و بیرکردنەوەکانی تێبگەین، دەبێت ئیش لەسەر هێماو ئاماژەکانی نێو دەقەکە بکەین. چونکە زمان یان وشەکان لە شیعردا شتێک نین جگە لە کۆمەڵێک ئاماژە و هێما..! دەربارەی ئەوەی شیعری کوردی تا چ ئاستێک توانیویەتی کێشەو گرفتەکانی مرۆڤ بخاتە ڕوو؟ من پێموایە شیعری کوردی لەمبارەیەوە درێخی نەکردووە.. چونکە لەنێو شیعری شاعیرانی کوردیش وشەو ئاماژەکان پێویستیان بە خوێنەر و ڕەخنەگری جدی هەیە، پێویستیان بەوە هەیە بە قووڵی ئیشیان لەسەر بکرێت، تاکو خوێندنەوەیەکی دروست و هەمەلایەنەیان دەست بکەوێت..!

**پرسیار**: پێتوایە ئەدەبی تاراوگە دروست بووبێت، بەوپێیەی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدیب و نووسەرانی ئێمە لە تاراوگە دەژین، ئایا تاراوگە بووەتە بابەتی داهێنانی ئەدەبی؟

**ناڵـه حەسـەن**: دیـارە مـن پێموایـە ئـەدەبی تاراوگـە لـە سـەرەتای دروسـتبوونیەتی، دەتـوانم بڵێـم ئـەدەبێکی تۆکمـە و ئەدەبێکی هەمەلایەنـە نـاوی بنێیـن ئـەدەبی تاراوگـە، ڕەنگـە لـە ئێسـتادا ئەمـەمان نـەبێت.. چونکـە ئـەدەبی تاراوگـە هـەڵگری تایبەتمەندی و سیما و ڕەنگ و ڕووخساری خۆیەتی.. من پێموایە ئەدەبی تاراوگە وا پێویست دەکات کە کاریگەری تاراوگـەی پێـوە دیار بێت، بە مانایەک دەبێت تەعبیر لە ژیانی تاراوگـە بکـات، بـە هـەموو پێکهاتەکانیـەوە، بـە هـەموو خـەم و خولیاکانیـەوە.. وا پێویست دەکات جیهانبینیەکی نوێ و جودا بـە ڕۆشـنی ببینـدرێ.. تەنانەت کاربکاتە سـەر شـێوازی نووسـینیش.. ڕاسـتە ئـەدیب و نووسـەرانێکی بـەرچاو لـە تاراوگـە دەژیـن بـەڵام دەتـوانم بڵێـم، زۆربەیان لەگەڵ خەمەکانی دوێنێ دا دەژین..! یان لەگەڵ کێشـە و گرفتەکانی نیشتیمانی دایک، نەک ئـەم نیشـتیمانە و کیشـوەرە نوێیـەی لێـی گیرسـاونەتەوە..! واتـە هەمیشـە ئـاوڕ لـە دواوەی خۆیان دەدەنەوە.. کەمتر تێکـەڵ بـە شارسـتانیەت و مەعریفـە و کەلچەری نیشتیمانی نوێ دەبن.. کەمتریش ڕووبـەڕووی گرفـت و کێشە و خەمی ئـەم نیشـتیمانی تاراوگـە بوونەتـەوە..! لەگـەڵ ئەمانـەی باسـم کـرد، دەبینیـن ژیـانی تاراوگـە لـەنێو نووسـین و ئەدەبی هەندێک لە نووسەرانی کۆچبەر ڕەنگدانەوەی هەیـە و وە کاریگـەری ئیجـابی هەیـە لەسـەر داهێنانـەکانیان، لـە هـەمانکات تاراوگـە لـەلای ئـەم نووسـەرانە بۆتـە بابـەتی ئـەدەبی.. دەکـرێ (ئەسپیدیلۆن) ی کاروان عومەر کاکەسوور بـە نموونـە بهێنینـەوە بە تایبەت لە چیرۆکـەکانی (ماسـی و پێڵاوی چەرخـەدار) دا، کـە ژیانی کەمپەکان و بیئەی نوێ کاریگەری بووە یان بۆتـە هـەوێن و لەدایکبوونی ئەم چیرۆکانەی.. یان چیرۆکێکـی شـێرزاد حەسـەن هەیە، کاتێک بۆ یەکەم جار سەفەری فینلەنـد دەکـات، بەداخـەوە ناوی چیرۆکەکەم لەبیر نیە، چونکە سەرچاوەکەم لەبـەر دەسـت نیە، بـەڵام ئـەوە دەزانـم بـۆ کـەژالی هەوسـەری نووسـیبوو، لـە چیرۆکەکە، شێرزاد لـە سـتۆرێکە یـان لـەناو مۆلێـک، سەرسـامە بەوەی ئەم هەموو شتە جوانانە دەبینێت کە زۆربـەیان لـە وڵاتـی خۆماندا نین.. ئارەزووی ئـەوە دەکـات نـەک تـەنها سـتیانێک یـان ملوانکەیەک بـەڵکو سـتۆرەکە یـان مۆلەکـە بەسەرشـانی خۆیـدا بـدات و بـۆ هاوسـەرەکەی بەرێتـەوە.. یـان چیرۆکێکـی فـەرهاد

پیربال هەیە کە پەناهەندەیـەک دە مـۆز دەخـوات و پەلکـەکانیش فڕێدەداتە سەر شۆستە.. ئیتر لێـرە و لـەوێ دەتـوانین نموونـەی لـــەم بابەتانـــە بهێنینـــەوە، دەبینیـــن ئـــەم بەرهەمانـــە مـــۆرکێکی تاراوگەیان پێوەیە، بـۆن و بەرامـەی تاراوگـەیان لێـدێت هاوکـات ڕۆحێکی تاراوگەشیان لە پشتە. یان لـە نێـو شـیعری زۆرێـک لـە شـاعیرانی کۆچبـەر، بێئەنـدازە بـاس لـە تـەنیایی و غوربـەت و نـامۆیی دەکرێـت.. دیـارە ئەمانــە چەمکەهایــەکن قســەی زۆر هەڵدەگرن و ئەو پەیوەندیە تۆخەشـیان نیـە بـە شـوێنەوە، بـەڵام کاریگەریەکان هەرچیەک بن، بەشێکی بۆ نیشـتیمان و کیشـوەری نوێ و ژیانی تاراوگە دەگەڕێتەوە، من بۆخۆم تاراوگ ە کاریگـەری بەسەر خۆم و دەقەکانمەوە هەیە و لای من بۆتە بابەتی ئــەدەبی و تەنانـەت کـاری کردۆتـە سـەر شـێواز و زمـانی نووسینیشـم.. دەکرێ ناوی هەندێک لەم دەقانەم بهێنین وەک (ســەحەر و دوای نیوەڕۆیەکی کـەنار دەریـا، نیگایـەک بەسـە بـۆ مـردن، سـێرنادا، باپڕۆینـە ماڵــەوە گـوڵم، زۆرانیـتر،) دیـارە ئـەوە ڕۆشـنە ژیـانی تاراوگـــە ئاوێزانبوونـــە لەگـــەڵ، ژیـــان و کەلچـــەر و مەعریفـــە و شارستانیەتێکی نوێ، وە خۆیلەخۆیـدا داپڕانێکـە لەگـەڵ دوێنـێ.. ڕەنگە لە سەرەتادا ئەم ژیانە نوێیە، زۆر ئاستەم و نامۆ و جێگای سەرسامی و شاگەشکەیی بێت.. بەڵام، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات وا پێویســـت دەکـــات وردە وردە تێکـــەڵاوبوون و ئـــاوێزانبوون ڕووبـدات، وە کاریگـەری نامۆییـەکانیش کـاڵتر و کـاڵتر ببنـەوە. لەگەڵ هەموو ئـەو بەربەست و بـارە نائاساییانە بـەڵام نـاتوانین کاریکـەری تاراوگـە بەسـەر بەرهەمـە ئەدەبیـەکانی نووسـەرانی کۆچبــەرمان نــەبینین.. هــەروەک لــە شــوێنی تریشــدا گتوومــە (شاعیران و نووسەرانی کۆچبـەرمان لـە سـێرچ و گەڕانـدان..!) ڕەنگە ئـەم هـەوڵ و گەڕانانـە لـە سـبەینێدا، ڕوئیـا و بەرهـەم و داهێنانی جوانی لێ بکەوێتەوە. بەڵام لـە ئێسـتادا، هـەر ئەوەنـدە دەتوانم بڵێم کەوا، ئەدەبی تاراوگەمان لە سەرەتای دروسـتبوون دایە..!

**پرسیار**: سەرچاوەی شیعر لە کوێیە؟ ئـەو هێـزە کامەیـە کـە شوناسی شاعیر بوون بە شاعیر دەدات؟

**ناڵە حەسەن**: بە بڕوای سـەرچاوەی شـیعر لـە ڕووبـەرێکی نادیارەوەیە، ڕەنگە نەتوانین بە دروستی ئەم سەرچاوەیە دەست نیشان بکەین، دەربارەی ئەو هێزەش کە شوناسی شاعیر بــوون بە شاعیر دەبەخشێ، من پێموایە ئەو هێزە زمانـە.. لـە شـیعردا، لە ڕێگەی ئیشکردن و چڕبوونـەوە لـە زمـان، دەتـوانین شـیعری جــوان بنووســین و داهێنــانی گــەورە بکــەین.. چونکــە فۆڕمــە جیاوازەکان و مانای قووڵ و خەیاڵ و فەنتازیا و کۆد و هێماکان و کەشـف کـردن و وڕوژانـدنی پرسـیاری نـوێ و هـەموو ئەمانـە لەڕێگەی زمانەوە دەستەبەر دەبـن.. کەواتـە لـە شـیعردا، زمـان سـەرچاوەی هـەموو جوانیـەک و هـەموو داهێنانێـک و هاوکـات سەرچاوەی هەموو شوناسێکیشە..!

**پرسیار**: لە سەردەمی تەکنەلۆجیا و بە ئامێربوونی شتەکاندا، چارەنووسی شیعر بە کوێ دەگات؟ ئایا پانتاییەک ماوە بۆ ئارامی شیعر..؟

**ناڵە حەسـەن**: بـەر لـە هـەر شـتێک دەمـەوێت ئـەوە بڵێـم، چارەنووسـی شـیعر پەیوەندیـەکی ئـەوتۆی بـە تەکنـەلۆجیا و بـە ئـامێربوونی شـتەکانەوە نیـە.. شـیعر ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە مـرۆڤ و ژیانــەوە هەیــە..! بــە مانــای شــیعر ڕاســتەوخۆ ژیــان دەنووســێتەوە، لــەم ڕاســتایەش تاکــە ئامانجێــک کــە هــەیبێ جوانکردنی ژیانە.. بۆیە دەتوانین بڵێین شـیعر، هاوارێکـە بـە دژی هەموو ئەو شتانەی کـە ژیـان ناشـیرین دەکـەن یـان جوانیـەکانی ژیان دەشێوێنن..! دەربارەی ئەوەی ئایا پانتاییەک ماوە بۆ ئارامی شیعر؟ لێرەدا دەتـوانم ئـەوە بڵێـم، شاعیر خـۆی پێکهاتەیـەک و ڕۆحێکی نائارامە، لە نێـو پانتـایی و ڕووبـەرە نائارامیـەکان ئیـش دەکات.. بۆیە شیعر ناتوانێت لەنێو بازنەکانی ئارامی و بێدەنگیــدا بمێنێتــەوە..! مــن لــەم دواییــە بــەوە گەیشــتووم کــەوا (شــیعر فــۆرمێکی بێــدەنگ نیــە..!) بۆیــە ئەوکاتانــەی مــاڵی ژیــان دەگوازرێتــەوە بــۆ ســەر شــەقامەکان یــان هــەر شــوێنێکی تــر، شـیعریش وا لەوێـدا..! چونکـە شـیعر و ژیـان بـە یـەک ئاراسـتە

ڕێدەکەن یان ڕوونتر بڵێم شیعر لەنێو هەناوی ژیان دایـە..! بۆیـە شـیعر نـە لـە نێـو بازنـەی ئـارامی وە لـە نێـو هیـچ بازنەیـەکی دیاریکراو نامێنێتـەوە، بـە مانایـەک بـە هیـچ شـێوە و ڕوخسـار و ڕەنگێکی دیاریکراو خۆی نادات بـە دەسـتەوە.. بۆیـە زۆرجـاران، شـیعر لـەنێو ئەوپـەڕی ئارامیـدا، بـەدوای ئەوپرسـیار و گومانانـە دەگــەڕێت کــە نائــارامیترین ئەتمۆســفیر لــەلای خوێنــەران دەخولقێنێ و هەندێجاریش لەنێو گەرمەی هـاوار و نائارامیـەکان، میلۆدیـە ناسـکەکانی خـۆی بـۆ جوانیـەکانی ژیـان بـە ئەوپـەڕی ئارامی دەچڕێت..! ئیتر سیحری ئەمە لە کوێوەیە؟ هەر ئەوەنـدە دەتوانین بڵێین.. ئەوە حەقیقەتی شیعرە و هیچی تر..!

# دیمانەی/ ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت

**ئامادەکردنی**
**سۆران عەزیز و ڕابەر فاریق**

چەند مانگێک پێش ئێستا (ناڵە حەسەن) ی شـاعیر گەڕایـەوە کوردستان، جگە لەوەی جەند دیدارێکی لەگەڵدا کراو کۆڕێکی بۆ سازدرا، کۆمەلێک لە شیعرەکانیشی کۆکردنـەوە و لـە دوو تـویی کتێبێکدا بە ناوی (نیگایەک بەسە بۆ مردن) بە چـاپ ی گەیانـدن، دوای گەڕانەیشی بۆ مەنفا ئێمە حەزمان کرد کۆمەڵێک پرسیاری ئاراسـتە بکـەین، سـەبارەت بـەم کتێبـە و هەنـدێک پرسـی تـری گرینگ و پەیوەسـت بـە شـیعر، هەنـدێک لـەو پرسـیارانەی کـەوا لەلای ئێمە گەلالە ببوون ئەمانەن، شاعیری ڕاستەقینە بۆ ئەوەی زمـانێکی مـەجازی تایبـەت و جیـاواز و بارگـاویکراو بـە خـەیال و مەعریفە و موزیکی یەکڕیتمی بخولقێنێت، دەکرێت هاورەهەندی هیـچ ئایدیۆلۆژیایـەک بێـت و بـە کۆمـەکی ئایـدیۆلۆژیا و واقیعـی ئەبستراکت، (بە هەر کلۆجێک بێت) بتوانن تـۆوی گۆڕانکـاری لـە تێڕوانینی شـاعیردا بچێنـن.. خالـە هاوبەشـەکانی نێـوان زمـان و گوتن چین؟ بۆ ئەوەی پردێک بدۆزینەوە بۆ تەئویلکردن لـە نێـوان زمان و دەق.. بۆ نێو دنیای واقیع و حەقیقەت، لەوێشەوە بـۆ نێـو دنیای خەیاڵ و فەنتازیا پێویستە چـی بکـەین؟ چەنـد پرسـیارێکی تری پەیوەست بە نێـوەڕۆکی کتێبەکـەیی و پرسـگەلی تـر، (ناڵـە حەسەن) بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

**پرسیار**: جگە لەوەی بـەردەوام گرنگیـت بـە سـیمبوول داوە هاوزەمـــان وێنەشـــت فـــەرامۆش نـــەکردووە، لـــە هـــەموو شیعرەکانیشت دا هەماهەنگیەک هەیە لە نێوان زمانی ئاسـایی و خوازا. پێت وایە تەنها شتێک کە گرنکی زۆرت پێنەداوە میـوزیکی دێرەکان بێت. ئایا ئەم هۆکارە بـۆچی دەگەڕێتـەوە؟ ئایـا ڕۆژانـە کاتێکی دیاریکراوت هەیە بۆ میوزیک؟ پێتوایـە نـەبوونی ڕیتمێکـی هاوبەش لە نێوان دێربەدێری شیعرێکدا دەبێتە هـۆی کەوتنـەوەی بۆشایی؟ ئایا ئەلتەرناتیفێک هەیە لە شوێنی (موزیک) دابندرێت؟

**ناڵـە حەسـەن**: بـە پێـی ئـەم ئالوگۆڕانـەی بەسـەر زمـانی شیعری و پێکهاتەی شیعری دا هاتووە، ئیمڕۆ زمان لە شیعردا لە پانتاییەکی فراوانتر و بە شێوەیەکی ڕەهاتر کاردەکات. پەیوەندی نێوان منی شاعیر لەگەڵ زمان پەیوەندییەکی توند و تۆڵتر و فرە ڕەهەنـد تـرە. (چـارلس ئۆڵسـن) ی شـاعیری مۆدێرنیسـت و هاوچەرخی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٥٠ لە نووسینێک دا بـە نـاوی ( Projective Verse) یەکێتی بابەتی لە شیعردا ڕەتکردەوە و داوای سـەربەخۆیی هـەر کۆپلەیـەک و دێرێکـی کـرد. ئـەم نووسـینەی ئۆڵسن لە ئاسـتێکی زۆر فـراوان لەلایـەن شـاعیرانی ئەوکاتـەی ئـەمریکا پێشـوازی لێکـرا. ئەمـە بـۆ مانـا دیـارە بـۆ میـوزیکیش هەروایە. وا پێویست دەکات بەم ڕەهاییە لە موزیکیش بڕوانیـن. میوزیکی شیعر پەیوەندی بە ئاوێتەبوونی هارمۆنیـای وشـەکانەوە هەیە. دیارە وشـەش بۆخـۆی چەنـد دیـوێکی هەیـە منـی شـاعیر هـەرجارەی مامەلـە لەگـەڵ دیوێکیـان دەکـات. وە هەریـەک لـە دیوەکانی وشە هەڵگری هارمۆنیایەکـە، هارمۆنیاکـەش تایبـەت و دیاری کـراو نیـە بـە پێـی میـزاج و چەشـە و مەعریفـەی خوێنـەر دەگۆڕێت. هەنـدێ جـار هارمۆنیـای وشـەکان تێکـەڵاو و ئاوێتـەی یەکتری دەبن لە دێرێکدا یان لە کۆپلەیەکدا میلـۆدێکی دیـاریکراو پێکدەهێنن. هەندێ جاریش هارمۆنیاکان ئاوێتەی یـەکتری نـابن و لە میلۆدی جیا و سەربەخۆ دەمێننەوە. ئەم تێکەڵنەبوون و ئاوێتـە نەبوونـەی هارمۆنیـای وشـەکان ئەمـە کەوتنـەوەی بۆشـایی نیـە بـەڵکو ئەمـە هەڵوەشـاندنەوەی پێکهاتـەی یـەک ڕیتمیـە یـان ڕیتمێکی تایبەت و دیاریکراوە لـە شـیعردا بـۆ بەرهەمهێنانـەوەی

چەندین ڕیتمی جۆراوجۆر و جیاواز. وە هەندێ جار هارمۆنیا و میلۆدی وشەکان دەکەونە فەزایەکی نادیارەوە، خوێنەر لە ئاکامی بەدواداگەڕان پێیان دەگات و دەیاندۆزێتەوە. دیارە من بۆخۆم چۆن عاشقی شیعرم تا ئەندازەیەکی زۆریش عاشقی میوزیکم وە زۆریش گوێ لە میوزیک دەگرم. من پێموایە زۆریش گرنگیم بە میوزیکی شیعر داوە. ڕەنگە جیاوازییەکان لێرەوە بێت چ ڕوانینێک و دیدگایەکمان هەیە بۆ میوزیکی شیعری و زمانی شیعری. وە من هیچ ئەلتەرناتیفێکم پێنییە لە شوێن میوزیکی شیعری. لەلای من میوزیکی شیعری ڕۆحی وشە و ڕۆحی زمان و خەیاڵ پێکدەهێنن لە شیعردا.

**پرسیار**: زمانێکی سادە نەک (ساکار) بەکار دەهێنیت بۆ نووسینی شیعر، لەپاڵ ئەمەدا زۆر جار ڕووبەڕووی وشەی فەلسەفی یاخود واتای قورس دەبینەوە لە بەرامبەر شیعرەکانت. پێتوایە ئەم تێڕوانینەت هەڵگری جۆرێک لە پارادۆکسی بن.

**ناڵە حەسەن**: من لەم ساڵانەی دوایی بۆ نووسینی شیعر زیاتر زمانێکی ئیرۆتیکیم بەکارهێناوە و گرنگیم بە بابەت و بەها ئیرۆتیەکان داوە. وە ئیشکردن لە سەر خەون و غەریزە و هەستە نەستیەکانی مرۆڤ، ئەمە خۆی لە خۆی دا بابەتگەلێکی سایکۆلۆگیستی و فەلسەفین. ئیشکردنیش لە نێو ئەم ڕووبەرانە بە زمانێکی ئیرۆتیکی و تا ئاستێک جیاواز لە دوێنێ پێویستی تاڕادەیەک بە سادەیی و شەفافیەت هەیە. هۆکارەکەش، ڕەنگە بەشێکی ئەوە بێت، بۆ ئەوەی خوێنەران بە لەزەتی زیاترەوە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکانم دا لە ڕامان و بەدواگەڕانەکانیان بەردەوام بن. هەر لێرەوەش پارادۆکسەکە مانا پەیدا دەکات. بەڵام بەدەر لەمانە من لە پرۆسەی نووسینی شیعریمدا گرنگی زۆرم بە چەمکی پارادۆکسی داوە. لە نێو شیعرەکانی مندا دەستەواژەی پارادۆکسی زۆر بەرچاو دەکەوێت. نزیکەی ١٠ ساڵ لەمەوبەر نووسەرێکی بەڕێز لە خوێندنەوەیەک بۆ شیعرەکانم نووسیبووی (ناڵە حەسەن دەیەوێ لە ڕێگەی

پارادۆکسەوە خۆی بە خوێنەران بناسێنێ). وە ئەمانەش هەمووی لە حالەتی نەستیەوە ڕوودەدەن ڕەنگە من دەسەلاتێکی ئەوتۆم بەسەریانەوە نەبێت. بەڵام هەرچۆنێک بێت سادەیی و شەفافیەت لە دەربڕیندا ئەوە بە مانای پێکهێنانی بەربەست ناگەیەنێت لە بەردەم قووڵبوونەوە بۆ نێو پێگە نادیارەکانی خەیاڵ و فەنتازیا.

**پرسیار**: لە دوا کتێبی شیعریت دا (نیگایەک بەسە بۆ مردن) کە پێکهاتووە لە سیازدە شیعر، لە چواریان دا وشەی مەرگ دەبیندرێ.. ئەمە جگە لەوەی وشەیەکی ئەدرێسی کتێبەکەشت " مردن " ە. جیا لەوانە لە کتێبەکانی تریشتدا هەست بە ئامادەگی چەمکی مەرگ دەکرێت. ئایا هۆکاری ئەم چەمکە چیە لە شیعرەکانتدا، چۆن لە مەرگ دەدوێیت؟

**ناڵە حەسەن**: چەمکی مەرگ لە نێو شیعرەکانی مندا، هەڵگری حالەتە سایکۆلۆژییەکانی ناخ و غەریزەکانی منی شاعیرە. بە مانایەکی تر چەمکی مەرگ ڕەنگەکانی ناخ و دیوی ناوەوەی منە یان کۆد و نۆتەکانی زمانی کەسێکی ترە لە مندا. من لە نێو شیعرەکانم دا بە دوای خودە ونەکانی خۆمدا دەگەڕێم ئەو خودەی کە هەمیشە بەدوایدا گەڕاوم و نەمدۆزیوەتەوە. ڕەنگە لە ئاکامی ئەو بەدواداگەڕانەم، لە نێو گەڕانەکانیشم هەوڵەکانم بێهوودە ماونەتەوە. بۆیە هەمیشە وا هەستم کردووە کەوا من (زیندوویەکی مردووم). پەیوەندی ناخ و خودی من لەگەڵ چەمکی مەرگ پەیوەندیەکی سوریالیستانەیە، کە ئێستا زۆر زیاتر ناخ و خەیاڵ و هەستە نەستیەکانمی داگرتووە. لەلایەکی تر چەمکی مەرگ لە نێو شیعرەکان و بینینەکانی مندا، ئەو مانا و کردارە بایۆلۆژی و فیزیکیە ناگەیەنێت. کە جەستە و پێکهاتەکان لە هەناسەدان بکەون ئیتر تەواو مردن و کۆتاییان بە بوونیان هات. بەڵکو مەرگ بۆ من بەمانای، گەڕانەوە بۆ نێو وەرزەکانی یادەوەری و هەناسەدانەوە لە نێو باخچەکانی ئەبەدیەت. بە مانای، گۆرانی گوتن و سەما کردن و بینین و یاخی بوونی بە تەنیایی. چەند ساڵێک لەمەوبەر لە شیعری "

گۆرانیـەکانی بـەیاتریس " نووسـیومە (تـەنیایی: گۆشـەیەکە لـە مـردن) بـەڵام ئیمـڕۆ بـۆ مـن (مـردن: گۆشـەیەکە لـە تـەنیایی) هـەروەک بـە پێـی لێکدانـەوەکانی فرۆیـد ئیـرۆس بـەمانای بـڕی تامەزرۆیی و شەیدایی بۆ سێکس، ئەم تامەزرۆیی و شەیداییە بـە هەوڵدانێک بۆ مانەوە ناو دەبات. بـە مانـای ئیـرۆس لـە بەرامبـەر چـەمکی مـەرگ بـە مانـای هاوارێـک بـۆ ژیـان. بـەڵام لـە نێـو شـیعرەکانی مـن لـە نێـو خـودی چـەمکی مەرگـدا ئـەم هـاوارە ئیرۆسیە دەبیندرێ. لە ئاکامدا دەکرێ بڵێم چەمکی مەرگ لـە نێـو ڕوئیاکانی مندا بە مانای: هاوارێکی ئیرۆسیانە بۆ ژیان و بۆ جوانی بەڵام لە نێو گۆشەکانی تەنیاییدا.

**پرسـیار**: لـە هـەموو ڕویەکـەوە جیاوازییـەکی زۆر بـەدی دەکرێـت لـە نێـوان ئـەو شـیعرانەی لـە نیشـتمان نوسـیوتن و ئەوانەشی لە مەنفا نوسیوتن.. پێت وایە هۆکاری گۆڕانکارییەکـە پەیوەسـت بێـت بـە " شـوێن " ەوە؟ یـاخود ئـەوە سـەفەر و ئاشنابوونە بە کەلتوورگەلیتر؟

**ناڵە حەسەن:** مەنفا وای لێکـردووم هەمیشـە فرمێسـک بـە چاوی خەون و خولیاکانمەوە ببیندرێ. وایلێکردووم لە نێـو خـەون و خەیاڵەکانی شیعریم گومانەکانم زیاتر بن، گومان لە بـوونم لـە ئایندەم تەنانەت لە یادەوەرییەکانیشم. وایلێکردووم لە نێو خەون و خەیاڵە شیعرییەکانم ماندووتر بە دوای پرسیاردا بگـەڕێم.. وای لێکردووم لەزەت لە مردنەکانی خۆم ببینم. دابڕان و تەنیایی زۆر شتیان فێرکـردم، کیشـوەری گـەڕان و ڕوانینـەکانمیان فراوانـتر کرد. باوەڕم بە زۆر شت هێنـا کـە پێشـتر بـاوەڕم پێیـان نـەبوو. ئەمانە هەموو کۆمەکیان کردم بۆ فراوان بوونی مەعریفەی منی شاعیر و تێگەیشتنێکی تر لە داهێنان و زمانی نووسین. بێگومـان سەفەر و ئاشنا بوون بە مەعریفە و کەلتوورگەلێکی تر ئەمانەش کاریگـەری خۆیـان هەیـە وەک ئـەو کاریگەرییانـەی لـە سـەرەوە باسـم کـردوون. وە تـا ئـەو جێگایـەی بـە " شـوێن " یـش دەگەڕێتـەوە. لێـرەوە شـوێن کاریگـەری بەسـەرمەوە هـەبووەو هەیە کە بێشکەی یادەوەرییەکانمە دابڕانیشم لە کوچەو کـۆڵان و

گــەڕەک و شــار و نیشــتیمانی یادەوەرییــەکانم، ئەمــەش وای لێکردووم ببم بە جەستەیەکی پڕ لە برین و ببم بە ئۆقیانووسێکی پڕاوپڕ لە شەپۆلی بێ ئۆقرە. ئەم کاریگەری و گـەڕان و گومـان و مـردن و ونبوونانـەی کـە باسـم کـردوون لـە نێـو شـیعرەکانم ڕەنگیـان داوەتـەوە و بێویسـتی خـۆم پەلکەزێڕینـەی ئاسـمانی شـیعریکانمیان ڕەنـگ کـردووە. هـەر ئەمانەشـن سـەرچاوەی جیاوازییەکان.

لە بەشی دووهەمی ئەم دیمانەیە، ناڵە حەسەن قسـە لەسـەر شیعر و ئەو ڕۆحە دەکـات کـە پەیوەسـتە بـە شـیعرەوە، دواجـار باسی شیعرییەت دەکـات لـەلای خـۆی و دەیگەڕێنێتـەوە بـۆ دوو چەمکی (جـوانی) و (حەقیقـەت) و هـەر لـەم ڕووەوەش تیشـک دەخاتە سەر دوورکەوتنەوەی لە سیاسەت.

**پرسـیار**: لـە شـیعری تـۆدا هەمیشـە ڕووبـەڕووی هێمنـی و جوانی دونیا دەبینەوە. ئەو هێمنی و جوانیەش دەبێتـە پەسـاپۆرت بۆ گەیشتن بە فەنتازیا. بۆچی نزیک نەکەوتیتەوە لـە سیاسـەت و ئاژاوەکـان (لـە نـاو شـیعر) دا؟ ئایـا دونیـا بـە دوور لـە ئـاژاوە و ناشیرینیەکان دونیایەتی خۆی لە دەست نادات؟ ئایا واتای جوانی چیە؟.

**ناڵە حەسەن**: شـیعر لای مـن گەڕانـە بـە دوای حەقیقـەتی جوانی، ئەو حەقیقەتەش لە نێو ڕووبـەرەکانی خـەیاڵ و فـەنتازیا دایە واتە لە نێو ڕووبەرە نادیارەکان دایە. کارەسات و تراژیـدیا و ئافاتـەکانی دونیـاش بـە هـەموو دیـوە دزێـو و ناشـیرنەکانیانەوە دیوێکی جوانیشیان هەیە، من پێم وایە ئەوە وەزیفەی شیعرە کـە بە دوای ئەم جوانیە بگەڕێت و بیاندۆزێتەوە. لە مێژووی تەمـەنی مۆدێرنـــەدا، زۆرێـــک لـــە قوتابخانـــە و تەوژمـــە ئـــەدەبی و هونەرییەکان، لـە نێـو جەرگـەی کارەسـات و تراژیدیـەکان پەیـدا بوون. کار و وەزیفەیان لە نێو ڕووبەرە ناشیرینەکاندا ئـەوە بـوو، بــە دوای جــوانی دا بگــەڕێن.. لــە ئــەنجامی گەڕانــەکانیان بــە حەقیقـەتی جیـاواز و بـە پرسـیاری جیـاواز گەیشـتن. دەربـارەی

سیاسەت و شیعریش، من لە سیاسەت نزیـک بوومەتـەوە و زۆر جاران بە نێو تخوبی مەسەلە سیاسـیەکانیش ڕەت دەبـم. بـەڵام شتێک کە بەلای منەوە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە، من بە زمـانی سیاسـەت نانووسـم. مـن نـاتوانم شـیعر بکـەم بـە هۆکارێـک بـۆ سیاسەتێکی دیاری کراو چونکە بە بڕوای من، بە پاشـکۆ کردنـی شیعر بۆ سیاسەتێکی دیاری کراو، بە مانای ڕاگەیانـدنی مـەرگی شاعیرە بە دەستی خۆی. چونکە زمـانی شـیعر و سیاسـەت زۆر لە یەکترییەوە جیاوازن. زمانی سیاسەت لە نێو شیعردا، خەون و خەیاڵـەکان دەکـوژێ و جوانیـەکانیش سـەردەبڕێت. گوتمـان لـە هـەموو ڕووداوێـک تەنانــەت لــە کارەســات و تراژیدیــەکانیش دیـوێکی ناشـیرینی و دیـوێکی جـوان هەیـە. مـن پێموایـە زمـانی سیاســەت دیــوە ناشــیرنەکەیە و زمــانی شــیعریش دیــوە جوانەکەیەتی. بۆیە ئەگەر لە نێو شیعرەکانم ڕووبەڕووی هێمنــی و جوانی دونیا ببنەوە ئەوە هۆکارەکەی ئەوەیە کـە مـن هەمیشـە بە زمانی شیعر دەنووسم، کە زمـانی جـوانی و هێمنـی و زمـانی بزە و زەردەخەنـەکانی ڕۆحـی مـرۆڤ و سروشـتە. وە چـەمکی جـوان یـش بـەلای منـەوە بـە دەر لـە تێڕوانینـەکانی " کـانت "، بونیادێکی مادیانەی هەیە کە پەیوەستە بە پەیوەندیەکانی " شوێن " و " کــات " ەوە، ئــەویش لــە نێــو بــەهاکانی ئــازادی خــۆی دەبینێتەوە. بە بڕوای من تەنانـەت بـوون و م ەرگیش بـە ئـازادی یـەوە جـوانن و هـەموو شـتە جوانـەکان گـەر ئـازاد نـەبن ئـەوا جوانیەکانیان لە دەست دەدەن.

**پرسـیار**: شـاعیرانی دوای ڕاپـەڕین بـەردەوام گرنگیـان بـە ئامـادەگی منـداڵی داوە لـە ئێسـتادا " تەنانـەت تـۆش " هەسـت ناکەیت ئەو گرنگی دانە بە نوستالیژیا ببێتە فاکتەرێک بۆ کوشتنی نوستالیژیایی گەورەی " لەڕووی فیزیکیەوە " ئێستاش بە هەمان شێوەی ڕابردوو شیاوی گواستنەوە نیە بۆ نێو پرۆسەی نووسین؟

**ناڵە حەسەن**: شـیعر وەک خـەون وایـە لـە نێـو پانتاییـەکانی خەیاڵ و هەستە نەستیەکان " unconscious " دێتە بوون. هەسـتە نەسـتیەکانیش تـا ئەندازەیـەکی زۆر لـە ژێـر کاریگەرییـەکانی

یادەوەرییەکان واتە ڕابردوو دایە. مادام شیعر لە نێو خەیاڵ و حالەتە نەستیەکان دێتە بوون ناتوانێ ئاوڕ لەو ڕابردووە و لەو مێژووە نەداتەوە. خەیاڵەکان بەبێ ئەم یادەوەرییانە بە تایبەت یادەوەرییەکانی منداڵی ناگەنە ئاستەکانی وڕێنە و فەنتازیا. لە نێو ئەم یادەوەری و مێژووەی دوێنێش تەنیا خود و حالەتە دەروونیەکانی من نابینەدرێ، بەڵکو لەگەڵ خۆیان دا ڕەهەندەکانی کەلتووری و زەمەنیشیان هەڵگرتووە. ئاوڕدانەوە لەم مێژووە بە مانای کوشتنی نوستولۆژیا نیە، بەڵکو زیندوو ڕاگرتنیەتی یاخود گواستنەوەی ڕابردووە بۆ نێو جیهان و گەردوونیەتی ئێستا و ئایندە. شیعر لە نێو خەمەکانی ئێستا ئاوڕ لە ڕابردوو دەداتەوە. لە نێو شیعردا خەونەکانی ئێستاش کاریگەری خۆیان هەیە لە پرۆسەی جوانی و بە نەمرکردنی شیعر. لەگەڵ ئەمانەشدا هیچ شاعیرێک نییە لە دونیادا،گرنگی بە یادەوەرییەکانی نەدات بە تایبەت یادەوەرییەکانی منداڵی، چونکە یادەوەرییەکانی منداڵی ڕۆحێکی نەمرە لە نێو شیعردا.

**پرسیار**: جیاوازیگەلێک کە هەستیان پێ بکەین لە نێوان نیشتمان و تاراوگەدا خولقابن چین؟ ئایا هەستت بەوە کردووە کە بەشێکی شوێن و زەمەنی نیشتیمان ئایا هەمیشە لە گەڵت دایە هەروەها بەشێکی غوربەت و تەنیایی تاراوگەش؟

**ناڵە حەسەن**: مرۆڤ لە تاراوگە وەک ڕەشەبا و گەردەلوول وایە، جارجارە دەردەکەوێ و جارجارەش ون. ژیان لە تاراوگە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵکشانە بەرەو هەورازەکانی یاخی بوون و مەرگ، بەرەو نێو قووڵاییەکانی نائومێدی و ونبوون. لە نێو ئەو یاخی بوون و ونبوونەشدا گومان و پرسیارەکان زێتر دەبن. زۆرێک لە کۆچبەران هەمیشە لە نێو دڵەڕاوکێی تەنگژە و ململانێی نێوان مانەوە و گەڕانەوەدا دەژین. یان لە بەرامبەر ئەمە هەوڵ دەدەن دانبەخۆیان بگرن و لەگەڵ نیشتیمانی تاراوگە ڕابێن، واتە نیشتیمانی تاراوگە شوێن نیشتیمانی دایک و نیشتیمانی یادەوەرییەکان بگرێتەوە. ئەم هاوکێشە و ململانێیە هەموو هۆش و هەست و خەون وخەیاڵ و باری نەستی و

بیرکردنەوەکانت داگیـر دەکـات. بـۆ منـی شـاعیریش هەروایـە.. نیشتیمانی تاراوگە هەرگیز نەیتوانیوە شـوێن نیشـتیمانی دایـک و شوێن نیشتیمانی یادەوەرییەکانم بگرێتەوە. بۆیە نیشتیمانی دایک بـە هـەموو بونیـاد و پێکهاتـە و ڕەنـگ و ئامـاژە و کۆدەکانیـەوە هەمیشە لە گەڵم دایە. حالەتی وونبوون بـۆ مـن گەڕانەوەیـە بـۆ نێو خەون و خەمـەکانی نیشـتیمان، گەڕانەوەیـە بـۆ نێـو هـاوار و ئازارەکانی نیشـتیمان. بۆیـە ئێسـتا خـەون و خەمـەکان جیـاوازن بیرکردنــەوە و ڕوانینــەکان جیــاوازن. خەمــەکان بەســۆزتر و خەونـەکان ڕەنگاڵـەتر و خەیاڵـەکان قووڵـتر و بـەرینترن. بۆیـە دەبینین لەگەڵ هەموو ئەو جوانی و ئـارامی و ڕۆمانسـیەتەی لـە نێـو شـیعرەکانم دەبینـدرێ لـەپاڵ ئەمـەش جەسـتەیەکی ڕۆح هەلاهەلا و شەقاربووی پڕ لە برینی نێو کیشوەرەکانی غوربەت و تـەنیاییش دەبینـدرێ. لـە نێـو نیشـتیمانی تاراوگـە زۆرێـک لـە دەرگاکـانی دوێنێـت بـەڕوو دادەخرێـت و دەرگـای تـازەت بـۆ دەکرێتەوە، خۆت لە نێو خەیاڵ و واقیع و دونیایەکی تر دەبینیەوە کـە زۆرجـاران تـەواو نامۆیـە بـە پێکهاتـەی بـوون و بونیـادی بیرکردنەوەکانی تۆ. بە مانایەکی تر، تەواوی ئامـاژە و کۆدەکـانی هیـزر و زمـان و خـەون و خەیاڵـەکان دەگـۆڕێن. تـۆ لـە نێـو دونیایەکی تری تەواو جیاواز و هاوئامێز لەگـەڵ یادەوەرییـەکان و مێژووی دوێنێت، مامەلە لەگەڵ خەون و خەیاڵ و وێنـە و زمـانی شـیعری دا دەکـەیت. بۆیـە دەبینـی چ لـە زمـان چ لـە بونیـاد و پێکهاتەی شیعرەکە واتە ستایل جیـاوازی زۆر دەبینـدرێ. لـە نێـو ئەم هەموو هەراو زەنایەی تاراوگە کە باسم کرد تـۆ بـە ئومێـد و مـەراقی جیـاوازەوە گـەڕان بـەدوای خـودی خۆتـدا دەبێتـە خولیایەکی هەمیشەیی.

**پرسیار**: بە تێڕوانینی تۆ خاڵـە هاوبەشـەکانی نێـوان زمـان و گوتن چین؟ بۆ ئەوەی پردێک بدۆزینەوە بۆ تەئویلکردن لـە نێـوان زمان و دەق، بۆ نێو دونیای واقیع و حەقیقەت. لەوێشەوە بۆ نێـو دونیای خەیاڵ و فەنتازیا، ئایا پێویستە چیبکەین؟

**ناڵە حەسەن**: لە نێوان زمانی دەق و زمانی گوتن، زۆر خاڵی هاوبەش هەیە یەکێک لەوانە: ئیستاتیکای زمانە، ئیستاتیکایەکی هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا بەڵام بە ڕێژە و لە ئاستی جۆراوجۆر. چونکە زمانی گوتن زمانی واقیع و شتە بیندراوەکانە بەڵام زمانی دەق زمانی خەون و خەیاڵ و زمانی غەریزە و ئارەزووەکانی مرۆڤە لە یەک کاتدا زمانی شتە بیندراو و نەبیندراوەکانە. پەیوەندییەکان وا دەبیندرێ، زمانی دەق بەر لەوەی بگاتە ئاستی ڕووبەرەکانی خەیاڵ و فەنتازیا دەبێت سنووری شتە بیندراوەکانیش ببڕێت. بە مانای گەیشتنە نێو قووڵاییەکانی فەنتازیا ڕۆیشتنە لە نێو ڕووبەری بیندراو بەرەو نەبیندراو. واتە دیار و نادیار. کاتێک زمان و بینین لە شیعردا وێنەی شتە نادیارەکان دەکێشن ئەوە خود و زمان لە ڕووبەرەکانی دەق گەیشتوونەتە نێو حالەتەکانی خەیاڵ و فەنتازیا بەمانای حالەتی ئیدراک و ئاگاییان تێپەڕاندووە، گەیشتوونەتە نێو حالەتی بێئاگایی. چونکە زمان یان باشتر بڵێین هەر وشەیەک مانایەکی ڕووتی هەیە لە نێو باری نەستی جێگیر بووە. لە پشتی ئەم مانا ڕووتانەش چەندین مانای تری نادیار و شاراوە هەیە، زمانی دەق هەوڵدەدا، مانا شاراوەکانی وشە کە لە پشتەوەی مانا ڕووتەکان خۆیان حەشارداوە بیاندۆزێتەوە. دەتوانم بڵێم زمانی دەق لە ڕێگەی زمانی گوتن واتە واقیع خۆی بە جیهانێکی بەرینتر و گشتگیرتر ئاشنا دەکات. بۆیە وا پێویست دەکات هاوئاهەنگیەک لە نێوان زمانی دەق و گوتن پەیدا بکەین. من بۆخۆم، لە پڕۆسەی نووسینی شیعریم هەمیشە وامکردووە و نەمتوانیوە دەسبەرداری زمانی گوتن بم. هەندێکجار تا ئاستی ئیلهام سوودی پێگەیاندووم و کاریگەری بەسەرمەوە هەبووە. هەندێ جار جوانی زمان و ئاستەکانی خەیاڵ و فەنتازیا لە زمانی سادەی فۆلکلۆر دەبینمەوە بۆ نموونە، ئەم دێرە شیعرەی فۆلکلۆر (ئارەقەی مەمکی یارێ.. شیرنە وەکو هەنارێ). زمان لەم دێرە شیعرییە هەڵگری خەیاڵ و فەنتازیایەکی ئیرۆسی زۆر بەرزە. کە وەتەرەکانی ڕۆحی مرۆڤ دێنێتە هەژان و پێدەشتە وشکەکانی تامەزرۆیی تەڕ دەکاتەوە. هەندێ جار زمانی دەق و گوتن تێکەڵاوی یەکتری دەبن لە نێو خەیاڵ و فەنتازیا دەتوێنەوە، هەندێکجاریش لە ڕێگادا یەکتری بە جێدەهێڵن و لە یەکتری

دادەبڕێن، بـەڵام تیلـەی چاوێکیـان هـەر لـە یەکترییـە. بـە مانـای ناتوانن دەسبەرداری یەکتری ببن. چونکـە پەیوەندییـەکانی نێـوان زمانی دەق و زمانی گوتن.. خۆی لە خۆیدا پەیوەندییەکانی نێوان واقیـع و خـەون و خەیاڵـە بـۆ گەیشـتن بـە ئاسـتە نادیارەکـانی فەنتازیا. ئەم پەیوەندییەش پەیوەندییەکی داینەمیکی بەردەوامە.. بەبێ ئەم پەیوەندییە لـە نێـو پڕۆسـەی نووسـین دا نـە خـەون و خەیاڵ و فـەنتازیا مانایـەکیان هەیـە وە نـە جوانیـە ئەبەدییـەکانی شیعر.

**پرسیار**: شـاعیری ڕاسـتەقینە بۆئـەوەی زمـانێکی مـەزاجی تایبـەت و جیـاواز و بـارگراوی کـراو بـە خـەیاڵ و مەعریفـە و میـوزیکی یـەکڕیتمی بخـولقێنێت، دەکرێـت هاوڕەهەنـدی هیـچ ئایدیۆلۆژیایـەک بێـت و بـە کۆمـەکی ئایـدیۆلۆژیا و واقیعـی ئەبستراکت بتوانن (بەهەر کلۆجێـک بێـت) تـۆوی گۆڕانکـاری لـە تێڕوانینی شاعیردا بچێنێت؟

**ناڵە حەسەن**: بەر لە هەرشتێک دەمەوێت ئـەوە بڵێـم، کـەوا ئایدیۆلۆژیا ناتوانێت هـەڵگری ئـەو ئامـاژە و ڕەهەندانـە بێـت کـە شیعر هەڵگریەتی. ڕەنگە کاریگـەری ئایـدیۆلۆژیا بەسـەر شـاعیر هەر ئەوەندە بێت بیگەیەنێتە باری (وروژانـدن) بـەڵام ئایـدیۆلۆژیا ناتوانێت شاعیر بەرەو ڕۆچوون و قووڵبوونەوە بەرێت. چونکە لە نێوان و

وروژانـدن و ڕۆچـوون جیـاوازی زۆر هەیـە. نووسـینی شـیعر: ڕۆچوونە بە نێو خەون و خـەیاڵ و شـوێن و زەمەنـە نادیارەکـان. نووسینەوەی وڕێنـە نەسـتیەکان و لیکـی حـەز و ئارەزووەکـان و کۆی دەنگە کپکراوەکانی مرۆڤایەتیە. نووسینی شیعر، هێنانەگۆی دیوی ناوەوەی کەسـە نادیارەکـەی خـودی شـاعیر نیـە بـە تـەنیا، بەڵکو کۆی هەموو دەنگـە کپکراوەکـان و وەقسـە هێنـانی دیـوی نـاوەوەی مرۆڤایەتیـە. گرتنـەخۆی کـۆی جوولـە و هەناسـە و ڕەنگەکانی سروشت و گەردوونە. کە زمانی شیعر قسەدەکا، کە وێنە و ڕووبەری خەیاڵەکانی شیعر دەبینین، کە گوێ لە میوزیکی شیعر دەگرین هەست بەچی دەکەین و چی دەبینین؟ ئایـا خـەون

و خـەیاڵ و خەمـەکانی شـیعر ئامـاژە نیـە بـۆ خـەون و خـەیاڵ و خەمەکانی سەرجەم مرۆڤایەتی، ئایـا ڕەنگـەکانی شـیعر ئامـاژە نیـە بـۆ سـەرجەم ڕەنگـەکانی سروشـت و گـەردوون؟ ئایـا چ جیاوازییەک هەیـە لـە نێـوان میـوزیکی شـیعر و (میـوزیکی ئـاو و باران و درەخت؟). ئایا ئایدیۆلۆژیا لەم ئاستە فراوان و بەرینیـەدا لەم ئاستە گشتگیری و گەردوونیەدا دەتـوانێ هـەڵگری ئامـاژە و کۆدەکان بێت؟ بۆیە بە بڕوای من، زمانی مەزاجی تایبەت و یـان میوزیکی یەکڕیتمی یان بـەرەو سـەوزایی بردنـی شـیعر، ئەمانـە پەیوەندییـەکی ئـەوتۆیان بـە ئایـدیۆلۆژیا و تەنانـەت بـە واقیعـی ئەبسـتراکتەوە نییـە، بـەڵکو ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدییان بـە خـودی مەعریفـەی شـاعیر و توانـا و ڕوانینـەکان و بـارە دەروونیـەکانی شاعیرەوە هەیە. پەیوەندی بـە چۆنیـەتی تێگەیشـتن لـە شـیعر و نووسین و داهێنانەوە هەیە. پەیوەندی بە چۆنیەتی مامەڵـەکردنی شاعیر لەگەڵ زمـان و وشـەو پەیوەنـدی خـودی شـاعیر لەگـەڵ زمان و دەق ەوە هەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەش مـن ئایـدیۆلۆژیا لە پێکهاتە گشتیەکەی ڕەتناکەمەوە بەڵام، توانەوەی شیعر لە نێو ئایدیۆلۆژیایـەکی دیـاریکراو ڕەت دەکەمـەوە، سـەربڕینی پشکۆکانی خەون و خەیاڵە جوانیەکانی شیعر لە نێـو وروژانـدن و هەڵچوونە ئیدراکیەکانی ئایدیۆلۆژیا ڕەت دەکەمەوە. چونکـە مـن پێموایـە، شـیعر و زمـان و (ئـەدەب بـە گشـتی) مـولکی خـود و کەسـایەتیەکی دیـاریکراو نیـن، بـەڵکو مـولکی سـەرجەم هـزر و بیرکردنەوە و مەعریفەی مرۆڤایەتین.

کارەسات و ئافاتی میللەتی ئێمە لێرەوەیە کە لە کۆمەڵگەیەکی شەش ملیۆنیدا، شەش ڕووناکبیر و شەش ڕەخنەگری جدیمان هەبێ

**ئامادەکردنی**
**ڕابەر فاریق**

جۆرێک لە هێمنیەکی سەیر لە شیعری (ناڵە حەسەن) دا دەبیندرێت. ئەم هێمنییە لە کەسایەتییەوە پەڕیوەتەوە نێو ئەزموونی نووسینی. کەواتە نووسین تەرجەمە کردنی ڕوانینەکانی مرۆڤە بۆ سەر کاغەز. لەم دیمانەیەی خوارەوە (ناڵە حەسەن) بە شێوەیەکی هێمن لە بارەی پرسیارەکانەوە وەڵامەکانی خستوونەتە ڕوو، لەسەروەختی خوێندنەوەشیاندا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم شاعیر و نووسەرە، بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاگاداری ڕەهەندەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیرییە، هەم لە خۆرهەڵات و هەم لە خۆرئاوایش، ئێستاش سێ کتێبی ئامادەن بۆ چاپکردن کە بریتین لەمانە: دیوانێکی شیعر، ڕۆمانێک، کۆمەڵێک لێکۆلینەوە و دیراسە و بابەتی وەرگێڕان لەسەر هونەری شێوەکاری، هاوکات لە پاڵ ئەمانەشدا، لە زۆرێک کۆوار و ڕۆژنامەکانی کوردستان، هەندێک لە ماڵپەرە کوردییەکانیش، بەردەوام شیعر و نووسین و بابەتی جواراوجۆری بڵاوکردوونەتەوە.

**ڕابەر فاریق**:کەسانێک هەن زۆر بە داخراوەیی و سانایی پێکهاتە و لاپەنەکانی مەجازی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتایەکی تر تەنها دەڵێن (ئەم دەقە جوانە)، (ئەم دەقە ناشیرینە)، بەبێ

ئەوەی جارێک بپرسن، بۆچی جوانە؟ بـۆچی ناشـیرینە؟ هۆکـاری ئەم هەڵسەنگاندنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**ناڵە حەسەن**:من پیموایە کـات بەخەرجـدانێکی بەخۆڕاییـە گـــەرخۆمان بخەینـــە نێـــو گێـــژاوی یـــان بازنـــەی خوێندنـــەوە سەرپێییەکان و حوکمدانە سـەرپێییەکان، ئـەمجۆرە خوێندنـەوە و حوکمدانانــە دوور و نزیــک پەیوەنــدیان بــە شــیعر و نووســین و داهێنانـــەوە نییـــە، ئـــەوەتا " ئـــەزرا پاوەنـــد " داینـــەمۆ و ڕۆح و هەناسەی نوێخوازی و هاوچەرخی شـیعری ئەمریکیـە، وە " ئێـف ئـار لیڤیـس " کـە نووسـەرێکی دیـاری ئـەو سـەردەمانەیە، لـە کتێبێکـدا دەنووسـێت (ناتوانم بـاوەڕ بـە پەخشـانە شـیعرییەکانم بهێنم تا لەگـەڵ پەخشـانە شـیعرییەکانی ئـەزرا پاوەنـد سـەدایان نەیێت!) زۆرێک لە شاعیرانی نوێخـوازی ئەوسـەردەمانەی خـۆی وە نەوەکانی دوای خۆیشی لەژێر کاریگەرییەکانی ئەمـدا بووینـە، کـەچی کەسـانێک بـە ئاگاهانـە ویسـتوویانە لـە بایـەخ و گرینگـی داهێنانـــەکانی کەمبکەنـــەوە و دەیـــانگوت (پاوەنـــد شـــیعرەکانی ســـەرەتای داهێنـــانی تیـــا بـــوو بـــەڵام، شـــیعرەکانی ئێســـتای هیـــچ داهێنانێکی تیا نیە و تەنها شـتێکی ئەدڤەرتازیانەیـە و هیچـی تـر)، من باوەڕم وایە داهێنان شتێکی ترە، دوورە لەم قسە فڕێـدان و خوێندنـــەوە ڕووکەشـــیانە، داهێنـــان، ڕوانیـــن و قووڵبوونـــەوە و دۆزینەوەی ڕووناکیە لـەنێو ڕووبـەرە تاریکـەکانی ژیـان، داهێنـان ئـەو پلـە و ئاسـتەیە کـە (شکسـپیر و دەستۆفسـکی و بتهـۆڤن و داڤنشی و بۆدلێر و شێرکۆ بێکەس و) سـەدان مرۆڤـی گـەورەی تـر پێـی گەیشـتوون، کـە بـۆ هـەتا هەتایـە مێـژووی مرۆڤایـەتی شانازیان پێوەدەکات و هەمیشـە ستایشـیان دەکـات. " فرۆیـد " دەربـــارەی " دەستۆفســـکی و داهێنانـــەکانی دەڵـــێ (خـــاڵێکی پرشـــــنگدار لـــــە مەعریفـــــەی دەستۆفســـــکی دا ئەوەیـــــە، خۆشەویسـتیەکی بێسـنووری بـۆ ئـازادی مـرۆڤ و مرۆڤایـەتی هـەبووە، یـان دەڵێـت، وا پێویسـت دەکـات ئاینـدەی مرۆڤایـەتی سوپاسـگوزاری دەستۆفسـکی بێـت). کەسـی داهێنـەر لـەژێر سـایەی ئـــەو ســـاباتە ڕادەکشـــێ کەگـــەڵاکانی بـــە جـــوانی و خۆشەویستی و سـەروەری مـرۆڤ، داپۆشـراوە.. ئـەم چەمکانـە

پڕاوپڕن لە بەها پیرۆزیەکان، داهێنان جێگەی دڵڕەشی و بـۆغز و ڕق و قینەی تیا نابێتەوە! داهێنان جێگەیەکی نییە بـۆ مەبەسـت و مـەرامی ئەوکەسـانەی کـە بەئاگاهانـە و بـە نـوێژی نیـوەڕۆ لـە هەوڵی کەمکردنەوەی بـەهای جـوانی داهێنانـەکانی کەسـانیترن، وەک ئەو هەوڵە شەرمنۆکانەی کە بە پاساوی بێبناغەی نائـەدەبی ڕۆمـانێکی پێنـج شـەش سـەد لاپـەڕەیی ڕەتدەکەنـەوە کـە لـە بنەڕەتیشدا، ڕۆمانەکە پڕاوپـڕە لـە داهێنـان، یـان بـە مەبەسـتی جۆراوجۆر لە هەوڵی کەمکردنەوە و بێبایەخکردنی داهێنانەکانی " شـێرکۆ بێکـەس " ی شـاعیرن کـە هەمووشـمان دەزانیـن، نیوسـەدەیە ئـەم شـاعیرەمان خـەریکی نوێبوونـەوە و داهێنانـە. دەبێ ئەوەشـمان لـەبیر بێـت، جـوانی و ناشـیرینی دوو چـەمکی ڕێژەیین لە هەموو شتێکدا. پاشان ناتوانین بە هیچ دەقێـک بڵێیـن ئەم دەقـە (ناشـیرین) ە، دەکـرێ خوێندنـەوەی جیاوازمـان بـۆی هەبێت، قسەی جۆراوجۆرمـان لەسـەری هـەبێت، دەکـرێ بڵێیـن زمان لـەم دەقـە شـیعرییە وەک پێویسـت چڕنەبۆتـەوە، دەکـرێ بڵێین وشەکان و وێنەکانی ئەم دەقە شیعرییە نەگونجاو و ناتەبان لەگەڵ یەکتریـدا... دەکـرێ لـە هـەر دەقێکـی شـیعری ڕەخنـەی شیعریانە بگرین، چونکە هیچ دەقێک لە سەرووی ڕەخنـەوە نیـە! وە لە هەمانکاتیشدا، هـەموو دەقێکیـش بـەجۆرێک لـە جۆرەکـان ڕێژەیـەک لـە جـوانی تیایـە، وەک چـۆن هـەموو ڕەنگـەکانی سروشت وەک یەک سەرنجڕاکێش نین، وەک چـۆن هـەموو ژان و ئازار و خەمـەکانی مـرۆڤ وەک یـەک بەسـۆ نیـن، وەک چـۆن هاژە و ورشەی هەموو تاڤگەکان و شـەپۆلەکانی سروشـت وەک یەک نین، ئاسـاییە جـوانی نێـو دەقـەکانیش هـەمووی وەک یـەک نەبن! وە هۆکارەکانیش هەرچیەک بن گرینگ ئەوەیە پەیوەنـدیان بە نووسین و داهێنان و بە بەهاکانی جوانیەوە نییە و بەڵکو شـتی ترن...!

**ڕابەر فاریق**:کەنگێ دەتوانین بڵێین ئەم ئەدەبە (زارەکیە) و ئەویدیکە (نووسراوکراو) ە هاوکـات ئـەو ڕەخنەیـە (بنیاتنـەر) ەو ئەویدیکە (ڕوخێنەر) ە؟ ئـەم دابەشـکردن و هەڵسـەنگاندنانە لـە چییەوە سـەرچاوەیان گرتـووە و کـەنگێ و بـۆچی دەتـوانین ئـەم

پرسیار و پێودانگانە دەربڕین؟ ئەگەر پێویستیش نیە باسیان بکەین هۆکارەکان کامانەن؟

**ناڵە حەسەن:** هەموو ئەدەبێک کە لە ڕێگەی دەمەوە دەگوازرێتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، پێی دەڵێن (ئەدەبی زارەکی) بۆ نموونە وەکو فۆلکلۆر، ئەدەبی فۆلکلۆر بە هەموو شێوە و لقەکانیەوە ئەدەبێکی زارەکیە، چونکە لە ڕێگەی دەمەوە دەگوازرێتەوە، بەڵام ئەدەبی نووسراو جیاوازە، ئەدەبێکی ڕێنووسکراوە واتە نووسراوەتەوە، وە جیاوازیش زۆرە لە نێوان ئەم دوو شێوازە واتە شێوازی زارەگی و شێوازی بەڕێنووسکراو.چ لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە چ لە ڕووی زمانەوە، ئەدەبی زارەکی زیاتر بە زمانێکی سادە و ساکار دەگوترێت وە مانایەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە بەمەبەستی تیژتر گەیاندنی مەبەستەکان و ئاسانتر بۆ تێگەیشتن و گواستەوە و پاراستنی، دەکرێت ئەدەبی زارەکی بشنووسرێتەوە بۆئەوەی لە فەوتان ڕزگاریان بێت. بەڵام دەربارەی ڕەخنەی ڕوخێنەر و بنیاتنەر، با لە سەرەتاوە قسە لەسەر ڕەخنەی ڕوخێنەر بکەین، بەرلەوەی بێینە سەر ئەو هۆکارانەی لەکوێوە ڕەخنەکە ڕووخێنەرە حەزدەکەم ئەوەش بڵێم: زۆرجاران ئەم وشەیە لە شوێن خۆی بەکارناهێندرێ، بۆ نموونە هەرکەسێک یان لایەنێک کە ڕەخنە و گلەیەکیان ئاراستە دەکرێت یان ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی دەبنەوە، سوود لەم دەستەواژەیە دەبینن و ڕەخنە و گلەیی و ناڕەزایەتیەکان بە ڕەخنەی ڕوخێنەر ناو دەبەن. ئەمە لە شێوە گشتیەکەیدا، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر دەق و ڕەخنە بکەین لەم ڕووبەرە باس لە رەخنەی ڕوخێنەر بکەین، دەتوانین بەو ڕەخنانە بڵێین ڕەخنەی ڕوخێنەر کە (ڕەخنەگر ئیشی لەسەر دەقەکە نەکرد بێت!) بینیومانە و زۆریشمان خوێندۆتەوە کە، ڕەخنەگر لە جیاتی دەق زۆرجاران ڕەخنەی لە چۆنیەتی ژیانی نووسەرەکە گرتووە، لە عەیب و عارەکانی، لە بیروباوەڕی، تەنانەت لە ژیانی تایبەتی و شتە تاکەکەسیەکانیشی، لە هەموو شتێکی بەس لە دەقەکەی نا! لێرەوە ڕەخنەکە ناچێتە نێو خانەی ڕەخنەوە، خوێندنەوەکەش بایەخی پێنادرێ، چونکە ڕەخنەکە خوێندنەوەیەک نییە بۆ دەقەکە، بە مانای ڕەخنەکە هیچ خزمەتێک بە پرۆسەی نووسین و داهێنان

ناکــات، وە هیــچ دەســتگرتنێک و کۆمــەکێکیش بــە دەقنــووس ناگەیەنێت، وە ڕەخنەی بنیاتنەریش ئەو ڕەخنەیە کــە (ڕەخنــەگر ئیش لەسەر دەقەکە بکات) و پەیوەندیــەکی تونــدوتۆڵ لــە نێــوان ڕەخنــەگر وەک خوێنــەرێک و دەقەکــەدا هــەبێت، وەک ئــەو پەیوەندیە توندوتۆڵەی نێوان خوێنــەر و دەق کــە " ڕۆلان بــارت " لە وتاری (مەرگی نووســەر) باســی دەکــات، چونکــە کاتێــک ئــەو پەیوەندیە توندوتۆڵە هەبێت مەعلومە ڕەخنەگر یــان خوێنــەر، بــە نێـــو قووڵاییـــەکانی دەقەکـــەدا شـــۆڕدەبنەوە و لـــە ئاکـــام خوێندنەوەیەکی دروســتیان لەســەر دەقەکــە دەســت دەکــەوێت. ڕەخنەگرتن بڕیاردانێکی خێرا نییە بەمانای، جیاکردنــەوەی ڕەش و سپی نیەی لە یەکتری، لەئاکامی ئیشکردن لەســەر میتۆدەکــان و قووڵبوونەوە بەنێو دەقــدا بــۆ وەبەرهــەمهێنانی دەقێکــی تــر بــە گۆشەنیگا و بــە ڕوانینێکــی تــرەوە، چونکــە هەموو ڕەخنەیــەکی جدی خۆیلەخۆیدا یان لە بنەڕەتدا داهێنــانێکی جدیــە، هــەروەک " ئێریک فرۆم " لەمبارەیەوە دەڵێــت (بیــری داهێنــان هەمیشــە لــە بیری ڕەخنە دایــە چونکــە دوورم دەخاتــەوە لــە ناڕۆشــنی و لێــل بینــی، هۆشــیارم دەکاتــەوە و نزیکــم دەکاتــەوە لــە حەقیقــەتی (ڕاستی) بۆیە ڕەخنەگردەبێت لەسەر ئەم بنەمایە ئیش بکــات و میتۆدەکانیشی بۆ ئەم مەبەستە بخاتە کار.

**ڕابــەر فــاریق**:ئــەو ڕێگایانــە کامانــەن کــە دەبــن بــە پــردی پەیوەندی قووڵی نێوان (نووسەر و وەرگر) بۆئــەوەی ســپحرێکی ئاگایانـــە بچەســـپێنن لـــە فیکـــری خوێنـــەردا تـــا تێکـــەڵبوون و هاومەستیەکی ڕەگئاژۆیی بخولقێ، ئەو خاڵە ســەرەکیانە کــە لــە وەها کاتێکدا کۆمەکمان دەکەن؟

**ناڵە حەسەن**:بەبڕوای من دەقی سەرکەوتوو پێویســتە وەک ئاوێنەیەک وابێت، خوێنەر خۆی و دیوی نــاوەوەی خــۆی لــە نێــودا ببینێت. دەق دەبێــت خوێنــەر سەرســام بکــات و پــڕی بکــات لــە تامەزرۆیی، دەق دەبێت وەک مافوورێکی سیحری وابێت خوێنەر لەسەر پشتی خۆیدا، هەڵبگرێت و بیبا، کیشوەر بە کیشوەری نێــو غــەریزە و خەونــەکانی بیگێڕێــت! ئاســمان بــە ئاســمانی حــەز و

ئارەزووەکانی بیگێڕێت، خەنی بکان لەگـەڵ چێـژ و دەم و چـاوی پڕ بکات لە زەردەخەنە! هەنـدێجاریش تـا ئەنـدازەی تـرس پـڕی بکـات لـە نیگـەرانی، لـە نێـو سەرسـووڕمان و شاگەشـکەیی بیهێڵێتـەوە! نـەهێڵێ چاوەکـانی بـتروکێنێ و وای لێبکـات هـەر بڕوانێت! ئۆکتاڤیۆ پاز " لـە کتێـبی (لەسـەر شـاعیران و ئـەوانی تریـش) دا بـاس لـە داهێنانـە شـیعریەکانی " والـت وۆتمـان " دەکات، چۆن بە (خەونی ئەدەبی ئەمریکا ناویـان دەبـرد، یـەکێک لـەو شـاعیرە مۆدێرنیسـتانە بـوو خـەونی مرۆڤایـەتی و ژیـانی واقیعـی کۆمەڵایـەتی بـە هـەموو پێکهاتەکانیـەوە هێنـابووە نێـو شیعرەکانی) کەواتە خوێنەر لـەمجۆرە دەقانـە نـەک تـەنها خـۆی بەڵکو خۆیی و ژیانی خۆیی و دەوروبەرەکەشی تیایدا دەبینێتەوە! دەقنووس لە ڕێگەی زمانەوە بۆ قووڵترین قووڵییەکانی نێونـاخی خـۆیی و بـۆ ڕووبـەرە پەنهانـەکانی نێـو خـەون و خەیاڵـەکانی شـۆڕدەێتەوە، بوخچـە شـاراوەکان و چەپێنـدراوەکانی حـەز و ئارەزووەکانی دەکاتەوە یان خەمە گەورە و بچوکەکانی دەهێنێتـە نێـو پانتـایی دەقەکـەی، ئـەمجۆرە دەقانـە بـە جیـا لـەوەی دەبنـە ئاوێنەیـەک بـۆ خوێنـە لـە هـەمانکات، خۆیـان دەخزێننـە نێـو خەیاڵەکانی خوێنـەرو لـەوێوە تێکـەڵ بـە یادەوەریـەکانی خوێنـەر دەبن و لەوێدا دەمێننەوە، مەبەستمە ئەوە بڵێم: ئەمجۆرە دەقانە دەبنە بەشێک لە خوێنەر، بۆیە بۆ ماوەیەکی زۆر لە بیـر و لـە نێـو خەیاڵی خوێنەردا دەمێننەوە!

**ڕابەر فاریق**:لەمڕۆدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکـی ڕیشەییان بەخۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئـەمجۆرە دەقنووسـین لـە ئەوروپادا ئەزموون کـراوە، بـەڵام شـاعیرانی ئێمـەش سـوودیان لێوەرگرتووە، ئەم تێکەڵاوبوونە و سوود وەرگرتنـە تـا چ ئاسـتێک لە خزمەتی ئەدەبی کورد دا بووە؟

**ناڵە حەسەن**:من پێموایە لەسەر ئاستێکی بەرفراوان شـیعر نووسین ڕووی لە شەفافیەت و خۆسادەکردنەوەیە، بـەڵام نـەک بەومانایەی سیما و شێوازی شیعرییانەی خـۆی لەدەسـت بـدات، لە نێو شیعری ئێستای " کەنەدی و ئەمریکی " شدا جۆرێـک لـەم

شەفافیەتە هەست پێدەکرێت، لە نێو شیعر و ئەدەبی کوردیشـدا شاعیرمان هەیە بە زمـانێکی سـادە دەنووسـێت بـەڵام داهێنـانی گـەورەی کـردووە، مەبەسـتمە ئـەوە بڵێـم: بـە زمـانێکی سـادە نووسین بەمانای کاڵبوونەوە و سڕینەوەی داهێنان نیە لـە دەقـدا، زۆرگرینگە ئەگەر بتوانیت سادە بنووسی و لە هەمانکاتدا داهێنان بکەیت و لە نوێبوونەوەشدا بیت، هەروەک " ئیلیـۆت " لـە کتێـبی (ڕەخنەگرتن لە ڕەخنەدا) باس لـەوە دەکـات کـە چەنـد گرینگـە شـاعیر بـە تایبـەت شـاعیرە تازەکـان هەمیشـە لـە گـۆڕان و نوێبوونـەوە دابـن، وە سـوود لـە نـەوەی پێـش خـۆی بـبینێت و بەجێیان بهێڵێت و ئەم سنوورە تێپـەڕێنێت! وەهـەروەها پێیوابـوو گۆڕان و نوێبوونەوەش ڕەگەکانیان لە دەوێنێ دایـە. گرینـگ نیـە بە چ زمانێک دەنووسیت بەڵام، گرینگە ئەوەت لەلا ڕۆشنبێت کە زمـانی شـیعر زمـانی خـودێکی نائـارام و خـودێکی یـاخی و سەرکەشـە، زمـانی شـیعر زمـانی هـەورە تریشـقەیە، دەکـرێ هەنـدێکجار ئـاگر لـە هـەموو شـتێک بەربـدەی، یـان زمـانی ڕوخسـارێکی نـاجێگیرە ڕەگـەکانی لـەنێو جیوەدایـە، لەوانەیـە هەندیکجار ڕێگەت پێبدات لـە کـەنار دەریـاوە پشـویەک بـدەی و لەنێو ئەتمۆسفیرێکی ڕۆمانسـیانە لـە جوانیـەکانی ئـاو بڕوانیـت، هەندێکجاریش ڕۆبچی بەنێو قووڵاییەکانی دەریا و لەسەر پشـتی شەپۆلە سەرشێتەکان لەگەڵ ڕەشـەبا و بروسـکە سـروودەکانی یاخیبوون لە پێناو بوون و جوانی و ئازادی مرۆڤ بڵێیتەوە!

زمانی شیعر زمانی خودێکی دەروون شـێواو و نەخۆشـە، یـان ڕۆحێکی (ڤانکوخ) یانەی لێوانلێو لە عەشـق و جـوانی و دەمێـک ئارام و دەمێکیـش بـەگژ خـودا و داروبـەرد دا دەچێـت، نووسـەر ئـازادە بـە چ زمانێـک دەنووسـێت زمـانێکی ئاسـان یـان چـڕ و تێکچڕژاو، گرینگ ئەوەیە ڕوئیایـەکی مـۆدێرن و پێشـکەوتووانەی هەبێت، نەک لە نێو واقیعی کۆمەڵایەتی ناوچەگەری گیـر بخـۆیت و لە نێویدا خۆت ونبکـەیت! ئیلیـۆت هـەر لـەم کتێبـەدا بـاس لـە گرینگی ڕوئیای جیهانیانەی شـاعیری نوێخـواز دەکـات و ڕوئیـای تەسکبینی ناوچەگەڕێتی

(Cosmoporitanism) ڕەت دەکاتەوە. وە بۆ نموونـەش بـاس لە هەوڵە جوانەکانی " ئەدگار ئاڵان پـۆ " دەکـات کـە چـۆن وەک نووسەرێکی ئازادیخواز و مرۆڤ دۆست ڕوئیا و بیرکردنەوەکانی

جیهانی و گەردوونین! وە ئەوەش دەڵێت: باوەڕناکەم کەسێک یان نووسەرێک ڕوئیایەکی جیهانیان هەبێت بەبێ ئەوەی بەنێو بازنەی ناوچەگەرێتی دا ڕەت بووبێت. بەمانای تۆ ناتوانیت واقیعی کۆمەڵایەتی و ژیان و خەمەکانی خۆت فەرامۆش بکەیت و لەو سەریەوەش باس لە ڕوئیایەکی جیهانی و باس لە خەم و ئومێدە گەردونیەکان بکەیت. بە مانایەک وا دروستە لە نێو واقیعی کۆمەڵایەتی خۆتەوە بەرەو دنیا و لەنێو خەم و ناخی خودی خۆتەوە، بەنێو ناخی هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتی شۆڕببیەوە!.

**ڕابەر فاریق**:شیعر ئێستا بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لە خەمە بچووکە خودیەکان، یا خودی شاعیر کردووە، بە پێچەوانەی شیعری پێشوو کە گرینگی دەدا بە خەمە کۆکەکان، ئەم گۆڕانکارییە کە ئێستا لە بونیادی دەقە (هاوچەرخ) ەکانەوە هەستی پێدەکرێ، تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعی دەکات؟

**ناڵە حەسەن**:دەتوانم بڵێم ئێستا شیعر کەوتۆتە سەر ڕێچکەی خۆی، بە ڕێگەی دروستی خۆیدا دەڕوات، لە ڕۆژگاری دوێنێمان، هاوکات لەگەڵ خەبات و تێکۆشانمان بۆ ڕزگاری و ئازادیەکانمان، بەشێکی زۆری ئەم خەمە گەورانەمان خستبووە سەرشانی شیعر، وەک هەمیشە دەیڵێین: شیعر لای ئێمە هۆکار بوو نەک ئامانج، ئەوە نەک هەر لە لای ئێمە لای خەڵکانی مەملەکەتی تریش تا ئاستێک هەر وابووە، ئەگەر بە خێرایی چاوێک بە مێژووی شیعر و ئەدەبدا بگێڕین بە ڕۆشنی ئەوە دەبینین کە لە سەردەمانی ڕێنسانسەوە لای سکۆلاریستەکان و هیومانیستەکان، لای لیریکیەکان، بە دوای ئەوانەوە لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم واتە لەلای ڕۆمانسیەکان و ڕیالیستەکان تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو تا هاتنی سیمبولیزم لەوسەردەمانە شیعر ڕووی لە خەمە گەورەکان بوو، ئاراستەی نیگاکان و ڕوانینەکان و بیرکردنەوەکان ڕوو بە دەرەوە بوو، نووسینەوە و ڕەسمکردنی ژیانی واقیعی و وەزع و گوزەرانی

خەڵک و داستان و ئەفسانە و ڕووداوە گشتیەکان و جوانیەکانی سروشت و بوونی خودا و ئایینەکان و ئەمانە هەمووی ناوەڕۆک و باسە گەرمەکان و هێڵە گشتیەکانی شیعر بوون، ئەوەتا لە کتێبی (کورتەیەک لە مێژووی ئەدەبی فەڕەنسا) لە پەیوەند بە ڕۆمانسیەکان دەڵێت " ئایینەکان قسانەدەکەن لەگەڵ ورشە ورشی گەڵاکان و دەنگی دارەکاندا، شاعیرەکانیش لەنێو دوعا و نزاکانیان گۆرانی دەڵێن و بە گەرەیی پەروەردگاری خودا دا هەڵدەڵێن، لە نێو ئەم هەست و سۆز و چەشەو زەوقەیاندا پێیان وابوو بەرز دەبنەوە و لە خودا نزیک دەبنەوە " دیارە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی هۆشمەند پێویستی ژیان وای لێخواستووە هەمیشە لە گەڕان بەردەوام بێت و لەگەڵ دۆخە تازەو نوێیەکانیش خۆی بگونجێنێ و نوێ بیربکاتەوە، هاتنی سیمبولیستەکان ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەر زمان و شیعردا هێنا، بەسەر ستایل و بیرکردنەوە و خەون و خەیاڵە شیعریەکان وەک بازدانێکی گەورە بوو، کاریگەریەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و ڕەنگدانەوکانی بەسەر ڕۆح و دەروونی مرۆڤەکان لەوکاتەدا پەیدابوونی دادائیەکان و پاشان سوریالیەکان و قسەکردن لە ڕووی ڕەش و کاولکاریەکانی جەنگ و وەستانەوە بە دژی مەزهەب و عادات و تەقالیدە دواکەوتووەکان قسەکردن لەسەر ناخ و خەم و دەروونی مرۆڤ و خوێندنەوەی غەریزەکان و هەستە نەستیەکان و نیگەرانیەکان و برینەکانی ڕۆحی مرۆڤ ببوو بە بابەتی شیعر و ببوو بە بابەتی ئەدەب و هونەر بە گشتی، ئیشکردن لەسەر زمان و گرنگی دان بە ناخ و دەروون و خەمە ناوەکیەکانی خودی مرۆڤ لە هەریەکێک لەم قوتابخانە نوێیانە کاری زۆری لەسەر کرا، لەوسەردەمانە بیردۆز و شیکارە دەروونیوکانی سیگمۆند فرۆید " کۆمەکێکی زۆرباشی بە ڕەوشە ئەدەبی و ئەم گرینگی دانە بە خود و وەستانەوە بە دژی عادات و تەقالیدی دواکەوتووانە و خوێندنەوەی ڕووبەرە نەستیەکان لە لای سوریالیستەکان بە ئەوپەڕی گەیشت، بەدوای ئەوانیش چ وێنەییەکان یان ئایندەیەکان و بوونگەراکان و مۆدێرنیستەکان و بوونیادگەریەکان و پۆست مۆدێرنیستەکان و... تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هەموویان بە هەمانشێوە، بۆیە دەبینین جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان زمانی شیعری لەلای (لامارتین لەگەڵ

مالارمێ یان ڤالێری)، یان جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان زمانی شیعری (مایکۆفسکی و لەگەڵ ئەلیکساندەر بلۆک) یان جیاوازی لە نێوان (مەحمود دەروێش و ئەدۆنیس) یان لەلای خۆشمان جیاوازیەکی زۆر دەبینین لە نێوان زمانی شیعر لەلایەن (عەبدولا پەشێو و زمانی شیعری لەلایەن سەباح ڕەنجدەر)، هەریەکێک لەمانە بەشێوەی جیاواز لە شیعر و زمانی شیعریان ڕوانیوە، وە جەوهەری هەریەکێک لە قوتابخانە نوێیەکان و داهێنان و نوێخوازیەکانیش زمان بووە، " نەوام چۆمسکی " لە کتێبی (زمان و فیکر) دا دەڵێت: چۆن وا بکەین لە ڕێی زمانەوە لە سروشتی مرۆڤ تێبگەین..؟ یان دەڵێ: سروشتی زمان ئاوێنەیەکە بۆ بیری مرۆڤ یان زمان پێگەیەکە مرۆڤ و ئەدگاری مرۆڤی تیادا دەردەکەوێت!، لە لای مرۆڤە داهێنەر و نوێخوازەکان، بۆ ناسینی ناخی مرۆڤ و خەم و خەون و خەیاڵەکانی یان بۆ ناسینی سروشتی مرۆڤ، بە چڕی ئیشیان لەسەر زمان کردووە، ویستوویانە لە ڕێگەی زمانەوە مرۆڤ و حەقیقەتی مرۆڤ بناسن!

**ڕابەر فاریق**:ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێ لە خولقاندنی مانادا، ئەدی دەقنووس چۆن هاوشانی لەگەڵ (پێکهاتەی دەق) دا فەراهەم دەکا، بەدەر لەسەروەختی لە دایکبوونی دەقێکی شیعری؟

**ناڵە حەسەن**:دەمەوێت لەسەر ئەوە پێدابگرم، کە واباشترە شاعیر لەکاتی نووسینی شیعر بیر لەمانا نەکاتەوە، مەبەستمە ئەوە بڵێم، گەر زۆر خۆت بە بابەت و مانا ببەستیتەوە ناتوانیت دوور دوور بۆ نێو قووڵایەکانی خەیاڵ بڕۆیت! من بۆخۆم لەکاتی نووسینی شیعر، هێندەی گرینگی بە زمان دەدەم یان ڕۆدەچم بەنێو خەون و خەیاڵ و دەروونی خۆمدا، هێندە کارم بەسەر مانا و بەسەر جەوهەری بابەتەکەوە نیە! چونکە لە ڕێگەی زمانەوەیە بە قووڵاییەکانی خەیاڵ و بە قووڵاییەکانی ناخ و ناوەوەی خۆم دەگەم، وە ئەوە زمان و ڕووبەرەکانی خەیاڵە جەوهەری ماناکان دیاری دەکەن، من

هاوشانی و یاخود مانایەکی قووڵ لـە ئاسـتێکی بـاڵا لـە ڕێگـەی ئیشـکردنی چڕوپـڕەوە لەسـەر زمـان بـە دەسـتیەوە دەهێنـم، بـەمانای لـە شـیعردا، زمـان کلیلێکـە بـۆ کردنـەوەی هـەموو دەرگاکان، یان وەک چرایەکە بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەموو گۆشـە و کەلێن و قوژبن و بنی بنەوەی هەموو قووڵایەکان، وە دەقیش هەر هێندە لەژێر دەسەڵاتی منی شاعیرە تا ئیشی تیـا دەکـەم و تـەواو نـەبووە کـە تـەواو بـوو ئیـتر دەبێتـە مـوڵکی گشـتی، وە گرینگیشە ئەگەر مانایەکی دیاریکراو لەنێو خـەیاڵ و لـە زەهنـی شـاعیردا هـەبێت بـە شـێوەیەکی زەق و دیـار پـەخش نـەبێت بەسەر جەستە و ڕووبـەری دەقـدا، بـۆ ئـەوەی خوێنـەر لـەکاتی خوێندنەوەی بە قووڵی تێکەڵ بێت لەگەڵ دەقەکەدا.

**ڕابەر فاریق**:پێتوایـە هـۆی داتـەپینی بناغـەی هـەر دەقیـک، بەشـێکی بـۆ ئـەوە بگەڕێتـەوە کـە بوونیـادی دەق لـە مانـا داخراوەکانـەوە سـەرچاوە بگـرێ؟ بـە واتایـەکی تـر بۆئـەوەی پێکهاتەی دەق بپارێزین لە کاڵگەرایی و بوونی کاتی، چـی بکـەین باشە؟

**ناڵە حەسەن:** ئەگەر مەبەستت لە مانا داخراوەکـان ئەوەیـە کەوا کۆدەکانی زمان لە شیعردا بە ئاسانی ناکرێنەوە یان خۆیـان نادەن بە دەستەوە، ئەوە من هەر وەک چۆن گوتوومە و بـاوەڕم بە تەمومژ نیە لە شیعر، وە باوەڕم بەوەش نیە، ئەگەر کۆدەکـان بەیـەک خوێندنـەوە خۆیـان نـەدەن بەدەسـتەوە ئـەوا ببێتـە هـۆی داتەپینی دەق، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەم جـۆرە دەقانـەدا، زمـان لە ئاسـتێکی بـاڵاو بـە چـڕی ئیشـی لەسـەر کـراوە و خـەیاڵ لـە ڕووبەرێکی بەرفراوان و قووڵ دایە، بەڵام ئەگـەر مەبەستیشـت لە مانا داخراوەکان ئەوە بێت کە دەق تەنها یـەک خوێندنـەوە لـە خۆی دەگرێت و بوار بۆ خوێندنەوەی تر ناهێڵێتەوە، لێرەدا منیش هاوڕایی خۆم پێشاندەدەم، منیش پێموایە هـەموو ئـەو دەقانـەی تەنها یەک خوێندنەوە لە خۆ دەگرن ڕەنگە تەنها پێویست نـەکات بە قووڵی بخوێندرێنەوە، ئەم جـۆرە دەقـە تاکڕەهەندانـە دەکـرێ پێیان بڵێین، دەقی داخراو، کە دەرگا بەڕووی خوێندنـەوەکانی تـر

دادەخـەن، بـەڵام کـۆد و وێنـە و هێماکـانی شـەفاف و ڕوون و کـراوەن، ئـەم جـۆرە دەقانـە کـەمتر لـەزەت (چێـژ) بـە خوێنـەر دەبەخشـن، وە بـەبڕوای مـن ئـەمجۆرە دەقانـە ناچنـە خانـەی داهێنانـەوە، وە لەبەرامبـەر ئەمـەش دەقـی سـەرکەوتوو ئـەو دەقەیە، کە لـە خوێندنەوەیـەک زیـاتر لـەخۆ بگرێـت، سیسـتەمی زمان تیایدا بە هەموو کۆد و هێما و وێنەکانیەوە، فرەڕەهەنـدەبن و لــە کــاتی خوێندنــەوەیان خوێنــەر سەرســام بکــەن و لــە هەمانکاتیشدا ببنە ئاوێنەیەک بە ڕووی خوێنەردا._

**ڕابەر فاریق**: بـۆچی ڕەخنـەی بـەراوردکاری کـاری لەسـەر نـەکراوە بـە شـێوەیەک کـە سـەرچاوەمان لـەمبارەوە هـەبێت، لەکاتێکدا دەبـوو ئێسـتا زیـاتر لـەجاران بایـەخی پێبـدرابا. چونکـە نائامادەیی لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا هـەم (بۆشـایی) و هـەم قەیران) و هەم دەرگەی (داخستنی سەردەمێک) یشمان بـە ڕوو دەکاتەوە؟

**ناڵــە حەســەن:** دەربــارەی ئــەوەی بــۆچی ڕەخنــەی بـەراوردکاری کـاری لەسـەر نـەکراوە، دیـارە هۆکارەکـان زۆرن، سەرەکیترین هۆکار بە بڕوای من ئێمەی کورد بەهۆی ئەو جەورو ستەمەی لەسەرمان بووە هەمیشە وەک کۆمەڵگەیـەکی داخـراو لـە بازنەیـەکی داخـراودا ژیانمـان بەسـەر بـردووە،کـەمترین ئاگاییمان بووە لەسەر ئـەدەب و هونـەر و مەعریفـەی دەرەوەی خۆمان،جا کە ئاگاییشت لـە تـەرەفی بەرامبـەر نـەبێت بـەراوورد لەگەڵ چی دەکەیت، ئەگـەر قسـە لەسـەر وەزعـی ئێستاشـمان بێـت، ڕاسـتە ئێسـتە لـە زۆربـەی وڵاتـانی دونیـا خـەڵکی کـورد زمانمان هەن خەریکی گوزەران و ژیانن لەگەڵ خەڵکانی غــەیرە کورد وە خەریکی فێربوون زۆرێک لە زمانە زیندووەکانی جیهانن، بەڵام هێشتا، نووسەرانی کۆچبەر بە بڕوای مـن لـە سـێرچ دان. بە مانای هێشتا هەر خەریکی بەدواداگەڕانن، من گومانێکم لـەوە نیـە لـە داهـاتوودا ئـەم شـەونخوونی و هەوڵـە بەردەوامانـەی نووسەرانی کۆچبـەر بەرهـەمی دەبێـت و دەرگایـەکی ڕۆشـنیش بـەڕووی داهێنــان و نووســین و بــەڕووی تــەواوی مەعریفــە

دەکرێتەوە، ئەوکات بوار بـۆ ڕەخنـە و ئـەدەبی بـەراوردکاری لـە بارتر و گونجاوتر دەبێ!

هەرچەندە من ئەمبارە بە ئاسایی دەبینم، بەمانای نەبوونی ڕەخنـە و ئـەدەبی بـەراوردکاری بۆشـایی و قـەیرانیش جێیهێڵێـت بەدوای خۆیدا، بەڵام چونکە لە ئێستادا زەمینـە واقیعیەکـەی لـەبار نیە بۆیە وەک دەڵێین: لەبەردەم ئەمری واقیع داین. هێندەش ڕەشبین نەبین باشە!، هەموو کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەکـو ئێمـە بـەم قۆناغـەدا تێپـەڕیون، ئـەوەتا خـودی ئـەدەبی ئـەمریکا، تـا سەردەمانی نوێخوازی و مۆدێرنەتـە، لەگـەڵ هەوڵـەکانی "(والـت وەتمان و ئەزرا پاوەند و ئەدگار ئالان پۆ و ئیلیۆت چەندانی تر) لـە ئاستێکی بەرفراوان تێکەڵ بە ئەدەبی دەرەوەی خۆیـان دەبـن، وە تەواوی ئەدەبی ئەوروپی یان بە ئینگلیـزی و ئیریـش و فەڕەنسـی یـەوە هێنایـە نێـو ڕووبـەری ئـەدەبی خۆیانـەوە، لەوێـدا توانیـان خوێندنەوەیەک بۆ ئەدەبی خۆیان و دەرەوەی خۆیان بکەن.

**ڕابەر فـاریق**:لـە ئێسـتادا، داهێنـان و ڕیکلام هاوئاسـتن لـە خستنەڕووی دەق لـە کوردسـتاندا، بـەڵام ئـەو ڕیکلامـە لێـرەدا مەبەستمە دابەشبووە بەسەر خوێنەر و ڕاگەیانـدن و دەسـەڵاتی سیاسـی حیزبـەکان، نووسـەری ئیبـداعکار بـۆ ئـەوەی پردێـک دروست بکات بۆ بەیەکتر گەیشتنی داهێنان – ڕیکلام، چی دەبـێ بە کۆمەککارێکی تەندروست؟

**ناڵە حەسـەن**: ئەگـەر قسـە لەسـەر ڕاگەیانـدن و داهێنـان بکەین لەسەرەتا دەمەوێت باس لە ڕاگەیاندن بکـەم، دواتـر ئـەو پەیوەندیەش دیاری بکەین کە لـە نێـوان ڕاگەیانـدن و داهێنـان دا هەیە، ڕاگەیاندن لە شێوە گشـتیەکەیدا، ڕەنگـە زۆر مانـا بگرێتـە خـۆی، بـەڵام سـەرەکیترینیان یـان باشـتر بڵێـم ئـەوەی مـن مەبەستمە ئەوەیە کە " نەوام چۆمسکی " لە کتێـبی (کۆنـتڕۆلی میـدیا) بـەم شـێوەیە باسـی دەکـات " ڕاگەیانـدن هۆکارێکـە بـۆ دەسـتەبەرکردنی پەیوەندیـە گشـتیەکان لـە پێنـاو کۆنـتڕۆلکردنی بیری گشتیدا، " دیارە هەر لەو وتارەی باس لە هەوڵەکانی وڵاتــە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دەکـات، کـە چـۆن بـەدوای سـاڵەکانی

١٩٣٠ ەوە لە بردنە پێشەوەی نەخشـەکانیەتی بـۆ کۆنـتڕۆلکردنی بیری گشتی، بە مەبەستی دەست بەسەردا گرتنـی مانیفـاکتۆر و کارخانـە گشـتیەکانی دەرەوە و کڕینـی هێـزی کـار بـە نرخێکـی هــەرزان، وە لــە هــەمانکات کۆنــتڕۆلکردنی بازاڕەکــانیش، دەمێکیشـە لـە کتێبـەکانی (مـارکس و ئـەنگلس) گـوتراوە (ئـەو هێزانەی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی مادین لە هەمانکات خاوەنی ئامرازەکانی بەرهـەمهێنانی فیکریشـن!). لـەم نێوەشـدا ڕاگەیانــدن ڕۆل و کاریگــەری خــۆی بینیــوە، دیــارە دوای ئــەو دەورانە دەورانێکی تر دەستی پێکردووە بە نـاوی دیمرکراسـی و بـازاڕی ئـازاد ەوە، وە دەزگـای ڕاگەیاندنەکانیشـیان بـۆ ئـەم مەبەستە خستۆتۆ گڕ، لەم دواییانەشدا بەناوی هێنانی ئـازادی بـۆ خەڵکی عێـڕاق و شـەڕ بـەدژی تیرۆریـزم بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕاگەیاندنیان خستە گڕ، هەرچی درۆی شـاخدار هـەبوو بـە نێـوی ڕاستیەکی بێخـەوش بـە فاکتـە بێبنـەماکان و ڕاسـتیەکانیان لێـڵ دەکرد و بە نوێژی نیـوەڕۆ گاڵتـەیان بـە مێشـکی خـەڵک دەکـرد، دیـارە لـە هەمانکاتیشـدا مەبەسـتە ژێـر پەردەکەشـیان ڕوون و ئاشــکرا بــوو، بــۆ داگیرکردنــی بیــرە نەوتــەکانی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاست و پاراستنی دەستکەوت و بەرژەوەندیەکانی خۆیـان و زاڵکردنی هەیمەنە و کوێخایـەتی خۆیـان و بـوون بـە سـەروەر و سـەرداری دنیـا. ئەگـەر لـە ئاسـتێکی فـراوان و گشـتیدا، ئەمـە بچووک بکەینەوە بۆ وڵاتێکی وەکو کوردستان، دەبینین ڕاگەیاندن هەمان مانا و هەمان مەبەسـت و هـەمان ئامـانجی هەیـە وە لـە هەمانکاتدا هەمان ڕۆلیش دەگێڕێت، دەسـەڵات یـان حیزبـە بـاڵا دەسـتەکان بـۆ مانــەوەی دەســەڵاتی خۆیــان و هــەرچی زیــاتر پاراستنی قازانج و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانیان، بەکاری دەهێنن و لە پەیوەندی گشتیدان بۆ کۆنتڕۆلکردنی بیـری گشـتی، وە ئەگەر باس لە پەیوەندی ڕاگەیاندن و داهێنانیش بکـەین، مـن پێموایە ڕاگەیاندن پەیوەندیەکی ئەوتۆ و کاریگەریەکی ئەوتۆی بە داهێنانەوە نیە، ڕاستە ڕیکلام یان دەزگـای ڕاگەیانـدن لـە شـێوە گشتیەکەیدا دەتوانن نووسەر و هونەرمەنـدان و بەرهەمـەکانیان، لـە ئاسـتێکی بـەرفراوان بناسـێنن، بـەڵام ئـەوە چ بـۆ داهێنـان دەکات؟! مەبەستمە ئەوە بڵێم: ئەگەر نووسەرێک خـۆی داهێنـەر نەبێت وە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بچنـە پشـتیەوە بـە درۆی

شاخدار و به فسفس پاڵەوانێتی بیناسێنن، من پێموایە پولێکی سووتا ناهێنێ.چونکە ئەم داهێنەرە بە زۆرکراوە بە دکتۆرانە مەگەر تەنها لەلای خوێنەری سادە و ساکار ئەم جۆرە هەوڵانە بە داهێنان وەربگیرێ، ئەمەش لە کارەسات بەولاوە هیچ شتێکی تر نیە، بە ئاشکراش دەزگای ڕاگەیاندنەکان بە هەموو کەناڵەکانیەوە نووسەران و ڕەخنەگرانی ژێرساباتی دەسەڵات و حیزبە باڵادەستەکان، بەهەڵۆی بەرزەفڕی نێو ڕووبەرەکانی داهێنان وەسف دەکەن و نووسەران و ڕەخنەگرانی دەرەوەی ساباتی خۆشیان دەدەنە بەر سەرەنێزە و لەهەولی بچووککردنەوە و بێبەهاکردنی داهێنانەکانیاندا دەبن، وە هەندێکجاریش دەرگای زیندانەزانیان بۆ دەخەنە سەر گازەرەی پشت! لە بنەڕەتیشدا، کەسی داهێنەر و داهێنان لە شەقامە هێمنەکان سەمفۆنیاکانی خۆیان دەژەنن و کەسانی بێبەهرە و بێتواکانیش یان باشتر بڵێین داهێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکان و دەسەڵاتیش لە گەڕەکەکانی دوور لەم شەقامانەوە دەهۆڵەکانیان دەکوتن!، لەگەڵ ئەمانەشدا ڕاگەیاندە خاڵی ئیجابی خۆی زۆرە و کاریگەریشی بەسەر ڕەوشی پێشکەوتن و ژیانی شارستانیەت و مەدەنیەتی کۆمەڵگەوە هەیە، وە دەسکەوتێکی گرینگە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سوودی زۆری لێدەبینێت، بەڵام ئێمە زیاتر قسەمان لەسەر لایەنە نێگەتیڤەکانی ڕاگەیاندن و وە پەیوەندی ڕاگەیاندن بە داهێنان و ئەفراندنەوە کرد،

**ڕابەر فاریق**:کەنگێ زمان – گوتن ڕووبەڕووی بەریەککەوتنێکی قووڵ و ئێستەتیک و بابەتیانە دەبنەوە؟

**ناڵە حەسەن**:من پێموایە پرسیارەکە بەمشێوەیە بێت دروست ترە " کەنگێ زمانی دەق و زمانی گوتن ڕووبەڕووی بەریەککەوتن دەبنەوە؟ دیارە زمان لەبارە ئاساییەکەی هەروەک لەلای چۆمسکی دا هاتووە، (کۆی هەموو دەنگەکان و ماناکانە بە مەبەستی گەیاندن و تێگەیشتن لە چوارچێوەی سیستەمێکی ڕێزمانیدا)، دیارە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بۆ

درێــژەدان بــە ژیــان و پەیوەندیــە کۆمەڵایەتیــەکانی، پێویســتی بــە هۆکــارێکی گەیانــدن و تێگەیشــتن هەیــە کــە ئــەویش زمــان ە، وە ئەگەر زمان لە شێوە گشتیەکەیدا وەک هۆکارێکی لێک تێگەیشتن وەک بەرهەمهێنــەری پەیوەندیــە کۆمەڵایەتیــەکان، لێــرەوە ئەگــەر زمـــــانی گـــــوتن ڕەوش و بـــــاری پەیوەندیـــــەکان و واقیعـــــی کۆمەڵایەتیمان بۆ دیاری بکات، وە لە پێشدا باســی پەیوەندیــەکانی زمان و بیری مرۆڤ و بەرهەمی بیری مرۆڤمان کرد، لێــرەدا دەق وەک بەرهەمی بیری مرۆڤ جێگەی مەبەستی ئێمەیە یان ڕۆشنتر دەتوانین باسی پەیوەندیەکانی زمانی گوتن، کە تەعبیرە لە واقیعی کۆمەڵایەتی لەگەڵ زمانی دەق کە تەعبیرە لــە چــەمکی جــوانی و خــەون و خــەیاڵ و غــەریزەکانی نێــو نــاخی مــرۆڤ، وە ئەگــەر پەیوەندی و بەریەککەوتنەکــەش بــە کێشــانی وێنەیــەکی (تۆرنــادۆ) واتە (گەردەلوول) ڕوون بکەینەوە " کە چۆن لە پنتێکــەوە دەســت پێدەکان و بازنەی خوڵانەوەش بە دەوری پنتەکەدا دەگێڕێــت وردە وردەش بازنەی خوڵانەوەکــەش گــەورەتر دەبێــت " دەکــرێ پنــتی دەستپێکردنەکە بە زمانی گوتن یان واقیعــی کۆمەڵایــەتی دابنێیــن، بازنەکانی خوڵ خواردنەوەش بە زمانی دەق و شۆڕ بوونــەوە یــان گــەڕان و خــوڵ خواردنــەوە بــە نێــو خــەون و خــەیاڵ و ڕووبــەرە نەســتیەکانی نــاخی مــرۆڤ بێــت! چونکــە غــەریزەکان و خــەون و خەیاڵــەکانی مــرۆڤ پەیوەنــدی بــەو پنتــەوە هەیــە کــە واقیعــی کۆمەڵایەتیە، بۆ نموونە مەزهەب و داب و نــەریتێکی دواکەوتووانــە کاریگەریەکی ڕاســتەوخۆی بەســەر برینــداربوون و تێکشــکانەکانی ڕۆحی مرۆڤەوە هەیە. دەکرێ جاری واش هەبێت بازنەکانی خــوڵ خواردنەوەکە هیچ پەیوەندیەکی بە واقیعی کۆتەڵایەتیەوە نەبێت لــە دەوری پنــتێکی وەهمــی چــەق ببەســتێت! مەبەســتمە ئــەوە بڵێــم ڕەنگــە هەنــدێکجار هیــچ بەریەککــەوتنێک ڕوو نــەدات یــان نەیەتــە ئــاراوە! ئــەم حالەتانــەش زۆر جــاران لای سوریالیســتەکان یــان ئەبستراکتەکان یان پۆست مۆدێرنیستەکان دەبینــدرێن، لــەم بــار و دۆخانە زمانی دەق یان زمانی شــیعر " هەنــدێکجار (کــۆی هــەموو ئەو کۆدە وەهمیانەیە کــە لــە نێــو پەیکــەرە بێدەنگەکــەی نــاوەوەی مرۆڤ، کە بڕاوپڕە لە غەریزەی چەپێندراو و پڕاوپڕە لە پرسیاری وەهمــی، لــە پشــت هــەر کــۆدێکیش بــوونێکی وەهمــی خــۆی حەشارداوە)، ڕەنگە دژوار و قوڕس بێتە پێشچاو، کە باس لەو

کۆده وەهمیانه و پرسیاری وەهمی و بوونی وەهمـی بکـەین! یـان بڵێین " مرۆڤ پەیکەرێکی بێدەنگه و پڕاوپڕه له کۆدەکـانی وەهـم یـان بڵێیـن " شـیعر هێنانـه گـۆی ئـەم پەیکـەره بێدەنگەیـه و یـان نووسینەوەی میلۆده ناشـازەکانی وڕێنـەی ئـەم پەیکەرەیـه! "، وه ئەگـەر لـه ڕوانگەیـەکی مەتریالیسـتانەش بڕوانیـن و لاپـەڕەکانی شەڕه کۆنینەکەی نێوان ماده و فیکر بهێنینەوه گۆڕێ، دیاره خـۆم ڕوانینێکی مەتریالیستانەم هەیه بۆ ژیان و بۆ بوون وه گومانێکیشم لـەوه نیـه کـه مـاده لـه پێـش فیکـرەوه هاتۆتـه بـوون وه فیکـر بەرهـەمی مادەیـه، بـەڵام ئـەوەش هەیـه لـه گۆشـەی ڕوانینـی مادیانەشـەوه ئەگـەر بـۆ دواوه بگەڕینـەوه لـه بـوون و ژیـان بکۆڵینـەوه، دەبینیـن بـەوه دەگـەین " یەکـەم خانـەی بـوون " لـه سەرەتاوه به " ڕێکەوت " پەیدا بووه! ئیدی ورده ورده ئەم خانەیه دابەشبووه و گەشەی کردووه، تا بەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆکەمان گەیشتووه! که دەڵێین له سەرەتاوه بوون به ڕیکەوت پەیدا بـووه، ئەم ڕێکەوته بۆ منێکی شاعیر یانی وەهـم! بـەمانای بـه پێـی ئـەم لێکدانەوه و گەڕانەوه بۆ دواوەیەوه بێت ئاساییه که دەڵین " بوون لـه وەهمـەوه هـاتووه مردنیـش گەڕانەوەیـه بـۆ نێـو ئـەو وەهمـه ژیانیش کۆی کۆمەڵێک نیگاری وەهمی و کۆدی وەهمی و هەون و خـەیاڵی وەهمیـه لـه بـەرگێکی ئێسـتەتیک دا "، شـیعریش نووسینەوەی میلۆد و ئاواز و وڕێنەکانی ئەم پەیکەر و کۆد و هێما وەهمیانەیه! بۆیه دەبینین لەوەتەی مرۆڤایەتی هۆشی هاتۆته بەر و بیردەکاتـەوه شـیعریش هەیـه، بـەڵام تـا ئێسـتا پێناسـەیەک و چوارچێوەیـەکی دیاریکراومـان بـۆ شـیعر نیـه، لـه شـوێنێکی تـر گوتوومـه " شـیعر وەک خوداوەنـد پێناسـەی لـه دەرەوەی توانـا و بیرکردنەوەکانی مرۆڤه! له سەرەتاوه هەندێک لەم گوتنـەم ڕاڕا و به حەزەر بووم بەڵام دوای زیاتر قووڵبوونـەوه لـه زمـان و شـیعر ئیدی هەموو گومانەکانم ڕەوینەوه، خۆشبەختانەش بەڕێز " کەریم دەشتی " شـاعیریش لـه دواهـەمین دیمانـەی دەربـارەی شـیعر و نووسـینی شـیعر شـتێکی لەوبابەتـەی گوتـووه، دەمێـک ساڵیشـه نووسەر و شـاعیری ئـەمریکی " هیـدۆبرۆ Huidobro " گوتوویەتی (شاعیر خوداوەندێکی بچکۆلانەیە!)، یان ئەگەر بپرسین شیعر چیه؟ ئەم پرسیاره یـەکێک لـەو پرسـیاره ئـاڵۆز و قوڕسـانەیه کـه وەک پرسـیاره قـوڕس و ئاڵۆزەکـانی تـری فەلسـەفه دەربـارەی

بوون و ژیان و سروشت و خوداوەند بێ وەڵام ماونەتەوە! کە هەرکەسە و لە ڕوانگە و تێگەیشتنی خۆیەوە وەڵامیانی داوەتەوە! بۆ نموونە وەڵامەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر لە میزاژێکەوە بۆ میزاژێکی تر لە چرکەیەکەوە بۆ چرکەیەکی تر جیا بووینە! بە بڕوای من هەموو ئەو شتانەی کە پێناسە ناکرێن بوونیان لە وەهمەوە سەرچاوەی گرتووە بە مانایەک، لە سەرچاوەیەکی وەهمیەوە هاتوونەتە بوون! یان تەنها لە نێو سنوور و ڕووبەرەکانی خەون و خەیاڵ بوونیان هەیە! بۆ یە ئاساییە ئەگەر هەندێکجار زمانی دەق و زمانی گوتن هیچ بەریەککەوتنێک لە نێوانیان دا ڕوو نەدات!.

**ڕابەر فاریق**:ئەگەر خودی نووسەر بەردەسترین و سەرەکیترین کەرەستەی خاو بێ بۆ بونیادنانی تەلارێکی بەرز بە وشە ، خەیاڵی نووسەر لە کوێوەی تەلارە بەرزەکەدا بەرجەستە دەبێت؟

**ناڵە حەسەن**:ئەگەر جەستەی دەق یان جەستەی شیعر بە تەلارێک بچوێنین، بە بڕوای من دەروازەکەی زمان ە لە شێوە گشتیەکەیدا، کۆڵەگەکانی وشەکانن، ژوور و مەمەڕ و هۆڵەکانیش خەیاڵی شاعیر دەبێت! وە نێوەوەی ژوور و هۆڵەکان و دیوی دەرەوەی تەلارەکەش، بە نەخش و نیگاری سەرسووڕهێنەری جوان و سەرنجڕاکێش دەڕازێندرێنەوە، بۆیە گوتمان زمان دەروازەیە چونکە زمان بڕبڕەی پشتی شیعرە، لە پرۆسەی نووسینی شیعر، زمان لە پەیوەندیەکی توند و تۆڵ دا دەبێت بۆ بەدواگەڕان و دۆزینەوە لەگەڵ ناخ و دیوی ناوەوەی مرۆڤ و بیر و خەیاڵی مرۆڤ! بۆ نموونە وشەی (تەنیایی) ئەگەر لە ڕووی زمانەوە سەیری بکەین تەنها وشەیەکە وەک هەر وشەیەکی دی و هیچی تر، بەڵام لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە وشەکە و قووڵبوونەوە بۆ نێو ڕووبەرە پەنهانەکانی دا، لە ڕێگەی خەیاڵەوە بە پێگە و شوێنە نادیارەکانی دەگەین، تا قووڵتر بینەوە کۆد و هێماکانی تەنیاییمان زیاتر بۆ دەکرێتەوە، زیاتر مۆری و مەرجانەکانی بنی بنەوەی قووڵاییەکان دەبینین، یان باشتر بڵێین،

لــە نێــو ڕوانیــن و بیرکردنــەوەکانمان و نغرۆبوونمــان لــە نێــو قووڵاییــەکان یــان بــۆ نێــو بۆشــاییەکانی خــەیاڵ و دۆزینــەوەی ڕووبەرە پەنهانەکانی وشەی تەنیایی، لـە ئـەنجامی ئـەم بـەدوادا گەڕانەمان، کـۆد و هێمـا و شـتی سـەیر و سـەمەرەمان دەسـت دەکــەوێت، نــاخی خۆمــان و منــداڵی و حــەز و ئارەزووەکــان و هەنـدێک لـە غـەریزە چەپێنـدراوەکانی خۆمانمـان بینـی هەنـدێ شتیشــمان دەبینــی ســەیر و نــامۆ بــوون، کــۆد و هێماکانیــان نەدەکرانەوە! بۆ من ئەوە پەیوەنـدی و بەریەککەوتنـەکانی نێـوان زمان و وشە و خەیاڵ و وێنــە و کــە وەک پێکهاتــە و بونیادەکــانی جەستە و تەلاری شـیعرە! دەمـەوێ ئـەوە بڵێـم: شـاعیر لـە نێـو قــووڵایی ڕووبــەرەکانی خــەیاڵ لــە ئــەنجامی ووردبوونــەوە و بــە دواداگەڕانەکانی بە هەندێک لە نهێنی و شتە شـاواوەکان دەگـات واتە دەسەڵاتی بەسەر هەندێک لـە هێمـا و کۆدەکـان دەشـکێ و بۆی دەکرێنەوە بەڵام هەندێک لە هێما و بوخچە و کۆدەکـان هـەر بە نەکراوەیی دەگوازرێنەوە بۆ نێو ڕووبەری شیعر، بۆیە دەبینیـن هەندێک لـە شـیعرەکان خوێندنـەوە و تێڕامـان و قووڵبوونـەوەی زیـاتری دەوێــت، ڕەنگــە هەنــدێک لــە بوخچــە و کۆدەکــان هــەر نەکرێنەوە! ئەوە نە تـەمومژ و نـە داخـراوی دەقـە، بـەڵکو ئـەوە سروشتی زمانی شیعری و خەیاڵی شیعرییە و هیچی تر!

بۆیە دەبینین هەمان وشە چەند جـاری تـر لـە شـیعر و وێنـەی تردا بەکاریان دەهێنینەوە، چونکە هەرجارەی ئیش لەسـەر چەنـد کۆدێـک یـان دیوێـک لـە دیوەکـانی دەکـەین، قـەت مـومکین نیـە بەیـەک ڕۆچـوون بـە نێـو قووڵاییـەکانی هـەر وشـەیەک بتـوانین هەموو نهێنیەکان و کۆدەکان و بوخچە و هێماکانمان بۆ بکرێنەوە! یان بە هەموو کەڵێن و گۆشە و قوژبنەکان بگەین. هەر بۆیـە بـێ ویســتی خۆمــان و بــێ پلان و بــێ هیــچ ئاگاهیــەک وشــەکان بەکاردەهێنینــەوە و هــەرجارەی لــە وێنەیــەکی جــودا وێنــەیان دەکێشـینەوە، نوێخـوازی و نوێبوونـەوەش ئـا لێـرەدا مانـا پەیـدا دەکەن!.

**ڕابــەر فــاریق**: دیکــارت ڕوانینێکــی وەهایــە (مــن بیــر دەکەمەوە) کەواتە هەم، بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەوەیە،

کام (بیرکردنەوە) دەتوانێ (بوونێکی) پڕ جووڵە و ئیبداعیکار بەردەوان بەرهەم بهێنێ، هاوکات بیرکردنەوە لە کن تاکی هۆشیار تا چەند پەیوەستە بە (ئاگایی) و (ئەوانیدیکە) وە؟

**ناڵە حەسەن**:من بیردەکەمەوە کەواتە هەم، بەمانای لە پشت هەر بیرکردنەوەیەک بوونێکی مادی هەیە، وە ئەگەر بیرکردنەوە بە دیاردەیەک دابنێین وەک لەلای " بوونگەراکان " لە پشت هەر دیاردەیەکیش بوونێک هەیە، وە هەروەک " هایدگەریش " دەڵێ (بوون بەبێ ئەویتریش هەر وێنەیەکە لە وێنەکانی بوون لەگەڵ کەسی تردا، نیگەرانیش بوون و پەیوەندیەکانمان بۆ دیاری دەکات) بۆ نموونە پەیوەندی دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان یان پەیوەندی مامۆستا لەگەڵ قوتابیەکانیان... هتد، وە دەربارەی ئەوەی کام (بیرکردنەوە) دەتوانێ بوونێکی پڕ جووڵە و ئیبداعکار بەردەوام بەبەرهەمبهێنێ؟ من پیموایە ئەو بیرکردنەوەیەی لە ئاکامی مەعریفەیەکی پێویست لە دەرگای جوانیە نەبینداروەکان و شتە شاراوەکان دەدات و لەم نێوەدا دەقی نوێ وەبەرهەمبهێنێ و ئەوشتانە بڵێت کە نەگوتراون لە هەمانکات، پڕبێت لە دید و خەیاڵی نوێ بۆ وەسفکردنی جوانیەکانی دنیایەکی نوێ!.

**ڕابەر فاریق**:چی لەو واقیع تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

**ناڵە حەسەن:** برادەری ئازیزم، ئەم واقیعە تاڵەی کە تۆ باسی دەکەیت، مرۆڤ خۆی وەبەرهەمی هێناوە، بۆیە مرۆڤ هەر خۆیشی بەرپرسە لە گۆڕانی، وە کارەساتێکی گەورە و جەرگبڕە لە چاوەڕوانی ئەوە بین کە خەیاڵ و فەنتازیا واقیعی کۆمەڵایەتیمان بۆ بگۆڕێت! وە دەبێ ئەوەمان لەلا ڕۆشن بێت کە گۆڕانی واقیع کاری خەیاڵ و فەنتازیا و تەنانەت کاری شیعر و ئەدەبیش نیە لە بەرگە گشتیەکەیدا، دەکرێ خەیاڵ و فەنتازیا مرۆڤ بخەنە نێو ئەو بارەی کە خەون بە واقیعێکی تر یان دنیایەکی ترەوە ببینن! یان ئەو جوانیانەی شێوێندراون و خەون

بینین بە گەڕانەوەی جوانیەکان، یان ئەو ئومێدانەی کە لە دەستمان داون خەون بینین بە گەڕاندنەوەی ئومێدەکانمان و... زۆر شتی تریش! ئەمانە هەمووی ئەگەری ڕوودان و دەستەبەربوونی هەیە لە نێو ڕووبەرەکانی خەیاڵ و فەنتازیادا، بەڵام مەسەلەی (گۆڕان) ئەوە کاری مرۆڤ خۆیەتی '، مرۆڤ بۆ گۆڕانی واقیع پێویستە بیر لە کەناڵ و لە ڕێگەی تر بکاتەوە!.

**ڕابەر فاریق**: (لیسینگ) ڕوانینی وەهایە، (هەندێک کەس بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕەخنە ڕەسەنایەتی لە مرۆڤدا کاڵدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر من ڕەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لەڕێگەی ڕەخنەوە بە دەستم هێناون). ئەم ڕستەیەی لیسینگ لەکوێوە ناکۆک و تەبا دەکەوێتەوە و لەگەڵ (داهێنەر) و (داهێنانی) ئەدەبی؟

**ناڵە حەسەن**:من هەرگیز ناتوانم باوەڕ بەوە بهێنم یان باوەڕی وەهام هەبێت کە ڕەخنە ڕەسەنایەتی لە مرۆڤدا کاڵدەکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ڕەخنە ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەیە لە پێگەیاندنی نەوەی نوێ و تۆخترکردنی ڕەسەنایەتی و داهێنان بە ئاراستەی نوێ، وە کاریگەری دانان لەسەر تەواوی ڕەوشی ڕوناکبیری و مەعریفی، دیارە لێرەدا مەبەستمان لە ڕەخنەو ڕەخنەگرە پێشڕەو و جدیەکانە، بەڵام دەربارەی ناکۆکی و هاودژیەک لە قسەکانی لیسینگ من لەو بەشەیدا دەیبینم کە دەڵێت (ئەگەر من ڕەسەنایەتی و داهێنانم هەبن ئەوا لە ڕێگەی ڕەخنەوە بە دەستن هێناوون) ڕەنگە ئەم گۆتەیە بۆ من و بۆ نووسەرانی کورد بەمشێوەیە نەبێت، بە مانای ئەگەر داهێنانمان هەبێت لە ڕێگەی ڕەخنەوە بە دەستمان هێنابن! ڕەنگە ئەم گۆتەیە بۆ خودی لیسینگ یان کەسانی وەکو ئەو لە جێگەی خۆیدا بێت و تەواو و گونجاو بێت، بەڵام من بۆ خۆم و بەرامبەر بە ئەزموونی خۆم بە ناتەبا و هاودژی دەیبینم، دەمەوێ ئەوە دوپات بکەمەوە و بڵێم هەمیشە داهێنان لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا هەبووە بەڵام ڕەخنەمان لە ئاستی داهێنانەکانمان نەبووە! کەچی بە پێچەوانەوە دەبووایە

ڕەخنەگرانمان هەمیشە پێشڕەو بان لە بواری داهێنان و گەشەی بیـری کۆمەڵگـەو نوێخـوازی و بیـری پێشـکەوتنخوازیدا، وە لـە هەماتکاتیش مـن نامـەوێت هـەموو هەوڵـە جوانـەکانی ڕەخنـە و ڕەخنـەگرە بـەڕێزەکانمان جـارانی سـفر بکـەم، مـن دەڵێـم هاوکێشـەکان ئـاواهی نیـن گـەر ئێمـە داهێنانمـان هـەبووبێت لـە ڕەخنەوە بە دەستمان هێنابێت! دیـارە لـە دواوەبـوونی ڕەوشـی ڕەخنە و وەک پێویست نەبوونی ڕەخنەگری جـدی و داهێنـەر بـە تایبەت ل ە ڕۆژگ اری دوێنێمـان ئەم ەش هۆکـاری زۆر واقیعـی و مەوزوعی خۆی هەیە، دەکرێ قسەی زۆری لەسەر بکەین بەڵام، لێرەدا مەبەستمان لە باسکردنی هۆکارەکان نیە، دیـارە مێـژووی مرۆڤایەتی بۆ هەتاهەتایە قەرزباری هەوڵە جوانەکانی ڕونـاکبیر و ڕەخنەگرانی وەک " بلیخانۆف و جۆرج لۆکاش و ستانلی فیش و نووسـەر و ڕەخنـەگری فمینیسـت جولیـا کریسـتیڤ و ئـەدوارد سەعید و هەربێرت مارکۆز و... زۆرانی تر " مێـژوو بـۆ هەمیشـە بـە شـکۆمەندی باسـیان دەکـات و هەوڵـە جوانـەکانیان بـۆ پێگەیانـدنی نـەوە و بیـری نـوێ و بـەرز دەنرخێنـێ، وە ڕۆڵ و کاریگەریـەکانی ڕەخنـەگران و بیرمەنـدانی جـدی بـۆ هەتاهەتایـە بەسەر ڕەوشی ڕوناکبیری و مەعریفە و داهێنـان و نوێخـوازی و بۆ پێشەوەچوونی ژیان هەردەمینێ.

**ڕابـەر فـاریق**:یـەکێک لـە ڕوانینـەکانی (دێـرک والکـۆت) وەهایە (ئەدەب دەمی زامێـک هەڵدەداتـەوە،قووڵـتر ل ەو زام ەی مێـژوو هەڵیدەداتـەوە) ئێمـە دەتـوانین بـەم شـێوەیەش بڵێیـن: لێکۆڵـەر و رەخنـەگری کـوردی قووڵـتر دەچنـە نێـو پێکهاتـەی دەقەکان؟

**ناڵـە حەسـەن**:ئەگـەر بەهەڵـە نـەچووبم قسـەیەکی بـەڕێز " شـێرزاد حەسـەن " هەیـە، یـان ئـەوەتا لـە یـەکێک لـە نووسـین و دیمانەکانی خوێندومەت ەوە ی ان ئ ەوەتا ل ە ی ەکێک ل ە چاوپێکەوتن ە تەلەفزیۆنیەکان لە خۆیم بیستووە، گرینگ ئەوەیە قسـەکە نزیکـەی بەم شێوەیەبوو، (پاڵەوانێکم لە چێشتخانەیەک ی ان ل ە چایخانەی ەک یان بە ڕێگایەکدا، لەو کاتەدا کارم بەسەر ئەوەوە نیە کە چیـدەکات

و چۆن بە ڕێگاکەدا دەڕوات، لەوکاتەدا کارم بەسەر ئەوەیە کە بیر لە چی دەکاتەوە!؟). من کاتی خۆی زۆر سەرسام بووم بەم قسەیە، وە ئێستا زۆر بە گونجاوی دەبینم بیگونجێنم لەگەڵ ئەم پرسیارەی ئێوە و گۆتەکەی دێرک والکۆت، منیش پێموایە کە ئەدەب دەمی زامێک هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵیدەداتەوە، وە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر قسەکەی " شێرزاد حەسەن "ی چیرۆکنووس دەکرێ خوێندنەوەیەکی لەم چەشنەی بۆ بکەین وە بە هەمان بەرئەنجامیش بگەین، بە مانای ئەگەر هەڵسوکەوت و جوولەی کەسەکان بۆ مێژووی جێبێلین و دیوی ناوەوە و خەون و خەیاڵ و غەریزە و بیرکردنەوەکانیش بۆ ئەدەب، ئیدی بەو ئاکامە دەگەین، بۆ مرۆڤ و ڕووداوەکان، ڕەسمکردن و خوێندنەوەی دیوی دەرەوە بۆ مێژوو ڕەسمکردن و خوێندنەوەی دیوی ناوەوەش بۆ ئەدەب، چونکە لە بنەڕەتەوە بەشێک لە ئەرک و مەهامەکانی مێژوو، کار و ئەرک و مەهامێکی کڕۆنۆلۆژییە، واتە زیاتر نووسینەوەی ڕووداوەکان و کات و شوێنی ڕووداوەکە و کەسەکان و زیانەکان و دەستکەوتەکان و.... هەر ڕووداوێک بە قەبارەی ڕووبەرەکەی خۆی، دوو دیوی هەیە، دیوی دەرەوە و دیوی ناوەوە. بۆ نموونە " کارەساتی جینۆسایدی ئەنفال " کارەساتەکە لە چ سەردەمێک بوو، بە دژی کێ بوو، بکەرەکان کێ بوون، هۆکارەکان چی بوون، ئەنجامدانەکەی بۆ چ مەبەستێک بوو، زیانی کارەساتەکە چەند بوو، چارەنووسی کەسەکان بەکوێ گەیشت؟، زۆر پرسیارو گۆشەی تر، دەکرێ ئەمە کاری مێژوو بێت و مێژوونووس زۆر لەوەش بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بینووسێتەوە، بەڵام لەوکاتەی کە کەسەکان دەستگیر دەکرێن، نووسینەوەی قیژە و هاوارەکانیان، ترس و فۆبیا و نیگەرانەکانیان، لەرزینی دەمارەکانی لێو و جەستە و ڕۆحیان، وشک هەڵاتن و زەرد و سپی هەڵگەڕانی ڕەنگی پێستیان، گرمۆڵە بوونەوە و چوونە نێوباوەشی یەکتری و چرپە و هەنسکەکانیان، نوزانەوە و سەردوڵکە و لاوژەکانیان، نەخەوتن و کابووسی شەوەکانیان. لەکاتی تیربارانکردنیان، ڕاوەستان و بەربوونەوەیان، یان میزبەخۆداکردنیان، خەون و ئومێدەکانیان و.. زۆر شتی تر، ئەم خوێندنەوە سایکۆلۆژی و دەروونیانە کاری ئەدەبە زیاتر نەک مێژوو، قسەمان لەسەر گرینگی نیە، دیارە ڕۆشنە کە ڕۆلی مێژوو چەندە

گرینگــه چەنــدە ئــەرکێکی چارەنووسســاز و لەهــەمانکاتیش مرۆڤایەتیە، ئـەدەبیش بـە هەمانشـێوە، بـەڵام لێـرە قسـەمان لـە هەڵدانەوەی زامەکان بوو، بۆیە بەو ئەندازەیەی کە ئەدەب خەون و خـەیاڵ و خـەم و خۆزگـەکانی مـرۆڤ دەنووسـێتەوە بۆیـە قووڵـتر دەڕوانێ و لە هەر ڕووداوێکیشدا زامـەکان قووڵـتر دەنووسـێتەوە! مــن پێموایــە نووســەر و لێکــۆڵێرەوە و ڕەخنــەگرانی کــوردیش لەمبارەیەوە درێخیان نەکردووە.

**ڕابـەر فـاریق**:پەیوەنـدی نێـوان (دەق) و (چێـژ) لـە نێـوان ئــەدەبی ئێمــەدا، تــا دێ کــاڵ و کــاڵتر دەبێتــەوە، تــا ئێســتەیش ئیستگەلێک بۆ ئەم دوو زاراوانە نەکراون لەلایەن ڕەخنەگرانمان، ئەگـەر بڕیـارە ڕەخنـەگرمان هـەبێت، بۆئـەوەی تێکـەڵاوبوونێکی ڕەگئاژۆیی بخولقێنین پێویستە لە کوێوە دەست پێبکەین؟

**ناڵە حەسەن**:مەسەلەی چێژ بەبڕوای من پەیوەنـدی بـە دوو شتەوە هەیە، یەکەم، پێکهاتەی دەق واتە زمانی دەق و ســتایل و شێوازی دەق، خاڵی دووەم، پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر، واتە ســەلیقە و توانــا و مەعریفــەی خوێنــەر، وە بــاری ســایکۆلۆژی خوێنەر ئەوەش کاردەکاتە سەر پەیوەندیـەکان، مەبەسـتمە ئـەوە بڵێـم: ڕادەی چێـژ بـۆ نموونـە لـە دەقێکـی شـیعری لەلایـەن خوێنەرێکی وریا و بە سەلیقە و خـاوەن مەعریفەیـەکی پێویسـت زۆر جیاوازە یان ڕەنگە زۆر زیاتر بێت لە ڕادەی چێژ لـە هـەمان دەقی شیعری لەلایەن خوێنەرێکی بێسەلیقەی بێئاگـا لـە هـەموو شتێک، وە دەقی سەرکەوتووش بە هەمانشـێوە، هەمیشـە دەقـە ســەرکەوتووەکان چێــژی زیــاتر بــە خوێنــەران دەبەخشــن، بــە گوێرەی دەقی سەرکەوتووش زمـان کاریگـەری زۆری هەیـە، وە دەقی پڕ چێژ لە نێو خەیاڵ و زاکیرەی خوێنەر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەمێنێتەوە، وە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی تـازە خوێنـەر چێژێکی نوێ و تازە وەردەگرێ، وە ئەمە چ بۆ دەقی شیعری یان ژانرەکـانی تـری ئـەدەب وەکـو یەکـە، بـۆ نموونـە ڕۆمـان و چیرۆکــەکانی " دەستۆفســکی، ئــەمیل زۆلا، بــەلزاک، یەشــار کەمال، پاولۆ کۆلۆ، چیخـۆف، کافکـا، شێرزاد حەسـەن، بـەختیار

عـەلی....) دەقـەکانیان هـەر لەلاپـەڕەکانی سـەرەتاوە خوێنـەر دەخەنە ژێر ڕکێفی دەق و نێـو خـەیاڵ و ڕووبـەرەکانی دەق، لـە هـەمانکات چێژێکـی زۆریـش بـە خوێنـەر دەبەخشـن، ئـەوە بـە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان چێـژ و دەق و خوێنـەر، بـەڵام دەربـارەی تـا دێ پەیوەنـدی نێـوان چێـژ و دەق لـە نێـو ئـەدەبی ئێمەدا کاڵ و کاڵتر دەبێتـەوە، من پیموانیـە وابێـت، ئێمـە نـابێت تەنها لە دەقی شـیعرییەوە سـەیری هـەموو پانتاییـەکانی ئـەدەب بکـەین، ئەگـەر ئـەو گومانـەمان لـەوەوە بـۆ دروسـت بـووە کـە خوێنەری شیعریمان کەمـە و خوێنـەر وەک پێویسـت لـەزەت لـە شیعری ئێستا نابینێت، بەهۆی چڕی زمانـەوە! دیـارە مـن ڕازیـم بەوەی کە خوێنەری شیعری لە بەرامبـەر خوێنـەری ڕۆمـان یـان بینەری سینەما کەمترە و ئەوە لە هەموو دنیـادا هەروایـە، ئـەوەتا لـە ئـەمریکا و کەنـەدا، تـا دیوانـە شـیعرێک دەکەوێتـە بـازاڕ بـە سەدان ڕۆمان دەردەچن، تا دیوانە شـیعرێک دەخوێندرێتـەوە بـە هـەزاران ڕۆمـان، لـەلای ئێمـەش بـەدوای ڕاپەڕینـەوە هـەم نووسـەری ڕۆمـان زیـادی کـردووە هـەم خوێنـەریش، وە چـڕی زمـانیش لـە شـیعر مـن پێموایـە دەبـێ سـەرچاوەیەک بێـت بـۆ بەخشینی چێـژ و لـەزەتی زیـاتر، چونکـە لـە ڕێگـەی چڕیەکـەوە بەدواداچوون و گەڕان و قووڵبوونـەوە زیـاتر دەبێـت لـە ڕێگـەی ئـەم گـەڕان و قووڵبوونـەوە و زۆر مانەوەیـە لـە لـە نێـو پانتـایی دەقـدا سەرسـامی و پرسـیارەکانی زێـتر دەبـن و کۆدەکـان و هێماکـانی زیـاتر بـۆ دەبنـەوە. چێـژی زیـاتریش وەردەگـرێ، دەربارەی ئـەوەی ڕەخنـەگرانمان وەک پێویسـت گرینگیـان بـەم چەمکانە نەداوە و لایان لێنەکردۆتەوە، دیارە لە پێشـدا قسـەمان لەسەر ڕەخنە و ڕەوشـی ڕەخنـەدا کـرد وە گوتمـان هەوڵـەکان وەک پێویسـت نـەبووە، دیـارە ئـەوە بـۆ هـەموو چـەمکێک و بـۆ هەموو بوارێک، بۆ نموونە بەرامبەر بە سینەما کـەمترین دیراسـە و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی سینەمایی نووسراوە، دەربارەی شـانۆ و هونـــەری تەشـــکیلی و زمـــان و بابـــەتی ســـایکۆلۆژیش بـــە هەمانشـێوە... هـەتا دوایـی، ڕەوشـی ڕونـاکبیری و کتێبخانـەی کوردی لەم بوارانەی سەرەوە کە باسـم کـردوون زۆر لانـەواز و هەژارە، هەرچەندە بەدوای ڕاپڕینـەوە هەوڵـەکان هەمەلایـەنتر و

ڕووله سەرن بەڵام هێشتا وەک پێویست نیە ئەگەر بەراوردێکی خۆمان بکەین لەگەڵ کۆمەڵگە چالاک و ئاکتیفەکان.

**ڕابەر فاریق**:دەق دەتوانێت ببێ بە ئەڵتەنەتیف لە بەرانبەر نامۆیی و بێزاری کە دەقنووس لە سەروەختی تەنگانەدا دەستی بۆ ببا؟

**ناڵە حەسەن**:چەمکی نامۆ یان نامۆیی چەمکێکی قووڵ قسەی زۆر هەڵدەگرێت، وە پەیوەندی بە زۆر هۆکارەوە هەیە، بۆ نموونە: مرۆڤ و داب و نەریت، مرۆڤ و ئایین، مرۆڤ و واقیعی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، مرۆڤ و بیر و باوەڕی سیاسی، مرۆڤ و دەسەڵات، مرۆڤ و تەکنەلۆژیا و.... زۆر شتی تر، هەریەک لەمانە بەجیا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە بەسەر بیرکردنەوەکان و خەون و خەیاڵ و نامۆیی مرۆڤ، وە نامۆیی و بێزاریش پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکتریەوە هەیە، بۆ نموونە کەسی نامۆ هەمیشە بێزارە و کەسی بێزاریش زۆرجاران نامۆ دەبێت، جا پەیوەندی ئەمبارە دەروونیەی دەقنووس بە دەقەوە یان ئایا دەق دەبێتە ئەلتەرنەتیف و یارمەتیدەر بۆ نووسەر لەکاتی نامۆیی و بێزاریدا؟ هەروەکو باسم کرد نامۆیی و بێزاری پەیوەندیان بە زۆر شتەوە هەیە، من باوەڕناکەم دەق ئەو دەسەڵات و هێزە خودایی و هێزە خەیاڵیە بێت بتوانێت یارمەتیدەر و وەڵامدەرەوەی گونجاو و بەردەوام بێت بە باری دەروونی کەسێکی نامۆ و بێزار، بەمانای دەتوانم بڵێم وەکو دەرمانی (بێهۆشکەر)، بۆ ماوەیەکی کاتی ڕەنگە وەڵامدەرەوە بێت چونکە، بە تایبەت شاعیر لە کاتی نووسینی دەقەکە ڕەنگە تا ئاستێک مەست و حەیران و بێت بۆ ماوەیەک خۆی ون بکات لە نێو بیرکردنەوە و خەون و خەیاڵەکانی، بۆ ماوەیەک خەم و نامۆیی و بێزاریەکانی بیر بچێتەوە! لەگەڵ شتە جوانەکان لە ژوواندا دەبێت، خەونە جوانەکان و مەراقە خۆشەکانی خۆی لە باوەش دەگرێت و دەیانلاوێنێتەوە، لە واقیعی باو دوور دەکەوێتەوە و لە فڕیندا دەبێت، بەڵام ئەمە ئەلتەرنەتیف و وەڵام دەرەوەیەکی کاتیە،

کاتێک لەنێو خەونە خۆشەکانی نێو پانتایی و قووڵاییەکانی دەق بەئاگا دێتەوە ئەوکات زیاتر هەست بە نامۆیی و بێزاریەکانی دەکاتەوە! بۆیە بەشێوەیەکی گشتی ناتوانین بڵێین: وەڵامدەرەوە و ئەڵتەرناتیفە چونکە ئەلتەرنەتیفی گونجا و دروست و بەردەوام گۆڕانی هۆکارەکانە، ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باسمان کردوون! بە بڕوای من تەکنەلۆژیاش کاریگەری زۆری هەیە بەسەر مەسەلەی نامۆیی و بێزاریدا، لە دنیای هاوچەرخ لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیادا دەبینین پەیوەندیە کۆتەڵایەتیەکان بەرە و لاوازی و داتەپین ڕۆیشتوون مرۆڤ زیاتر لەنێو بازنە داخراوەکان و تەنیاییدا قەتیس ماوەتەوە، زیاتر ژیان بەرە و ئاراستەی ئیندیڤیجوەلی دەڕوات، واتە ژیان بەرە و تەنیایی و تاکە کەسێتی دەڕوات. ئەمەش وایکردووە لەمجۆرە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانە مرۆڤ لەباری ڕۆحیەوە هەمیشە هەست بە نامۆیی و بکات.

**ڕابەر فاریق**:نووسەران هەمیشە لە سەفەرێکدان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ دنیادا، ئاخۆ تۆ لەو سەفەرەتدا بە کوێ گەیشتووی؟

**ناڵە حەسەن**:من چارەگە سەدەیەکە دەنووسم، بەڵام ڕاستەوخۆ بەدوای ڕاپەڕینەوە نووسین و بەرهەمە شیعرییەکانم بڵاوکردۆتەوە. بەمانایەک، چارەگە سەدەیەکە لە نێو دنیایەک دام کە بە تەواوی و پڕ بەمانای وشە هەست بە ئارامی و ڕەهایی و ئازادی دەکەم، لەوێدا هەموو شتەکان جوانن وەکو خۆیان، هەموو شتەکان ناسک و ڕەنگین و سەرنجڕاکێشن وەکو خۆیان، هەرجارەی پێدەنێمە نێو ڕووبەرەکانی یان لەنێو پانتاییە قووڵ قووڵەکانی سەرخەوێک دەشکێنم، ئومێدی ئەوە دەکەم بۆ هەتا هەتایە لەم خەوە خۆشەم بەخەبەر نەیەم، لەوێدا تەنانەت مەرگ و یاخیبوون و نیگەرانیەکانیش جوانن، هەموو شتەکان جوانن بە ئەندازەی بەفر و گیا و پەپوولە و شەونم، هەموو شتەکان جوانن بە ئەندازەی ئاو و درەخت و خاک، لە سەفەری نێو ئەو دنیایە پڕ سیحر و پڕ جوانیەم بە کوێ گەیشتووم؟ هەر هێندە هەیە لە

ئێستادا دەتوانم بڵێم: بەوە گەیشتووم کاتێک بەنێو دەریا قووڵەکانی ئەم دنیایە جوانە شۆڕدەبمەوە یان بۆ نێو ئاسمانە بەرزەکانی بە نێو هەورە سپیەکانیدا ڕەتدەبم نامۆیی و هەستە تەنیاییەکانم زیاتر دەبن، تەنیاییەکی کوشندەتر لە ناخی موسافیرێکی نێو دەشتە کاکی بە کاکیەکانی مەملەکەتی غوربەت، تەنیایی و نامۆییەکی کوشندەتر لە پێدەشت و ڕۆحە پڕ لە بریناوییەکەی عاشقێکی دڵشکاو، وە هەستە نامۆیی و تەنیاییەکانم لەم دەقە شیعرییانەی ئەم ساڵانەی دواییم بە ئاشکرا هەستیان پێدەکرێ، هەندێکجار لەنێو پانتایی دەقە شیعرییەکانم، خۆم وەک سوارچاکێکی یاخی و سەرشێت دێتە پێشچاو، یاخی لە بوونم و لە ژیانم و لە ئایندەم و لە هەموو شتێک، یان وەکو کەسێکی نەهیلیست ژیان و هەموو شتێکم هیچ و پووچ و پێمانا دێتە بەرچاو! هەندێکجاریش کە دەقێکی شیعریم تەواو دەبێت، بۆخۆم وەکو خوێنەرێک دەیخوێنمەوە لەودەمەدا بزەیەک دێتە سەر ڕوخسارم و لەگەڵ خۆم و لەگەڵ مرۆڤەکەی ناوەوەی خۆم دەکەومە حیوار و گفتوگۆیەکی بێدەنگ، ئیدی نیگاکانم پڕ ئومێد دەبنەوە و دەڵێم دەبێ بنووسین و هەر بنووسین، هەمیشە وێنەی ئەو شتە جوانانە بکێشینەوە کە ژیان و بوون بە هۆیەوە هەناسە دەدەن، دڵنیام ڕۆژێکیش دادێت ژیان وەک خەونەکانی ئێمە و وەک خەیاڵە شیعریەکانی ئێمە و وەک خۆزگە و ئومێدەکانی ئێمە جوان و ڕازاوە دەبێتەوە، مرۆڤیش وەک بوونەوەرێکی پڕ لە بەهاکانی جوانی و پڕ لە بەهاکانی پیرۆزی سەیر دەکرێت!

**ڕابەر فاریق**:ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەسەی مۆدێرن و چەمکە جیهانیەکان دۆخی گشتی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکانی بەرە و چارەسەر پەڵکێش بکەن؟

**ناڵە حەسەن:** بەڵێ لە نێو کوردان ڕووناکبیر و ڕەخنەگری وشیار و جدیمان هەن کە زۆر مۆدێرنیستانە و پێشڕەوانە و جەریئانە دۆخی کوردستان دەخوێننەوە و ڕەخنەکانیان لە برامبەر دەسەڵات و سیستەمی بەڕێوە بردنی کۆمەڵگە و

بــەڕێوە بردنــی پــەروەردە و فێرکــردن و زانکۆکــان و چــەمکی دیمــوکراس و ئــازادی تــاک و ڕەوشــی ڕونــاکبیری و تەنانــەت قسەکردن لە ئایندەی کوردستان و کۆمەڵگەی مــەدەنی و... زۆر شـتی تـر، وە بـە دیـدێکی زۆر ڕۆشـن زۆر مەدەنیانـە ڕەخنـە و شیکار و ڕووانگەکانیان دەخەنە ڕوو بەڵام، کارەسات و ئافاتەکە لێرەوەیە لە کۆمەڵگەیەکی شـەش ملیـۆنی، شـەش رووناکبیر و شــــەش ڕەخنـــەگری جـــدیمان هـــەبێت!! وە پەلکێشـــکردنی قەیرانەکانیش بەرە و چارەسەرکردن ئەمەش کاری ڕەخنـەگر و ڕووناکبیرەکانمان نیە وابزانم لە دوایین ژمارەی ڕەخنەی چاودێر لە دیمانەیەک دا پرسیارێکی لەو بابەتـەیان لـە " مـەریوان ووریـا قانیع "یان کردووە، دەربارەی ئەوەی ئەمان تەنها ڕەخنە دەگـرن و خۆیان لە چارەسەریەکان دەدۆزنەوە! ئەویش زۆر بـە ڕۆشـنی وەڵامــی دروســتی خــۆی داوەتــەوە و پێویســت بــەوە ناکــات قســەکانی ئــەو یــان وەڵامێکــی لــەو چەشــنە لێــرەدا دووبــارە بکەمەوە، من ئەگـەر لێرەدا نموونەیـەک بهێنمـەوە وەک ئـەوەی دەبینم، ڕووناکبیر و ڕەخنـەگرانمان دەتـوانن لـە سـەرچاوەکەوە ئاوەکە بپاڵێون و ڕوونی بکەنەوە بـەڵام، نـاتوانن و کـاری ئـەوان نیە ئاراسـتەی جۆگـەکان بگـۆڕن، بۆیـە ئـاوە پـاڵێوراو ڕوونەکـە تێکەڵ بە هەمان سەرچاوەکانی جـەهل و نـەزانینی دەسـەڵات و سیستەمی باو دەبنەوە!

**ڕابــەر فــاریق**:لــەنێو ڕۆشــنبیرانی ئێســتەی کوردســتاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمـە دەتـوانین بڵێیـن ئەمانـە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژەدان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێک و کەسێک وەکو (ڕۆشـنبیری گـەورەی کورد) دەناسێنن؟

**ناڵــە حەســەن**:بـەر لەهەرشـتێک دەمـەوێ ئـەوە بڵێـم مـن بــەهۆی دووری و ســەرقالیمەوە زۆر ئاگــاداری ئــەو گــرووپ و دەســتە و تاخمانــە نیــم کــە بــەڕێزتان باســیان دەکــەن، لەگــەڵ ئــەوەش مــن بۆخــۆم پشــتیوانی لــە هــەر گــرووپ و کەسێک و دەنگێکـی تـازە و نوێخـواز و داهێنـەر دەکـەم، هـەر دەنگێـک و

هەوڵێکی نوێ و پێشڕەو و مۆدێرن مایەی خۆشحاڵی و دڵفرازیم دەبێت. دوای ئەوەش هەر گرووپ و کەس و لایەنێک ئازادن کـێ بە ڕووناکبیر و داهێنەری گـەورە دەناسـێنن، لەمبارەیـەوە نـابێت هیچ نیگەرانیەکمان هەبێت چونکە، چۆن ئازادی بۆخۆمان بە ڕەوا دەبینیـن پێوسـتە بـۆ بەرامبەرەکەشـمان بـە هەمانشـێوە، بـەڵام دیسانەوە دەمەوێت لەوە دڵنیتان بکەمەوە ئەگەر کەسـێک خـۆی ڕوونـاکبیر و داهێنـەر نـەبێت هـەموو دنیـا و هـەموو دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و هـەموو کەسـەکان و گرووپـەکان بچنـە پشـتیان و دەهۆڵیان بۆ بکوتن، من بە دڵنیاییەوە دەڵێم: هەموو هەوڵـەکان و ناوهێنان و لەسەریەکتری نووسینەکان و هەموو دەهۆڵەکان وەک بڵقی سەر ئاو دەبێت و هیچی تر، دوایین قسەشـم حـەز دەکـەم ئەوە بڵێم، دنیای داهێنـان و ئەفرانـدن هێنـدە بـەرین و فـراوان و قووڵە، جێگـای هـەموو کەسـێک و گرووپێـک و دەسـتە و تـاخم و دەنگێکی تیا دەبێتەوە!.

دەکرێ شاعیر، ڕەخنە یان هاوار بە دژی هەموو ئەو شتانە بکات کە ڕۆحی مرۆڤ بچووک دەکەنەوە و ناهێڵن بە ئارامی دەستلەملانێی خەونە جوانەکانی بێت

**ئامادەکردنی: حەمە کاکە ڕەش**

**حەمە کـاکە ڕەش:** دەمەوێــت بتگەڕێنمەوە بــۆ منــداڵی، منداڵی تۆ چۆن بوو؟ کەی هەستت کرد گەورە بوویت؟ چیـن ئەو وێنەو خەیاڵ و تابلۆیانەی کەوا لەسەردەمی منـداڵیەوە تـا ئێسـتا بەشـێکی دانەبـڕاون لە ڕۆحــی تــۆ؟ ئایــا لە منداڵیــدا هیــچ پەیوەندیەک لەنێوان تۆ و شیعردا هەبوو؟

**-ناڵە حەسەن:** من هەمیشـە بە دوو دیـو لە منـداڵی خـۆم دەڕوانـم، دیوێکیـان وەک هەر منـداڵێکی تـر، منـداڵیم کۆمەڵێـک تابلۆ و وێنەی جوان و ناسک و ڕەنگین بوون، کە پڕاوپڕ بوون لە هەناسە و ڕەنگە بەرائەتیەکانی منداڵی و هەروەهـا پڕاوپڕبـوون، لە چەتوونی و هاروهاجی و گەمە و شەڕ و هەتا دوایی. مــن زۆر لەزەتم لەو یاریانە دەبینی کە لەگەڵ منـداڵانی هـاوتەمەنی خـۆم لە کۆڵانەکـان دەمـانکرد، لە هەمـوو یاریەکـانیش زیـاتر حەزم لە یـاری (تـۆپی پـێ) بـوو، لە هەمانکـات، یـاریزانێکی زۆربـاش و چـالاکیش بـووم. یەکێـک لە خەونە هەرە سـەرەتاییەکان و هەرە جوانەکـانی منـداڵێم ئەوە بـوو، ببـم بە یـاریزانێکی تـۆپی پێـی

بەناوبانگ! تەمەنێکی دوورودرێژم لەگەڵ تۆپی پێ بەسەر برد، زۆرێک لە تەمەنی منداڵیم و هەموو تەمەنی هەرزەکاریم و بەشێک لە تەمەنی لاوێتیشم. گۆشەیەکی تر، لە وێنە و تابلۆکانی منداڵیم (خوێندن و قوتابخانە) بوون. ڕەنگە بە پێچەوانەی زۆرێک لە منداڵانی هاوتەمەنی خۆم، من بە عەشقەوە دەڕۆیشتم بۆ قوتابخانە. بێئەندازە حەزم لە خوێندن بوو، یەکێک لە قوتابییە هەرە زیرەکەکانی نەک پۆلەکەمان، بەڵکو قوتابخانەکەمان بووم. هەموو ساڵێک بە یەکەمی پۆلەکەمان دەردەچووم. خۆشترین کاتم ئەوکاتانە بوو کە لە قوتابخانە بووم، مامۆستاکانی خۆمم زۆر خۆشدەویست. زۆر سوودم لە ئامۆژگاریەکان و قسە بە نرخەکانیان وەردەگرت، ئێستاش زۆربەیانم لە بیر ماون. تا ئێرە ئەوە دیوێکی منداڵیم بوو، واتە دیوی دەرەوەی ماڵ (کۆڵان و گەڕەک و قوتابخانە) بەڵام، دیوەکەی تر دیوی ماڵەوە بوو، واتە ژیانم لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و براکانم. بەو پێیەی من لە خێزانێکی ئێجگار هەژار هاتبوومە نێو ژیانەوە، بۆیە لە سەرەتاییترین پێداویستیەکانی منداڵی و ژیان بێبەشبووم. ژیانێکی هێندە تراژیدی و خەمناک تا ئاستی مەرگ! ئەوبەشەی منداڵیم پڕاوپڕە لە تابلۆ و نیگاری دڵشکان و ئازاربەخش. دەتوانم بڵێم پەیکەرێکە لەنێو زەردەخەنە مۆنالیزاییەکەی سەر ڕوخساری قووڵترین میحنەتیەکانی برسێتی و هەژاری و ناسۆریەکانی ژیان دەخوێندرێتەوە! ئەوبەشەی ژیانم جەستەیەکە ئێستاش هەناسە ساردی و نائومێدی وەبەردێتەوە. لەوبەشەی ژیانی منداڵیم، ڕۆژ نەبوو لەنێو ڕامانەکانم فرمێسکی دڵشکانی لەنێو چاوەکانم قەتیس نەبێت و شەو نەبوو بە هەناسە ساردی چاوەکانم لێک نەنێم. لەبەر ئەو ژیانە بەشمەینەتیەی ماڵەوەمان، هەرزوو خرامە بەر ئیشکردن. زۆر منداڵ بووم دەستم بە کاری دەستفرۆشی کرد هەر لە گوڵەبەڕۆژە فرۆشتن و پاقڵاوە و شەڵغەم و... هەموو شتەکانی تر. هەموو ڕۆژێک، دانەک لە قوتابخانە بووم دانەکیش لە ئیشکردن. بێگومان جگە لە هەینی، هەینی بۆ ئیشکردن و یاریکردن بوو. نازانم چۆن فریای یاریەکانم دەکەوتم؟ زۆرجاران لەبەر نەبوونی کات لە یاریەکانم بێبەشدەبووم، یان هەندێکجار بە دزی ماڵەوە سێنی پاقڵاوەکەم لە بن دیوارێک دادەنا و لەگەڵ منداڵان یاری تۆپانێمان دەکرد! بە

پێـی ئەوەی زۆربەی کاتەکـانی دوای قوتابخـانەم لە ئیشـکردن بەسەر دەبرد، بۆیە دەبووایە هیچ کاتێکم نەبێت بۆ یـاریکردن یـان قوتـابییەکی تەمبەڵ بـام، بەڵام بە پێچەوانەوە کـاتم بـۆ هەمـوو شتێک دەڕەخسـاند، هەرگیـز ئەم ڕۆژانە و ئەم تابلۆیـانەم لەبیـر نـاچنەوە!. دەربـارەی ئەوەش کەی هەسـتم کـرد گەورە بـووم؟ بەبیرم دێت زۆر منداڵ بووم کە بۆ یەکەمجار خەونێکی ئیرۆسـی و ڕۆمانسیم بینی، بەیـانی کە لەخەو هەڵسـام بینیـم بێجـامەکەم تەڕ بـووە بە ئـاوێکی لینـج لینـج، زۆر قێـزم لە خـۆم کـردەوە و بەشەرمەوە وەک ئەو کچۆڵانەی بۆ یەکەمجار عادە دەبن، ئەمەم بۆ برادەرێکم گێڕایەوە، ئەویـش پێکەنـی و گـوتی (ئەوە شـەیتان پێت پێکەنیوە، واتە شەیتانی بووی). هەرچەندە زۆر منـداڵ بـووم بەڵام هەستم بەوە کرد کە گەورە بوویم. ئەو بیرۆکەیە نەک تەنها لەلای منی منداڵ، بەڵکـو لای تەواوی کـۆمەڵگەی کـوردەواری و زۆرێـک لە کـۆمەڵگەی تریـش هەروا بیـردەکەنەوە کە پێیـانوایە، بەگڕکەوتـن و دەسـتبەکاربوونی غەریـزە سێکسـیەکان تەنهـا لە تەمەنی بالغبوون دەست پێدەکات. فرۆیـد لە کتێـبی (سـێ وتـار دەربارەی سێکس) باس لەم بابەتە دەکـات و ئەم تێگەیشـتنە بـۆ غەریـــزەی سێکســـی بە هەڵەیەکـــی گەورە دادەنێـــت. چـــونکە دەســـــتبەکاربوونی غەریـــــزە سێکســـــیەکان لە تەمەنـــــی زۆر منداڵیەوەش دەست پێدەکات، بە پێی بیرکردنەوەکانی فرۆید، لە تەمەنـــی شـــیرەخۆریەوە واتە کـــۆرپەییەوە دەســـت پێـــدەکات. دەربارەی پەیوەندی من لەگەڵ شیعر هەر لە منداڵیەوە بووە. لە پـــۆلی ســـێیەمی ســـەرەتایی بـــووم هەر کاتێـــک لەگەڵ دایکـــم دەچـووین بـۆ بـازاڕ، ئەوسـەردەمانە چاپخـانەی" کوردسـتان "ی مامۆستا " گیو موکریانی " لە ڕێزە دوکـانەکەی بـن قەڵاوە بـوو. من هەرکە دەگەیشتمە بەردەم چاپخانەکە بێئەوەی ئاگام لەخـۆم بێت دەوەستام و لە جامخانەکەوە سـەیری کتێبەکـانم دەکـرد، بە تایبەت دیوانە شیعریەکان، ئەوکاتە دیوانەکانی (ناڵی و وەفـایی و کـوردی و ئەدیـب و دڵـدار و زۆرێـک لە شـاعیرە کلاسـیکیەکان) لەویدا هەڵواسرابوون. من ناونیشانەکانم دەخوێندەوە و سـەیری نرخەکانیـانم دەکـرد. یـان سـەیری ئەو مەکینەیەم دەکـرد لە دەرەوە را دیـار بـوو، کە کتێبەکـانی چاپـدەکرد و پەڕەکـان یەک لەدوای یەک وەردەگەرانـد زۆر بەلامەوە سـەیر بـوو، بێئەنـدازە

سەرسـام بـووم بەو مەکینەی چـاپە. هەمـوو جارێـک لە دایکـم دادەبــڕام کە بەئاگــا دەهــاتمەوە غــارم دەدا، هەنــدێکجار زۆر دەگەڕام تا دایکمم دەدۆزیەوە. مامۆستا گیو موکریـانی هەسـتی بەوە کرد بوو من زۆرجاران لە بەردەم چاپخانەکەی دەوەسـتم و سـەیری کتێبەکـان دەکەم، جارێکیـان هـاتە دەرەوە و دەسـتی لەسەر شانم دانا بە زمانێکی شیرینی منداڵانە باسی هەنـدێک لە کتێبەکانی بۆ کردم ئەوەشی پێ وتـم کە ئەو میللەتـانەی کەسـی خوێندەوار و ڕووناکبیریان هەبێـت چەنـدە بەختەوەر و شـادومان دەبـن و لە هەمانکـاتیش، پێشـکەوتوو و سـەرفراز دەبـن! هەر ماوەیەک دوای ئەوکـاتە وابزانـم لە پـۆلی چـوارەمی سـەرەتایی بـووم، بیـرم دێـت بـۆ مـاوەی دوو هەفتە ڕۆژانەی خـۆم خەرج نەکرد تـا " سـەد فلـوس واتە دوو درهەم "م کـۆکردەوە، چـووم دیـوانی دڵـدارم پێـی کـڕی چـونکە لە هەموویـان هەرزانـتر بـوو. یەکەمین کتێبی منی منـداڵ.. هەمـوو شـەوێک تـا درەنگـی شـەو دەمخوێنـدەوە، زۆرێـک لە شـیعرەکانم لەبەر کـرد بـوون، لەگەڵ خۆمدا دەمبرد بۆ کۆڵان و قوتابخانە، بـۆ منـداڵان دەمخوێنـدەوە. بێئەنـدازە پێـی دڵخـۆش بـووم وامـدەزانی مـن خـاوەنی هەمـوو دنیـام. لە پـۆلی پێنجەمـی سـەرەتایی ئەوکـاتە هەنـدێک کتێـبی تریشم کڕیبوون بۆ نموونە (دیوانی نالی، وەفایی، کوردی،.. یـان هەنـدێک لە گۆڤارەکـانی بەیـان و کـاروان و ڕۆژی کوردسـتان و چەند کتێبێکی تریش..) برادەرێکم دیوانەکەی دڵداری لێـوەرگرتم بردیەماڵەوە و بڕیـار بـوو بـۆ بەیـانی بـۆم بگەڕێنێتەوە، بەڵام تـا ئێستاش نەیهێنـاوەتەوە. هەمـوو ڕۆژێـک داوام لێـدەکرد کە بـۆم بهێنێتەوە بەڵام، هەرجارەی بە بیانوویەک خۆی لە دەستم دەربـاز دەکرد.. ئەو کتێبەی کە یەکەمین کتێـبی منـی منـداڵ بـوو، کە بە قەد گلێنەی چاوەکــانی خــۆمم خۆشدەویســت لێیــان بــردم و نەیانگەڕاندەوە بۆم، بە قەد دەریایەک ئازارم پێوە بینـی و خەمـم بۆی خوارد. بۆیە دەتوانم بڵێم پەیوەندی من و شـیعر لە منـداڵی، پەیوەندیەکی سروشتی و خۆڕسـک بـوو، لە دیمـانەیەکی تریـش گوتــوومە، لە پــۆلی پێنجەم و شەشــەمی ســەرەتایی بە شــیعر پەخشانەکانی وانەی کوردیم بۆ مامۆسـتاکەم دەنووسـی، لەگەڵ چەند برادەرێـک یەکێـک لەوانە بـرادەری ئـازیزم کـاک " نەجـات عەبدوڵا " کە ئێسـتا نووسـەر و وەرگێڕێکـی دیـار و ناسـراوە، بە

شـیعر نامەمـان بـۆ یەکـتری دەنووسـی. بـۆ کچـانی کـۆڵان و گەڕەکەکەمـان بە شـیعر نـامەی دڵـداری و عاشـقانەم بۆیـان دەنووسـی، زۆر حەزم لە خوێنـدنەوە بـوو لە هەموویـان زیـاتر شیعرم دەخوێندەوە.. هەر گۆڤـارێکی تـازەم بکڕیبـا شـیعرەکانم پێش هەموو بابەتەکـانی تـر دەخوێنـدەوە. وردە وردە وام لێهـات خەونم بەوەوە دەبینی ببم بە شاعیر و نووسەر.لێتان ناشـارمەوە زۆر ئیرەیپـم بە بـرای شـاعیرم کـاک" کەریـم دەشـتی" دەبـرد، چونکە ماڵی ئەوانیش لەو کۆڵانە بوو کە هەموو تەمەنـی منـداڵی خـۆمم لەوێـدا بردبـووە سـەر، کە شـیعرەکانیم لە گۆڤارەکـانی ئەوکاتەی وەک کاروان و یان ڕۆژنـامەی هاوکـاری لەگەڵ وێنەی خۆیدا دەدیت هەموو جارێک ئاهێکم هەڵدەکێشـا، بەمانـای دەبـێ کەی منیش ئاواهی شیعر بڵاو بکەمەوە و لەگەڵ وێنەی خۆمـدا و هەموو کەسـێک بیـبینێت؟.. لە پـۆلی شەشـەمی سـەرەتایی دوو دەفتەری پڕ لە شیعری خـۆمم هەبـوو، هێنـدە شـەرمن بـووم بە دزیەوە شـیعرم دەنووسـی جگە لەچەنـد برادەرێکـی نزیکـم بە کەسـم پێشـان نەدەدا.. ئێسـتاش سـەرم لەوە دەرنـاچێت مـن چەنـدە منـداڵێکی زیـرەک و چـاڵاک و بزێـو بـووم بەڵام، بەو ئەنـدازەیەش شـەرمن بـووم، شـەرمنی ڕووبەرێکـی فراوانـی منداڵی منی داگیر کـرد بـوو. لەوکاتـانەش ئەفسـانە کوردیەکـانم زۆر دەخوێندەوە بە تایبەت ئەوانەی بە شیعر نووسرابوون.

- **حەمە کــاکە ڕەش:** ئایــا لە پشــتی شــیعرەکانتەوە ئیلهامێکی کەڵەگەت وەستاوە یان ڕۆشنبیریەکی فرەڕەهەند؟

- **ناڵە حەسـەن:** دیـارە وەک زۆربەی شـاعیرانی تـر، بـۆ منیش ئیلهام هۆکارێکی بنەڕەتیە بـۆ نووسـینی شـیعر. بەو پێیەی نووسینی شیعر ئیشکردنە لەنێو ڕووبەرەکـانی خەون و خەیـاڵ و ڕووبەرە نادیارەکـان، بـۆیە ئیلهـام وەک فـاکتەر و کـاریگەریەکی غەیــبی و نادیــار ڕۆڵــی خــۆی دەبینێــت لە هــاتنی بیــرۆکە ناوەختەکـانی شـیعر. جـا ئەم ئیلهـامە سـەرچاوەکەی لە کـوێی گۆشە بێئاگاییەکان و لە چ پانتـاییەکی نەسـتیەوە دێـت، ئەمەیـان وەڵامـدانەوەی کـارێکی ئاسـان نیە. بەو دەلیلەش ئەمە دەڵێـم،

چونکە من بە پێی ئەزموونی شیعری خۆم، کاتێکی دیاری کـراوم نیە بۆ نووسینی شیعر. جاری وا بـووە لە خەودا ئیلهـامی شـیعرم بـــۆ هـــاتووە، کە لە خەو هەڵســـاوم خەیـــاڵی شـــیعری تەواو بیرکردنەوەکانی داگیر کردووم، یان بیرۆکەی شیعرێکی تازەم بۆ هاتووە، یان بەشێکیتری شیعرێکی تەواو نەکراوم نووسـیوەتەوە. یان لە کاتی گەرمەی ئیشکردنم خەیاڵی شیعریم بۆ هاتووە، یـان بەدەم پیاسەکردن، یان بەدەم خوێندنەوەی کتێبێک، ئەمە جگە لە ئیلهام و هاتنی خەیاڵێک لە ڕووبەرێکی نادیارەوە هیچ شتێکی تـر نیە، یـان هـاتنە قسـەی کەسـەکەی ناوەوەمـانە کە هەڵگـری بوخچەی غەریزە چەپێندراوەکان و خەون و خولیـا و ئومێـدەکانە. بەڵام ئیلهامیش بە تەنها بەس نیە بۆ نووسـینی شـیعر. ئیلهـام بە تەنها ناتوانێت، پرست و قوڵایی بە شیعر بدات و یـان تێگەیشـتن لە چەشـەی جوانکـاری و نوێخـوازی و زمـان و داهێنـان. ئەمـانە پێویستیان بە سەرچاوەیەکی ڕۆشـنبیری فرەڕەهەنـد هەیە. یـان هەوڵـدان بـۆ نووسـینەوەی خـود و ئیشـکردن لەسـەر کـۆد و هێماکـانی زمـان و پەرەپێـدان و نوێکردنەوەیـان. زۆرن ئەوانەی چەندین ساڵە شیعر دەنووسن و سەرچاوەی هیـچ ڕۆشـنبیرییەک لە پشتی شیعریەکانیانەوە نابینـدرێن. بە بـڕوای مـن بـۆ وەڵامـی ئەم پرسـیارە وا پێویسـت دەکـات ڕەخنەگـر و خـوێنەری جـدی سـەنگی مەحەک بـن. ئەوان باشـتر ئەوە دەبینـن کە لە پشـتی شـیعرەکانی هەر شـاعیرێک ئایـا تەنهـا ئیلهـام وەسـتاوە یـان ڕۆشنبیریەکی فرەڕەهەند. چونکە ئەوان لە ئاکامی خوێندنەوە و بەدواداچوونەکانیـان لە ئەنجـامی ڕامـان لە قـووڵایی زمـان و بونیادە فیکری و کۆمەڵایەتیەکانی دەقەکە ئەمە دەبینـن و درکـی پێدەکەن.

- **حەمە کاکە ڕەش:** قۆنـاغی نـوێی شـیعری کـوردی بـۆ چەنــد قۆنـــاغ دابەش دەکەن؟ گەڵێــک ڕاوبۆچـــوونی جیـــاواز دەربـارەی دەستنیشـانکردنی سـەرەتاکانی تـازەگەری شـیعری کوردی نووسراون، بە بڕوای تۆ ئەو دەستنیشـانکردنانە تـا چەنـد تەواو و بێ هەڵەن؟ ئەی تۆ چۆن دەستنیشانی دەکەی؟

- **ناڵە حەسەن:** لەگەڵ گۆڕانی پێکهاتەی هەر کۆمەڵگەیەک یان گۆڕان لە بنەما ئابووریەکان، دەبێتە هۆی گۆڕانی بیری کۆمەڵگەش. ئەم گۆڕانەش لە ئەدەب و هونەر دا بە شێوەیەکی بەرچاو کاردانەوەی خۆی دەبێت. بە شێوەیەک کاردەکاتە سەر پێکهاتە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەش. لە ئەدەب و هونەر بە تایبەت لە شیعر.. من پێموایە، هەر گۆڕانێک یان هەر هەوڵێکی نوێخوازی یان هەر ستایلێکی نوێ لە زمانەوە سەرچاوە دەگرێت. مەبەستمە ئەوە بڵێم، لە بونیادی دەقی شیعری زمان پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی و زیندووی هەیە. وە باوەڕیشم بەوە هەیە بە جیا لە گۆڕان لە بنەما ئابووریەکان یان لە پێکهاتە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، لە ڕێگەی قوڵبوونەوە و داهێنانی نوێ لە زمان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی مانای تازە بۆ وشە و دەستەواژە و هێما و کۆدی نوێ، ئەمە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێ و تەنانەت ستایل و فۆرمی نوێش. چونکە ئاڵوگۆڕ و نوێبوونەوە لە زمان دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ و نوێبوونەوە لە تەواوی پێکهاتە و بونیادی دەق. دەربارەی نوێبوونەوە و نوێخوازیش لە شیعری کوردی و دیاریکردنی قۆناغەکانی نوێخوازی، من پێموایە ئەوەی تا ئێستا گوتراوە بۆچوونەکان لە یەکتریەوە نزیکن. بە بڕوای من نوێخوازی لە شیعری کوردیدا لە شەستەکانەوە دەستی پێکردووە، واتە لەسەردەمی گۆرانی شاعیر. گۆران گۆڕانی تەواوی بەسەر زمانی شیعر و خەیاڵی شیعری و بونیادی شیعریدا هێنا.. گورزێکی کوشندەی دا لە زمان و ستایلە کلاسیکی و تەقلیدیەکان. بە تایبەت لە (کێشی عەروزی عەرەبی)، لە شوێن ئەمە کێشی کوردی کە بە کێشی پەنجە ناویان دەبرد. شیعری کوردی لەسەر دەستی گۆران چووە قۆناغێکی تازەوە.. بە دوای گۆران یش دەکرێ باسی شاعیرانی حەفتاکان بکەین. لە نێویاندا (شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و... چەند شاعیرێکی تر) ئەوانیش بۆ سەردەمی خۆیان چ وەک زمانی نووسین چ وەک شێواز و ستایل تەواو جیاواز بوون لەگەڵ شاعیرانی سەردەم و شاعیرانی پێشخۆیان. بەدوای ئەوانیش دەکرێ شاعیرانی هەشتاکانیش وەک و قۆناغێک باس بکەین لە نێویاندا (ئەنوەر مەسیفی و عەباس

عەبدوڵا یوسف و سەباح ڕەنجدەر و تا ئاستێک کەژال خدر و ئەحمەدی مەلا و هاشم سەڕاج و قوبادی جەلی زادەو زۆرانی تر) ئەمانەش لەو دەورانەی ئەوسا، وەکو دەنگێکی نوێ تەواو جیاواز بوون لەگەڵ نەوەی پێشخۆیان، دوای ئەمانەش دەکرێ هەندێک لە شاعیرانی دوای ڕاپەڕینیش باسبکەین، کە خۆشم یەکێکم لە شاعیرانی دوای ڕاپەڕین، ئێمەش تەواو بە شێوەیەکی جیاواز نووسیمان.. لە دەورانی ڕاپەڕین ڕێچکەی شیعر کەوتە سەر سکە بنەڕەتیەکەی خۆی، بەمانای شیعر کەوتە سەر ڕێچکەی ئامانج نەک هۆکار.. بەمانای شیعر بەرگی وەزیفە و پەیام و هاندان و هۆشیارکردنەوەی دامالی و ملوانکەی ئەم سەرووەریانەی لە گەردنی خۆیدا پچڕاند. هەوڵەکان چڕبوونەوە لەنێو بازنەی داهێنان لە زمان و نووسینەوەی خود و گەڕان بە دوای دۆزینەوەی حەقیقەتەکانی جوانی. ئەم هەوڵانەی ئیشکردن لەسەر ناوەوەی خود لەسەر غەریزەکان و ڕووبەری نەستی و کێڵگە چەپێندراوەکان، تەواو جیاواز بوو لەگەڵ شاعیرانی پێش ڕاپەڕین، مەبەستمە ئەوە بڵێم لەلای شاعیرانی دوای ڕاپەڕین زمانی شیعر گەشەی زۆری بە خۆیەوە بینی بەتایبەت، چەمکە ئیرۆتیکەکانی زمان و یان ئیشکردن لەسەر خەیاڵی ئیرۆتیکی. لە دوای ساڵی دوو هەزاریش چەند لاوێکی خوێنگەرمی شیعر کە خەریکە وەک دەنگێکی نوێ دەردەکەون، لە هەوڵدانداندان بۆ داگیرکردنی ڕووبەرێک لە نێو پانتاییەکانی داهێنان و جوانی، هەندێک لەو لاوە تازانە بە سەرەتایەکی جوان دەستیان پێکردووە ئومێدی زۆریان لێدەکرێت وەک و نەوەیەک یان وەک و خاوەن دەنگ و ڕەنگ و شێوازی تایبەتی خۆیان دەربکەون، لە هەمانکاتیش کاریگەری زیاتریان هەبێت و قۆناغی نوێی شیعری کوردی بگەیننە ئاستێکی تر.

- **حەمە کاکە ڕەش:** لە ڕۆژگاری ئێوەدا زۆرێک لەو جیلەی ئێوە لەگەڵ ئەدەبدا خەریکی سیاسەتیش بوون. دەپرسم ئایا تۆ هیچ بەشداریەکی سیاسی و شۆڕشگێڕیت هەبووە؟ پێمخۆشە وەک شاعیرێک حیکایەتی دونیای سیاسەت بگێڕیتەوە کە چۆن بوو؟

- **نـاڵە حەسـەن:** دیـارە نەک تەنهـا ئێمەی شـاعیران و نووسـەرانی کـورد، بەڵکـو زۆرێـک لە نووسـەرانی جیهـانیش بە تایبەت لەسەرەتای ساڵەکانی سـەدەی بیسـتەمەوە، واتە بەدوای جەنگـی جیهـانی یەکەم و بەسـەرکەوتن گەیشـتنی شۆڕشـی ئۆکتـۆبەر و دەسـتپێکردنەوەی شۆڕشـی پیشەسـازی و جێکەوتەبـوونی هەیمەنەی کۆمـۆنیزم و ئومێـدی بەدیهـاتنی دنیـایەکی باشـتر بـۆ مرۆڤەکـان. لەو سـەردەمانەش زۆرێـک لە قوتابخانە ئەدەبی و هونەریەکانی مۆدێرنە سەریان هەڵدا. زۆرێک لە نووسەرانی ناودار و بەتوانـا بەتـایبەت لە فەڕەنسـا و تەواوی ئەوروپـا و ئەمەریکـای لاتیـن و ئاسـیا بەشـداریەکی بەرچـاوی سیاسەتیان کـرد. بەتـایبەت لە چوارچێـوەی خەبـات و شۆڕشـی سۆشیالیسـتی دا. منیـش وەک هەر نووسـەرێک و مرۆڤێکـی ئـازادیخواز، بە ئەنـدازەیەکی بـاش بەشـداریم لە سیاسـەت دا هەبـووە. بەشـداریکردنم لە سیاسـەت وەک هەر نووسـەرێکی جـدی لە پێنـاو جـوانکردنی ژیـان و بەدیهـاتنی هەمـوو خۆشـی و بەختەوەریەکان بووە بۆ کۆمەڵگەی کوردیمان. بەشـداریکردنم لە سیاسەت هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتی و تاکەکەسـیم بە دوایەوە نەبووە. ئەوڕۆژانەی من لە خۆم و دەوروبەرم تێگەیشتم زوڵـم و ستەمی ڕژێمی بەعـس بە دژی کـۆمەڵگەی کـوردی بە ئەوپەڕی گەیشت بوو. وابزانم وەستانەوە بە دژی ستەم و زۆردارییەکـانی ڕژێمی بەعس نەک هەر کارێکی مرۆیی و نەتەوەیی بـوو بەڵکـو، پێداویسـتیەکی حەتمیـش بـوو. هەر لە منـداڵیەوە هەسـتێکی یاخیبوون و نەتەوەیی و ئازادیخوازانە و هەسـتی بەرگریکـردن لە خەڵکـی هەژارو بێـدەرامەت و بەشـمەینەت، لە گەڵمـدا گەورە ببوو. لە تەمەنی هەرزەکـاریمەوە هەر زوو دەسـتم بە سیاسـەت کـــرد، لە گەڵ قوتابیەکـــانی هـــاوڕێم لە گەڕەک و قوتابخـــانە هەمیشـە گفتوگـۆی سیاسـیمان دەکـرد. لە پـۆلی چـوارەمی ئامـادەیی بـووم کە بـووم بە ئەنـدامی (کـۆمەڵەی ڕەنجـدەرانی کوردستان). لە زۆربەی خۆپێشاندانەکانی قوتابیانی ئەوکاتەی نێو شاری هەولێر بەشداری بەرچاوم هەبوو. مـن خـۆم لە ئامـادەیی کوردستان بووم. ئەوسەردەمانە جگە لە زانکۆکان ئامادەیەکـانی

(کوردســـتان و ڕزگـــاری و هەولێـــر) پڕاوپڕبـــوون لە قوتـــابی شۆڕشـــگێڕ و خـــوێن گەرم. زۆرێـــک لە هاوڕێیـــانی گەڕەک و قوتابخانەکەمـانم هێنـابووە نێـو ڕێکخسـتنەکانی کـۆمەڵەوە. بـۆ ماوەی شەش ساڵ لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە و یەکێتی مـامەوە.. دواتـر، لەگەڵ خوێنـدنەوەی کـتێب و سـەرچاوەکانی مـارکس و ئەنجلس و لینین و کتێبەکانی ترۆتسکی و بلیخانۆف و هەندێک لە کتێبەکانی مەنسور حیکمەت و جۆرەکـانی بنەچەی داروین و ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی ڕەخنەیان لە ئایینەکـان دەگـرت، گـوێگرتن لە ڕادیۆی کۆمەڵەی ئێران و بە تایبەت لە بەرنامەی دەرسەکانی مارکســـیزم، ئەمـــانە هەمـــووی بەیەکەوە زۆر بە خێرایـــی ئاڵوگۆڕێکی ڕیشـەیی و فیکریـان بەسـەر بیرکردنەوەکانی منـی لاودا هێنا. ئەوەیان فێرکردم ڕوانگەیەکی مادیانە و زانستیانەم بۆ بوون و دەوروبەر و ژیان هەبێت. بۆیە بێئەوەی بەخۆمبزانم خـۆم لەنێو کاریگەریەکـان و جیهـانبینی مـارکس و مارکسـیزم بینیەوە. وازم لە ڕیزەکانی کۆمەڵە و یەکێتی هێنا، وابزانم ئەوکاتە سـاڵی ١٩٨٧ بوو. بۆ ماوەیەکی کەم، لەگەڵ برادەرانـی ئـاڵای شـۆڕش نزیکـایەتی زۆرم هەبـوو، لەوسـەردەمانە تەوەری گفتوگۆکانمـان زیاتر لەسەر ئایین و ئافرەت و کۆمۆنیزم بوو. خۆمـان مەدەنیـتر پێشـکەوتوخوازتر دەبینـی لە بەرامبەر ناسیۆنالیسـت و کەسـی ئـایینی و کەسـی ئاسـایی! لەگەڵ هاوڕێیـانی گەڕەکەکەمـان لە ڕاپەڕینـی بـەهاری سـاڵی ١٩٩١ لە ئـازادکردی شـاری هەولێـر باشداریەکی جدیم هەبوو، هەر لە بەرە بەیانی ڕۆژی ئازادکردنی هەولێر، دوای ئازادکردنی بینـایەی پارێزگـا و ڕۆیشـتنمان بەرە و دائیـرای ئەمنـی گشـتی برینـدار کـرام، خەڵکـی ڕاپەڕیـو منیـان گەیانـــدە نەخۆشـــخانەی تەواری هەولێـــر. دوای ڕاپەڕیـــن بـــۆ ماوەیەکیش هاتوچۆی شوورا کرێکاریەکانم دەکرد و لە چاڵاکی و بۆنە و ئاهەنگ و مەراسیمەکانیان بە شیعر خوێندنەوە بەشـداریم دەکرد. لە ساڵی ١٩٩٣ بەیاننامەی پێکهاتنی (حیزبی کۆمۆنیسـتی کرێکـاری عێـڕاق) م ئیمـزا کـرد. لەگەڵ حیزبـی کۆمۆنیسـتی کرێکـــاری عێـــڕاق بە نهێنـــی کـــارم دەکـــرد و لەولاوەش وەک نووسەرێکی کۆمۆنیست لە کار و چاڵاکی ئەدەبی و هونەریەکـان بەشدار دەبووم. بۆ نموونە لەگەڵ چەنـد نووسـەرێکی هـاوڕێم " جەمـال کۆشـش و کـاروان کەکە سـوور و وەفیـق زامـداری

نیگارکێش و چەند برادەرێکی تر گۆڤاری" نینا "مان دەرکرد، وەک ئەمانەتێک حەزدەکەم ئەوە بڵێم (کاروان کاکە سوور) تەنها یەک ژمارە لەگەڵمان بوو. بەدوای دەرچوونی ژمارەی یەک کشایە و وازی هێنا. ئێمە بەردەوام بووین تا پێنج ژمارەمان لێدەرکرد، بەڵام دواتر بە هۆی سەفەرکردنی هەندێک لە برادەران و نەبوونی ئیمکانیەتی مادی ئێمەش وازمان هێنا، هەر لەم ماوەیەدا (تیپی نواندنی موژدە و کۆمەڵەی هونەری شەبەنگ - نینا ") مان پێکهێنا، زیاتر چالاکی ئەدەبی و هونەری کۆمۆنیستیمان دەنواند. لە ساڵی ١٩٩٨ کوردستانم بەجێهێشت و سەفەرم کرد بۆ تورکیا، ئەوکاتە تەنها (ڕەها) ی کچمان هەبوو، لە تورکیا (ڕەهەند) ی کوڕیشمان لە دایک بوو. لە سەرەتای گەیشتنم بۆ تورکیا لە کۆبوونەوەیەکی" شوورای پەنابەرانی عێراقی "، بە نوێنەری شوورای پەنابەران هەڵبژێردرام. بۆ ماوەی شەش مانگ نوێنەرایەتی شوورام کرد. مانگی جارێک دەبووایە بڕۆم بۆ (UN) لەگەڵ" عاکف " کە پارێزەرێک بوو بەرپرسی کەیسی عێراقیەکان بوو کۆببمەوە. تەوەری دانیشتنەکانیشمان لەسەر " کێشەو وەزعی پەنابەران و کردنەوەی مەلەفە داخراوەکان و پێدانی مافی پەنابەرێتیان " بوو، هەر لەهەمان ڕۆژ دەبووایە پارێزەرێکی تر بەناوی (سەمیع) کە بەپرسی مالیە بوو ببینم. تەنها ساڵێک لە تورکیا ماینەوە، کە فیزەکەمان گەیشت لە ٢٦ ی ئۆگستی ١٩٩٩ سەفەرمان کرد بۆ کەنەدا. لە کەنەدا دوو ساڵ خەریکی خوێندنی زمانی ئینگلیزی بووم، دوای تۆزێک فێربوونی زمان، بە چڕی دەستمکرد بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کەنەدی و ئەمریکی و قوتابخانە ئەدەبی و هونەریەکان و وردە وردە دەستم بە خوێندنەوەی بابەت و هەندێک لە کتێبەکانی فرۆید یش کرد.. لەم بەدواداچوون و خوێندنەوەیەم وردە وردە بیرکردنەوەکانم بۆ دنیای ئەدەب و شیعر و زمان و داهێنان گۆڕا، وردە وردە مەیلی سیاسەت لەلام کاڵ و کاڵ تر دەبوویەوە.. وردە وردە لە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بێئومێد دەبووم. وابزانم بەدوای ساڵی ٢٠٠٤ رەوە وازم لە حیزبی کۆمۆنیست و سیاسەت هێنا و لەدواهەمین جار بەوە گەیشتم کە (حەقیقەت بە تەنها لەلای من نیە!). ئیتر بەدوای ئەوەوە هەموو کاتی خۆم تەرخانکردوە بۆ

بەدەستهێنانی بژێوی ماڵ و منداڵەکانم و خوێندنەوە و نووسین و هیچی تر.

- **حەمە کــاکە ڕەش:** کــورد ئەدەبێکــی هەیە بەنــاوی ئەدەبی تاراوگە یان مەنفا - ئەدەبی کـوردی تـاراوگە ئەگەر هەیە لە چ ئاستێکدایە، ئەگەر نیە بۆ؟

- **ناڵە حەسەن:** ڕاستە لە لای ئێمەی کورد، دیاردەی کۆچ و سـەفەر بەرە و هەنـدەران لە دوای هەشـتاکان بەشـێوەیەکی بەرچاو دەسـتی پـپێکردووە، بە تـایبەت لە دەیەی نەوەدەکـان وە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە. ئەم سەفەر کردنە خـۆی لە چەنـد هۆکارێکی نـاوخۆیی و دەرەکـی دەبینێتەوە. کـۆچبەرانی کـورد بە شاعیر و غەیـرە شـاعیرەوە، هەموویـان گیـرۆدەی یەک کێشـەن ئەویش ئەوەیە، نـاتوانن ئەم نیشـتیمانەی لێـی گیرسـاونەتەوە بە نیشتیمانی خۆیـان بزانـن لەهەمانکـاتیش، نـاتوانن بگەڕێنەوە بـۆ نیشـتیمانی دایـک. بەمانـایەک وەک ئەوە وابێـت نەگەیشـتبنە دوا مەنـزڵگە لە کـۆچ و سـەفەر کـردن هەر بەردەوامـن. هەروەک ئەوەی " بەختیار عەلی " ئەم دیاردەیە بە (کـۆچ بەرەو ناشـوێن) نـاو دەبـات. ئەگەر بمـانەوێت قسـە لەسـەر شـیعر و ئەدەبیـاتی مەنفا بکەیـن دەبینیـن گیـرۆدەی هەمـان گرفـتین. دەتـوانم بڵێـم وەک ڕەوتێکـی ڕوون و دیـار خـاوەنی ئەدەبیاتێـک نیـن کە پێـی بوترێ " ئەدەبی " مەنفا "، کە ئەم ئەدەبە خـاوەنی خەسـلەت و شێوە و سیما و زمانی مەنفایی بێت. موعاناتی شاعیرانی مەنفـا زیـــاتر موعانـــاتی دوورە نیشـــتیمان و خەمـــی گەڕانەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەی بیرەوەریەکانە، مەبەستمە ئەوە بڵێم زیـاتر لەگەڵ دوێنێدا دەژین نەوەک ئەمڕۆ. کەمتر تێکەڵاو دەبـن لەگەڵ کەش و هەوای نیشـــتیمان و کـــەلتوور وشارســـتانیەتی نوێـــدا. ئەمەش لەبـــاری دەروونیەوە قەبـــووڵنەکردنی مەنفـــایە، واتە ڕەتکـردنەوەی مەنفـایە، بەمانـایەک، مەنفـا بە هەمـوو بـوون و پێکهاتەکـانیەوە لەنێـو ئەدەبیـاتی ئێمەی نووسـەرانی کـۆچبەر نابینـدرێ. هەر یەکێـک لە ئێمە لەنێـو خەیـاڵی خۆمـان لەهەوڵـی نەخشـاندنی نیشـتیمانێکی تریـن، بەمانـایەک لەم مەنفـایەش

ڕادەکەین بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕۆین. لە هەمانکـات هەمـوو جەستە و خەیاڵ و ڕۆحمان تامەزرۆیە بۆ نیشتیمانی دایک کەچی ناشـگەڕێینەوە! لەنێـوان نیشـتیمانی مەنفـا و نیشـتیمانی دایـک سەرگەردان دەسووڕێینەوە. نەمانتوانیوە ژیانی نیشتیمانی مەنفا و کێشـەو گرفتەکانمـان وەک کەسـێکی پەنـابەر بخەینە ڕوو. بـۆ نمـوونە موعانـاتی نەزانینـی زمـان و ئیـش و کـاری قـوڕس و شاگەشکەبوونمان بە کەلتوور و شارسـتانیەتێکی نـوێ، تـا ئێسـتا وەک پێویست ئەم ئازارانە لەنێـو ئەدەبـی نووسـەر و شـاعیرانی کۆچبەر وێنا نەکراوە. ئەمە نەک تەنهـا بـۆ شـیعر و شـاعیرانمان، بەڵکە حاڵی چیرۆک و ڕۆمانەکانیشـمان لەوە گەلێـک باشـتر نیە. ئەوەتا " بەختیارعەلی " خـۆی دەمێکە لە ئەوروپـا دەژیێـت بەڵام هەمـــوو ڕۆمانەکـــانی لەســـەر مێـــژوو و ژان و میحنەتەکـــانی کـــۆمەڵگەی کـــوردیە، هەر لە ئەنفـــال و کیمیابـــاران و کـــۆڕەو وڕاپەڕیــن و تــا دەگــاتە شــەڕی نــاوخۆ و دەیــان کێشــەی تــر، بەمانـــایەک ئەمیـــش هەمیشـــە ئـــاوڕی لەدوێنێـــی خـــۆی واتە نیشتیمانی دایک داوەتەوە، تا ئێسـتا بچووکـترین هەوڵمـان لەنێـو ڕۆمانەکانی نەبینیوە کە ڕووبەڕوو بێتەوە لەگەڵ ژیـانی مەنفـا و موعانات و ئازارەکانی ژیانی تازە و ڕوانینەکانی خـۆی بـۆ دنیـای نوێ و شارستانیەت و ئەو کەلتوورە تازەیەی کە خـۆی لە گەڵیـدا ڕووبەڕووە.. بە مانایەک ئاراستەکان بەرەو دوێنێـن نەک ئەمـڕۆ. واتە ئەو سیما و ئەدگارە و ئەو زمانی نووسینەی کە مەنفای پـێ دەناسرێتەوە بە بڕوای من تا ئێستا ئەوەمان نیە. بەمانایەکی تـر، تـا ئێسـتا نەمـانتوانیوە دابڕانێـک لە دوێنێـی خۆمانـدا بکەیـن، نیشتیمانی یەکەم و کەلتوور و شارەستانیەتی دوێنـێ تێپەڕێنیـن. بۆ نموونە کاتێک نووسەران و هونەرمەنـدانی ئەمریکـی کۆچیـان کـرد بەرە و ئەوروپـا، یـان نووسـەرانی ئەوروپـا لە کیشـوەر و نیشـــتیمانەکانی تـــر گیرســـانەوە، دەبینیـــن تێکەڵ بە ڕەوت و قوتابخانە ئەدەبی و هونەریەکانی ئەو نیشتیمانە تـازەیە دەبـوون، واتە نیشـتیمانی مەنفـا، تـا ئەنـدازەیەک گـۆڕان بەسـەر ڕوئیـا و بیرکردنەوە و تا ئاستێک شێواز و سـتایل و زمـانی نووسینیشـیان دا دەهات. واتە بە شێوەیەک جیاواز دەبوون لە دوێنێی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستەشمان دەتوانین ناوی دەیان لە نووسەر وشاعیرانی دیـار و ناسـراو ڕیـز بکەیـن. مـن تـا ئێسـتا ئەم بەریەککەوتنە لە

نووسەران و شاعیرانی کۆچبەری کورد لەگەڵ ژیانی نوێی مەنفا و قوتابخـــانە ئەدەبـــی و هونەریەکـــانی نیشـــتیمانی مەنفـــا و شارسـتانیەت و کەڵتـووری مەنفـا نـابینم. مەبەسـتمە ئەوە بڵێـم مەنفا بە هەمـوو شـێوە و پێکهاتەکـانیەوە تـا ئێسـتا نەهـاتۆتە نێـو ئەدەبی نووسەران و شاعیرانی کۆچبەرانی کورد.

- **حەمە کـــاکە ڕەش:** ئایـــا دەکـــرێ بڵێیـــن، شـــاعیر شەڕکەرێکی وشەیە؟

- **ناڵە حەسەن:** بەر لەهەر شتێک من وشـەی " شـەڕکەر " بە گونجاو نابینم بۆ شاعیر. دەکـرێ بڵێیـن شـاعیر داهێنەر یـان زیندووکەرەوەی وشەیە. شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە، داهێنانەکانی خۆی دەکات، وەک چۆمسکی دەڵێت " چۆن وابکەیـن لە ڕێگەی زمـانەوە سروشـتی مـرۆڤ بناسـین ". شـاعیر لەم ڕێگەیەوە، سروشت و پێکهاتەی خۆی دەناسێ، فرۆیـد یـش لەم بـارەیەوە، کۆمەکی زۆری بە نووسـەران و شـاعیران کـرد، گەشـەی زۆری بەسـەر زمانـدا هێنـا بە تـایبەت لە ڕێگەی شـیکردنەوەی کـۆد و هێماکـانی خەون و ناسـاندنی غەریزەکـان و ڕووبەری نەسـتی. شـاعیر لەم ڕێگەیەوە ڕۆشـنتر تـوانی دەسـەڵاتی بەسـەر دیـوە نادیارەکانی وشەو زماندا بشـکێت، زیـاتر بەرە و پێگەی ڕووبەرە نادیارەکـان بـروات و ئیشـیش لەسـەر هێماکـان بکـات. هەر لەڕێگەی هێماکانەوە زیاتر پێکهـاتەی خەونەکـان و غەریزەکـان و ئومێدەکانی خۆی بناسێ. یان پەیوەنـدیەکانی نـاوەوەی خـۆی بە رووبەرەکـــانی دەرەوە و بە پێگەکـــانی خەون و خەیـــاڵ، بە پێگەکانی جوانی، بە پێگەکانی ژیان توندوتۆڵتر بکات. وەک چـۆن سروشـت و ڕەنگەکـان لەنێـو ڕووبەرەکـانی ژیـان هەمیشـە لە گۆڕان و نوێبوونەوەدان، پەیوەندی نێـوان شـاعیر و زمـان، وەک پەیوەندیەکانی نێوان سروشت و ژیان وایە. زمـان لەنێـو ڕووبەر و پێکهاتەی بوونی شاعیر لەنێو ڕووبەری خەون و خەیاڵی شاعیر لەنێـو بیرکـردنەوە و ڕوانینەکـانی شـاعیر هەمیشـە لە گـۆڕان و نوێبوونەوە دایە. لێرەدا شـاعیر ڕۆڵـی شـەڕکەر نـابینێت بەڵکـو، ڕۆڵـــی داهێنەر، زینـــدووکردنەوە دەبینـــێ.. ڕامبـــۆی شـــاعیر لە

تەمەنێکی زۆر کورت لەڕێگەی داهێنان لەزمـان کـاریکردە سـەر تەواوی شیعر و ئەدەبیاتی فەڕەنسی و نەک تەنها ئەوروپا هەموو دنیای سەرسام کرد.. بۆدلێر و مالارمێ و ئەزرا پاوەند و تی سی ئیلیەت و ئەدۆنیــس و ســوهراب و شــێرکۆ بێکەس.. دەیــان و سەدانی تر تەنها لە ڕیگەی داهێنانەکانیان لە زمان و نوێکردنەوە و زینــدووکردنەوەی وشــە و دەســتەواژەکان، بــوون بەم کەســە داهێنەرانە و گەیشــتن بەو ئاســتەی کە بــۆ تــا هەتــایە مێــژوو و مرۆڤایەتی شانازیان پێوە بکاتن. ئەمــانە شــەڕکەری وشــە نیــن، بەڵکو ئەمانە داهێنەر و نوێکەرەوە و زیندووکەرەوەی وشەن.

- **حەمە کـــــاکە ڕەش:** ئەم ڕۆژگـــــارەی ئێمە کە بە پۆستمۆدێرنیزم ناسراوە، دەکرێ داوا لە شاعیر و ئەدیـب بکـرێ کە وەک دەنگێکی ڕەخنەیی بە دژی نـا دادپەروەری بوەسـتێتەوە کە کۆمەڵگەی کوردی بە دەستیەوە هەراسانە..؟

- ناڵە حەسەن: هەرچەندە من پێموایە، کۆمەڵگەی کوردی لە قۆناغی پێش پۆستمۆدێرنیزم دەژییـت. بەڵام بمـانەوێت یـان نـا، پۆستمۆدێرنیزم ئەمڕۆکە سێبەر و تارمایی خـۆی بەسـەر هەمـوو دنیـــادا کێشـــاوە. لە ڕێگەی پێشـــکەوتنەکانی تەکنەلەلۆژیـــا و ڕاگەیانـــدنەوە زۆر بە خێرایـــی پێکهـــاتە و شـــێوازەکانی خـــۆی دەگـــۆڕێت، بە تـــایبەت لە پەیوەنـــد بە سیاســـەت و ئـــابووری و پێکهـاتەی کـۆمەڵگە و تەنـانەت پەیوەنـدیە کۆمەڵایەتیەکـانیش. هەرچەندە پۆستمۆدێرنیسـتەکان بە چـاوی گومـانەوە بـۆ ژیـان و شـتەکان و دەوروبەر دەڕوانـن، یـان هەمـوو شـتەکان ڕێژەیـی دەبینـن واتە باوەڕیـان بە بەهـا موتلەقەکـان نیە. بە تـایبەت بـۆ چەمکەکانی حەقیقەت و ڕاستی و مێژوو و تیۆر و مـۆڕال و زۆر شتی تر. بەڵام ئەوە بەمانای ئەوە نیە پۆستمۆدێرنیزم بەدەر بێت لە ڕەخنە و ململانـــێ و ڕووبەڕوو بـــوونەوە، دەتـــوانم زۆر بە ئاســانی ئەوە بڵێــم/ پۆســتمۆدێرنیزم لەســەر بنەمــای ڕەخنە و ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوە هاتۆتە ئاراوە. بە تایبەت لە بــواری تەلارســازیدا. بەڵام بەدەر لەوەی، کە بمــانەوێت لێــرەدا قســەی زیاتر لەسەر پۆستمۆدێرنیزم بکەین یان ئایـا کـۆمەڵگەی کـوردی لەم قۆناغەدا دەژیێ یان نـا..؟ مـن دەڵێـم مـادامەکی باوەڕمـان

بەوە هەیە، کە شیعر گەڕانە بەدوای حەقیقەتی جـوانی، ئیـدی بە بێئەوەی داوا لە شاعیر و ئەدیب بکرێت، خۆیان لە کاتی نووسین دا ڕووبە ڕووی هەمــوو ئەو شــتانە دەبنەوە کە ژیــان ناشــیرین دەکەن. دەکــرێ شــاعیر ڕەخنە یــان هــاوار بە دژی هەمــوو ئەو شـتانە بکـات کە ڕۆحـی مـرۆڤ بچـووک دەکەنەوە و نـاهێڵن بە ئارامی دەسلەملانێی خەونە جوانەکـانی بێـت، جـا ئەم شـتانە نـا دادپەروەری بن یان هەر شتێکی تـر. شـاعیر نـاتوانێت لە ئاسـت نادادپەروەریەکان بێدەنگ بێت و لەولاوەش بـاس لە جوانیەکـانی ژیان بکات، ناتوانێت لە ئاست شتە ناشیرینەکان بێـدەنگ بێـت و لەولاوەش ژیــان بە هەمــوو پێکهاتەکــانی جــوانیەوە بهێنێتە نێــو پانتایی بیرکردنەوەکان و نێو خەیاڵەکانی خـۆی. شـاعیریش وەک هەر مرۆڤێـک مـافی ڕەخنە و ململانـێ و ڕووبەڕوو بــوونەوەی هەیە بەرامبەر بە نادادپەروەری و یان هەر دیاردەیەکی قێزەوەن کە کۆمەڵگەی کوردی بە دەستیەوە هەراسانە، بەمەرجێک شـیعر و ئەدەبەکەی نەخاتە خزمەت بە لایەنێکی دیاریکراوەوە.

- **حەمە کاکە ڕەش:** ئەگەر زمـانی زانسـتی هەقیقەتێکـی لۆژیکیمان نیشانبدات، بەڵام زمانی شـیعر بە زمـانێکی وێنەکـراو ئەو هەقیقەتە لە ئاگایی خوێنەر دروست دەکات.

- **نـاڵە حەسـەن:** بـۆ تێگەیشـتن لەم دوو هەقیقەتە، مــن پێمــوایە کە زانســت لەســەر فــاکت و شــتە مەلمــوس و بەرجەســتەکان ئیشــدەکات، چــاودەبڕتە کــارو کــاردانەوە و بەرئەنجامەکـان، یـان ئەو پێشـنیهادانەی کە ئەگەری ڕوودانیـان هەیە، بـۆیە زمـانی زانسـت زمـانی هەقیقەتە بینـدراوەکانە، یـان زمانی شتە دیارەکانە، زانست ناکرێت لەسەر ئەو کۆد و هێمایانە ئیـش بکـات، کە لەیەک کـات دا چەنـدین خوێنـدنەوە و چەنـدین دیـوی جۆراوجـۆر و جیـاواز لە خـۆ دەگـرن. هەقیقەتـی زانسـتی پشــت نابەســتێت بە خەون و خەیــاڵ، مەبەســتم لە ڕووبەرە نادیارەکـان ئیشـناکات. زیـاتر پشــت دەبەسـتی بە هاوکێشــە و بەرئەنجـامە ماتماتیکیەکـان، یـان هەنـدێکجار گریمـانە ڕەهاکـان. بەڵام پێکهـاتە و زمـانی شـیعری زۆر لەوە جیـاوازترە. گوتمـان

زمانی شیعر زمـانی خەون و خەیـاڵ و زمـانی غەریـزە و زمـانی ڕووبەرە نادیارەکانە.. زمانی جۆرێکی نادیار و شتە ناجێگیرەکانە، زمـانی ئەو کـۆد و هێمایـانەیە کە لە پشـتی وشـەکانەوە خۆیـان حەشـــارەداوە یـــان بەڕێکەوت لەنێـــو خەون و خەیاڵەکـــان دەردەکەون.. لۆژیـک لەگەڵ زانسـت دەتـوانن بە ئاراسـتەیەک تەریب بن لەگەڵ یەکتریدا، بەڵام هەقیقەتی لـۆژیکی لە شـیعردا نە جێگایەک و نا مانایەکیشی هەیە، وەک چۆن زانست نـاتوانێت، زمانێکی مەجازی خەیاڵی هەبێت، بە هەمانئەندازە، زمانی شـیعر ناتوانێت زمانێکی لۆژیکی بێت، بەمانای شـیعر نـاتوانێت لەسـەر لۆژیـک و هەقیقەتە بەرجەسـتە و ماتماتیکیەکـان ئیشـبکات. بـۆ تێگەیشـتن لە زمـانی ئەم دوو چەمکـە، وا پێویسـت دەکـات، هەردوو چەمکەکە بناســــین و جـــــۆنیەتی ئیشـــــکردنیان و ڕووبەرەکانیان و شێوەی زمانیشیان بناسین.

**حەمە کاکە ڕەش:** هـۆی چیە شـیعری کـوردی نەیتوانیـوە ئەو تـاریکیەی ژیـان لە ژیـانی کوردیـدا لە زمـانێکی ئیسـتێتیکی بەرجەستە بکاتەوە تاکو ئەو تاریکیە ببێتە کێشەیەکی جیهانی؟

**ناڵە حەسەن:** بەر لە هەرشتێک من ئەوە بە کـار و وەزیفەی شیعر نـازانم، کە کێشـە و میحنەتەکـانی کـۆمەڵگەیەک بە دنیـای دەرەوە بناســێنێ. ئەمە لەلایەکی لەلایەکــی تــرەوە، پێمــوانیە شـاعیرانی کـورد لەمبـارەیەوە درێخیـان کـرد بـێ یـان کورتیـان هێنابێت. بە پێچەوانەوە، بەڵکو بۆ مێژوویەکی دوورودرێژ شیعر و شـاعیرانمان لەشـەڕ دابـووینە بـۆ بەرگریکـردن لە کـۆمەڵگەی کوردی و مانەوەی کۆمەڵگەکەمان. شـیعری کـوردی لەوەوپێـش ئەرکەکـانی زۆر قـوڕس بـوو. دەبـووایە بە هەمـوو ڕێگـایەک دا بـڕوات و لەهەمـوو کـانیەک ئـاو بخـواتەوە و بـوخچەی هەمـوو کێشەو خەمەکانیش بە شانی خۆیدا بدات. کە زۆرێکیـش لەمـانە هیچیـــان کـــاری شـــیعر نەبـــوون ئەوەتـــا " ئۆکتاڤیۆپـــاز " لە دیمانەیەکـــــدا، لەوێـــــدا پرســـــیاری ئەوەی لێـــــدەکەن کەوا ڕێگەچارەیەک دیاری بکات بـۆ ئەزمە و کێشـەی کۆمەڵگاکەیـان، ئەویـش لە کۆتـایی وەڵامەکەی دەڵێـت (مـن پێغەمبەری هەمـوو

شتێک نیم) ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە هەموو شتێک کارو ئەرکی شاعیر و ئەدیبەکان نیە، شیعر و شاعیر نـاتوانن وەڵام بە هەمـوو شتێک بدەنەوە و بەناوی هەڵوێست هەموو شتێک بەکاری خۆیـان بزانـن و لە هەمـوو شـتێک بێنە دەنـگ. خۆشـبەختانە هەروەک لە پێشـدا گوتمـاون بەدوای ڕاپەڕینەوە تائاسـتێک ئەرکـی شـیعر سووک بۆتەوە، گەڕاوەتەوە نێـو ڕووبەرەکـانی جـوانی و شـاعیر لەوێدا، لەسەر خود و خەون و خەیاڵەکـانی خـۆی ئیـش دەکـات. بەدەر لەوانەش گواسـتنەوەی تـاریکیە میحنەتبارەکـان لەڕێگـای شیعر و ئەدەبەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، ئەو کـۆمەڵگەیە چەنـد لە کۆنتاکت و پەیوەندیەکی توندوتۆڵـدایە لەگەڵ دنیـای دەرەوەی خۆی؟ چەندێک لە شاعیر و ئەدیبەکانی لەسـەر ئاسـتێکی بەریـن بە دنیـــای دەرەوە ناســـراون؟ یـــان شـــیعر و ئەدەبەکانیـــان وەرگێـــردراونەتە ســـەر زمانەکـــانیتر؟ بـــۆ ئێمەی کـــوردیش بە هەمانئەندازە، کە هێشتا شاعیر و ئەدیبەکانمان وەک پێویسـت بە دنیـــــای دەرەوە نەناســـــراون و دەق و بەرهەمەکانمـــــان وەرنەگێـردراونەتە سـەر زمـانە زینـدووەکانی دونیـا، ئێمە کە شاعیرو ئەدیبەکانمان بە دونیای دەرەوە نەناسراو بـن ئەی چـۆن شـــیعر و ئەدەبەکەمـــان بگـــاتە دەرەوەی خۆمـــان و خەم و هاوارەکـــانی نێـــو شـــیعرەکانمان بە گـــوێی خەڵکـــانی دەرەوە ڕابگات؟ ئیتر کە ئەوە وەزعـی شـاعیرانمان بێـت لە پەیوەنـد بە دونیای دەرەوە، ئیدی چۆن دەبێت بیـر لەوە بکەینەوە، کە شـیعر خەم و میحنەتە تاریکەکـــان وەک کێشـــەیەک بە دنیـــای دەرەوە بناسێنێ؟!

- **حەمە کـــاکە ڕەش:** ئێـــوە وەک زۆرینەی نووســـەر و شاعیرانی کورد بە ڕوانگەیەکی ڕەشبینیەوە سەیری کۆمەڵگەی کـوردی دەکەن، ئایـا دەکـرێ ڕەشـبینی وزەیەکـی داهێنەرانە و بە دژی ئەو هێزە نەریتیە بێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا؟

- **نـاڵە حەسـەن:** دیـارە ڕەشـبینی یـان نیگەرانـی بەپێـی تێڕوانینی بوونگەراییەکان بەشێکە لە بوون، بە مانایەک دەتـوانین بڵێیـن، مـرۆڤ لە ڕووی بـایۆلۆژیەوە بەدەر نیە لە پێکهاتەکـانی

ڕەشـبینی و نیگەرانیەکـان. سروشـتی مـرۆڤ وایە، هەمیشـە بە نیگەرانیەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێت و بیری لە شتی نــوێ و پرســیاری نــوێ دەکــاتەوە. پرســیاری نــوێ ڕووبەرەکەی لە نیگەرانیەکـانەوە سـەرچاوەی گرتـووە. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشـدا، شــاعیران ڕەشــبینی و نیگەرانەکانیــان، بەرامبەر کــۆمەڵگەی کـوردی نیە بەڵکـو بەرامبەر بە دەسـەڵاتی کـۆمەڵگەی کـوردیە. ئەوە دەسـەڵاتە دەتـوانێ ڕاسـتگۆ و بە وەفـا بێـت بەرامبەر بە بەرپرســیارێتی و بەرامبەر بە بەخشــندەیی و لێبــووردەیی بە پلەوپایە و ئەرکەکانیان، ئەوە دەسەڵاتە کە ئەوە دیاری دەکـات چ خزمەتێک بخاتە بەردەم کـۆمەڵگە و چارەنووسـی کـۆمەڵگە بە چ ئاقارێک دا ببـات. یـان چ ئیمکانیەتێـک بخـاتە بەردەم کـۆمەڵگە و بەرە و چ مەدەنیەتێک و پێشـکەوتن و دونیـایەکی باشـتری ببـات. کە دەســــەڵاتێک بەرامبەر بە بەرپرســــیارێتیەکەی بەرامبەر بە خزمەت و ئەرک و پەیامەکەی بۆ کۆمەڵگەی خۆی کورت بهێنــێ، ئیدی نەک هەر شاعیران بەڵکو تەواوی کۆمەڵگە لێیان بە گڵەیــی و ڕەشـبین دەبـن. دەسـەڵاتی کـوردی دەسـەڵاتێکی گەنـدەل و ئیفلیجە، نەیتوانیـوە لە ئاسـتی ئەو ئەرک و مەهامـانەی بێـت کە هەر دەسەڵاتێک وا پێویسـت دەکـات لە ئاسـتی دا بێـت. زێـتر لە خەمی تاکە کەسێتی و حیـزب و بنەماڵەکانیـان دا بـووینە نەوەک کۆمەڵگە. بیرکردنەوەکانی دەسـەڵاتی کـوردی بیرکردنەوەیەکـی کارێزمــایی و پارێزگــارانە بــووە. بە مانــایەک، کەســەکانی نێــو دەســـەڵاتی کـــوردی ســـەر بە فیکـــرەی موحافیزکـــاری دواکەوتووانەن. ئیدی دەسـەڵاتێک بەم شـێوەیە بێـت درەخـتی چ ئومێــد و هیــوایەک لەنێــو دڵــی شــاعیران و مرۆڤەکــانی تــر دەڕوێنێت؟ ئیدی چۆن شاعیر و مرۆڤەکان لێیان ڕەشبین نـابن؟ ئەوجۆرە لە ڕەشبینی بە مانای هیچ وزەیەکی داهێنەرانە نـایەت. دیارە پەیوەنی شـاعیر و ڕەشـبینی یـان نیگەرانـی پەیوەنـدیەکی تونــدوتۆڵە بەڵام لە پەیوەنــد بە داهێنــانەوە، چــونکە هەمــوو شاعیرێکی داهێنەر هەمیشە نیگەران و لە دڵەڕاوکێدان بەرامبەر بە دەق و داهێنانەکانیــان. بە مانــایەک هەمیشــە نیگەران و بێئـارامن. هیـچ کەسـێکی داهێنەر نیە تـا ئاسـتێکی زۆر لێوانلێـو نەبێـت لە نیگەرانـی، بەڵام ئەم جـۆرە نیگەرانیە شـتێکی تـرە، دەتوانین بەم جۆرە لە نیگەرانی و ڕەشبینیە بڵێیـن کە وزەیەکـی

داهێنەرانەی لە پشـــــــتە. بەڵام ڕەشـــــــبینیەکانی بەرامبەر بە دەسەڵاتی کوردی هیچ جۆرە وزەیەکی داهێنەرانەی لە پشــت نیە بەڵکــو لە بێتوانــایی و بێدەربەســتی و گەنــدەلیەکانی دەســەڵاتی کوردییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

- **حەمە کـــاکە ڕەش:** شـــاعیر بە زمـــان دەتـــوانێ چـــی تێکبشکێنێ، سنووری ئەو تێکشکانە لە کوێدایە؟

- **ناڵە حەسەن:** بە بڕوای من ئەو تەلیسم و سـنوورانەی کە شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە تێکیان دەشکێنێ بـۆ نمـوونە پەیـوەنی خــۆدی خــۆی لەگەڵ دەق و لەگەڵ دنیــای دەرەوە، پەیوەنــدی خودی خۆی لەگەڵ خـۆی، لەگەڵ غەریـزە و ئومێـدەکانی خـۆی، لەگەڵ وێنە و ناســـاندنی خـــۆی یـــان باســـکردنی ئەوشـــتە حەرامکــراوانەی لەنێــو بیرکــردنەوە و خەیاڵەکــانی خــۆی، یــان پەیوەنـــدی خـــۆی بە ڕووبەرە چەپێنـــدراوەکانی خـــۆی، ئەم پەیوەندیانەی شاعیر هەمیشە بە کۆمەڵێـک تەلیسـم و شـەختە و بەســـتەڵەکی ئـــایینی و داوو نەریـــت و کـــۆمەڵگە و خێـــزان و قوتابخــانە و مــزگەوت و کلێســاکانەوە دەورەدراون، شــاعیر لە ڕێگەی زمانەوە ئەم تەلیسم و بەربەستانە تێـک دەشـکێنێ، وەک بوونێکی ئـازاد و ڕەهـا لە ڕێگەی کـۆد و هێماکـانەوە حەقیقەتـی خـۆیی و بیرکــردنەوە و خەون و ئومێـدەکانی نمـایش دەکــات.. هەروەها شـاعیر وا پێویسـت دەکـات لەنێـو پانتـایی زمـان تەواو ئــازاد بێــت، وەک ئەو ئــازادیەی " فاوڤیزمەکـــان " بەرامبەر بە ڕەنـگ هەیـان بـوو، سـنووری تێکشـکانەکان و ئازادیەکـانیش لە ڕووبەرە نادیارەکان دان، چونکە شاعیر زمان وەک پاســەپۆرتێک بەکـار دەهێنـێ بـۆ بڕینـی بـازگە و سـنوورەکان، بـۆ گەیشـتن بە ڕووبەرە نادیارەکـانی نێـو خەون و خەیـاڵ. لەوێـدا خـۆی ڕووت دەکاتەوە وەک ئەشقیا و گەریدەیەکی ماندوو دەست بە ســەما و گــۆرانی و هــاوار و گەڕانەکــانی خــۆی دەکــات. لەوێــدا زمــان کاریگەرێتی خۆی دەبێت لەوێدا شاعیر وەک کۆلۆمبســێک پێگە و ڕووبەری نوێ دەدۆزێتەوە، چەندین کۆد و هێمای نـوێ لە پشـتی وشــەکانەوە وەبەرهەم دەهێنـــێ، هەروەهـــا شـــاعیر لە ڕێگەی

زمانەوە سنووره باوەکان، شێوازە کۆنەکـان، بازنەکـانی دەورەی وشەکان لە پێکهاتە و بونیادی شیعر تێکدەشکێنێ و لە جێگەیانــدا شــێوازی نــوێ و بیرکــردنەوەی نــوێ و زمــانێکی شــیعری نــوێ دادەهێنێ.

- **حەمە کـاکە ڕەش:** چیە وا دەکـات شـیعرێک بە نەمـری بمێنێتەوە؟ کێش و سەروایە، زمانە، دونیا بینـی شـاعیرەکەیەتی؟ هەڵگەڕانەوەیە لە زمانی باو، یان شیعر شتێکی ترە لە دەرەوەی ئەوچوارچێوەبازییە؟

- **نــاڵە حەســەن:** دیــارە هەروەک باســمان کــرد زمــان ڕەگەزێکـی بنچینەییە لە پێکهـاتەی شـیعر. هەروەهـا دونیـابینی نوێخوازانەی شاعیر، یان هەڵگەڕانەوە و یاخی بـوون لە زمـان و شێوازی کۆن، ئەمانە بڕستی زۆر بە شیعر دەبەخشن. وا دەکەن تا ماوەیەکی زۆر لەنێو دید و خەیاڵی خوێنەر بمێننەوە، یان زیــاتر لە جارێک بخوێندرێنەوە، یان هەمیشە خــوێنەر سەرسـام بکەن و تــا ئاســتێکی زۆر دڵ و ڕۆحیــان ئــارام بکەن و یــان پرســیار و خوێندنەوەی نوێیان بۆ وێنە و کۆد و هێماکـان لەلا دروسـت بـبێ. بە مانــایەک، تــا مــاوەیەکی زۆر بە زینــدوویی لەلای خــوێنەر بمێننەوە. یان ئەو شـیعرانەی جوانیەکـانی ژیـان دەنووسـنەوە لە ڕووبەرە نەستیەکانەوە هەڵدەقوڵێن یـان ئیـش لەسـەر ڕووبەرە چەپێندراوەکان دەکەن و شاعیر ڕاستگۆیانە ناخی خۆی، خەون و ئومێدەکانی خـۆی لەبەرگێکـی ئیسـتێتیکی بە زمـان و سـتایلێکی نوێ دەنووسێتەوە. ئەمجۆرە شیعرانە هەمیشە خوێنەر سەرسـام دەکەن و لە هەمانکاتیش دەبنە ئاوێنەیەک تاکو خـوێنەران خۆیـان تیا ببینن، خەون و غەریزە و ئومێدەکانی خۆیان، کـۆدو هێماکـانی ئەمجۆرە شیعرانە هەر جارەی بە مانایەک و ڕوخسـارێکی نوێـوە دەردەکەون. ئەمجۆرە شیعرانە بۆ مـاوەیەکی دوورودرێـژ لەگەڵ خــوێنەران دەژیــن و بە زینــدوویی دەمێننەوە. بەڵام هێشــتا ئەوە ئەمە نــاگەیەنێت، کە بڵێیــن ئەمجــۆرە شــیعرانە گەیشــتوونەتە ئاستی نەمری.. مەبەسـتمە ئەوە بڵێـم، نەمـری دەسـتەواژەیەکە لەگەڵ شـیعر نـاگونجێ، هیـچ زەمانەتێـک نیە شـیعر بە نەمـری

بهێڵێتەوە! نە زمان، نە کێش و سەروا، نە دونیا بینی شاعیر، نە هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون.. هیچ لەمانە ناتوانن، شیعر بە ئاستی نەمری بگەیەنن. دەکرێ ئەو شیعرە سەرکەوتووانەی کە باسمان کرد، هەمیشە بخوێندرێنەوە و هەمیشە مانا و خوێندنەوەی نوێ لە خۆ بگرن بەڵام، ناتوانین ناویان بنێین نەمر، لەوانەیە شیعری وا هەبن بۆ چەند سەدەیەک بڕ بکەن و بمێننەوە، بەڵام لە ئاکامدا ڕۆژێک دادێت پشتگوێ دەخرێن و وەک پێویست ناخوێندرێنەوە، لەوانەیە هەر بیریش بچنەوە. دەکرێ ئەوەش بڵێین، نەمری زیاتر بیرکردنەوە و ڕۆحێکی ئایینیانەی لە پشتە نەوەک ڕۆحێکی شیعری.

**حەمە کاکە ڕەش:** لۆرانس پیرین دەڵێت: دەبێ ئەوە بزاندرێ شیعر هێورکەرەوە و ئارامبەخش نیە، بەڵکو ئامانجی، وڕووژاندن و، با ئاگاهێنان و، جۆشدانی مرۆڤەکانە، ناکرێ شیعر بکەینە دەرمان و دەرمانی هێورکەرەوە. ئەی تۆ لەمبارەیەوە چی دەڵێیت مەبەستی چیە لە بە ئاگاهێنانەوە و جۆشدان بۆچی؟

**ناڵە حەسەن:** دەربارەی وڕووژاندن و بە ئاگاهێنانەوە لە شیعر من بە ئاسایی دەبینم تا ئاستێک جۆشدانیش، کاتێک خوێنەر بەنێو پانتایی دەق دوور دەڕوات و بەرە و قووڵاییەکانی شۆڕدەبێتەوە و ڕادەمێنێت بێگومان زۆر شتی تازە دەبینێ و پێیان سەرسام دەبێت، ڕەنگە زۆرێک لەو شتە نوێیانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە خودی خۆیی و ژیانی خۆیەوە هەبێت، ڕێک خۆی تیا دبینێتەوە، ئەوە جۆرێکە لە بە ئاگاهاتنەوە بەرانبەر ڕووبەرە نادیارەکانی ژیان و خود لە هەمانکات پڕیش دەبێت لە ختووکە وجۆش و خرۆشی، مەرج نیە هەموو جۆشدانەکان ڕۆحێکی سیاسیان لە پشت بێ، من پێم وایە عەشق و چەمکە ئیرۆسیەکان هەمیشە خوێنەر جۆش دەدەن و پڕیان دەکەن لە سەرسامی.. بەڵام ئەوەی لە گەڵیدا هاوڕا نیم ئەوەیە کە دەڵێت (دەبێ ئەوە بزانین کە شیعر هێورکەرەوە و ئارامبەخش نیە)، من ئەم گۆتەیە بە دروست نابینم، لەگەڵ ئەوەی شیعر پڕاوپڕە لەهاتوهاواری ئەو شەپۆلە سەرشێتانەی کە لەنێو دەریاکانی

ڕۆحــی مرۆڤێکــی ســەرکەش و یــاخیەوە هەڵــدەقوڵێن، لەگەڵ هەمـــــوو نائـــــارامی و نیگەرانیەکـــــانی خـــــوێنەر لە گەڕان و شاگەشـکەییەکانی لەنێـو پانتـایی و بونیـادی دەقـدا، زۆر جـاران خــوێنەر بە خوێنــدنەوەی دەقێکــی جــوان، دەقێکــی لێوانلێــو لە عەشق و جوانیە ئیرۆسیەکان، دڵ و ڕۆحی ئارام دەبێت و لەنێــو کەش و هەوایەکـــــی زۆر ڕۆمانســـــی دەمارەکـــــانی ڕۆح و ئومێــدەکانی نەرم نەرم دەبنەوە، وەک چــۆن جــۆرە شــیعرێک خــوێنەر پــڕدەکەن لە جــۆش و خــرۆش، بە هەمانشــێوە جــۆرە شیعرێکیش خوێنەر پــڕدەکەن لە ئــارامی. مـومکین نیە ئەو دەقە ســــرکەوتووانەی کە داهێنانەکانیـــان لە ئاســــتێکی بەرز دایە، وێنەکانی سەرکەوتوون و بە ستایلێکی نـوێ و جـوان نووسـراون وشەکان هێندە ناسـکن پڕاوپـڕن لە هارمۆنیـا و مۆسـیقایەکی بە جۆش ئەم جۆرە دەقانە ئارامی بە خوێنەر نەبەخشـن! بـۆیە مـن لەم پۆینتەم لەگەڵ " لۆرانس " هاوڕانیم.

**حەمە کاکە ڕەش:** ئایا ئامـانجە سـەرەکیەکەی شـیعر چیە؟ یان شیعر لە دەرەوەی ئامانجە؟ ئایا شیعر بیر لە ئامانج بکــاتەوە نامرێ؟

**ناڵە حەسەن:** ئامـانجی شـیعر ئەوەیە حەقیقەتـی جـوانی و حەقیقەتـــی ژیـــان بنووســـێتەوە، شـــیعر هیچکاتێـــک نـــاتوانێت لەدەرەوەی ئامانــج بێــت.. شـیعر بەبــێ ئامانــج لە مانـا و بەهـا بنەڕەتیەکەی خۆی دادەبڕێت.. شـیعر دەکـرێ هیـچ وەزیفەیەکـی دیاری کراوی نەبێـت، شـیعر دەکرێـت هۆکـار نەبێـت، بەمانـایەک دەکرێ شیعر لەدەرەوەی هەموو وەزیفەکـان و هۆکارەکـان بێـت بەڵام ناکرێت بەبێ ئامانج و لە دەرەوەی ئامانجەکان بێت، چونکە وەزیفە و هۆکار دوو شتی جیاوازن لەگەڵ ئامانج.. شیعر و ئامانج شتێک بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە ئەویش پێیدەڵێن ژیان.. شیعر و ئامانــج شــتێک بەیەکەوەیــان دەبەســتێتەوە ئەویــش پێیــدەڵێن بەهاکانی مرۆڤایەتی یان بەهاکـانی جـوانی، ڕێـک بە پێچەوانەوە، دەمەوێ بڵێم (ئەگەر شیعر بیر لە ئامانج نەکاتەوە دەمرێت..!)،

- **حەمە کــاکە ڕەش:** ئایــا خولقانــدنی شــیعر ئیلهــامە، پڕۆسەیەکی هۆشیارانە و عەقلیە؟ یان چالاکیەکی زمــانەوانیە لە توانایدا هەیە شتی نوێ بخالقێنێ؟

- **نــاڵە حەســەن:** بەو پێیەی خەیــاڵ ڕووبەرێکــی بەریــن و فراوان لە پێکهـاتەی شـیعر داگیـر دەکـات، خەیـاڵیش ڕاسـتەخۆ پەیوەنی هەیە بە ڕووبەرە نەسـتیەکانەوە.. بـۆیە دەتـوانین بڵێیـن شیعر ئەو ئاوە سازگارەیە کە لە کانیەکانی نەسـتیەوە دەردەبـن. بێگومــان ئیلهــام ڕۆڵێکــی ســەرەکی دەبینــێ بــۆ دەربــوون و گەڕانەوەمان بۆلای ئەو سەرچاوە نەستیانە، بەڵام ناتوانین بڵێیـن شـــیعر پڕۆســـەیەکی هۆشـــیارانە و عەقلیە، شـــاعیر کە بە ئاقارەکانی خەیاڵ ئەسپی خـۆی تـاودەدات، کێڵگەکـانی هـۆش و عەقڵ جێدەهێڵێ،، شیعر نە زانستە نە فەلسەفە بەڵام، ڕوانگەی زانسـتی و فەلسـەفیەکانیش لە خــۆ دەگرێـت و لەگەڵ پڕۆسـە هۆشـــداری و عەقلیەکـــانیش ناتەبـــا دێتەوە.. بەڵام دەکـــرێ قسەیەکی " ڕامبۆ " ی شاعیر لێرەدا بهێنینەوە کە دەڵێ (شـیعر موغامەرەیەکە لە پێناو مەعریفەدا) هەر بـۆیەش دەتـوانین بڵێیـن (شیعر چالاکیەکی زمانەوانیە لە پێناو خوڵقاندنی شتی نـوێ، یـان لە توانایدا هەیە شتی نوێ بخوڵقێنێ) خوڵقاندنی شتی نوێ خۆی بەشـێکە لە مەعــریفە، ئەو مەعــریفەیەی ڕامبــۆ مەبەسـتیەتی لەگەڵ خوڵقاندنی ئەو شتە نوێیانە هاوتەریب دێنەوە.

- **حەمە کاکە ڕەش:** ئایا شیعر ڕێگایەکە دەمانبـاتەوە سـەر خود؟ یان پەنجەرەیەکە لەوێوە دەڕوانیـن و خــود دەنووسـینەوە، یان لە شیعردا خودێک تێک دەشکێنین و خـودێکی خەیـاڵی بنیـات ئەنێین؟

- **ناڵە حەسەن:** ئەگەر لە مێژووی شـیعر بڕوانیـن و هەنـدێک بۆ دواوە بگەڕێنەوە بە تایبەت بۆ دەورانی پێش سـومبولیزم.. واتە لە کۆتایی سەدەی نـۆزدەیەم بەرەو دواوە، بە مانـای لە دەورانـی ڕیـالیزم و ڕۆمانسـیزم و لیریکیـزم... یـان بــۆ دواوەتریـش، لەم دەوران و قوتابخانـانەدا، شـاعیر ئیشـی لەسـەر دەرەوەی خــۆدی

خــۆی دەکــرد، زیــاتر جوانیەکــانی سروشــتیان دەنووســیەوە، بە گەورەیی و بەخشندەیی خوداوەندیان دا هەڵــدەگوت، پاڵەوانەکــان و ڕووداوە مێژوویەکانیـان لە بەرگــی ئەفسـانەدا دەنووسـیەوە، بە شــــکۆمەندی پاشـــا و گەداکانیـــان دا هەڵـــدەگوت، بە مانـــایەک ئاراستەکان زیاتر بەرە و دەرەوە بــوون. بەڵام سمبولیســتەکان بە شـــێوەیەکی تـــر ئیشـــیان لەســـەر شـــیعر کـــرد، وە دوای سمبولیس تەکانیش بە ت ایبەت، لە دەوران ی م ۆدێرنیزم زۆرێک لە قوتابخانەکــانی دادائــی و ســوریالیزم و ئاینــدەییەکان و تەنــانەت ئەبسـتراکت و قوتابخـانەی نیـۆرک ی ئەمریکیـش یـان زۆرێـک لە قوتابخانەکانی تریش. لەم قوتابخانانەش شاعیر و هونەرمەندەکان زیاتر ئیش یان لەس ەر خ ودی خۆی ان دەک رد، س وودی زۆری ان لە ئەزمــوونی تاکەکەســی خۆیــان وەردەگــرت، نــاوەوەی خۆیــان و غەریزەکانیـــان، خەونەکـــانی خۆیـــان دەنووســـیەوە، لە ڕێگەی جڕبوونەوەیان لە زمان ستایلی نوێیـان دادەهێنـا، زۆر گرنگیـان بە وێنە و هێماکـان دەدا، پەیوەنـدی تونـدوتۆڵیان بە ژیـانی خۆیـان و کــۆمەڵگەوە هەبــوو، ڕەخنەی تونــدیان لە ئــایین و داوونەریتەکــان دەگ رد، بانگەش ەی ژی انێکی شارس تیانە و مەدەنیانەی ان دەک رد.. ســوودی زۆریــان لە چەمکە دەروونیەکــان وەردەگــرت،" فرۆیــد و کارل یەنگ " و دەروونناس ەکان، ک ۆمەکی زۆری ان بەم قوتابخ انە ئەدەبی و هونەریانەی ئەوسەردەمانە کرد. بە تایبەت لە ناســاندنی ڕووبەری نەســتی و نەخۆشــیە دەروونیەکـــان و غەریزەکـــان و شـــیکردنەوەی خەونەکـــان و زۆریـــتر. بەمانـــایەک شـــاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی قوتابخانەکانی مــۆدێرنیزم، لە هەوڵــی ئەوە دابــوون لە ڕێگەی ئەدەب و هــونەر و مەعریفەکەیـان ژیـان جوانـتر و جوانـتر بکەن. نەک تەنهـا وێنەی خۆیـان ڕەسـم دەکـرد بەڵکــو وڕێنەکانیشـیان دەنووسـیەوە، خەون و ئومێـدەکانیان.. زۆر گرنیـــان بە خەون و هێماکـــانی خەون دەدا.. پێیـــان وابـــوو ئەو جوانیانەی خەونی پێوە دەبینن ی ان لە خەونەکانیـان دەی بینن، ئەوە سەرچاوەی حەقیقەتەکانی ژیانە.. نەک ئەو ژیانە تووڕەهـاتەی پـڕ لە کارەسات و شەڕ و کاولکاری و کوشتن و بڕیـن.. وە ڕۆحێکـی یاخیشیان هەبوو بەتـایبەت بەرامبەر زمـان و شـێوازی کـۆن، یـان بەرامبەر جــوانیە تەڵخکراوەکــان.. گرنگــی زۆریــان بە نوێبــوونەوە دەدا، بەمانایەک هەمیشە لە نوێبوونەوە دابوون.. کە وێنەی خۆیـان

دەکێشا ماڵ ای ئەوە نەبوو وێنەی خەیاڵی خۆیان دەکێشا بەڵکو وێنەی حەقیقەتی خۆیان و حەقیقەتی مرۆڤیان دەکێشا.. هەر لە دەورانی مۆدێرنەتە شاعیران و هونەرمەندانی ئافرەت ج ورئەتی ئەوەیان پەیدا کرد، کە وێنەی خۆیان و جوانیەکانی خۆیان ڕەسم بکەن.. باس لە عەشق و غەریزە ئیرۆسیەکان و ئومێدە جوانەکانیان بکەن.. کە پێشتر زیاتر پیاوەکان قسەیان لەسەر ئافرەتان دەکرد و وێنەی ئافرەتەکانیان دەکێشا. لێرەوە دەتوانین بڵێین شاعیر لە ڕێگەی داهێنانەکانی لە زمان و لە پشتی وشە و هێماکانەوە، وێنەی خۆیی و وێنەی ڕاستیەکانی ژیان ڕەسم دەکات، خۆی وەک پێکهاتەیەک لە غەریزە و ئومێدو خۆگە و هیوا، دەکرێ شیعر ڕووبەرێک بێت بۆ نمایشکردنی خود، خودێکی تامەزرۆ بۆ جوانیەکانی ژیان لە هەمانکاتیش، خودێکی سەرکەش و یاخی.

**- حەمە کاکە ڕەش:** ئایا نەوەی ئەمڕۆ توانیویانە دەنگیك بن جیاواز لە نەوەی پێش خۆیان و دونیایەکی نوێیان هەبێت؟

**- ناڵە حەسەن:** بێگومان سروشتی ژیان وایە هەمیشە لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە. ئەم دەربڕینە لە هەموو شتێک زیاتر بە بڕوای من دەبێ لە شیعر جێگای ببێتەوە، ش اعیر ناتوانێ وەکو شاعیر بەردەوامی بە بوونی خۆی بدات ئەگەر لە گۆڕان و نوێبوونەوە دا نەبێت. "ئیلیۆت " لە وتاری " ئەدەبی مۆدێرنیستی " دا دەڵێت (وا پێویست دەکات هەمیشە ڕەخنەگری نوێ پەیدابن، دوێنێ بخوێننەوە و نەوەی ئەمڕۆش بخەنە ئاستی ئەوەی یان وایان لێبکەن شتی نوێ وەبەرهەم بهێنن) لەم گۆتەیە ئیلیۆت دوو شتمان پێدەڵێت یەکەم، کە ڕۆڵی ڕەخنە و ڕەخنەگران چەند گرینگە لە پرۆسەی نوێبوونەوە و نوێخوازیدا، دووەم دەکرێ ئەوەش بخوێنینەوە نەوەی ئەمڕۆ یان نەوەی نوێ وا دەخوازرێ کە داهێنانی نوێیان هەبێ.. بێگومان بەو داهێنان و هەوڵانە دەڵێین نوێ، کە پێویستە لەگەڵ دوێنێی خۆیان جیاواز بن. ئەمە تا ئێرە مەبەستمان بوو باس لەوە بکەین کە نوێبوونەوە چەند گرینگە بۆ شیعر و شاعیر، دیارە ئەوە بۆ هەر

شاعیرێک کە لە ئاستە گشتیەکەیدا.. بەڵام خۆ ئەوە مەعلومە، ناتوانین بە کەس بڵێین داهێنەر ئەگەر داهێنانی نوێی نەبێت.. بە هەمانشێوە ئەگەر قسە لەسەر نەوەی ئەمڕۆ بکەین یان نەوەی نوێ، وا پێویست دەکات کە هەوڵ و داهێنانەکانیان نوێ بێت بە مانای جیا بن لەگەڵ نەوەی پێش خۆیان.. خۆشبەختانە لە نێو نەوەی ئەمڕۆی شیعری کوردی چەند دەنگێکی نوێ و داهێنەر دەبینم یان دەیانخوێنمەوە کە تەواو بە هەناسە و ڕەنگ و بوونێکی جیاوازەوە دەنووسن ئومێدی ئایندەیەکی زۆر گەشبینانەیان لێدەکرێت.

- **حەمە کاکە ڕەش:** شیعر ئەگەر ڕوانینێکی تازەی نەبێت بۆ ژیان و پڕ نەبێت لەو شتە زیندووانەی کە بە چاوی ئاسایی نابیندرێن دەبێت ئەرکی چی بێت؟

- **ناڵە حەسەن:** بێگومان ئەوە زۆر گرینگە شاعیر ڕوانینێکی تازە و سکۆلارانەی هەبێت بۆ ژیان و بۆ بوون و دەوروبەر، بۆ داهێنان و جوانی و نوێخوازی، بۆ گۆڕان و بۆ هەموو شتێک. ڕەنگدانەوەی ئەم جیهانبینیە نوێیەی شاعیر لە شیعرەکانیدا، ئەوە هەم دەبێتە بونیادێکی جوانکاری لە دەقەکە و هەم پەیوەندی نێوان شیعر و ژیان مانایەک پەیدا دەکات.. شاعیر وەک بوونەوەرێک یان وەک گەریدەیەکی ماندوو هەمیشە لە گەڕاندایە. لە ڕووبەرە نادیارەکان بەدوای ئەو شوێن و جێگایانە دەگەڕێ تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە. دوور دەڕوا دوور دوور، لە ڕووبەرە نوێیەکاندا وێنەی هەموو ئەو شتە جوانانە دەکێشێ کە پەیوەندیان بە خودی خۆیی و بە ژیانەوە هەیە. بێگومان ئەو شتانەی شاعیر دەیاندۆزێتەوە و وێنەیان دەکێشێ قەت مومکین نیە کەسانی ئاسایی بیبینن و یان بە بێ خوێندنەوە و تێڕامان هەر درکیشی پێبکەن. چونکە شیعر وەک دەریا وایە تا شۆڕ نەبیەوە بۆ نێو قووڵاییەکانی نازانیت چی تیایە، بۆیە شیعر دەبێت بچیە نێویەوە، لە ڕێگەی خوێندنەوە و بەدواداگەڕانەکان و کردنەوەی کۆد و هێما و وێنەکان، خوێندنەوە و پرسیاری نوێمان دەست دەکەوێت، ڕوانگەی نوێ و خۆزگە و ئومێدی نوێش..

تەنانەت گوێمان لە سەمفۆنیای نـوێ و هـاژە و هـاواری شـەپۆلە نوێیەکـانیش دەبێـت.. گوێمـان لە گۆرانیەکـانی بـاران و ئـاوازە بەسۆزەکانیش دەبێت، هەندێکجاریش لاوک و بەسـتەی غەمگیـن غەمگینیـش دەبیسـتین.. ئیـدی ئەوە شـیعرە! شـیعریش بەمانـا فراوانەکەی یانی ژیان، ژیانیش هەموو شتێک دەگرێتە خـۆ، بـۆیە من دەڵێم ئـەرکی شـیعر ئەوەیـە، ژیـان بنووسـێتەوە، بە هەمـوو بونیـــــاد و پێکهاتەکـــــانیەوە. بە هەمـــــوو زەمەن و وەرز و ســــەدەکانیەوە، بە هەمـــــوو زینــــــدەوەر و کیشـــــوەر و ئۆقیانووســەکانیەوە.. هەمیشــە و هەمیشــە ژیــان لە بەرگ و ڕوخسارێکی ئیستەتیک و نوێ پێشان بدات و وێنەی بکێشـێتەوە، بەمجـۆرە شـیعر دەبێتە پێکهـاتەیەک یـان پەیکەرێـک لە جـوانی، جـوانیش دەبێتە هەناسـە فێنکەکـانی ژیـان، دەکـرێ شـیعر هیـچ ئەرکێکی دیاریکراویشی نەبێت.

**- حەمە کاکە ڕەش:** ئایا شیعر خەیاڵمـان دەتەقێنێتەوە یـان شیعر بوونەوەرێکی چێژبەخشـە، ئـامرازی چێژبەخشـینە، یـان لە شیعردا دەبێـت بـۆچی بگەڕێیـن؟ بـۆ دەنـگ و ڕەنگـی ئەودیـوی خۆمان و شتەکان بگەڕێین یان شیعر خـۆی گەڕانێکە بـۆ ئەوەی خۆمان بیر بچێتەوە.

**نـاڵە حەسـەن:** شـیعر هەم خەیاڵمــان دەتەقێنێتەوە و هەم ئـــامرازێکی چێژبەخشـــینە، خـــوێنەر لە ئاکـــامی خوێنـــدنەوە و قووڵبـــوونەوە لە دەق، لە ئاکـــامی هەڵوەشـــاندنەوە و دووبـــارە بنیادنانەوەی دەق، بە خوێندنەوەی جۆراوجـۆر دەگـات و لە پشـتی هێما و وێنەکان شتی نەگوتراو دەبیستێ، لە ئاکامی ئـاوێزانبوون و ئاوێتەبوونی وشەکان لە وێنەیەکی جوان و سەرکەوتوودا، گوێی لە هارمۆنیـا و مۆسـیقایەکی ناسـک و ئـارام دەبێـت، کاتێـک خـوێنەر دنیـایەکی ڕازاوەو نـوێ دەبینـێ لەنێـو دەق، کاتێـک ئەو ڕووبەرە نوێیـانە دەبینـێ لەنێـو زمـانی دەق، دڵ و ڕۆحـی ئـارام دەبێـت و چەشـــەی جوانکاریەکـــانی دەبـــزوێ و پـــڕ دەبێـــت لە لەزەت. هەنـدێکجاریش پـڕ دەبێـت لە نیگەرانـی، بێئـارام و مانـدوو هەر لەگەڕاندا دەبێت.. شاعیر بەو ئەنـدازەیەی چ پڕ دەبێتەوە لە زمـان

بەوئەندازەپەش خـوێنەر سەرسـام دەکـات و زیـاتر لەنێـو پانتـایی دەق دەیهێڵێتەوە. بە مانایەکی تر، ئەو دەقانەی بە یەک خوێندنەوە هەموو کۆد و هێماکانیان دەکرێتەوە خوێنەر بە یەک ڕامان هەمـوو پێگە و ڕووبەرە دیـار و نادیارەکـان دەبینێـت، بێگومـان ئەوجـۆرە دەقانە نە تـا ئاسـتێکی زۆر خـوێنەر سەرسـام دەکەن و نە چێـژ و لەزەتێکی ئەوتۆشیان پێدەبەخشن. چونکە هەموو ستایل و تەکنیکە نوێیەکانی دەق شتێک نین جگە لە داهێنان و نوێبوونەوە لە زمـان.. زمـان لە شـیعر هەم سـەرچاوەی داهێنـان و نوێبـوونەوەیە هەم سەرچاوەی چێژبەخشینیشە. بەڵام ناکرێ بڵێین شیعر گەڕانێکە بۆ خۆلەبیرکردن. من پێموایە شیعر ئەو ئـاوێنەیە بـۆ خـۆ بینیـن و خـۆ دۆزینەوە تیایدا نەک خۆ ونکردن و خۆ لەبیرکردن.

**- حەمە کـاکە ڕەش:** دەکرێـت لە شـیعردا بـۆ فەلسـەفە بگەڕێین، ئەی فەلسەفە تا چەند جێگای شیعر دەکاتەوە؟

**- ناڵە حەسەن:** شیعر و فەلسەفە نزیکایەتیەکی زۆریان هەیە بەیەکەوە
، ئەم نزیکایەتیە مشتومڕ و قسەی زۆری لەسـەر کـرایە، هەنـدێ کەس پێیـــان وایە شـــیعر فەلســـەفەیە و شـــاعیرانیش وەک فەیلەسـوف چاولێـدەکەن، ئەوەتـا لە ئەمریکـا ئیلیـۆت لەمەڕ داهێنانەکـانی لە شـیعر و بیرتیـژی لە بـابەتە ڕەخنەییەکـانی بە شاعیرێکی فەیلەسوفی ئەمریکی نـاوی دەبەن، بەڵام لەبنەڕەتـدا ئەم تێڕوانینە دروسـت نیە. هەرچەنـدە شـیعر و فەلسـەفە خـاڵی هاوبەشـیان هەیە بەڵام، دوو شـتی جیـاوازن و هەر یەکەو جـۆری ئیشکردن و تایبەتمەنـدی خۆیـان هەیە وە لە هەنـدێ شـوێنیش نـا تەبا دێنەوە لەگەڵ یەکتریدا، بۆیە ناکرێت لە شیعردا بـۆ فەلسـەفە بگەڕێیـن.. لە سـەرەتا هەوڵـدەدەین خـاڵە هاوبەشـەکانیان دیـاری بکەین، شاعیران و فەیلەسوفان زۆر یەکتری دەخوێننەوە و لەژێـر کاریگەری یەکتری دان. شـاعیران زۆرجـار ئیلهـام لە فەلسـەفەوە وەردەگرن. یان هەندێک لە فەیلەسوفەکان زمانی شیعریان بەکـار هێناوە بـۆ نمـوونە " نێتچە " زۆر لەژێـر کـاریگەری شـیعردا بـووە، هەندێکەس بەرهەمەکانی نێتچە بە دەقی شـیعری نـاودەبەن. یـان

کتێبە ئایینیەکان، کە هەموویان باس لە بابەتی فەلسەفی دەکەن وەک ژیان و بوون و مەرگ و سروشت و فەلەک و.. کەچی بە زمانێکی شیعری نووسراون، پلاتۆی فەیلەسوف هەرچەندە هێندە عەشقە شیعر نەبووە بەڵام، لە پەیوەند بە شیعر و فەلسەفە باس لەوە دەکات کە، هەردووکیان باس لە جوانی دەکەن و جوانی خاڵێکی هاوبەشە لە نێوانیان، هەموومان دەزانین جوانی چ ڕووبەرێکی بەرین و فراوانی لە شیعر داگیر کردووە، جوانیش خۆی چەمکێکی فەلسەفیە، یان پەیوەندیەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان شیعر و فەلسەفەی دەروونزانی، خەون و ڕووبەری نەستی و غەریزەکان و پێگە و ڕووبەری بنچینەیین لە شیعر، لەهەمانکات ئەم چەمکانە بابەت و بنەمای سەرەکی دەروونزانین، هەروەها عەشق و خۆشەویستی، فرۆید باس لە خۆشەویستی دەکات وەک غەریزەیەک لە مرۆڤ بە غەریزەی ژیان ناوی دەبات واتە (ئیرۆس)، وە عەشق و خۆشەویستیش لە شیعردا، بە هەناسە و پێکهاتەیەکی سەرەکی دادەنرێت. هەروەها زمان، شیعرو فەلسەفە دەکرێ هەردووکیان لەسەر زمانی مەجازی خوازراو ئیشبکەن، یان زمانی هێماکان، کە " ئیریک فرۆم " لە کتێبێک بە ناوی (باشترین ئاستی بیرکردنەوەکانی فرۆید) باس لە خەون و هێماکانی خەون دەکات، خەون بە شیعر دەچوێنێ و زمانی نێوانیان بە (زمانی گشتگیر) ناو دەبات، چونکە هەم زمانی شیعر لە ڕێگەی وەقسە هێنانی وێنە و هێماکان زمانێکێ گشتگیرە، هەم زمانی خەون لەڕێگەی وە قسەهاتنی هێماکان زمانێکی گشتگیرە.. لەگەڵ ئەم نزیکایەتیەو ڕووبەر و خاڵە هاوبەشانەدا لە هەندێ شوێنیش شیعر و فەلسەفە ناتەبا دێنەوە، بۆ نموونە/ فەلسەفە لەسەر هۆکارەکان و بنەمای ڕاستی و حەقیقەتەکان ئیش دەکات، بەڵام شیعر زیاتر لەسەر خەیاڵ، زۆر بەڵای هۆکارەکاندا ناچێت، فەلسەفە مەبەستیەتی دونیا بگۆڕێت، بۆ ئەم خاڵە فەیلەسوفەکان پرسیارێک لە شاعیرەکان دەکەن و دەڵێن (ئایا خەیاڵ دەتوانێت دونیا بگۆڕێت؟). هەرچەندە زۆرێک لە قوتابخانە ئەدەبیەکانی مۆدێرنیزم لە هەوڵی گۆڕانی کۆمەڵگەدا بوون لە ڕێگەی ڕەخنە و دونیا بینیە نوێیەکانیان، بە تایبەت سوریالیستەکان لە شەڕێکی گەرم دابوون لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵگە و ئایین و داوونەریتی باو، " ئۆکتاڤیۆپاز " لە نووسینێک

دەڵێت (سوریالیستەکان لە ڕێگەی خەیاڵە جوانەکانیان دەیانویست دنیـا بگـۆڕن)، بەڵام لەگەڵ هەوڵە جوانەکـانی هەمـوو قوتابخـانە ئەدەبی و هونەریەکانی مۆدێرنەتە و تەنانەت دوای مـۆدێرنەتەش، دیسان لە بەرامبەر پرسیاری (ئایا خەیاڵ دەتوانێ دونیا بگـۆڕێت؟) بێوەڵام دەمێنینەوە!. لە ئەدەبیاتی کۆنی کورد و عەرەب و فـارس و کـۆمەڵگەی تریـش، زۆرێـک لە شـاعیرە کلاسـیکەکان لە نێـو شیعرەکانیان قسـەیان لەسـەر بـابەتە فەلسـەفیەکان کـردووە، بە تایبەت لە بواری فەلەکناسیدا.. دەکرێ شاعیر هەمیشە ڕووانگە و دونیابینیەکی فەلسەفیانەی هەبێت وە شـیعریش فەلسـەفە لەخـۆ بگرێـت وە فەلسـەفەش بەپێـی چەمکە شـیعرییەکان بە تـایبەت زمان و جوانی، ڕووبەرو جێگایەکی بەرین بۆ شیعر بکاتەوە.

**- حەمە کـاکە ڕەش:** زۆر جـار دەبیسـتین باسـی شـیعری ڕەسـەن دەکەن، مـن نـازانم شـیعری ڕەسـەن چییە؟ دەتـوانی شیعری ڕەسەنم پێبناسێنی چۆنە و کامانە خاسێتەکانیتی؟

**ناڵە حەسەن:** من دەمەوێت زۆر ڕاشـکاوانە ئەوە بڵێـم، کە باوەڕم بەو جۆرە پۆلێنکردن و دەستەواژە داتاشراوانە نیە، وەک شـیعری ڕەسـەن و ئەدەبـی ژن و ئەدەبـی پیـاو، یـان ڕەخنەی بنیـاتنەر و ڕووخێنەر.. بەم دەسـتەواژانە، لەلایەک دەیـانەوێت لە بەهـای شـتەکان کەم بکەنەوە و لەلایەکیـتر شـتەکان داببڕێنـن لە ئەسلی مانا و ئەرکەکانی خۆیان، شیعری ڕەسەن بە بڕوای مـن هیـچ پێناسـە و خاسـێتێکی ڕۆشـن و دیـاری کـراوی نیە جگە لە مەبەست و هۆکارێکی تایبەتی و ئامانجدار.. بۆ نموونە دەسەڵات بە قەڵەمە دەستەمۆ و توتی ئاسـاکانی خـۆی دەڵێـت نووسـەری ڕەسەن یان شاعیری ڕەسەن، حیزب و سیاسیەکان بە نووسـەر و شـاعیری سیاسـی و هەڵوێسـت فـرۆش دەڵێـن، نووسـەرو شاعیری ڕەسەن، کۆمۆنیستەکان و ئایینیەکانیش بەهەمانشێوە.. دەمەوێ ئەوە بڵێم، ئەگەر باوەڕمان بە شیعری ڕەسەن هەبێـت و چوارچێوەو مانایەکی بۆ بتاشین دەبێت لە هەمانکات باوەڕمان بە شیعری نا ڕەسەنیش هەبێت و چوارچێوە وماناش بۆ ئەمیش دیـاری بکەیـن.. بە کـورتی دەمەوێـت ئەوە دووبـارە بکەمەوە.. شیعری ڕەسەن، یان دەستەواژەی ڕەسەن لەنێو دونیـای شـیعر

و جــوانی و داهێنانــدا هیــچ جێگــایەک و مانــایەکی نیە جگە لە مەبەســت و ئامــانجێکی دیــاریکراو ڕاســتەوخۆش مەبەســت و ئامانجێکی سیاسی لە پشتە و هیچیتر.

**- حەمە کاکە ڕەش:** ئەرکی شاعیر کەشفی بەردەوامە، تــۆ لە شیعرەکانتا دەتەوێ کەشفی چی بکەی، ئایــا ئەو کەشــفکردنە یــارییەکە تەنهــا قــوڵایی زمــان خەیــاڵ و وێنە و دەربڕینــی شــیعر بەرگەی دەگرێ یان دەکرێت نووســینێکی ئاســاییش بتــوانێت ئەو کەشفە بکات؟

**-نــاڵە حەســەن:** مــن لەنێــو شــیعرەکانمدا بەدوای خۆمــدا دەگەڕێــم و خــۆم دەنووســمەوە، هەمــوو ڕووبەرە تاریــک و نەدۆزراوەکانی نێو ناخ و نێو هەستە چەپێندراوەکانم و نێو پانتایی غەریزەکانم، من پەڕپەڕی یادەوەرییەکانم دەنووسمەوە، زمــانی شەرم لەخۆمدا دەهێنمە قسە، هەمــوو ئەو شــتانە دەنووســمەوە کە لە منداڵی و لە هەرزەیــی و لاوێــتیم شــەرمم دەکــرد باســیان لێــوە بکەم یــان ئەو چەمــک و ڕووبەرانەی بەهەر پاســاو و بیــانوویەک حەرامکــراون، یــان ئەو پرســیارانەی دەیانهەژانــدم و سەرسامیان دەکردم، یان کە بەنێو خەون و خەیاڵەکانم ڕەتدەبم بەدوای کێڵگە و بــاخچە نەدۆزراوەکــانی جوانیــدا دەگەڕێــم، یــان کۆڵانە تاریکەکانی وشە، ئەو کۆڵانانەی لەبەر قــوڕولیتە تــا ئێســتا شاعیرانی تر پێیدا نەڕۆیشتوون یان نایانەوێت پێیدا بڕۆن.. لەنێو کۆڵانەکانی وشــە بە دوای ئەو هێمایــانەدا دەگەڕێــم کە ڕووبەری نــاخ و حەزەکــانم و دڵشــکانەکانی منــداڵیم ڕەنــگ دەکەن، ئەو هێمایانەی خــۆم وەک بــوونێکی نــامۆ، ژیــان وەک بــوونێکی نــامۆ تیایدا دەبینمەوە، هەوڵدەدەم لە ڕێگەی زمانەوە بچمە نێو خۆم و نێو ژیانەوە، هەوڵدەدەم لەنێو مردنەوە لە ژیان بڕوانم، کە خــۆم و منــداڵیم و خەونەکــانم بەشــێکین لە ژیــان، بــۆیە مــن هەمیشــە هەوڵدەدەم ژیان بە هەموو مانــایەک و پێکهــاتەیەک بنووســمەوە. مــن لەنێــو شــیعرەکانمدا هەوڵــدەدەم پەیکەرە پــڕ لە زامەکەی عەشــق بهێنمە قســە، مــرۆڤ وەک ســەرچاوەی هەمــوو پیرۆزیەکــان و شایســتە بە هەمــوو جوانیەکــان و خۆشــی و

ئاسوودەییەکان وێنە بکێشم. من پێموایە دونیای شیعر هێندە فراوانە لە ڕێگەی زمانەوە هەموو شتە نەگوتراوەکان و هەموو ڕووبەرە نەدۆزراوەکان دەگرێتە خۆ، شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێ دەستی بە هەموو قووڵاییەکان و دووریەکان ڕابگات، ئەوەتا " جاک لاکان " دەڵێت (ڕووبەری نەستی وەک کلیلێکی زمانیە بۆ تێگەیشتن لە هەموو دیاردەکان) لێرەدا لاکان هەم بەرینایی ڕووبەری نەستیمان پێدەناسێنێ هەم توانا و پێگە سیحراویەکانی زمان، کە چۆن لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین لە هەموو دیاردەکان تێبگەین، مەبەستیەتی ئەوە بڵێت کە زمان کلیلێکە بۆ کردنەوەی هەموو دەرگاکان. دەربارەی نووسینی ئاسایی، نازانم مەبەستت چیە؟ بەڵام بێگومان هەموو نووسینێک نە زمان و نە هێماکان و نە قووڵیەکانی وەکو یەک نین.. بێگومان شتە نەگوتراوەکان و کەشفکردنەکانیش تیایدا وەکویەک نین. بەمانایەکی تر، کەشفکردن لە شیعردا پەیوەندی بە توانا و مەعریفە و دونیابینی شاعیرەوە هەیە. بێگومان نە هەموو توانا مەعریفیەکان لە شاعیردا، نە هەموو کەشفکردنەکان لە شیعردا وەکویەکن، هەموو لە ئاستی جۆراوجۆر و جیاواز دان.

- **حەمە کاکە ڕەش:** ئەمڕۆ زۆر کەس دەبینین شیعر دەنووسن لە ئاستێکدا زمان و وێنە و خەیاڵێکی نزم و کەم خوێن بەرهەمدێنن، کەچی لە بڵاوکراوەکاندا هیچ ڕێگریەک بۆ بەناو ئەو شیعرانە نیە و بگرە هەندێک جار ستایش دەکرێن، ئایا دەکرێت بڵێین ئەمە گەندەڵی ڕۆشنبیری ئێمەیە؟

**ناڵە حەسەن:** دیارە بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرانەی کە وەک پێویست داهێنانیان تیادا نیە یان وەک خۆت دەڵێی لە ئاستێکی نزمدان، یان دەستگرتن و هاندانی شاعیرە لاوەکان. ئەمە بە کارێکی زۆر خراپ و بە تاوانی نازانم، ڕەنگە تەنها کارێکی زۆر باش نەبێت بۆ ئیعتیباری گۆڤارەکە یان ڕۆژنامەکە.. دەبێت ئەوەشمان لەلا ڕۆشن بێت، وەک چۆن شاعیرمان هەیە لە ئاستێکی بەرز داهێنانەکانی دەکات و شاعیری واش هەیە لەم ئاستەدا نیە بگرە لە ئاستێکی زۆر نزمیشە، خوێنەرانیش بە هەمان شێوە، خوێنەری زۆر جدیمان هەیە، خوێنەریشمان هەیە جدیەت و

سەلیقەکەی بۆ خوێندنەوە و ڕامان و قووڵبوونەوە لە دەق لەم ئاستەدا نیە، ڕەنگە هەر خۆشی بە دوای ئەم جۆرە دەقانە بگەڕێت کە بەڕێزت ناوت بردوون. بەڵام ئەوەی بەڵای منەوە ئاسایی نیە ئەوەیە، ئەم دەقانەی کە لە ئاستێکی وا نزمدان ستایش بکرێن و شاعیرەکانیان بە داهێنەر و ڕەسەن ناوبەرن. دیارە ئەمجۆرە ستایشکردنە نارەوایانە دەستێکی ئاگایانە و مەبەستێکی ئامانجداری لە پشتە، ئەوستایشکردنە ناڕەوایانە کە ئەدەبێکی خراپمان بە داهێنان پێدەفرۆشن، ئەمە جگە لە تاوانێکی گەورە هیچ شتێکی تر نیە، بە دڵنیاییەوە دەتوانین ئەوە بە گەندەڵیەکی ئاشکرای بواری ڕۆشنبیریمان ناو بەرین. لەمجۆرە نووسەرە ناداهێنارەمان زۆرن بەتایبەت ئەوانەی لەژێر ساباتی دەسەڵات ڕاکشاون، زۆر نارەوایەنە زۆرێک لە دەرگای گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان بۆ کراوەتەوە و هەموو ئیمکانیاتێکی چاپ و بڵاوکردنەوەشیان لە خزمەت دایە! من ئەمجۆرە بەناو ڕۆشنبیر و نووسەرانەم لە دیمانەیەکدا بە (مشەخۆر) ناوبردوون.. ئەمانە داهێنەر نین ئەمانە مشەخۆرانی ژێر ساباتی دەسەلاتێکی گەندەلن. زۆر نووسەری داهێنەرمان هەیە، بە دەلائیلی نا ئەدەبی و نا ڕەخنەیی، بەهۆی جیاوازی بیروڕا و بەهۆی جیاوازی دەڤەر و ڕەنگ و دەیان بڕوبیانووی بێمانای تر دژایەتی دەکرێن و پشتگوێ دەخرێن و تەنانەت سانسۆریشیان لەسەر دادەنرێن، ئەمانە هەمووی جگە لە گەندەلی لە بواری ڕۆژنامەگەری و بواری ڕۆشنبیری شتێکی تر نین...!

**حەمە کاکە ڕەش:** ئایندەی شیعر چۆن دەبینیت؟

**ناڵە حەسەن:** من ناتوانم شیعر لە ژیان جیا بکەمەوە، من پێموایە ڕەوتی ژیانیش بۆ تاهەتایە لە وەستان ناکەوێت و هەر بۆ پێشەوە دەچێت، شیعریش لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیان و بیری مرۆڤ، هەمیشە سنووری داهێنانەکانی فراوانتر و جوانتر دەبێت و هەمیشەش لە نوێبوونەوە دا دەبێت.

## ئیستاتیکای شیعر، ڕاستەوخۆ ڕۆڵی سەرەکی دەبێنێت لە تێرکردنی ئارەزووە لاشعوورییەکان

**ئامادەکردنی: غەمگین بوڵی**

**- غەمگین بوڵی:** لـە دەقەکانتـدا گەمـەی پەیڤـەکان لـەنێو هێزی شیعرەکانتدا حەشاردراون، زمانیش ڕۆڵی ئـاکتیڤی بینیـوە لەسـەر " شـیعراندنی " کاتێـک کـە بـە دەوری دەسـەڵاتی باکگڕاوندەکاندا دەخولێتەوە.. ئایا ئەوە چ نۆسـتالیژیایەکە کـە لـە ڕۆحیەتی شیعرەکانتدا خەڵقت کردووە؟

**- ناڵە حەسەن:** بـە پێـی ئـەوەی شـاعیر لـە چرکەسـاتی نووسینی شیعر لە ڕووبەرێکی نادیار کار دەکـات، ئـەم ڕووبـەرە نادیارەش ڕەگەکانی لە نێو خەون و خـەیاڵ دایـە.. خـەونیش لـە بەرگە گشتیەکەیدا، هێنانە گۆی یان بە کاراکتـەرکردنی ئـارەزووە لاشعوریەکانە.. بۆیە شاعیر ناتوانێ دەستبەرداری ڕابـردوو بێـت. دەتوانین بڵێین هونـەر بـە گشـتی، وەڵامـدەرەوە یـان تێرکردنـی ئـارەزووە لاشـعوریەکانە لـە بـارێکی ئاگـایی و نائاگاییـدا..! لـە ڕووبـەری نۆسـتالیژیاش " منـداڵی " جوانـترین و ناسـکترین توحفەیـە بـۆ شـاعیر..! نووسـینی شـیعر بـەبێ ئاوڕدانـەوە لـەم توحفەیە مانایەکی نیە..! وا پێویست دەکات ئەوەش بڵێم، شاعیر نابێت تەنها ڕووی لە دواوە بێت..! بە مانای تەنها ئـاوڕ لـە دواوە بداتەوە و دوێنێی خۆی بنووسێتەوە.. وا پێویست دەکـات دوێنێـی

خـۆی، بـە ئێسـتا و هاوکـات بـە ئایـندەش گرێبـدات. " ڕۆبـەرت فرۆست " گەورە شاعیری ئەمریکی، کـە بـە شـاعیری سـەدەی بیستەمی ئەمریکا ناوی دەبەن.. یەکێک لەو ڕەخنەیـەی کـە لێـی گیـراوە ئەوەیـە/ کـە هەمیشـە ئیشـی لەسـەر ڕابـردووی خـۆی کردووە، واتە تەنها خەمەکان و ئارەزووە چەپێندراوەکانی دوێنێی خۆی نووسیوەتەوە. دیارە هیچ لاریەکمان لـەوە نیـە کـەوا، زمـان بڕبــڕە پشــتی شــیعر و نووســینە..! هــەموو بەدواداگــەڕان و کەشفکردن و داهێنان و ستایلە نوێیەکان، لە ڕێی زمانـەوە دێنـە بوون.. دیارە دەمێکە " جاک لاکـان " بـاوەڕی وابـووە کـە زمـان وەک کلیلێک وایە بۆ کردنەوەی هەموو دەرگاکان.. بە تایبـەت لـە نووسینی شیعر دەبێت زمان ئەم ڕۆڵە ئاکتیڤـەی خـۆی بـبینێت.. دەربارەی ئەوەش کە/ دووبارە بوونەوەی وشە و دەستەواژەکان یان جێگۆڕکێ پێکردنیان، کە ئێـوە بـە گەمـەی پەیڤـەکان ناوتـان بردووە، وە ئەمە لەنێو شیعرەکانی من زۆر بەرچاو دەکەون، من پێموایـە ئـەوە پەیوەنـدی بـە بـاری دەروونـی منـەوە هەیـە، لـە ئانوساتی نووسینی شـیعرەکەدا..! هۆکـارێکی تـر، پەیوەنـدی بـە ئیســتاتیکای شــیعریەوە هەیــە..! چونکــە ئیســتاتیکای شــیعر/ ڕاســتەوخۆ ڕۆڵــی ســەرەکی دەبینــێ لــە تێرکردنــی ئــارەزووە لاشـعوریەکان.. بەمانایـەک، هەرچەنـدە تـۆ لـە نێـو ڕووبـەرێکی نادیاریش کار بکەی و بۆ نێو قووڵاییەکانی خەون و خەیاڵ بڕۆیتـە خــوارەوە، مەبەسـتمە ئـەوە بڵێـم کـە، ئیسـتاتیکای شـیعر هـەر کاریگــەری خــۆی دەبێــت بەســەر بــاری دەروونــی و بەتایبــەت ئـــارەزووە لاشـــعوریەکان..! بەمانایـــەک ئیســـتاتیکای شـــیعر سەرچاوەیەکی لەزەت بەخشە لـە پڕۆسـەی نووسـینی شـیعر..! بۆیـە دەتـوانین بڵێیـن کـە زمـانی دەق ڕاسـەوخۆ پەیوەنـدی بـە دەروونی شاعیرەوە هەیە..! ئەمە بۆ ژانرەکانی تریش هەروایــە، ئەگەر لە هونەری نیگارکێشان بڕوانین/ ڤـانکوخ کاتێـک تـابلۆی " شـەوە پـڕ ئەسـتێرەکانی " کێشـا، لەوکاتـەدا لـە نەخۆشـخانەی دەروونی بووە، لەم تابلۆیـەی دا/ شـێوەی مامەڵـەکردنی لەگـەڵ ڕەنگــەکان و بــەکارهێنانی فلچەکــەی، پەیوەنــدی بــەم بــارە دەروونیــەی هــەبوو، کــە خۆشــی لــە زۆر شــوێندا ئەمــەی باسکردووە..! لێرەوە بەوە دەگەین کـە لـە نێـوان زمـانی دەق و ئارەزووەکانی مرۆڤ حەقیقەتێکی جاویدانی هەیە، یان زمـان لـە

ڕێگەی ئەم دەسەڵاتە خوداوەندیانەی کە هەیەتی لەنێو فەزای دەقدا، دەتوانێ سیما و خەسلەتێکی جاویدانە بە ئارەزووەکان و ڕەهەندە مرۆییەکان ببەخشێ..! کەواتە زمان دەتوانێ نەمری بە شتەکان ببەخشێ لەنێو ڕووبەری دەقدا، بۆیە دەتوانین بڵێین، یادەوەری لەنێو هەر دەقێکی شیعری بوونێکی جاویدانی هەیە، یان بوونێکی گشتگیر و ڕەها..!

- **غەمگین بۆڵی:** نووسەرگەلێک لەسەر ئەوە کۆکن، کە دەقی ئەدەبیات/ وڕووژاندنی گومان و پرسیارکردنی ئەزەلیە بەهۆی گەڕانی نووسەرەوە.. بەڕای تۆ ئەگەر ئەدەب " بە تایبەت شیعر " دەرهاویشتە و گەڕان بەدوای پرسیار خولقاندنی گومان بێت، چ وەڵامەکەیەتی؟

- **ناڵە حەسەن:** دیارە ئەوە زۆر ڕوونە کەوا، ژیان پڕیەتی لە شتی پێچەوانە و هاودژ و نامۆقوڵ. شیعریش لە ڕێگەی بەدواداگەڕان و خوڵقاندنی کۆد و هێمای نوێوە، دەکرێ هەموو ئەو شتە هاودژ و پێچەوانە و ناماقووڵانە لەنێو هەناوی کۆد و هێماکانیدا لە خۆبگرێت ". چونکە شیعر نووسینەوەی ژیانە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە..! بۆیە ئاساییە کۆد و هێماکان هەڵگری پرسیارو گومانی جۆراوجۆر بن..بە بڕوای من، ئەم پرسیار و گومانانەش سەرچاوەکەیان لە بەردەوامبوون و نوێبوونەوە دایە..! چونکە شیعر ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر خۆی نوێ نەکاتەوە، لێرەدا نەک تەنها شیعر بەڵکو سروشتی ژیانیش هەروایە.. بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین شیعر بەمانای" ژیان " دێت..! بۆیە هەر کاتێکی دەقێکی شیعری، چەندین پرسیار و گومانی هەمەجۆر لە لای خوێنەر جێدەهێڵێ، ئەمە نیشانەی بوونی داهێنان و دیدگای نوێیە لەنێو دەقەکە و لە چوارچێوەی سیستەمێکی ئیستەتیکدا. یان باشترە بڵێین، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی زماندا..! ئەوەتا " ئەراگۆن " بە پێی ئەزموونی خۆی بەوە گەیشت بوو کەوا " فەرهەنگەکان مانای تەواو بۆ وشەکان دەستەبەر ناکەن..! " واتە مانای ڕاستەقینەی وشەکان بە پێی سروشتی وێنە و بڕگەکان دەگۆڕێن..! لێرەدا بەوە دەگەین کە

زمـانی شـیعر خـۆی نابەسـتێتەوە بـە، مانـا بـاو و تەقلیدیـەکانی وشــە.. شــاعیر لــە ئاکــامی بەدواداگــەڕان و کەشــفکردنەکانی کاتێک، پەیکەر و وێنە شـیعرییەکانی بـە لیکـی وڕێنـەکانی ڕەنـگ دەکات..! یان لە ڕێگەی کۆدەکانەوە، هەموو ئەو شتە نامــاقووڵ و ناتــەبا و هــاودژ و تەنانــەت خــەون و شــتە ترســهێنەکانیش دەنووســێتەوە.. کەواتــە شــاعیر لــە دواجــاردا، لــە ڕێگــەی قووڵبوونــەوەکانی بــە پێگــە و ڕووبــەری نــوێ دەگــات، لەوێــدا ناوکۆکەی پرسیار و گومانەکان، گومان لە خود، لە دەوروبەر، لـە داهێنان، لە ژیان لە هەموو شـت، خۆیـان دەخزێننـە نێـو هـەناوی کۆد و هێماکان یان مانا نوێیەکانی وشە و دەستەواژەکان..! هـەر لێرەشە پرسیار و گومانەکان لە دایک دەبن..!

- **غەمگین بـوڵی:** شـاعیر زۆرجـاران لەگـەڵ ئـەو شـتانەی لەگـەڵ هەسـتەکانی نـاگونجێ بـەرەنگاریان دەبێتـەوە، بـە شـیعر لەگەڵیان بەشەڕ دێ.. ئایا تۆ توانیوتە لەم شەڕانەدا بە دڵی خـۆت بجەنگێی و سەرکەوتن بەدەست بهێنی..؟

- **ناڵە حەسەن:** " ئەزرا پاوەنـد " جگـە لـەوەی شـاعیرێکی نوێخــواز و بــە یــەکێک لــە بناغــە و دامەزرێنــەری قوتابخانــەی مۆدێرنیزم دادەنرێت لە ئەمریکا، هاوکات لەدوای جەنگی جیهانی دووەم وەکو شاعیرێک و ڕەخنـەگرێک و نووسـەرێک، کاریگـەری بەرچاوی بـووە چ لەسـەر ڕەوشـی ئـەدەبی و تـەواوی ڕەوشـی ڕۆشـنبیریش، نووسـین و بیرکردنـەوەکانی بـەرز دەنرخێنـدرێن، کەسێکی چاڵاک بووە بە دژی هەسـت و بیـری ڕەگەزپەرسـتێتی، خوازیاری دونیایەکی نوێ و مـۆدێرن بـوو.. یـان سوریالیسـتەکان بەدوای گۆڕانی کۆمەڵگەوە بوون، پێیان وابوو " هونـەر دەتـوانێ دونیا بگۆڕێت..! " دەتوانم بڵێـم هەوڵـدان بـۆ گـۆڕینی گۆمەڵگـە بــەرەو مەدەنیــەت و نوێخــوازی، بنــەما و پرنســیپی زۆرێــک لــە قوتابخانەکانی مۆدێرنە بوو.. بە بڕوای من، مرۆڤ بوونـەوەرێکی هۆشمەندە، پڕاوپڕە لە ئومێد و مەیل و ئارەزووی ڕەنگاوڕەنـگ، مرۆڤ پێکهاتەیەکـە لـە خـەون و خـەیاڵی سـپی، بۆیـە هەمیشـە مەیلی گـۆڕان و خولیـای بـەرەو پێشـەوەچوون و هـەرچی زیـاتر

دەستپراگەیشــتن بــە ئومێــدە جوانــەکانی، لــە دەروونیــا کڵپــە دەکــات..! کاتێــک مــرۆڤ لــەنێو ئــەم خــەون و خــەیاڵ و ئومێــدە جوانانەوە، لە هەوڵی گۆڕانی ژیاندا دەبێ، بەو مەبەسـتەی ژیـان جوانـتر بکـات.. لـە هـەمانکاتیش هـەموو هەوڵـەکان و ئامـانجی شیعریش " جوانکردنی ژیانە ".. کەواتە، " مرۆڤ و هونەر " یان " مرۆڤ و شیعر " هەردووک، لە پنتی " جوانی " بەیەک دەگـەن و بەیەکەوە هاوکێشەکەی ژیان تەواو دەکەن..! بۆیە دەتوانم بڵێم شـیعر هـاوارێکی بەردەوامـە، بـەدژ هـەموو ئەوشـتانەی لەگـەڵ نـاخی مـرۆڤ نـاگونجێن و یـان ئـەو شـتانەی دەیانـەوێت ژیـان ناشـیرین بکـەن..! تـا ئـەو جێگایـەی بـە خـۆم و شیعرەکانیشـم دەگەڕێتەوە، من پێموایە، لەوڕۆژەوەی دەستم داوەتـە قەڵـەم " ئەم هاوارەم لەگەڵدایە..! " لەگەڵ نووسینی هەر شیعرێک، ئــەم هاوارە بە جۆرێکی تر و بە ڕەنگێکی تر، ڕووبەرەکانی دەروونــی من و شـیعرەکەم دادەپۆشـێ..! کـە بیـر لـە هـەر ئومێـدێکی لـە دەستچووم یان خەونێکی قەشـەنگم دەکەمـەوە، ئـەم هـاوارە وا لەوێـدا..! دەربـارەی ئـەوەش، ئایـا مـن لـەنێو شـیعرەکانم بـە ئارەزووی دڵی خۆم ئەم شەڕەم یان ئەم هاوارەم کردووە؟ مــن پێموایە، هەموو هاوارەکانم و هەڵبەز و ڕووبـەڕوو بوونـەوەکانم، لــەپێناو جوانیــەکانی ژیــان د ا، لــەنێو پڕۆســەی نووســین و شیعرەکانم بە ئەوپەڕی ئارەزووی دڵی خۆمەوە بووە.. بۆیـە مـن پێموایە لەنێو شیعر و نووسینەکانم درێخیم نەکردووە، هەرچیەکم مەبەســت بــووبێت نووســیومە.. مــن لــەکاتی نووســین هیــچ بەربەستێک لەبەردەمی خۆم نـابینم، بـە ئەوپـەڕی سـنوورەکانی ئازادی دەگەم، تا ئاستی ڕەهـایی..! وە لـەو ڕاسـتایەش چەنـدە سەرکەوتووم؟ ئەوە وەڵامەکەی لای ئێوەیە..!

- **غەمگین بوڵی:** شاعیرانی کـورد هەمیشـە ئـەرکی تریان بینیوە، کە لە ئایندەدا زەرەری بە ژێرخانی شـیعریەتی داوە، ئایـا ئەم زەرەرە بە تۆش نەگەیشتووە؟ دەکرێ تیشـک بخەیتـە سـەر ئەم لایەنە..؟

**- ناڵـە حەسـەن:** لـەم ڕۆژانــە نووســینێکم دەربــارەی " هۆلۆکۆست " خوێندەوە، دەربڕینێکـی جـوانی تیـابوو کـە دەڵێـت (کارەساتی هۆلۆکۆست، مەعریفە و بوونی مرۆڤایـەتی خسـتۆتە ژێر پرسیارەوە..!) ئەگەر لەم قسەیە وورد بینـەوە، بەرئـەنجامی گەڵێک بایەخـدارمان دەسـت دەکـەوێت..! دەخـوازم ئـەوە بڵێـم، کاتێک بیری مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستەی کـە، تراژیدیەیـەکی وەکـو هۆلۆکۆست وەبەرهەم بهێنێ کـە تیایـدا، شـەش ملیـۆن مرۆڤـی بێگوناە تیایدا ببنە قوربانی..! ئیدی مەعریفـە و بـوونی مـرۆڤ چ مانایــەک و بەهایــەکی دەبێــت..؟! ئــەوە چ مەعریفەیەکــە ئــەم کارەساتە تراژیدیە شەرمهێنە وەبەرهـەم دەهێنـێ..؟! بـۆ ئێمـەی کــوردیش هەروایــە، ئێمــەی کــورد هەمیشــە بــوون و ژیانمــان لەبەردەم مەرگ و لەژێر پرسیار دا بـووە..! ئێمـە لـە ڕۆژگارێـک ژیانمان بەسەر برد، جگە لە جینۆساید و گـازی کیمیـایی و کـۆڕە و... چەوساندنەوە و سەرکوتیش بە ئەوپەڕی گەیشت بوو.. ئێمە هەمیشە لە باوەشی مەرگ شەو و ڕۆژمان بەڕێـدەکرد..! ئـەوە چارەنووس و قەدەری ئێمە بوو..! لە ژیانێکی ئاواهی دا، شیعر و ئــەدەب و مەعریفــە چ مانایــەک و بەهایــەکیان دەبــێ، ئەگــەر بەرگری لە بوون و ژیان نەکەن..؟! لە شێوە ژیانێکی وادا، بــەبێ ویستی خۆت هاوکێشـەی (هونـەر لـەپێناو هونـەر) دەگـۆڕێت بـۆ هاوکێشەی (هونەر لەپێناو مانەوە..!) ئێمـەش هـەر وامـان کـرد، پێشــم وا نییــە زەرەرمەنــد بــووبین..! چونکــە بــە بــڕوای مــن (ژێرخانی ژیان پڕ گەوهەرتر و پیرۆزترە لە ژێرخانی شیعر، دیارە لێرەدا مەبەستمان لە ژێرخانی شیعر " ئیستاتیکای شـیعرە "..!) چونکە لە دوا هەنگاودا دەستمان بە ژیـان و بوونمانـەوە گـرت..! دیارە شیعرەکانی منیش لە ژێر ئەم کاریگەریانە بەدەر نـەبوون.. بیرمە لەکاتی لاویم واتە سـەرەتای سـاڵەکانی نووسـینم، خـۆم و شیعرەکانم تەواو لەژێر کاریگەری هەست و بیری نەتەوایـەتی دا بووین.. بـە تایبـەت لـە قۆنـاغی ئامـادەییم، واتـە لـە سـەردەمی خۆپیشــاندانەکانی قوتابیــان و هاتنــە سەرشــەقامەکان..لــەو سەردەمە شیعرەکانم لەنێو قوتابیەکانی هـاوڕێم دەستاودەسـتی دەکرد، دوای تێپـەڕینی کات و بێئـەوەی بـەخۆم بزانم ئـاڵوگۆڕ بەســەر بیرکردنــەوە و ڕوانینــەکانم دا هــاتن، خــۆم لــەنێو ئایدیۆلۆژیای مارکس و مارکسیەت بینیـەوە، لـەو سـەردەمانەش

جگە لە مەسەلە نەتەوایەتیەکان، مەسەلە چینایەتیـەکانیش هاتنـە نێـو شـیعرەکانم..! بـەڵام زۆر بـە ئاگاهانـە ئیشـم لەسـەر ئـەوە دەکرد کە، سیاسـەت و ئایـدیۆلۆژیا لایـەنی ناسـکی و جوانکـاری شــیعرەکانم نــەخنکێنێ، واتــە خــۆم و شــیعرەکانم کۆیلــەی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت نـەبین..! هـەر لەوسـەردەمانە چـەمکی " عەشق " ڕووبـەرێکی فراوانـی لـەنێو شـیعرەکانم داگیـر کـرد و زمـانێکی ئیرۆتیکیـش بـوو بـە شـێواز و زمـانی نووسـینم..! بـە چاوخشـاندنێک بـە نامیلکـەی (مـۆمێکی نـوێی تەمـەنم) لەگـەڵ (خەونە ئیرۆسیەکانی ئاگر) یان (نیگایەک بەسـە بـۆ مـردن) ئـەم ئاڵوگۆڕانـەی کـە باسـم کـردوون، وەک تریفـەی مانـگ و وەک ڕۆژی ڕووناک دەبیندرێن..!

- **غەمگین بوڵی:** ئایا تۆ بەدوای شیعردا وێڵی، یاخود شـیعر بـە دوای تـۆدا وێڵـە؟ دەکـرێ بزانیـن لـەم وێڵبوونـە شـیعرییە دا گەیشتی بە کوێ و دەتەوێ چیبکەی..؟

- **ناڵە حەسەن:** ڕاستیەکەی نازانم من بەدوای شـیعر وێڵـم یـان شـیعر بـەدوای منـدا وێڵـە..! بـەڵام هێنـدە هەیـە، لەوەتـەی بەبیرم دێت من لەگەڵ شیعر دا دەژییم.. هیچ کاتێک لە شــیعر دا نــەبڕاوم و وە ناشـتوانم لێـی دا بـبڕێم..! شـیعر بـۆ مـن، ئـەو هەناسەیەیە کە پێی دەژیم..! بە دڵنیایـەوە دەڵێـم، ئەگـەر شـیعر نەبووایــە، مــن نەمــدەتوانی بەرگــەی ئــەم هــەموو تەنیاییــە و غوربەتیەم بگرم..! من خۆم بە قەرزباری شـیعر دەزانـم، شـیعر بۆتـە بەشـێک لـە بـوونم و یـان باشـترە بڵێـم، شـیعر بۆتـە بـە ناسنامەی من..! من خۆم بە شیعر دەناسمەوە.. ئەگەر شیعر لە من جیـا بکەنـەوە، وەک مشـتێک خۆڵـەمێش یـان تـۆز و غوبـارم لێدێت ڕەنگە، کزەبایـەک بتـوانێ لەگـەڵ خـۆی دا بمبـات و ونـم بکات..! لە نێوان من و شیعر، شتێکی پڕ بەها هەیە ئەویش پێـی دەڵێـن " عەشـق "..! دیـارە عەشـقیش بـە مانـا فراوانەکـەی..! لەنێو ڕووبەری شیعردا من دەمەوێ، پەیکەری خۆم بکێشم.. کـە تەعبیر لە حەقیقەتی خۆم بکات وەکو خۆم..! بە مانای، خـۆم بـە هەموو بوون و غەریزە و ئومێد و هەست و ئارەزووەکانمەوە، بە

هەموو خەون و خولیاکانمـەوە.. مـن دەمـەوێ، ژیـان بـە هـەموو جوانی و پێکهاتەکانیەوە، بە هەموو شێوە و ڕەنگەکانیەوە، بهێنمە نێو شیعرەکانم..! مـن لـەنێو شـیعرەکانم، بـەدوای نیشـتیمانێکی سپی سـپی دا دەگـەڕێم.. نیشـتیمانێک شایسـتە بـە گـەورەیی و پیرۆزی مرۆڤ بێت.. دەمەوێ لەوێدا، لەنێو شەقامە ئارامـەکانی ئەو نیشتیمانە سپیەدا، ئێوارەیەک، پیاسەیەک لەگـەڵ مـۆزارت دا بکەم، سـڵاوێک لـە دەستۆفسـکی بکـەم، پێکێـک لەگـەڵ ئـەنوەر مەسـیفی هەڵبـدەم، قاوەیـەک لەگـەڵ عەبـدولخالق مـەعروف بخۆمـەوە، گـوێ لـە خـەون و نیگەرانیـەکانی ڤـانکوخ ڕابگـرم، لەگەڵ فریدا کالۆش باسی ڕەنگ و ئازارەکانی ژیان بکەم..! جـا لەنێو ئەم ڕووبەرە ئەفسـووناوییە سـیحراوییەی شـیعر بـە کـوێ گەیشتووم؟ ڕاستیەکەی ڕەنگە لە ئێستادا، نەتوانم وەڵامـی ئـەم پرسیارەتان بدەمەوە..!

- **غەمگین بوڵی:** تێری نیگلتن، پێیوایە (کەلێنێک لـە هـەموو کارێکی ئەدەبیدا هەیە، ئەوە ڕەخنەیە ئەو کەلێنـە پـڕ دەکاتـەوە) بەو مانایەی کە هیچ شـتێک لـە ژیانـدا بـە تـەواوەتی کامـل نیـە.. وەڵێ پێتوایە ڕەخنەی کوردی ئەو کـەڵێن و کامـل نەبوونـەی پـڕ کردبێتـەوە، یـاخود دەسـت نیشـان کـرد بێـت، ئایـا تـۆ چـۆن لـە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە تایبەت ڕەخنەی شیعری دەڕوانی..؟

- **ناڵە حەسەن:** لە سەرەتاوە دەمەوێت لەو بڕگەیە دەسـت پێبکەم، کە لە پرسیارەکەتاندا هـاتووە و دەڵێـت (هیـچ شـتێک لـە ژیانـدا بـە تـەواوەتی کامـل نیـە) ئـەوە قسـەیەکی زۆر جوانـە، پۆستمۆدێرنیستەکانیش وا بیـر دەکەنـەوە، لـەلای ئـەوان هـەموو شتەکان ڕێژەییـن، بۆیـە بـە گومانـەوە لـە شـتەکان دەڕوانـن..! منیـش بـاوەڕی تـەواوم بـەم بیرکردنەوەیـە هەیـە. دەربـارەی ڕەخنەی کوردیش، دیـارە بـۆ هـەموو لایـەکمان مەعلومـە کـەوا، ڕەخنەی کوردی لە چ ئاستێک دایە..! بە مانایـەک ئـەو داهێنـان و پێشـرەویانەی لـە شـیعر و ڕۆمـان و ژانرەکـانی تـری ئـەدەب و هونـەری کـوردی کـراون، لـە ڕەخنـەدا نـەکراون.. ئێمـە نـاڵێین ڕەخنەی کوردیمان هەر نیە بەڵام، ئێمە قسە لەسـەر تواناکـان و

ئاستی داهێنان دەکەین..! بۆیە لێرەدا بە دڵنیاییەوە دەڵێین (ڕەخنەی کوردی لە ئاستی پێویست دا نییە..!). من پێموایە، ڕەخنە نەک هەر دەبێت کەلێنەکان پڕ بکاتەوە یان دەست نیشانیان بکات بەڵکو، دەبێت نەوەیەکیش بخاتە سەر پڕۆسەی نووسین..! من پێموایە، ڕەخنەگرەکانمان دەبێت هێندە پڕ مەعریفە و بەرچاو ڕۆشن و پێشڕەو بن نەک تەنها، کاریگەریان بەسەر پڕۆسەی نووسینەوە هەبێ بەڵکو دەبێت، کاریگەریان بەسەر گۆڕانی کۆمەڵگەشەوە هەبێت..! ڕەخنەگران وا پێویست دەکات هەمیشە هەڵگری دیدگای پێشڕە و نوێخوازانە بن.. زۆر بە ڕۆشنی و بە دروستی ڕەخنە لە داب و نەریتی دواکەوتووانە و لە هەموو ئەو هۆکار و فاکتانە بگرن، کە ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە و تەنانەت چەمکە ئازادیەکانیش..! بە بڕوای من، ڕەخنە ناتوانێ تەنها خۆی ببەستێتەوە بەزمان و ڕەگەزەکانی نووسین و بەس، ئەگەر پێویست بکات وا دروستە ڕەخنەگر لە چوارچێوەی دەقەکەدا، ڕەخنە لە بیرکردنەوە و ڕوئیاکانیش بگرێ.. بە تایبەت ڕوئیای ئەو نووسەرانەی دەست بە بیرۆکە دواکەوتووەکان دەگرن لەنێو دەقەکانیاندا.. یان ئەو ڕوئیایانەی کەناتوانن، ڕەوتی پێشکەوتن و مەدەنیەتی کۆمەڵگە و ئازادی مرۆڤەکان هەزم بکەن..! بەڵام ئەوەش گرینگە کەوا، ڕەخنەکان لە چوارچێوەی دەقەکان دەرنەچن.. واتە کارمان بەسەر ئەوەوە نەبێت کە نووسەرەکە لە چ خانوویەک ژیان دەگوزەرێنێت؟! یان سەر بە چ لایەنێکی سیاسیە؟! مەبەستمە ئەوە بڵێم " بۆ نموونە لە دەقێکی شیعری پێویستە ڕەخنەی شیعری بگرین لە هەمانکات بە زمانی شیعریش..! لە چوارچێوەی دەقە شیعریەکە دەکرێ، ڕەخنە لە هەر شتێک بگرین، جا ئەو شتە زمانی شیعری بێت، یان ستایل و ڕەگەزەکانی تری شیعر، یان ڕوئیای دواکەوتوانە یا هەر شتێکی تر..! بە پێویستی دەزانم لێرەدا باسی " جۆلیا کریستۆفیا "ی ڕەخنەگر و بیرمەندی هەنگاری بکەم. جولیای ڕەخنەگر ئیشە سەرەتاییەکانی لە نێو چوارچێوەی فیمینیزم و مەسەلەی ژنان و گرینگی دەدا بە زمانی دەق و ڕەخنەی لە زمانی پیاوسالارانە دەگرت لەنێو دەقەکاندا.. ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لەبیری مۆدێرنیزم و فیمینیزمدا.. هەروەها تیۆرە ڕۆشنبیریەکەی چڕ

کردبوویەوە لە دەوری کۆمەڵگە و داب و نەریت و پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت و زۆر شتی تر، وە پشتی بەستبوو بە روانگە و تیۆرە سایکۆلۆژیەکەی فرۆید. ئەگەر لە هەوڵەکانی ئەم خانمە بیرمەندە بکۆڵینەوە، دەبینین لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبی و نووسین و لێکۆڵینەوەکانی، ئیشی لەسەر مەسەلەی ژنان و بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگە و زۆر شتی تر کردووە..! من پێموایە ڕەخنەگر دەبێت لەم ئاستە بەرین و فراوانە کار بکات.. نەک تەنها کەلێنی دەقەکان پڕ بکاتەوە بەڵکو بەرچاوی نووسەر و شاعیرەکان ڕۆشنتر بکاتەوە و کارێکی وا بکات، لەژێر کاریگەریەکانی ئەم داهێنان و نوێخوازی بچنە ئاستێکی سەروو تر.. نەک هەر ئەوەندەش بەڵکو ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێ، لە نێوەندی ڕۆشنبیری و هاوکات لە ڕاستای بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگەش..! ئەم ئاست و جۆرە لە ڕەخنە لە ئێستادا، لە ڕەخنە و ڕەخنەگرانی کوردی نابیندرێ، دیارە ئومێدی ئەوەش دەخوازین کە ڕۆژێکدا بێ، ڕەخنەی کوردی بگاتە ئەم ئاستە بەرزەی لەپێشکەوتن و داهێنان دا..!

- **غەمگین بوڵی:** ئەی ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر دەقی شاعیرێک بکەین، سەرەتا چۆن بتوانین لە ڕۆحیەتی دەقەکە نزیک ببینەوە؟ یاخود چی کۆمەکمان دەکات کڕۆکی دەقەکە جوانتر نیشانی خوێنەر بدەین..؟

- **ناڵە حەسەن:** بە بڕوای من دەبێ ئەوەمان لەلا ڕۆشن بێ کە (نووسین قسەکردنە لەگەڵ پەیکەرە بێدەنگەکانی نێو بازنە چەپێندراوەکانی ڕووبەرە بێئاگاییەکان..!) بۆیە ئیشکردن لەسەر زمانی دەق و کردنەوەی کۆد و هێماکان، کۆمەکی زۆرمان دەکا بۆ نزیک بوونەوە لە کڕۆکی دەقەکە و تێگەیشتن لە مانا و دەلالەتەکان. چونکە لە پشتی کۆد و هێماکان باری دەروونی نووسەر دەخوێنینەوە.. واتە لە ڕێگای زمانەوە دەتوانین لە سایکۆلۆژیەتی دەق بکۆڵینەوە یان تێبگەین.. چونکە بەپێی بیرکردنەوەکانی " کارل یەنگ " (هێماکان لە هونەردا، بۆ دەربڕینی بیر و شێوازی باری دەروونی بەکار دەهێندرێن..!)

لێرەدا دەکرێ ئەوە بڵێین، لەنێو هەر دەقێکی شیعری پێکهاتە و باری دەروونی شاعیرەکە لەوێدا ڕاکشاوە..! بۆ نموونە لە وردبوونەوە لە زمان و هێماکانی دەقی هاملێت بەر لە هەر شتێک بەوە دەگەین کەوا، دەقی هاملێت باس لە هەرچیەک بکات، دەتوانین شێوازی دەروون و باری بیرکردنەوەی شکسپیر بخوێنینەوە..! بۆ دەقێکی شیعریش بە هەمان شێوە. دیارە ڕووبەر و توانای دەسەڵاتی زمان زۆر لەوەش زیاترە کە ئێمە بۆی دەڕوانین.. ئەوەتا لای " بونیادگەراکان " هەر لە ڕێگەی ئیشکردن لەسەر زمان و هێماکانەوە، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگە و سیاسەت و باری ئابووری کۆمەڵگە و لەم ڕێگەیەوە ئیشیان لەسەر زۆر شتیتر و ڕەهەندی تر دەکرد. بۆیە لە ڕێگەی فۆکەس کردنە سەر زمان و پێکهاتەکانی سایکۆلۆژیەتی دەق بە بڕوای من، لەم ڕێگەیەوە دەتوانین تا ئاستێکی باش، کڕۆکی دەقەکە بە شێوەیەکی جوان و ڕوون پێشانی خوێنەران بدەین.

- **غەمگین بوڵی:** با بگەڕێنەوە سەرەتاکانی ژیان.. زۆرێک لە نووسەرانی جیهان بە گشتی لە سۆزەوە دەستیان بە نووسین کردووە. ئایا تۆش بە سۆز دەستت بە نووسین کرد، دەکرێت پێمان بڵێی یەکەم بەرهەمت چۆن سەری هەڵدا؟ یاخود سەرەتاکانی نووسینی تۆ چۆن بوو؟

- **ناڵە حەسەن:** زۆر لە مێژە ئەم قسە تەقلیدیەمان بیستووە کە دەڵێت (شیعر دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆڤە یان دەربڕینی سۆز و ویژدانی مرۆڤە..!) دیارە ئەم قسەیە بۆ ئێستاش، تا ئاستێک حەقیقەتێک یان بوونێکی بابەتی تیایە. بەڵام، ئەگەر ئاوڕێک لە دوێنێی شیعر بدەینەوە و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئێستادا، دەبینین/ شیعر ئالوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە و زۆرێک لە شتەکان گۆڕاون.. بەمانای ڕووانین و دیدگاکان بۆ زمان و ستایل و تەنانەت بۆ داهێنانیش گۆڕاوە..! دیارە دەربڕینی سۆز و ویژدانی مرۆڤ لە شیعردا، لاواندنەوە و وەسفکردنی شتە بیندراو و نەبیندراوەکان.. ئەمانە لە

ڕۆژگارەکانی لیریکیزم و ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم، بە ئەندازەیەکی زۆر و لـە ڕووبـەرێکی ئێجگـار فـراوان ئیشـیان لەسـەر دەکـرا.. بێگومان مەسەلەی سۆز تا ئێسـتاش لـە شـیعردا ئیشـی لەسـەر دەکرێت بەڵام، لە ئاستی جیـاواز و بـە شـێوەی جیـاواز..! دیـارە دەبێ ئـەوەش بڵێیـن/ لـەو ڕۆژگارانـەی کـە شـاعیران بـە سـۆز دەستیان بە شیعر نووسین کـردووە یـان ئیشـی زۆریـان لەسـەر سۆز دەکرد، بەشـێکی پەیوەنـدی بـە سـادەیی ژیـان و پێکهاتـەی کۆمەڵگە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە بـووە..! لـەو ڕۆژگارانـە ژیــان لــە قۆنــاغێکی ســادەی دەرەبەگایــەتی دا بــووە، شــار و شارستانیەت و تەکنەلۆژیا، لەو ئاستەی ئێسـتادا نـەبووە، لـە نێـو پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکانـدا، عەشـیرەتگەری و خزمایـەتی.. لـە ئاستێکی بەرزدا بووە.. دەتـوانم بڵێـم، مـرۆڤ خـۆیی و خـەون و خەیاڵەکانی پڕاوپڕ بوون لە سۆز.. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و سەرهەڵدانی شـارەکان و گەشـەی پیشەسـازی و تەکنـەلۆژیا، ژیان چۆتە ئاستێکی تر و پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکانیش چوونەتـە ئاسـتێکی تـر.. دیـارە لـە قۆنـاغی سـەرمایەداری مـرۆڤ وەکـو ئامێرێک مامەڵەی لەگـەڵ دەکرێـت، نـەک وەک کـائینێکی پـڕ لـە هەسـت و سـۆز..! پێشـکەوتنی تەکنـەلۆژیا تـا ئاسـتێکی زۆر پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان بەرە و کزی و نـەمان دەبـات..! ژیـان بــەرە و تاکــە کەســێتی و ئینــدیڤیچوەلی دەڕوات.. بــە دوای ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیـەم، واتـە لەگـەڵ سـەرهەڵدانی سـومبولیزم.. زمـانی شـیعری و سـتایل و پێهاتـەی شـیعری گۆڕانیان بەسەر دا هات و چوونە ئاستێکی تر.. سومبولیزم وەک هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـێکی زمانـەوانی بـوو بـە دژی ڕیـالیزم و ڕۆمانسـیزم و ڕۆژگـاری پێـش ئـەوانیش..! لەسـەردەمی پێـش سـومبولیەکان، شـاعیرەکان زیـاتر ئیشـیان لەسـەر دەرەوەی خۆیـان دەکـرد، بـە تایبـەت، جوانیـەکانی سروشـت و ئەفسـانە خۆشەویستیەکان و گەورەیی خوداوەندەکان و سـوارچاک و میـر و بەگ و کوێخاکان و..هتد. زمانی وەسـفکردن و لاواندنـەوە زۆر بەهێز بووە لە نووسینی شیعری لەوکاتانەدا.. لەگەڵ پێشـکەوتنی شارستانیەت و تەکنەلۆژیا، لەلایەکی تریش لەگەڵ شیکردنەوەی خەونەکان و خوێندنەوە بـۆ بیـری مـرۆڤ و ڕووبـەری نەسـتی و پێکهاتـەی کەسـایەتی مـرۆڤ، لەلایـەن (سـیگمۆند فرۆیـد) و

دەروونزانانی ترەوە.. لـەژێر ئـەم هۆکارانـەدا، شـیعر ئـالوگۆڕی زۆری بەسەر داهات.. لە ڕۆژگاری سومبولیستەکانەوە بەدوا، بـە تایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانەکانی مۆدێرنەتە، شـاعیران زیاتر ئیشیان لەسەر خۆیان و ناوەوەی خۆیان کـرد.. غـەریزەکان و خەون و خەیاڵەکان و دیدگاکانی خۆیان دەنووسیەوە، بە مانـای ئاراستەکان لە دەرەوەی خود گـۆڕدران بـەرەو نـاوەوەی خـود.. گرینگی زۆریـش بـە زمـانی شـیعر درا، هێمـا و وێنـەکان زۆر بـە چڕی ئیشیان لەسەر دەکرا.. زمانێکی هێندە چڕ تا ئاستی ئەوەی دەسـتەواژەی (تـەمومژ) هاتـە ئـارا..! " بـۆدلێر " ی شـاعیر بـە جۆرێـک ئیشـی لەسـەر زمـان و گرینگـی بـە زمـان دەدا تـا ئـەو ئاستەی (هەسـتی بـە دەنـگ و بـۆنی وشـەکان دەکـرد..!) دیـارە دەسـتکەوت و بەرئەنجامـە دەروونزانیـەکان کاریگـەری ڕاستەوخۆیان بوو، لەسەر ئالوگۆڕەکان و پێشکەوتنەکانی زمانی شـیعری و ئیشـکردن مـرۆڤ لەسـەر خـودی خـۆی. دەربـارەی ئەوەی کە یەکەم شیعرم کەی نووسیوە؟ بـەداخێکی زۆرەوە کـە نـاتوانم وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەمـەوە چونکـە، ئـەوەم بیـر نایەتەوە کە، یەکەم شیعری خۆمم کەی و چۆن نووسیوە؟! بەڵام دەزانـم لـە ناوەڕاسـتی هەشـتاکان شـیعرم نووسـیوە، ڕاستەوخۆش بە دوای ڕاپەڕین واتە لە ساڵی ١٩٩١ مـن یەکـەم شیعری خـۆم لـە گۆڤارێـک بـە نـاوی " ڕابـەر " بڵاو کردۆتـەوە.. دیـارە منیـش هـەروەک شـاعیرانی تـر، لـە سـەرەتاوە سـۆز ڕووبەرێکی فراوانی لەنێو شـیعرەکانم داگیـر کردبـوو.. (سـۆزی نەتەوایەتی و سۆزی عەشق و خۆشەویسـتی) دوو گۆشـە و یـان دوو سەکۆی دیاری نێو شیعرە سەرەتاییەکانی من بوون..! دواتر هەرزوو بەوە گەیشـتم کـە خـۆم بنووسـمەوە، واتـە غـەریزەکانم ئومێـدەکانم خەونـەکانم.. لـەم سـاڵانەی دواییـش، چـەمک و تێڕوانینـە دەروونیـە فرۆیدیـەکان تـەواو ئـاوێزان و تێکەڵاوبوونـە لەگەڵ نووسینی شیعر و زمانی شیعریم، دەتوانم بڵێـم/ بوونەتـە بەشێک لە پێکهاتە و لە پڕۆسەی شیعریم..!

- **غەمگین بوڵی:** دوو ڕا لـە مـەڕ (زمـانی شـیعر) هەیـە، یەکەمیان گوایە/ زمانی شاعیر، زمانی کۆمەڵگەیە، بـەو مانایـەی

کـه شـاعیر زمانحـاڵی هەڵومـەرجی دەوروبەرەکەیـەتی.. ڕای دووەمیان/ گوایە زمانی شاعیر، زمـانی ڕۆح و ویژدانیـەتی، بـەو مانایـەی کـە شـاعیر بـاس لـە نـاوەوەی خـۆی دەکـات.. تـۆ چ بۆچوونێکت هەیە بۆ ئەمە؟ زمـانی شـاعیر لای تـۆ چیـە و تـۆ لـە ڕێی زمانی شاعیریتەوە چ پەیامێکت هەیە؟

- **ناڵـە حەسـەن:** دیـارە بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان لـە پرسـیاری پێشـوومان دا، چەنـدین لایـەن و گۆشـەی ئـەم پرسیارەشمان ڕۆشن کردۆتـەوە، لـە پێشـاندانی جیاوازیـەکانی، زمانی شـیعر لـە سـەردەمی سومبولیسـتەکان و قوتابخانـەکانی پێش خۆیان.. لێرەدا دەکرێ زیاتر قسـە لەسـەر زمـانی شـیعر و پەیوەندی نێوان شـاعیر و کۆمەڵگـە بکـەین.. بـەر لـە هەرشـتێک حەزدەکەم ئەوەش بڵێم/ ڕەنگـە منیـش ڕۆژێـک لـە ڕۆژان ئـەو بیرکردنەوەیـەم هـەبوو بێـت، کـە دەبـێ زمـانی شـاعیر زمـانی کۆمەڵگـە بێـت، بـەو پاسـاوەی کـە شـاعیر زمانحـاڵی کۆمەڵگاکەیـەتی..! ڕەنگـە ئـەوجۆرە بیرکردنەوانـە تـا ئاسـتێک، کاریگـەرێتی سیاسـەت و ئایـدیۆلۆژیایان لـە پشـت بێـت. یـان بیرکردنەوەیەکی ڕیالیستانە بێت. بـەڵام، بەوپـەڕی قەناعەتـەوە، ئەوە ڕا دەگەیەنم کە باوەڕم بەم جۆرە بیرکردنەوانـە نـەماوە..! من ناڵێم شاعیر هیچ پەیوەندیەکی بە کۆمەڵگە و دەوروبەرەکەی نیە بەڵام، دەکرێ شاعیر بوونێکی ئایرۆنیکی بێـت.. یـان یـاخی و نامۆ بێـت.. یـان جیـا لـە دەوروبەرەکـەی بیـر بکاتـەوە، کـە هیـچ پەیوەندیـەکی ئـەوتۆ و یـان لـە ژێـر کاریگـەری دەوروبەرەکـەی نەبێت..! زمـانی شـاعیر دەبـێ زمـانی شـیعر بێـت..! شـاعیر وا پێویست دەکات " کە لە پێناو شیعر، شیعر بنووسێت..! " زمـانی شاعیر دەبـێ، زمانی نـاوەوەی شاعیر و زمـانی غەریزەکان و خـەون و خـەیاڵی شـاعیرەکە خـۆی بێـت.. مـن لـە ڕێگـای شـیعرەکانم/ غـەریزە بێئاگاییـەکانم و خـۆم و ژیـانی خـۆم دەنووسمەوە.. لە نێو خەون و خەیاڵی خۆمدا، کـە ئیـش لەسـەر خەونەکانم دەکەم دەمەوێت " حەقیقەتی ژیان ڕەسم بکەم..! " من دەکرێ هیچ پـەیامێکم پـێ نـەبێت..! چونکـە بـە بـڕوای مـن شاعیر کەسێک و ئاکتڤیستێکی سیاسـی و ئایدیۆلۆژیسـت نیـە..!

مەبەستمە پێ لەسەر ئەوە دا بگرم (دەکرێ شیعر هیچ پەیامێکی پێ نەبێ و بێ پەیام بێت بەڵام، ناکرێ شیعر هیچ ئامانجێکی پــێ نــەبێ و بــێ ئامانــج بێــت..!) کەواتــە پــەیام و ئامانــج دوو شــتی جیاوازن..! ئامانج لە شیعرەکانی مــن ئەوەیــە (ژیــان بــە هــەموو جوانیەکانیــەوە پێشــانی خوێنــەران بــدەم..!) مەبەســتمە لەگــەڵ خوێندنــەوەی هــەر شــیعرێکم، دڵ و ڕۆحــی خوێنــەرانم ئــارام بکەمەوە.. یان زەردەخەنەیەک بهێنمە ســەر ڕووخســاریان.. یــان ئەگەر بکرێ پرسیاریان لەلا دروست بکەم.. یان پڕیان بکــەم لــە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ..! بەڵام من هیچ پەیامێکم بۆ خوێنەرەکانم پێ نیە..! خوێنەرەکانم لە ئاکامی بەدواداگەڕان و ڕامانی قــووڵ و چەندین خوێندنەوە، وا پێویست دەکات خۆیان شتێک هەڵکڕێنن و خوێندنەوەیەکیان دەست بکەوێت، نەک چــاوەڕوانی پــەیام بــن لە منەوە..! هەروەک " ئەنــدرێ بریتــۆنی " سوریالیســت دەڵێــت (پێویستە خوێنەر لە ژێر کاریگەریەکانی دەق ببێتە جۆگەلەیەک لە بیــــری شــــاعیرەکە و بەشــــداری بکــــات لــــە بەدواداگــــەڕان و کەشفکردنی مانا و دەلالەتەکان..!) بە بڕوای مــن لێــرەدا شــتێک نیە ناوی پەیام بێت..! لەو بۆچوونەی بریتــۆن ئــەوە دەبینیــن، کــە پەیوەندی خوێنــەر و دەق چەنــدە گرینگــە..؟ هاوکــات ســەلیقە و مەعریفەکەشــی..! چونکــە ســەلیقە و مەعریفــەی خوێنــەر ڕۆڵ دەبینێــت لــە کەشــفکردن و کردنــەوەی هێمــا و ماناکــان.. ڕۆڵ دەبینێ کە وەک جۆگەلەیەک بڕژێتە نێو پانتایی دەقەکە و بــە نێــو هەموو درز و کەلێنێک و قوژبنــەکانی شــۆڕببێتەوە و بــۆ قــووڵایی نێــو ڕووبــەرە نادیارەکــانی دەق بــڕوات.. دەبــێ ئــەوەش لــەبیر نەکەین کەوا، دەقی زیندوو و پــڕ داهێنــان خوێنــەری بــە ســەلیقە دەگەیەنێتە ئاستی ئەو جۆگەلەیە و لەگەڵ خۆیدا دەیبات..!

- غەمگین بــۆلی: هــەر لــەم چەنــد ســاڵەی دوایــدا ئــەدەبی کــوردی زیــاتر لــە بازنــەی ناوچەگەرێتیــدا دەخولێتــەوە، ئەمــەش هەناســەکانی داهێنــانی پچــڕ پچــڕ کــردووە.. ئایــا ئــەوە چیــە وای کــردووە ئــەدەبی کــوردی بــەم قەیرانــەدا تێبپــەڕێت، دەســەڵاتی سیاسی کوردی تا چەند ڕۆڵی لەم قەیرانەدا هەبووە؟

- **ناڵە حەسەن:** ئـەدەب و هونـەر بـە شـێوەیەکی گشـتی لەسـەر ئـەو چەمکانـە کـار دەکـەن کـە سـیما و ڕوخسـارێکی گــەردوونیان هەیــە. وەک (عەشــق، خــەون، ڕەنــگ، بــا، ئــاو، ڕوونـاکی.....) هـەموو ئـەو چەمکانـە ڕەگـەزی گـەردوونین لـە ئەدەب و هونەردا بە تایبەت لە شیعر.. زمانی ئەدەب یان زمـانی شیعر نـاتوانێ خـۆی لـەو ڕەگـەزە گەردوونیانـە بێبـەری بکـات.. بەمانایەک، ئەدەب ناتوانێ خۆی قەتیس بکات لە نێـو بازنەیـەکی تەســکی ناوچەگــەرێتی.. یــان ئــەدەب ڕەنگڕێــژ بکرێــت بــە دیدگایەکی دواکەوتووانـەی خێڵـەکی یـان ململانێـی ئایـدیۆلۆژیا و حزبایەتی، ئەمجۆرە بیرکردنەوە ناوچەگەرێتیانە یان خێلەکی یــان هەر شتێکی تر، کـە دەنگـە گەردوونیەکـەی ئـەدەب دەخنکێنـێ و ناتـەبا و هـاودژ دێتـەوە هـەم لەگـەڵ ئـەدەب بـە گشـتی و هـەم لەگەڵ تێگەیشتن بۆ داهێنان.. دەنگی ئەدەب دەنگی غـەریزەکان و دەنگی ناوەوەی مرۆڤە.. ڕوخسارەکەشی، ڕوخسـاری ڕەنگـە جوانـــەکانی سروشـــت و ژیانـــە.. هـــەر جـــۆرە هـــەوڵ و بیرکردنەوەیـەک، لـە دەرەوەی ئـەم مانـا و دەنگـە گشـتگیرییەی ئــەدەب دەبێتــە هــۆی کپبــوونی دەنگــی ئــەدەب و شــێواندنی ڕوخسـارە گەردوونیەکـەی..! لەلایـەکی تـرەوە، ئـەو نووسـەر و شاعیر و هونەرمەندانەی لە ئاسـتێکی بـەرز داهێنانیـان کـردووە، ئەوانە بوونەتە موڵکی مێژوو و بوونەتە بەشێک لە شارسـتانیەتی ژیان.. ژیان بەوانەوە مانایـەکی هەیـە. ئـەوان مـولکی شـارێک و ناوچەیەک و تەنانەت وڵات و کیشوەرێکیش نیـن..! ئـەوان لـەنێو دڵـە گەورەکـەی مرۆڤایـەتی ڕاکشـاون و بـۆ هـەتا هـەتا لەوێـدا دەمێننەوە..! قەیرانەکەش لە هەر چیەکەوە سەرچاوەی گرتــبێ، بەڵام دەسەڵاتی کـوردی ڕۆڵـی سـەرەکی و بـەرچاوی هەیـە لـە بەرهــەمهێنانی ئــەمجۆرە قەیرانانــە، یــاخود لــە دابەشــکردنی شارەکانی کوردستان بەسـەر ڕەنگـی جیـاواز و خێـل و حـزب و دەسەڵاتی جیاوازدا..! دەسەڵاتی کوردی ڕۆڵـی سـەرەکی هەیـە لە دەستەمۆکردنی قەڵەمەکان و جیاکردنەوەی ئازادی لە قەڵـەم و خنکاندنی دەنگە گەردوونیەکەی ئەدەب و هونەری کوردی. ئـەو نووســەر و هونەرمەندانــەی کــە تەســلیم بــە خواســت و ئــەم حەقیقەتـەی دەسـەڵاتی کـوردی دەبـن، بـەر لـەوەی غـەدرێک و گوناهێکی گەورە لە مانا و ڕەنگ و ڕوخسـاری ئـەدەب و هونـەر

بکەن، من پێموایە، غەدرێک و گوناهێکی گەورە لە نووسەربوون و هونەرمەندبوونی خۆیان دەکەن..! تەنانەت گوناهێکی گەورە لە پێکهاتە و کەسایەتی و لە بوونی خۆشیان دەکەن.. ئیتر پاساوەکەیان هەرچیەک بێت، بۆ نموونە سەروەت و سامان پلەوپایە و یان هەرشتێکی تر، ئەم پاساوانە ناتوانن لە گوناهەکانیان پاکیان بکەنەوە..!

- **غەمگین بولّی:** ئایا لە ئەدەبی ئەمڕۆی کوردیماندا ئەدەبێک بوونی هەیە بەناو ئەدەبی سیاسی، بە شێوەیەکی تەندروست؟ ئاسۆی ئەدەبی سیاسی چۆن دەبینیت؟

- **ناڵە حەسەن:** لەوەتەی کورد هەیە و ئەدەبی هەیە، ئەدەبی سیاسیشی هەیە.. بە تایبەت لە ڕۆژانی دوێنێماندا. شاعیر و نووسەرانی کورد لە ئاستێکی زۆر بەرین و فراوان، ئیشیان لەسەر سیاسەت کردووە و ئەدەبی سیاسیان نووسیوە. دیارە سیاسەتیش وەک هەر بابەتێکی تر لە نێو ئەدەبدا جێگای دەبێتەوە و نابێت، لەمبارەیەوە هیچ نیگەرانیەکمان هەبێت.. چونکە دونیای ئەدەب هێندە فراوانە جێگای هەموو بابەتێکی تیا دەبێتەوە.. بەڵام گرینگ ئەوەیە، دەبێ زۆر وریا بین لەوەی کە/ ئەدەب و هونەرەکەمان نەخەینە خزمەت بە لایەنێک و فیکرەیەکی دیاری کراوەوە. نووسەر ئازادە لەسەر هەرچیەک دەنووسێت بەڵام، هەروەک " ئێریش فرێد " دەڵێ (گرینگ ئەوەیە جوان بنووسیت) من پێموایە لە نێو شیعر و نووسینەکانی هەر یەکێک لە ئێمە سیاسەت بە ڕێژەیەک بوونی خۆی هەیە. بەڵام گرینگ ئەوەیە سیاسەت، ئیستاتیکا و زمانی شیعری و نووسینەکانمان ناشیرین نەکات..! مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر شیعری سیاسیش بنووسین دەبێ بە زمانی شیعر بینووسین..! بە بڕوای من دووجۆرە نووسەری سیاسی یان ئەدەبی سیاسی هەیە. یەکێکیان ئەو نووسەرانەن کە هەڵگری فیکرەیەک و ئایدیۆلۆژیەکی دیاری کراون، لەوانەیە لە حزبێکی سیاسیش کار بکەن، ئەم جۆرە شاعیر و نووسەرانە فیکرە و ئایدیۆلۆژیەکەیان تێکەڵ بە نووسین و شیعرەکانیان دەکەن و فیکرەکەیان لەنێو نووسین و

شـیعرەکانیان ڕەنـگ دەداتـەوە.. نموونـەی لـەو جـۆرەش زۆرن تەنانەت لەسەر ئاستی جیهانیش بـۆ نموونـە (مایکۆفسـکی، پـاپلۆ نیرۆدا، نازم حیکمەت زۆرانیتر..) جۆرێکی تر، نووسەر و ئەدەبمان هەن، کە سەر بـە هیـچ فیکـرە و ئایـدیۆلۆژیای دیـاریکراو نیـن، وە ئەنـدامی هیـچ حزبێکـی سیاسـیش نیـن بـەڵام، لـە نێـو شـیعر و ئەدەبەکەیان دەم لە سیاسەت دەدەن و شیعر و ئەدەبی سیاسـی دەنووسن.. بۆ ئەمجۆرەش دەکرێ باسی " دەنیز لێڤەرتۆڤ " ژنە شاعیری ئەمریکی بە ڕەگەز بەریتانی بکەین. ئەم خانمـە شـاعیرە سیاسەت ڕووبەرێکی فراوانی لە نێو شیعرەکانی داگیر کرد بـوو.. شاعیرێکی زۆر بەناوبانگیشـە یەکێکـە لـە ڕیـزی ئەوانـەی لەگـەڵ شاعیرانی قوتابخانەی شیعری " چیای ڕەش " ناوی دەهێنـدرێت.. هەروەک خۆی لە دیمانەیەکدا دەڵێت (من لە ڕێگای ئەدەبـەوە بـە سیاسـەت ئاشـنا بـووم..!) واتـە خـۆی پێشـوەخت سـەر بـە هیـچ فیکرەیـــەک و ئایدیۆلۆژیایـــەکی دیـــاریکراو نـــەبووە.. شـــیعرە سیاسیەکانیشی لەسەر شەڕ و دژ بە شەڕ بوون.. بـە تایبـەت لـە دەوروبەری ساڵەکانی ١٩٦٠ لەکاتی هێرشەکانی ئەمریکا بـۆ سـەر ڤێتنـام.. لەوسـەردەمانە نـەک هـەر لێڤـەرتۆڤ بـەڵکو زۆرێـک لـە نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئەوکاتە، بە تایبـەت لاوە پۆستمۆدێرنیستەکان بە دژی ئەمریکا هاتنـە دەنـگ و هـاوارکردن.. بەڵام ئەم خانمە هەرچەندە شیعری سیاسی زۆر نووسـیوە بـەڵام، جوان و بەزمانی شیعر نووسـیویەتی..! بۆیـە یەکێکـە لـە شـاعیرە هەرە ناسراوەکانی ئەمریکا بـە تایبـەت، بـەدوای جـەنگی جیهـانی دووەمەوە. لەنێو ئەدەبی کوردیش بـە هەمانشـێوە.. هـەردووکجۆر لە نووسەرانمان هەیە. نموونەشمان زۆرن لەم بارەیەوە.. بەڵام بۆ ئێسـتا ناسـراوترین نووسـەر و کـە زۆرتریـن شـیعری سیاسـی نووسیوە، یـان سیاسـەت و مەسـەلە نەتەوایەتیـەکان ڕووبـەرێکی فراوانـی لـەنێو شـیعرەکانی داگیـر کـردووە مـن پێموایـە شـیعر و ئەدەبەکەی " عەبدولا پەشێو " ە. بـەدوای ئـەویش، ئـەم بابەتـە تـا ئاستێکی باش شـیعرەکانی " شـێرکۆ بێکـەس " یـش دەگرێتـەوە. دەربارەی ئاینـدە و ئاسـۆی ئـەدەبی سیاسـیش، ڕاسـتیەکەی مـن ناتوانم لە ئێستادا ئاسۆ و ئایندەی ئەدەبی سیاسـی کـوردی دیـاری بکەم بەڵام، بە شێوەیەکی گشتی مـن وای دەبینـم/ کـەوا ڕەوتـی مێژوو و شارستانیەتی مرۆڤایەتی و ژیان بەرەو پێشـــەوە دەڕوات

هاوکات ئەدەب و هونەریش بە گشتی بە هەمان ئاراستە ڕوو بەرە و پێشەوەیە.. ئاسۆ و ئایندەیەکی ڕووناکیشی لەبەردەمدایە..!

- **غەمگین بولّی:** ئایا ئەوە چیە وای کردووە، لە ئەمڕۆی ئەدەبی کوردیماندا ڕیکلام تا ئەندازەیەک ببێتە چەکی داهێنان و نوێگەری؟ ئایا داهێنان پەیوەستە بە ڕیکلامەوە؟ ڕیکلام چۆن ڕۆلی گێڕاوە لە داهێنانی ئەدەبی ئەمڕۆی کوردیەوە؟

- **نالّە حەسەن:** دیارە لە دیمانەی تر بە دوور و درێژی قسەمان لەسەر ڕۆلی ڕاگەیاندن و پەیوەندی ڕاگەیاندن بە داهێنان و لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیفی ڕاگەیاندن کردووە.. بۆیە زۆر بە پێویستی نازانم، لێرەدا خۆم دووبارە بکەمەوە و لەسەر هەمان بابەت بە دوور و درێژی قسەی تیا بکەمەوە. هێندە نەبێ دەمەوێت پێ لە سەر ئەوە دابگرم و تەنها ئەوە دووبارە بکەمەوە و بلّێم/ ڕیکلام و ڕاگەیاندن بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیان بە داهێنانەوە نیە..! هێندە نەبێ، تەنها دەتوانن نووسەران و دەقەکانیان یان کتێبەکانیان لە ئاستێکی بەرین بناسێنن.. لە ئاستێکی بەرین ناساندنیش بە مانای داهێنان نیە..! زۆرن ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە لە ئاستێکی بەرین ناسراون و کەچی نەک هەر داهێنانیان نیە بەلّکو، ئەدەب و هونەرەکەیان لە ئاستێکی زۆر نزم دایە..! زۆرن ئەو نووسەر و هونەرمەندە حزبیانەی یان ئەوانەی لە ژێر ساباتی دەسەلّات ڕاکشاون، کە هەموو ئیمکانیاتێک و هەموو دەزگا چاپەمەنیەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانیان لە خزمەتدایە و کەچی، نووسین و بەرهەمەکانیان لە شتێکی بێ داهێنان و کرچ و کالّ بەولاوە شتێکی تر نیە..! لە هەمانکاتدا، زۆریشن ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە هەمیشە خەریکی داهێنانن بەلّام، بە دەلیلی نا حزبی بوونیان، یان ڕەخنە گرتن لە دەسەلّات و یان بە دەلیلی بیرکردنەوەی جیاوازەوە، هەمیشە فەرامۆش دەکرێن و تەنانەت لە کولّەکەی تەڕیش ناویان ناهێندرێ و باسیان ناکرێ..! بە کورتی مەبەستمە ئەوە بلّێم/ ئەگەر دەقێک خۆی داهێنانی تیا

نـەبێت، ڕیکلام چـی بـۆ دەکـات..؟ هـەر ئەوەنـدە، دەتـوانێ لـە ئاستێکی بەرین بیناسـێنێت و بیگەیەنێتـە هـەموو شـوێنێک بـەڵام، ناتوانێت ئەلفێکی داهێنانی بۆ بخاتە سەر..!

- **غەمگین بوڵی:** توخمە سەرەکیەکانی شـیعری تـۆ، زیـاتر ئیشـکردنە لـە گێڕانـەوەی یـاد و ئاوێتـەبوونی فـەنتازیا، بـەڕای جـەنابت بـەم شـێوەیە پێویسـتە گێڕانـەوە بـۆ بنیادگـەری شیعرییەت..؟

- **ناڵە حەسەن:** من بـاوەڕم وایـە، خـەون و خـەیاڵ لەگـەڵ هەسـتەکانی دوێنـێ بـوونێکی ئۆرگـانیکی و زینـدوویان هەیـە لـە پێکهاتـەی شـیعر. هـەر بۆیـە یـادەوەری کەرەسـە و تـوخمێکی سەرەکیە بۆ نووسـینی شـیعر.. گێڕانـەوەی یادەوەرییەکانیش لە ئامێزی خەیاڵ و فەنتازیادا لە بونیاد و پێکهاتەی شیعرەکانی مـن، پەیوەندی بە دوو هۆکارەوە هەیە، یەکـەم/ مـن بـە هەناسـەیەکی درێژەوە شیعر دەنووسم. دووەم/ هەندێک لە قەسیدە درێژەکانم نزیکن لە " ڕۆمانە شیعر " یان چەند ڕووداوێک دەگێڕنەوە، یـان تەمەنێکی دیاریکراوی خۆمم نووسیوەتەوە..! نموونەی لـەمجۆرە قەسیدانەشـم زۆرن.. بـۆ نموونـە/ (ڕەشـبەڵەکی ڕۆح) یـان (کەژاوەی خۆرەتاو) یان (توانەوە) کە پێکهاتووە لە سـێ بـەش " یان (خەونەکانی مردن) و زۆرانـی تـر. بێگومـان ئیشـکردن بـەم ستایل و هەناسـەیە، گێڕانـەوەی خـەیاڵئامێز و ئاوێتـەبوو لەگـەڵ فانتازیادا، یان قووڵبوونەوە و مانەوە لە نێو ڕووبەرە نادیارەکـان، ئەمانە نەک هەر پێویستن بەڵکو، توخم و ڕەگەزی سـەرەکین بـۆ پێکهاتـە و بنیاتنـانی ئـەم جـۆرە شـیعرانەی کـە بـەم سـتایل و هەناسەیە دەنووسرێن..!

# تەوەرێک لەبارەی (شیعر و وەرگێڕان)

## لە ڕۆژنامەی (ئەدەب و هونەر) ی کوردستان ڕاپۆرت

**ئامادەکردنی: ئەدەب و هونەر**

### شیعر کەرەسەیەکی گونجاو نییە بۆ وەرگێڕان

تیۆدۆر کەلیفەتیدس، نووسەری سویدی بە ڕەگەز یۆنانی لە مەڕ چێژی شیعری وەرگێڕدراوەوە دەبێژێت، " هۆکاری ئەوەی کە ناتوانین چێژ لە شیعری وەرگێڕدراو وەربگرین ئەوەیە، دەتوانرێت وشە وەربگێڕدرێت، بەڵام کێشەکە لەوێدایە کە ناتوانرێت دنیای وشەکان وەربگێڕدرێت. " ئێمەش دەپرسین، لە سەروەختی گواستنەوەی شیعردا، لە زمانی یەکەمەوە بۆ دووەم، چ گۆڕانکارییەک ڕوو دەدات کە چێژی شیعر دەمرێت یاخود ون دەبێت؟ هۆکار جیاوازیی کلتووریی یان سەلیقەی وەرگێڕەکانە؟ یانیش خودی شیعرە؟ ئاخۆ شیعر کەرەسەیەکی گونجاوە بۆ وەرگێڕان؟ لە پاڵ ئەوەدا کە بەگشتی شیعری وەرگێڕدراو تێکستێکی بێ چێژە، بڕێک لە شیعری وەگێڕدراوی شاعیرانی ڕۆژهەڵات کەم تا زۆر چێژێکی تەواوەتیمان پێ دەبەخشن، بۆچی؟ ئاخۆ دوور و نزیکی جوگرافیی هیچ

پێوەندییەکی بە چێژی خوێنەرەوە هەیە بۆ شیعری وەرگێڕدراو؟ بە دیوێکی تردا ونبوونی چێژ لە شیعری وەرگێڕدراودا پێوەندی بە زمانی یەکەمەوە هەیە یان دووەم؟ بۆچی؟ ئەدەب و هونەر.

**ناڵە حەسەن:** بەوپێیەی نووسینی شیعر ئیشکردنە لەسەر ڕووبەرە نادیارەکانی نێو خەون و خەیاڵ و غەریزەکان و یادەوەریەکان، یان گەڕان بەدوای شتی نوێ و دەرخستنەوەی جوانیە تەڵخکراوەکان یان جوانیە نەدۆزراوەکان. ئەمانەش هەمووی لە ڕێگەی زمانەوە ڕوو دەدەن، واتە زمان هۆکارێکی کارا و بنەڕەتیە لە نووسینی شیعر و لە کردنەوەی دەروازەکانی خەون و خەیاڵ و گەیشتن بە پێگە نادیارەکان.. وشەش لە شیعردا، بە جیا لەمانای ڕووت هەڵگری چەندین کۆد و هێمای جۆراوجۆرە.. کۆد و هێماکانیش، پەیوەندیان هەیە بە ڕوانین و بیرکردنەوە و باری دەروونی و خەون و ئومێدەکانی شاعیرەوە.. شاعیر لەکاتی نووسینی شیعر نێشتیمان و مەملەکەتێکی تر بۆ خۆی دەنەخشێنێ.. بە پێکهاتە و بوون و ئەدگاری جیاوازەوە. لەگەڵ وەرگێڕانی هەر شیعرێک دا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، تەنها مانای ڕووتی وشەکان وەردەگێڕدرێ.. ئەو ڕووبەرە نادیارە و نیشتیمانە پان و بەرینەی خەون و خەیاڵ بە هەموو قووڵایی و پێکهاتەکانیەوە لەڕێگەی کۆد و هێماکانەوە لە پشتی وشەکانەوە خۆیان حەشارداوە، بەرتەسک و کەم ڕەنگ دەبنەوە.. واتە وشەکان لە شیعری وەرگێڕدراو ڕووبەرە فراوانەکەی خۆی لە دەست دەدەن و لەنێو سنوور و بازنەیەکی بەرتەسک قەتیس دەمێننەوە.. هەروەک لە پرسیارەکەشتاندا هاتووە کە تیۆدۆر کەلیفەتیدس دەڵێت (دەتوانرێت تەنها وشەکان وەربگێڕدرێت نەک دنیای وشەکان...). دنیای وشەکان ئەو ڕووبەرەیە کە شاعیر بەوپەڕی ڕەهایی گەمە و سەماکانی خۆی تیادا دەکات، بوخچەی غەریزەکانی خۆی تیا دەکاتەوە، یان زیکر و وڕێنەکانی خۆی دەنووسێتەوە.. شاعیر لەم دنیایە لەم ڕووبەرە نادیارە بوونەوەرێکی ئەشقیا و ماندووە، لەوێدا هەم سەرمەستە هەم نیگەران و نامۆ.. بە وەرگێڕان وشە ناتوانێت ئەم دنیا نادیارەی پڕ لە هەراوزەنای نێو خەیاڵ و بارە

دەروونیەکانی شاعیر یـان دنیـای خـۆی وەک وشـە بگـوازێتەوە.. تەنهـا خـۆی وەک جەسـتەیەکی ڕووت بەتـاڵ لە کـۆد و هێمـا و نهێنی و ڕەنگ و بوخچەی ئومێد و غەریزەکان.. لە پاڵ ئەمانەش بە وەرگێرانی دەق/ وشەکان هـارمۆنی و میلۆدیەکانیشـیان کـاڵ دەبێتەوە یـان بە تەواوەتـی لە دەسـتیان دەدەن.. چـونکە هیـچ مـــومکین نیە ئەم هـــارمۆنی و میلـــۆدیەی یـــان ئەو ڕێکـــی و ئەندازەییەی لەنێوان وشـەکان دا هەیە لە وێنە شـیعریەکانی نێـو دەقێـک، بە وەرگێڕانـی دەقەکە وەک و خۆیـان بمێننەوە. ئەوەتـا ژنە نووسـەری یۆنـانی " ئێرنـا بینێـت " لە نووسـینێک بە نـاوی (وەرگێڕانی شیعر)، ئێرنـا لەم نووسـینەدا، وەرگێڕانـی شـیعر بە گونـاە نـاو دەبـات.. نیگەرانیەکـانی خـۆی بـۆ مۆسـیقای شـیعری دەردەبڕێت. بەو مانایەی کە دەقی شیعری بە وەرگێـڕان چەنـدە مۆسـیقاکەیان لە دەسـت دەدەن، هەروەهـا بەرامبەر چەمکـی ئیسـتاتیکاش بە هەمـان شـێوە. کەواتە لێـرەوە بەو بەرئەنجـامە دەگەین (دەقی شیعری بە وەرگێڕان.. وشەکان ڕووبەری خۆیان بە هەمـوو کـۆد و هێمـا و نهێنـی و ڕەنـگ و بە هەمـوو بونیـاد و پێکهاتەکـــانەوە لە دەســـت دەدەن، وشـــەکان هـــارمۆنی و میلۆدیەکانیان لە دەست دەدەن، بەمەش زمانی دەق دەشێوێ و کــار دەکــاتە ســەر جوانکــاری واتە ئیســتاتیکای دەق.. لە هەر دەقێکیشدا کە ئیسـتاتیکا شـێوێندرا یـان کـاڵبوویەوە کـار دەکـاتە ســەر چێــژی دەق،، بــۆیە لە دەقــی وەرگێــڕدراو خــوێنەر ڕووبەڕووی کـــاڵچێژی دەبێتەوە.. واتە وەک پێویســـت چێـــژی لێنابینێت) ئەمەش پەیوەست نیە بە زمانێکی دیاری کـراوەوە، لە هەمـوو زمـانە زینـدووەکانی دونیـا دەقـی شـیعری وەرگێـڕدراو هەمـــان ئەو کێشـــەیەی هەیە. سروشـــتی شـــیعر ئـــاوایە، کەرەسـتەیەکی گونجـاو نیە بـۆ وەرگێـڕان. لەگەڵ ئەمانەشـدا/ وەرگێڕی زرینگ و بە توانا کە خـاوەن مەعریفەیەکـی شـیعری و زمان بێت ئەوا بێگومان دەقە وەرگێرانەکەی سەرکەوتووتر و پـڕ چێژتر دەبێت مەبەستمە ئەوە بڵێم ئەگەر کەسـەکە (زمـانزانێکی بەتوانـا بێـت و لەهەمانکــات شــاعیریش بێــت، ڕەنگە کــارە وەرگێڕانیەکەی سەرکەوتووتر بێت و لەهەمانکـات، چێـژی زیـاتر ببەخشێت بە خوێنەر). دەربارەی دەقی شاعیرانی جوگرافیایەکی دیـاریکرا و مـن پێمـوایە شـیعر دەبێـت لە سـنوورێکی بەرینـتر و

فراوانــتر کاربکــات بەڵام، لەگەڵ ئەوەش بەهــۆیَ کــاریگەرێتی ئــایین و دابــونەریت و کێشــە و پەیوەنــدیە کۆمەڵایەتیەکــان و زۆر شــتیتریش، ئەمــانە تــا ئاســتێک ڕەنگــدانەوەیان دەبێــت لەســەر نووســین و زمــانی دەق بــۆیە، زۆرجــاران دەقــی وەرگێــڕدراوی شاعیرێکی ڕۆژهەڵاتی بــۆ خــوێنەرێکی ڕۆژهەڵاتــی چێــژی خــۆی هەر دەمێنێت چونکە خوێنەر خۆی لەنێو هەمان خەیــاڵ و ئــازار و کێشــە و ئارەزوواکــان دەبینێتەوە.. تەنــانەت زمــانی دەقەکەش زمــانێکی ئاشــناترە بــۆی هەڵگــری هەمــان کــۆد و هێماکــانی نێــو خەون و خۆزگەکانی خۆیەتی.

# تەوەری (پەیوەندی نێوان زمان و شیعر)

**ئەگەر زمان، نیشتیمانی شاعیر بێت ئەوا ئەم نیشتیمانە، بە فیکر ڕۆشن دەبێتەوە**

**ئامادەکردنی: دانا شوانی**

ناڵە حەسەن: نووسەر و شاعیر لە تەوەری پەیوەندی نێوان زمان و شیعر بۆ ڕۆژنامەی هەولێر دەدوێت. ئەو چەندین بیروڕای جیاواز و ورد لەوبارەیەوە دەخاتە ڕوو. ناڵە حەسەن تا ئێستا چەندان وتار و شیعری دانسقەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردۆتەوە و خاوەن چەندان کتێبی شیعرییە، گرنگترین کتێبەکانی (نیگایەک بەسە بۆ مردن، دیوانە شیعر هەولێر ٢٠٠٧)، (عەشق و بەرائەتی ئاو، دیوانە شیعر ٢٠٠٠)، (ڕەنگە ئیرۆسییەکانی ئاگر، دیوانە شیعر هەولێر ٢٠٠٣، چەندان کتێبی شیعری تر..).

دانا شوانی: هەموو شتێك لە ڕێگەی زمانەوە دەناسیین، تەنانەت بۆ ناسینی زمانیش پێویستمان بە زمانە، زمان وەك ئەو ڕۆشناییە وایە کە پێویستە لە هەموو پانتاییەك بوونی هەبێت، هەر پانتاییەك ڕۆشنایی زمانی تیا نەبێت، هەست بە کێماسییەکی دەکەین، هەر بۆیە ئەگەر شیعر پانتاییەکی گرنگ بێت لە دونیای زمان یان داهێنانێکی زمانەوانی بێت، ئەوا هەر پرسیارێك لە گەوهەری زمان ناچارمان دەکات ئەو پرسیار لە ئەرك و بەکارهێنانە هەمەچەشنەکانی زمان بکەین، ئەرك و بەکارهێنانە شاعیرانەییەکانی زمان لە بەرامبەر ئەرك و بەکارهێنانەکانی تری

زمان جیاوازە. بە دیدی تۆ پەیوەندی نێوان زمان و شیعر لە کوێدایە؟ ئاشکرایە کە چەندان زمانمان هەیە کە بوونەتە نێوبژیوانکەر و پێکەوەبەستانی مرۆڤ و جیهان، و هەروەها هەر زمانێکیش چەندین زمانی تیایە کە هەر یەکەیان جیهان و ژیان لە ڕوانگەیەکەوە دەبینن، ڕوانگەی جیهانبینی و ژیانبینی و مرۆڤبینی لە زمانی شیعرییدا چیین؟ بەڵگەنەویستە بەهای شیعریی ووشە لە بەراورد بە کایەکانی تر شایەنی بەراوردکردن نییە، بە دیدی تۆ شیعری کوردی بەشێوەیەکی گشتی توانیویەتی بەهای شیعری ووشەکان لەبەرچاو بگرێت؟

نالە حەسەن:- دەمەوی لێرەوە دەستپێبکەم کە دەڵێن، دەتوانین هەموو شتێک لە ڕێگەی زمانەوە بناسین یان بۆ تێگەیشتن لە هەر شتێک پێویستیمان بە زمان هەیە. ئەمە قسەیەکی دروستە و بە بڕوای منیش هەروایە. تەنانەت، پێشکەوتنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنەلۆژیاش پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە یان مانەوەی مرۆڤ لە نێو رووبەری ژیان و بەردەوامبوونیدا، هەر پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، تا ئەو شوێنەی بە شیعریش دەگەڕیتەوە یان پەیوەندی نێوان زمان و شیعر.. خۆی لە بنەڕەتدا، شیعر کردەیەکی زمانەوانییە لەنێو ڕووبەری خەیاڵ و بیرکردنەوەدا، یان دەتوانین بڵێین شیعر (موغامەرەیەکە لە پێناو زمان). پەیوەندی نێوان زمان و شیعر وەک پەیوەندی نێوان (بوون و شوێن) وایە. یان بە شێوەیەکی فراوانتر وەک پەیوەندی نێوان (بوون و ژیان) وایە. بە پێی تێگەیشتنی (مارتن هایدگەر) " زمان ماڵی بوونە " (بوونیش نیشتیمانی تۆیە)، هەربۆیە (ئەدۆنیس) ی بیرمەند و شاعیر (زمان بە نیشتیمانی خۆی دەزانێت).. کەواتە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و شیعر، وا پێویست دەکات زێتر لە جەوهەر یان لە پێکهاتە و بەهای پەیوەندی نێوان بوون و ژیان بکۆڵینەوە، زمانی شیعر ئەو دەسەڵاتە بە شاعیر دەبەخشێ کە ببێتە خاوەن ئازادییەکی ڕەها، ئازاد لە جووڵەی بەردەوام بۆ دۆزینەوە و داهێنانی هێما و مانا و شتگەڵی نوی، ئازاد لە گەڕان بەنیو هەموو ڕووبەری خەیاڵ بۆ دوورترین و قووڵترین شوێن، ئازاد لە ڕاماڵین و لابردنی هەموو بەربەست و ڕێگرییەکان، ئازاد لە دیاریکردنی پەیوەندی لەگەڵ

خۆی و تێگەیشتن لە خۆی هاوکات، پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتری دەرەوەی خۆی، چونکە شاعیر (بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆی، پێویستە بە نێو ڕووبەرە شاراوە و نادیارەکانی ئەویدیکەدا ڕەت ببێ). شاعیری داهێنەر لە ڕێگەی زمانەوە بەم ئازادییە ڕەها و بەم دەسەڵاتە خەیاڵییە دەگات.. هەروەک (" نیتچە " بانگەشەی بۆ ئیرادەی هێز دەکات، کە وا لە مرۆڤ دەکات جەخت لە بوونی خۆی بکات و وابەستەی ژیان بێت)، بە بڕوای من، هێزی ئەو وابەستەبوونی مرۆڤ بە ژیان لە ڕێگەی زمانەوەیە. چونکە زمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ناسین و لە یەکتری گەیشتن و دۆزینەوە یان داهێنانی بەردەوام، لێرەدا هەمان پەیوەندی و هەمان وابەستەبوونی زمان و شیعر دەبینم لە نیو رووبەری دەقدا، دەبێ لەوە تێبگەین کە ژیان بەبێ بوون هیچ مانا و بەهایەکی نییە.. بۆ تێگەیشتن لە جەوهەرو پێکهاتەی ئەم بوونەش پێویستیمان بە زمان و هاوکات، بە فکریش هەیە.. چونکە شاعیر خودێکی نیگەرانی مەعریفییە لە ریگەی زمانەوە لە پشت کۆد و هێماکانەوە لە بەرگێکی ئیستەتیکی خۆی نمایش دەکات یان چونکە بوونی مرۆڤ لە بنەڕەتدا لەسەر بناغەی نیگەرانی دامەزراوە لەهەمانکات، بوونی زمان و جووڵە و کردەی زمان لە نێو رووبەری دەق، لەسەر هەمان بناغە و بنەما ئیش دەکات. یان بە مانایەکی تر، توانای شاراوەی زمان لە جیهانی مەعریفەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی شاعیر لە پڕۆسەی مامەڵەکردنی زمان و بەکارهێنانی وشە و کۆد و وێنە شیعرییەکان دەبینرێ. مەبەستمە ئەوە بڵێم (ئەگەر زمان ماڵی بوون بێت، یان ئەگەر زمان نیشتیمانی شاعیر بێت ئەوا ئەو ماڵە یان ئەو نیشتیمانە، بە فیکر ڕۆشن دەبێتەوە یان ئەو بوونە بە فیکر مانایەکی دەبێت) لێرە دەمەوێ پێ لەسەر ئەوە دابگرم کەوا، زمانی شیعری پەیوەندی بە مەعریفە و هۆشمەندییەوە هەیە.. یان دەمەوێت ئەوە بڵێم، هەر دەقێکی شیعری جوان یان هەر داهێنانێکی گەورە، هۆشمەندییەکی گەورەی لە پشتە بۆ جووڵاندن و بەکارهێنانی زمان، چونکە هۆکارێک بۆ جووڵاندنی زمان، بۆ دۆزینەوە و داهێنانی ڕووبەر و شتگەلی نوێ ئەویش مەعریفەیە. بەمانای شاعیر لە ڕێگەی مەعریفەوە دەتوانی زمان بەو شیوەیە بەکاربهێنی کە داهێنانی نوێ بکات، چونکە مەعریفە دۆزینەوەی

بەردەوام بە سەرچاوەی مانەوە و تیژبینی خۆی دەزانێت.. زمـان هێزی ئەوەی تیایە شاعیر لە ڕێگەیەوە ناوەوەی خۆی بخوینێتەوە و لە جەوهەری خۆی تێبگات.. زمان هێـزی ئـەوەی تیایـە شـاعیر بتوانی لەڕێگەیەوە، خەونەکانی خۆی بخوێنێتەوە و لە جەوهـەری ژیان و ئاینده و خەونەکانی خۆی تێبگات.. چونکە زمـانی شـیعرو هێماکـــان بـــۆ دەربڕینـــی بیـــر و شـــێوازی بـــاری دەروونـــی بەکاردەهێندرێن یان بە مانایەکی تر، چونکە زمانی شیعر، زمـانی وەقسە هێنانی خەون و خەیاڵ و ئارەزووەکـانی مرۆڤـە.. زمـانی شیعر زمانی وڕێنەیە.. مرۆڤ لەکاتی مەستبوون و ڕۆچـوون بـە نێـو ڕووبـەرەکانی خـەون و خـەیاڵ، دەگاتـە ئاسـتێکی بـاڵای وڕێنەکردن یان ئەو ئاستەی کـە بـە هۆیـەوە، دەگەریتـەوە سـەر بنەچە و حەقیقەتی خۆی، وەکو خۆی قسە دەکات، یان ئارەزووە چەپێنـدراوەکانی دێنێتـە قسـە.. نووسـینی شـیعر گەیشـتنە بـەم ئاستە باڵایە لە رێگەی زمانەوە.. گەیشتنە ئاستێکە، مرۆڤ وەکـو خۆی بیر بکاتەوە و وەکو خـۆی بـاس لـە حـەز و ئارەزووەکـان و باس لە خەون و خولیاکانی بکات.. ئەم ئاستە بەرزە بـۆ ڕوانینـی مرۆڤ لە خودی خۆی و ژیان و ئاینـدە و خەونـەکان، مەبەسـتمە ئەم پەیوەندییە و بەهای نێوان بوون و ژیان، لەوەوە ببینم و بڵێم، هەمووی لەرێگەی زمانەوەیە.. شیعر نووسین گەیشتنە ئاسـتێکی بـەرزی هەشـمەندییە بـۆ مـرۆڤ.. هەربۆیـە " هایدگـەر " دەڵـێ (مرۆڤ شاعیرانە نیشتەجێ دەبێت) یـان بـەپێی لێکدانـەوەی (د. محەمەد کەمال) بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە،کە " هایدگەر " دەخوازێ مرۆڤ شاعیرانە بژیی. چونکە، شیعر ئاماژە بۆ بوون دەکات یان زمانی شیعر وەک زمانی فەلسەفە وایە، شاعیر دەتـوانێ واتـای بـوون دەربخـات. لـەم ڕێگەیـەوەش هەسـتە ئیرۆسـییەکان وخەونـەکان و جوانییـەکانی ژیـان بنووسـیتەوە. شـیعر لـەنیو رووبەری خەیاڵ ئیش دەکات، بۆیە شاعیر دەتوانێ خودی خـۆیی و ژیان بە هەموو بەرینایيەکانی بنووسـیتەوە.. یـان زمـانی شـیعر توانـای ئـەوەی هەیـە ببێتـە زمـانی ئـەدەب بەگشـتی و هـەموو ژانرەکانی تری پێ بنووسـرێتەوە یـان ببێتـە زمـانی سیاسـەت و ئایین و کتێبە ئایینیەکانی پێ بنووسرێتەوە یـان وەکـو (فەلسـەفە لەسەر بنەمای فیکرەوە دەرگیربوون بێت لەگەڵ واقیعدا).. بۆیـە بە بڕوای من، جیـاوازی ڕوانگـەی زمـانی شـیعری لـە ڕوانگـەی

زمـــانی کایـــەکانیتر ئەوەیـــە، زمـــانی شـــیعری، لـــە پەنجـــەرەی جوانییەوە دەروانێتە بوون و مرۆڤ و ژیان، شاعیر لە ڕێگەی هێز و دەسەڵاتی زمانەوە بـەهۆی توانـا و هۆشـمەندییەکانی خۆیـەوە هەوڵدەدات، جوانییەکانی ژیان بدۆزیتەوە و ژیان جوانتر و جوانتر بکات.. لەهەمانکات، بەردەوامیش بە ژیان بـدات و مـرۆڤ وەک سەرچاوەکانی بەها و پیرۆزی سـەیر بکـات. چونکـە هـەموو ئـەو دەقانەی کە داهێنانیان تیایە هـەڵگری پرسـیارگەڵێکی بێکۆتـایی و گومانی گەورە و لە ڕووبەری گەورەش نهێنییەکانیان حەشارداوە و پێویستییان بە خوینەری زێتر و خوێندنەوەی زێتر و لێکدانـەوەی زێتر هەیە. چونکە ئەو دەقـە شـیعرییانەی کـە جێگـای مەبەسـتی ئێمــەن، وەک شــتگەڵێکی ســیحری، هــەرجارەی بــە جۆرێــک و ڕەنگێک و بە هێمـا و مانـای جیـاوازەوە دەردەکـەون، دەربـارەی ئەوەش کە بەها و شێوەی وشەکان لە نێو شـیعری کـوردی، یـان بە شێوەیەکی ڕوونتر و گونجاوتر، توانای شاعیر لـە بـەکارهێنانی زمان و وشەکان لە نێو ڕووبـەری شـیعری کـوردی.. بـەپێی ئـەو ڕۆشـناییە دیـاریکراوەی کـەمن هەمـە لەسـەر شـیعر و ئـەدەبی جیهـانی یـان شـیعر و ئـەدەبی دەرەوەی خۆمـان.. مـن پێموایـە زۆرێـــک شـــاعیرانی کـــورد لەمبارەیـــەوە هـــەوڵ و دەقـــە شیعرییەکانیان لـە ئاسـتێکی بـەرزی داهێنـان دان. مـن بـاس لـە ڕێنووس و ڕستەسازی و هونەری زمان ناکەم، بـاس لـە توانـا و دەســەڵات و هۆشــمەندی شــاعیر دەکــەم لــە جووڵانــدن و بــەکارهێنای زمـان و بـەهای وشـەکان لـە نێـو ڕووبـەری دەقـە شیعرییەکاندا.. من هیچ گومانێکم لەوەدا نییـە کـە دەیڵێـم. تـەنها ئەوەی جێگای نیگەرانی و گومانی من بێت ئەویش ئەوەیە، توانـا و بـەهای زمـانی شـیعری و خـودی شـیعری کـوردی بـە گشـتی لەلایەن خوێنەران و ڕەخنەگرانی جدی و خـاوەن مەعریفەیـەکی گشتگیر وەک پێویست نەخوێندراونەتەوە و وەک پێویست لەسەر بــەها و توانــای زمــانی شــیعری کــوردی لــەنێو رووبــەری دەق، نەهاتوونەتـە قسـە. بـە مانـای شـیعری کـوردی وەک پێویسـت نەخوێندراوەتەوە.